جان پۆل سارتەر

# دیـــــــــــــــــــوار

(کۆچیرۆک)

## هەڵبژاردەیەکی چیرۆکی جیهانی

وەرگێڕانی : حەمەکەریم عارف

ناوی کتێب : دیـــــــــوار

بابەت: پازدە کورتە چیرۆکی جیهانی

نووسەر: کۆمەڵێك نووسەر

وەرگێڕ: حەمەکەریم عارف

پیاچوونەوە: نەورۆز حاجی سەیدگوڵ

هەڵەچن: نیشتمان محەمەد فازڵ

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

چاپی یەکەم: چاپخانەی سەردەم ٢٠١٣

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(١٤٧٤)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێ دراوە

## پێڕست


١- پشیله ڕەشەکە..........................................ئیدگار ئالان پۆ
٢- گەردانە.................................................. .گی.دو مۆپاسان
٣- بێچووە مراوییە ناشیرینەکە..............هانس کریستیان ئاندرسن
٤- تازیە باری................................................. ئانتۆن چیخۆف
٥- جانۆ شێت............................................... .م. گۆرکی
٦- جەنگ.......................................... لویجی پیراندیللۆ
٧- میوان........................................ ئەلبیر کامۆ
٨- پیرەمێردی سەرپردەکە............... ئەرنست هەمینگوای
٩- دیـــــــــــــــوار................... جان پۆل سارتر
١٠- دوایەمین گەڵا............................ ئۆ. هنری
١١- ماسیگرە سپییەکە.................. سارا ئورن جیویت
١٢- ئەو ڕۆژەی ون بووم.................ئیزاک باشویش سینگر
١٣- بەیانی جەژن...........................پیرل. ئێس. باك
١٤- چیرۆکێکی سەرکەوتوو................جیمس. ت. فاریل
١٥- مێڤـــــــان........................ پۆل دارسی بۆلز
١٦- فەرهەنگۆك............................ حەمەکەریم عارف
١٧- ژینامەی وەرگێڕ.......................................

# پشیلە ڕەشەکە

## ن: ئیدگار ئالان پۆ

ئەم چیرۆکەی گەرەکمە بیخەمە سەر کاغەز هەم زۆر ئالۆزو حیرەت ئەنگێزەو هەم زۆر سادەو ئاساییە. نە چاوەڕوانم ، نە داواتان لێدەکەم باوەڕی پێبکەن. چونکە بە خویشم باوەڕی پێناکەم ، بۆیە شێتییە گەر ئەو داوایە لە ئەنگۆ بکەم، من شێت نیم، بێگومان خەونیش نابینم. من سبەینێ دەمرم، بۆیە دەبێ ئەم بارە لەسەر روحی خۆم لابدەم.

دەمەوێ بە نەختی‌و پوختی، بەو پەڕی ڕوونی‌و وردی، بێ هیچ کۆمێنتێك زنجیرە ڕووداوێکی زۆر ئاسایی لە بەردەم هەموو دنیادا بگێڕمەوە. زنجیرە ڕووداوێك کە لەرزی لێهێنام، عەزابی دام، بەرەو نابودی‌و نەمانی بردم. بەڵام وێڕای ئەوەش هەوڵنادەم ڕاڤەو شرۆڤەی بکەم .جا ئەگەر بەلای منەوە زۆر ترسناك بێت، ئەوا لەگینە بەلای خەڵکی دیکەوە، زیاتر وەکو خەیاڵێکی سەیری گۆنگ بێتە پێش چاو تا ترسناك بێتە بەرچاو. خۆ ڕەنگە ڕۆژێ کەسێکی ئەقڵمەند پەیدا ببێت‌و ئەم خەیاڵاتەی من، بە مۆتەکەو کابوسێکی ئاسایی‌و سواو بزانێت، یان یەکێکی زیرەکترو لۆژیکی تر پەیدا ببێ‌و، خودانی زەینیەتێکی ئارامتر، لوژیکی ترو زۆر لە بارتر لە زەینەیەتی من بێت، خودانی زەینیەتێك بێ کە ئەم ڕووداوانەی من بە ترسەوە دەیان گێڕمەوە، بە زنجیرە هۆ و ئاکامێکی ئاسایی بزانێت.

هەر لە منداڵیمەوە بە کەسێکی هێدی‌و هێمن‌و مرۆڤدۆست‌و ناسك ناسرا بووم. ئەوەندە دڵناسك‌و پڕ بەزەیی بووم کە هاورێکانم گاڵتەیان پێدەکردم، دەیان بوغزاندم. زۆرم حەز لە حەیوانات دەکرد، بەڕادەیەك کە باب‌و داکم لە ڕووی نازەوە ڕێیان دەدام هەموو جۆرە حەیوانێکی ماڵی ڕابگرم‌و زۆربەی کاتی خۆم دەگەڵ ئەو گیانلەبەرانەدا بەسەر بەرم. خۆشترین کاتم ئەو وەختانە بوو کە خواردنم دەدانێ‌و یاریم دەگەڵ دەکردن‌و نازم دەکێشان. ئەم خووو تەبیعەتە غەریبانە بە جۆرێ دەگەڵما هاتن‌و گەورە بوون، کە لە گەورەییدا، وەختێ بووم بە زەلامی تەواو، بوو بە تاقە سەرچاوەی سەرگەرمی‌و خۆشیم. ئەوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان سەروسەختیان دەگەڵ سەگێکی ئەمەکدارو زیرەك‌و میهرەباندا بووبێ، بە ئاسانی لەم مەبەستەی من دەگەن کە گەرەکمە بڵێم، ئەم کارە، کاری ڕاگرتنی گیانلەبەری ماڵی چەند خۆشەو چ گەشکەو لەزەتێك بە ئینسان دەبەخشێ. پیاو کە وەفاداری‌و پابەندی‌و لە خۆ بوردەیی ئەو حەیوانە دەرهەق بە خاوەنەکەی دەبینێ، بە تایبەتی کەسێك کە د ۆستایەتی ناپایەدارو کزی بێ وەفایی نێوان تیرەی بە شەری بە خۆی جەڕباندبێ‌و لێی ورد بوو بێتەوە، دڵی دەگوشرێت.

من زوو ژنم هێنا، زۆرم دڵ بەوە خۆش بوو کە هاوسەرەکەم کەسێکی میهرەبان‌و هاومجێزی خۆمە. کەزانی زۆر دڵبەندی گیانلەبەرانی ماڵیم، هەر دەرفەتێکی بۆ هەڵکەتبا . باشترین‌و جوانترین‌و کەویترین حەیوانی ماڵی بۆ دەکڕیم‌و پەیدا دەکرد. بە مجۆرە بووین بە خاوەنی چەند باڵندەیەك، ماسییەکی زێڕین، سەگێکی رەسەن‌و

جوان، چەند کەروێشکێك، مەیموونێکی چکۆڵەو پشیلەیەك. پشیلەکەمان زۆر گەورە بوو، تا بڵێی جوان بوو، ڕەشێکی بێ نیشان، زۆریش وریاو زرینگ بوو. هاوسەرەکەم کە هیچ شوێنەوارێکی باوەڕێن خورافی لە زەین‌و هزرینیدا بەدی نەدەکرا، کاتێ کە باسی زیرەکی پشیلەکەی دەکرد، ئاماژەی بۆ ئەو حیکایەت‌و نەقڵ‌و نەزیلە فولکلوریانە دەکرد کە گوایە پێیان وایە پشیلەی ڕەش، خەڵکی سیحربازن‌و چوونەتە کلێشەی پشیلەوە، خەڵکانێکن خۆیان بەو شێوەیە گۆڕیوە. هەڵبەتە ئەو قسانەشی بە جددی نەبوون. کە منیش ئێستا بە شێوەیەکی ڕەوتەنی باسی دەکەم، تەنیا لەبەر ئەوەیە ئێستاو کوت‌و پڕ بە مێشکمدا هات، دەنا قەت پێشتر ئەمەم بە بیردا نەهاتووە.

ئیدی پلوتۆ- ناوی پشیلەکە بوو- بوو بە هاوڕێ‌و هاودەمی هەرە نزیکی من، بە دەستی خۆم خواردنم دەدایە، چۆن لە ماڵەکەدا دەجولام شوێنم دەکەوت، بە هیچ جۆرێ لێم نەدەبووەوە. بگرە زۆر بەزەحمەت دەمتوانی نەیە ڵم لە جادەو شەقامانیشدا دووم بکەوێ.

دۆستایەتییەکەمان چەندین ساڵ بەو جۆرە بەردەوام بوو، بەرە بەرەو بە درێژایی ئەو ساڵانە،و بە هۆی ئالوودەبوون بە مەوادێن هۆشبەر، مجێزم شێواو رەفتارم خراپ بوو- (کە دان بەوەدا دەنەم لە شەرمەزاریدا سوور دەبمەوە)- رۆژ بە رۆژ پتر گۆشەگیر، تۆرینۆك، دڵناسك دەبووم‌و هەڵدەچووم‌و گاڵتەم بە هەستی خەڵکانی دەهات‌و گویم بە کەس نەدەدا.مخابن کار گەییە ئەوەی ڕێ بە خۆم بدەم قسەی زبرو ناخۆش بە هاوسەرەکەم بڵێم. تەنانەت لە ئەنجامدا کارگەییە ئەوەی لێی بدەم‌و عەزابی جەستەیی بدەم. هەڵبەتە حەیوانە داماوەکانیشم هەستیان بەم مجێزە گۆڕکێیەی من کرد. ئیدی هەر بەوەندەوە نەدەوەستام فەرامۆشیان بکەم‌و گوێیان نەدەمێ، بەڵکو رەفتاری زبریشم لەگەڵ دەکردن، لێمدەدان. کەچی بەم حاڵەشەوە هێشتا پلوتۆم لەبەر چاو نەکەوتبوو، دڵم نە دەهات ئەزیەتی بدەم‌و زبری بەرانبەر بنوێنم. ئیدی هیچ سۆزێکم دەرهەق بە کەروێشکەکان، مەیموونەکان‌و، سەگەکەکان نەما. خۆ ئەگەر لە رووی خۆشەویستییەوە، یان بە رێکەوت بهاتبانە بەر پێم و بکەوتنا ڕوپامایی خوام نەدەما، دەبووم بە یەکپارچە ڕق‌و کینە، لە ڕق‌و کینە پڕ دەبووم – رق ئەمما ڕق، چ رقێك دەگاتە ڕق‌و کینەی کاتی مەستی‌و خواردن‌و خواردنەوەی مەستەمەنی؟ – ئیدی بە درێژایی رۆژگار تەنانەت پلوتۆ ش کە پیر بوو بوو و لەو سۆنگەیەشەوە هەندێ سەر سەخت‌و توندە تەبیعەت بوو بوو، لە شەڕی مجێزی نەخۆشی من نەخەلەسی.

شەوێك، لە کاتێکا لە مەستیدا لالا مووم دەکرد، لە پاتۆقی شەوانەمەوە بۆ ماڵ گەڕامەوە، هەستم کرد پشیلەکە خۆیم لێدەدزێتەوە، پڕم دایەو گرتم، لە ترسی گیانی خۆی گازێکی لە دەستم گرت‌و بە ئاستەمێك بریندارى کرد. غەزەبێکی ئەهریمەنانە سەراپای گرتم، ئاگام لە خۆ نەما، لەوە دەچوو روحی ئینسانم لە بەدەنا نەمابێ، لە شەقەی باڵی دابێ و ڕۆیی بێ. بە هۆی زێدە نۆشی و شەرابخۆرییەوە، کینەیەکی ئەهریمەنانە سەراپای تانوپۆی بوونی تەنیم. پڕ بووم لە ڕق‌و کینە. قەڵەمبڕێکم لە بەرکی چاکەتەکەم دەرهێنا، کردمەوە، ملی ئەو حەیوانە بەسەزمانەم گرت‌و لە پڕ چاوێکیم دەرهێنا! کە ئەم ستەمکارییە دۆزەخییەی خۆم بە نووسین دەسپێرم، تەریق دەبمەوە، سوور هەڵدەگەڕێم، گڕ دەگرم، دەلەرزم.

بەیانی کە لە خەو هەستامو، مەستی بەری دامو، ئەو ستەمکارییەی شەوێی خۆمم بیرکەوتەوە، هەستم بە پەشیمانی کرد، نەفرەتم لە خۆم دەکرد، بەڵام ئەم هەستی پەشیمانی‌و بێزارییە زۆر گۆنگ‌و لاواز بوو، ناخی نەتەزاندم، تەمێ خواردووی نەکردم. دیسان سەرم کردەوە مەی‌و لە جاران زیاتر کەوتمەوە مەینۆشی‌و خواردنەوە، پێك لەسەر پێکم هەڵدەداو زوو بە زوو ئەو تاوانەم فەرامۆش کردو لە بیرچووەوە.

پشیلەکە بەرە بەرە چاك دەبووەوە، هەرچەندە دیمەنی چاوە دەرهاتووەکەی زۆر ترسناك بوو، بەڵام پێنەدەچوو ئازارێکی زۆر بچێژێت. وەکو جاران کەوتە سوڕانەوە بە ماڵەکەدا، بەڵام چاو ترسێن بوو بوو، لەمن دەسڵەمییەوەو بە ترسێکی زۆرەوە خۆی لێم دوور دەگرت. لەناخی دڵمدا، زۆرم خەم بەوە دەخوارد کە ئەم بوونەوەری جاران لە هەموو کەسێکی خۆشتر دەویستم، ئەمێستا بەو زەقییە لێم هەڵدەهاتو بەو کارەی هەستی بریندار دەکردم. بەڵام ئەم هەستەش زوو بەزوو لە خەمەوە گۆڕا بۆ ڕقو کینەو ئەنجام گیانی کەچڕەوی خستمیە سەر ڕێگەی هەڵدێرو کەوتنی یەکجارەکیو بێ هەستانەوە. ئەم ئەقڵیەتو گیانی کەچڕەوییەی کە فەلسەفە هیچ سەنگێکی بۆ دانانێت، یان قەپانی فەلسەفە نایخوێنێتەوە. من باوەڕم وایە کە تاوانو تاوانکاری، یەکێکە لە غەریزە سەرەکییەکانی بەشەر، ڕەگی لە خوێنی بەشەردایە، یەکێکە لەو غەریزە سەرەکیانەی کە ڕەفتاری مرۆڤ ئاراستە دەکات. کێ لە ئێمە دەیانجار خۆی بەسەر تاوانێکەوە یان حەماقەتێکەوە نەگرتووە کە ئەو تاوان یان حەماقەتەی تەنیا لەبەر ئەوە کردووە چونکە حەرامە؟ باشە ئێمە لە هەڕەتی هۆشنی خۆماندا، هەوڵمان نەداوە یاساو قانون پێشێل بکەین؟ یاساو قانونێك کە خۆمان قەبووڵمان کردووەو دانمان بە شەرعیەتیدا ناوە؟ من ئەم گیانی کەچخوازییە، ئەم ئەقڵیەتی تاوانخوازییە بە هۆی کەچڕەوی یەکجارەکی خۆم دەزانم. ئیدی ئەمە ئارەزوویەکی پەنهانی نەفسە بۆ ڕکابەری خۆی – بۆ وێرانکردنی تەبیعەتی خۆی– بۆ تاوانکردن لە پێناوی تاواندا، ئەم ئارەزووە بێ بنەی کە کەس ناگاتە بنجو بناوانی هانیدام درێژە بە ئازاردانی ئەو حەیوانە بەسەزمانو بێ دەسەڵاتە بدەمو لە ئەنجامدا بیکوژم. شەڕخوازی، تینوویەتی بێ پایانی ڕوحە بۆ خود ئازاری.

بەرە بەیانی ڕۆژێك، بەوپەڕی خوێنساردیو بێ هیچ دوو دڵییەك، پەتێکم لەملی کردو بە لقی درەختێکەوەم هەڵواسی... بە دەم خەنەقاندنی ئەوەوە فرمێسك وەکو بارانی بوهار بە چاوانمدا دەهاتنە خوارێ، تاڵترین هەستی پەشیمانی لە دڵمدا بڵێسەی دەسەند. لە سێدارەم داو سوور دەمزانی کە لەوە پێش خۆشی ویستووم. لە سێدارەم داو دەمزانی هیچ کارێکی نەکردووە کە تووڕەم بکات، لە سێدارەم داو سوور دەمزانی بەو کارە گوناحێکی گەورە دەکەم، گوناحێکی کوشندەی لە بەخشین نەهاتووی ئەوتۆ کە ڕوحی نەمرم بە هەلاکەتی ئەبەدی دەگەیەنێ، ڕوحم بۆ هەمیشە ریسوا دەکات. گوناهێکی ئەوەندە خەیاڵیو سەیر، کە کە بەخششی بێ پایانی خوداش – ئەگەر لەگێن بێ– نەیگرێتەوە.

هەمان شەوی ئەم تاوانە دزێوە، لە دەنگ و هاواری "ئاگر ،ئاگر" لە خەو ڕاپەڕیم. ئاگر گەیی بووە پەردەی تەختە بەنەکەمو هەموو ماڵەکە نێڵە نێڵ دەسووتا. منو هاوسەرەکەمو خزمەتکارەکەمان زۆر بەزەحمەت خۆمان دەرباز کرد. ئیدی ماڵەکەمان بە تەواوەتی وێران بوو بوو. هەرچیم لەم دنیایەدا هەبوو، بوو بە خۆراکی ئاگر، ئیدی لەو کاتەوە لە نائومێدیدا نقوم بووم. ئەگەرچی بەو ڕادەیە لاوازو بێدەسەڵات نەبوم هەوڵی ئەوە بدەم پەیوەندییەك لە نێوان تاوانە دزێوەکەی خۆمو ئەم کارەساتەدا بدۆزمەوە کە بەسەرم هاتبوو، بەڵام ناشتوانم چاوپۆشی لەو زنجیرە ڕووداوەی دوای ئەوەش بکەم – هیوادارم هیچ ئەڵقەیەکی ئەو زنجیرە ڕووداوە فەرامۆش نەکەم – ڕۆژی دوای ئاگرەکە چووم بۆ سەیری دارو پەردووی ماڵەکەم. جگە لە یەك لادیوار ئیدی گشت دیوارەکانی دیکە ڕوخا بوون، ئەو لادیوارەی بە پێوە مابوو.ئەستوور نەبوو، چونکە تیغە دیواری بەینی هۆدەکان بووو ڕێك کەوتبووە ناوەندی ماڵەکەوە. سەری سیسەمەکەی من ڕێك بە پاڵ ئەو دیوارەوە بوو. بۆیە و گەچکارییەکەی ئەم دیوارە خۆی لەبەر ئاگرەکە گرتبوو– لە دڵی خۆدا هۆی ئەمەم گێڕایەوە بۆ ئەوەی کە تازە کەچکاری کرابووەوە. ئاپۆڕایەکی زۆر لەبەردەم ئەم دیوارەدا وەستابوونو هەندێکیان زۆر بە دیقەتو سەرنجەوە تەمەشای گۆشەیەکی دیوارەکەیان دەکردو بەدەم تەمەشاوە سەرسامی خۆیان دەردەبڕیو دەیانگوت "سەیرە!"

"ماقول نییە!" "ناچێتە ئەقڵەوە!" ئەم مقۆ مقۆیە جولاندمی، خۆم گەیاندە نزیکی دیوارەکە ، وێنەیەکی بەرجەستە لە سەر دیوارەکە کە هێشتا سپی بوو، هەڵکەندرابوو. وینەی پشیلەیەکی زۆر زەلام بوو، هێندە بە دیقەتو ڕوونی هەڵکەندرابوو پیاو سەری سوڕدەما، باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد. پشیلەکە بە پەتێکی درێژ بەسێدارەیەکەوە هەڵواسرا بوو.

کە یەکەمجار چاوم بەم تاپۆیە کەوت- هەڵبەتە لە تاپۆیەك زیاتر نەبوو- لە جێی خۆم چەقیم. بۆ ساتێك سەرسامیو ترس سەراپای گرتم. بەلام هەر زوو بە کۆمەکی لێکدانەوەی لۆژیکی خۆم رزگار کرد. من ئەوەندەی بیرم بێ، پشیلەکەم لە باخێکی تەنیشتی ماڵەکەمان بە دارێکەوە هەڵواسی بوو، کە لە کاتی ئاگر کەوتنەوەکەدا هاواری کۆمەکخوازی بەرز بووەتەوە، یەکسەر باخەکە پڕبووە لە خەڵکی. بێگومان یەکێك لە دارەکەی کردووەتەوەو لە پەنجەرەکەوە توڕی داوەتە ناو ژوورەکەی من، لەوەیە بەو مەبەستە ئەو کارەی کردبێت کە من لە خەو بێداربکاتەوە. دیارە دەبێ پشیلەکە، قوربانیەکەی دڕندەکارییەکەی من بەدەم هەڵدانەوە، لەو کاتەدا کە دیوارەکەی تری ژوورەکە لە حالی روخاندا بووە، کەوتووەتە بەینی دیوارە روخاوەکە و دیوارە ساغە تازە بۆیەو گەچکاری کراوەکەو ئیدی پێکهاتەی گەچە تازەکەو ئامونیاکی جەستەی پشیلەکەو گەرمای ئاگرەکە تێکەڵبوونو ئەو وێنەو رەسمەیان لێکەوتبووەوە.

هەرچەندە من ئەم لێکدانەوەو بیانووە سادەیەم بۆ ئەوە هێنایەوە تا ئەقڵی خۆم- ئەگەر نەڵێم ویژدانی خۆم- ئاسوودەبکەم، بەلام ئەو دیمەنە غەریبەی باسم کرد، دەستبەرداری هزرو خەیالم نەبوو. ئیدی بە درێژایی چەند مانگێك تاپۆی پشیلەلەکە بەرۆکی خەیالی بەرنەدامو نەدا، لەم ماوەیەدا جۆرە هەستو سۆزێك بۆ ڕوحم گەڕابووەوە، هەرچەندە لە هەستی پەشیمانی دەچوو، بەلام بە ڕاستی پەشیمانی نەبوو. تەنیا جۆرە بۆشاییەك بوو بە هۆی لە دەستدانی پشیلەکەوە دروست بووبوو، بۆیە کەوتمە بیری ئەوەی کە پشیلەیەکی د یکەی وەکو ئەوەی خۆم پەیدا بکەم.

شەوێك، کە ماتو مەلول، لە یەکێك لە فەزاحەتخانە هەمیشەییەکاندا دانیشتبووم، نها هاتووچۆی ئەم جۆرە شوێنە خراپانەم دەکرد- لە ناکاو شتێکی ڕەش لەسەر بەرمیلێکی گەورەی جن یان شەراب، سەرنجی ڕاکێشام. ئەو شوێنە یەکپارچە بەرمیلە شەراب بوو. ماوەیەکی زۆر حایرو سەرسام چاوم بڕییە سەر بەرمیلەکە. هێشتا بە تەواوەتی شتە ڕەشەکەی سەربەرمیلەکەم بۆ دەرنەکەوتبوو، لێی نزیك بوومەوەو دەستم پێیدا هێنا، پشیلەلەیەکی رەش بوو- پشیلەیەکی ڕەشی زۆر گەورە- ڕێك بە قەد پلوتۆ بوو، لە هەموو شتێکدا لەو دەچوو، تەنیا لە یەك شتدا نەبێت : تاقە موویەکی سپی لە سەرانسەری بەدەنی پلوتۆدا نەبوو، بەلام ئەمە خاڵێکی سپی گۆنك بەسەر سینگییەوە بوو. هێشتا بە تەواوەتی نەوازشم نەکردبوو کە لە جێی خۆی هەستاو مڕەیەکی کردو خۆی لە دەستم هەڵسوو. وادیاربوو خۆشحاڵ بوو بەوەی کە رووم دایە و نەوازشم کرد. کەواتە ئەمە ڕێك ئەو ئەو شتە بوو کە بۆی دەگەڕام. بۆیە یەکسەر چووم بۆ لای خاوەن ماڵەکەو داوام لێکرد پێم بفرۆشێت، بەلام بەرسڤی دامەوە کە نە هی ئەوە، نە هیچی دەربارە دەزانێو، نەقەتیش دیتوویەتی.

جارێکی دی چوومەوە بەلای پشیلەکەوەو کەوتمەوە نەوازشی. کە خۆم بۆ ڕۆییشتن سازدا، دیاربوو دەیویست بە گەڵم بکەوێ . ڕێگەم دا کە دووم بکەوێ. بەدەم ڕێگەوە ناو بە ناو دەوێستامو دەستم بە پشتو سەریدا دێناو نەوازشم دەکرد. کە گەییە ماڵەوە، دەتگوت هاتووەتە ماڵی خۆیو هیچ غەریبیەکی پێوە دیار نەبوو، یەکسەر بوو بە دۆستی گیانی بە گیانی هاوسەرەکەم.

بەڵام من زۆر زوو، لە ناخی ناخەوە لێی بێزار بووم‌و ڕقم لێی هەستا. ئەمە ڕێك پێچەوانەی حەزو پێشبینی خۆم بوو. بە خۆیشم نازانم چۆن ئەم حاڵەم بەسەرهات‌و بۆچی سازگاریی‌و نەرمکێشی پشیلەکە پەست‌و بێزاری کردم. بەرە بەرە پەستیی‌و بێزاریم زیادی کردو بوو بەڕق‌و کینەیەکی زەق‌و تاڵ. ئیدی خۆم لێی دەدزییەوە، لەوە دەچوو شەرمی تاوانە حەیابەرەکەی پێشووم ڕێگەم نەدات، بەد ڕەفتاری دەگەڵ بکەم‌و عەزیەتی جەستەیی بدەم. چەند هەفتەیەك خۆم لە ئازاردانی دوورگرت. بەڵام بەرە بەرە لێی پڕدەبووم، ڕق‌و نەفرەتێکی پەنهان لە ناخی ناخمدا پەنگی دەخواردەوەو بە کڕیی‌و بێدەنگی لێی دوور دەکەوتمەوە، وەکو چۆن یەکێك خۆی لە هەناسەی کەسێکی تاعوندار دووردەگرێت بەو ئاوایە لێی دەڕەڤیم.

بێگومان یەکێك لە هۆیەکانی ڕقم لەم پشیلەیە ئەوەبوو، کە شەویێ هێنامەوە، بۆ بەیانییەکەی بۆم دەرکەوت کە ئەویش وەکو پلوتۆ چاوێکی لە دەست داوە، بەڵام ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هاوسەرەکەم رووی بداتێ، زیاتر بەزەیی پێیدا بێتەوەو پتر نازی بداتێ، چونکە هاوسەرەکەم وەکو گوتم هەست‌و سۆزی مرۆڤانی یەکپارچە تان‌و پۆی بوونی تەنی بوو، کە جاران سەرچاوەی نایابترین لەزەت‌و شادمانی من بوو..

تا ڕقم لە پشیلەکە زیاتر دەبوو، ئەو پتر بە دەورمدا دەهات‌و خۆی تێهەڵدەسووم، بە پێ داگرییەکی نامەفهوومەوە، هەنگاو بە هەنگاو دووم دەکەوت‌و لێم نەدەبووەوە، لە هەر شوێنێکدا دانیشتبام، یان لە ژێر کورسییەکەمدا هەڵدەکوڕما، یان خۆی دەهاویشتە هەمێزم‌و بەگەمە قیزەونەکانی نەوازشی دەکردم،گەر بۆ پیاسەیەك هەستابام ، بە جۆرێ خۆی وەبن پێ‌و لاقەکانمدا دەکرد کە هەندێجار، نووچم دەداو لەزگ بوو بکەوم. یان نینۆکە درێژو تیژەکانی لە جلەکانم گیردەکردو پێمدا هەڵدەگەڕاو خۆی دەگەیاندە سەر سینگ‌و بەرۆکم. لەم ساتانەدا خۆزیام دەخواست بتوانم مشتێك بدەم بە کەللەیداو یەکسەر بیکوژم. بەڵام هەم یادی تاوانەکەی پێشووم‌و هەم- با دان بەوە دا بنەم- ترسی لە ڕادەبەدەرم لەم حەیوانە، ڕێگەی ئەم کارانەیان نەدەدام‌و دەستم نەدەچووە کوشتنی.

ئەم ترسە، ترسێکی جەستەیی نەبوو، گێڕانەوەی ئەمەش زۆرم ئازار دەدات، ڕەنگە هۆیەکەی شەرم بێ، شەرم لە ئیعتراف کردن. بەڵێ تەنانەت لە زیندانی تاوانبارانیشدا، دان نان‌و ئیعتراف بەوەی کە حەیوانێك ئەو هەموو ترس‌و نەفرەتەی خستوومەتە دڵەوە کە خۆی لە خۆی دا نیشانەی خەیاڵاتی پووچەو ناچێتە ئەقڵەوە، زۆر مایەی شەرم‌و نەنگییە.

هاوسەرەکەم چەندین جار سەرنجی بۆ خاڵە سپییەکەی سەرسینگی ئەم پشیلەیە ڕاکێشا بووم، یانی بۆ هەمان ئەو نیشانەی کە تاقە جیاوازی نێوان ئەم‌و ئەو پشیلەیە بوو کە کوشتبووم. بێگومان خوێنەر ئەوەی لە یاد ماوە کە ئەم نیشانەیە لە هەوەڵەوە شێوەیەکی گۆنگ‌و نا ڕوونی هەبوو، بەڵام بەرە بەرەو بە تێپەڕبوونی کات، سەرباری ئەوەی زۆرم هەوڵدا بە هەندی نەگرم‌و بە جۆرە خەیاڵاتێکی بزانم، بەرجەستەو بەرجەستەتر دەبوو. نهوو بە ڕوونی دەمبینی‌و بەدیتنی لەرزم لێدەهات. نەفرەت‌و ترس سەراپای دادەگرتم، ئەم نیشانەو شێوەیە ئەنگێزەی هەموو نەفرەت‌و ترسێکم بوو، خۆزیام دەخواست، جورئەتم هەبێت‌و خۆمی لێ رزگار بکەم، ئێستا لێم بوو بوو بە نموونەی شتێکی قێزەون- شتێکی ترسناك - کە قەنارەبوو! تەحا کە ئامێرێکی نەنگینی ڕیسوایی‌و تاوان بوو! قەنارەی عەزاب‌و لەقەفڕتێ‌و مەرگ بوو!.

نها داماوترین بوونەوەری بەشەری بووم، لە مرۆڤایەتی کەوتبووم، هۆی ئەم داماویەشم حەیوانێکی ترسناك بوو! کە پێشتر بێباکانە حەیوانێکی دیکەی هاوشێوەیم کوشتبوو. منی مرۆڤی شاجوانی بوونەوەران، گێرۆدەی بەد بەختیەکی لە تاقەت بەدەر بوو بووم! مخابن! سەبرو ئارامم نەمابوو، خۆشی‌و شادی لە حەوت کێوان ئاو

دیوو بوو بوون، به ڕێکەوتیش ڕوویان تێنەدەکردم، نە شەوم شەو بوو، نە ڕۆژم ڕۆژ! بە درێژایی ڕۆژ، ئەو بوونەوەرە ترسناکە بۆ ساتێك لێم نەدەبووەوە،و شەویش کە ڕموزنی ترسناکی مەرگ دەستبەردارم دەبوو، بە ترس‌و لەرزەوە رادەپەڕیم‌و هەستم بە هەناسەی تەڕو سەنگی قورسی ئەو لەسەر سینەم دەکرد! گوشاری دەروونی بە جۆرێ زۆری بۆ هێنام کە خووی خەمین‌و پاشماوەی ئینسانیەتی خۆشم لە دەست داو نەفرەت‌و نەگریسی، بوون بە تاقە ئەندێشەی دەروونیم. ئیدی وام لیهات ڕقم لە هەموو شتێك بوو، ڕقم لە تێکڕای تیرەی بەشەر بوو، لە پڕ توڕەیی دەیگرتم، کۆنترۆڵی خۆم لە دەست دەداو دۆو دۆشاوم تێکەڵ دەکرد، کوێرانە ڕادەستی دەبووم، مخابن لە هاوسەرەکەشم، تاقە شەریکی هەموو ئازارەکانم، توڕە دەبووم، کەچی بەو حاڵەشەوە هەرگیز گلەیی نەدەکرد، بە سەبرێکی لە ڕادەبەدەر، تەحەمول ستەمەکانی، کە ڕۆژ لە دووی ڕۆژ لە زیایدا بوو، دەکردم. کە سەبرو بەردەباری لە تاقەت بەدەری ئەوم دەبینی، ڕوحی سەرکێشم گرفتاری توڕەییەکی تۆفانزا دەبوو.

ڕۆژێك بۆ کارێکی ڕۆژانە، بۆ ژێر خانی بینا کۆنەکە، کە نەداری ناچاری کردبووین لەوێندەر ئاکنجی ببین‌و بژین، چوومە خوارەوە. ژنەکەم‌و پشیلە ڕەشەکەش لەگەڵمدا هاتن. لە کاتێکا بە قاڵدرمە ڕکەکاندا دادەگەڕاین، پشیلەکە وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی بە بەردەمماندا‌و بە نێو لاقی مندا دەهات‌و دەچوو، لە پڕ بەجۆرێ خۆی دایە بەرپێم لەزگ بوو لە قاڵدرمەکانەوە بەسەر سەرا بکەوم‌و لە حەوت شوێنەوە ملم بشکێ. توڕەییەکی شێتانە سەراپای گرتم. دەستم دایە پاچێك‌و ترسە منداڵانەکەی خۆم، کە تا ئێستا ڕای گرتبووم، فەرامۆش کردو بۆی چووم، دەستم هەڵێنا کە ڕێك بیکێشم بە تەپڵی سەریداو حەیاتی لەبەر ببڕم، بەڵام بەر لەوەی پاچەکە داوەشێنم، ژنەکەم دەستی دایە بەر دەستم، ئەم هەڵوێستەی ئەو هێزێکی ئەهریمەنانەی بە شێتاتیەکەی من بەخشی، بە جارێ دەهری کردم، بە توندی بازووی خۆم لە دەستی دەرهێنا، پاچەکەم خشت لە سەریا ختم کرد، بێ کەمترین ناڵە پەلەخوار بووەوە‌و دەم‌و دەست گیانی دەرچوو. دوای ئەم تاوانە دزێوە، یەکسەر دانیشتم‌و کەوتمە بیرکردنەوە لەوەی کە جەنازەکە وەشێرم. دەمزانی شاردنەوەی ئەم جەنازەیە لە دەرێی ماڵەکەدا چ بە ڕۆژو چ بەشەو زۆر ئەستەمە، لەوەیە دراوسێکان پێی بزانن. زۆر نەخشە‌و پیلانم بە خەیاڵ‌و مێشکدا هات. بیرم لەوە کردەوە کە جەنازەکە پارچە پارچە بکەم‌و لە ئاگرا بی سووتێنم‌و لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە. ئەوجا بیرم لەوە کردەوە هەر لە ژێرخانەکەدا چاڵێکی بۆ هەڵکەنم‌و لەوێندەر بینێژم. دوای تۆزێ بیرم لەوە کردەوە کە بیخەمە بیری ناو حەوشەکەوە. دواتر بیرم لەوە کردەوە کە جەنازەکە وەکو کەلوپەلان لە سەندوقێك بنەم‌و حەماڵێك بانگ بکەم لە ماڵی بباتە دەرێ. ئەنجام گەییمە باشترین چارە تا لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە. لێڕام وەکو چۆن کەشیشانی سەدەکانی ناڤین قوربانییەکانی خۆیان دەخستە توێی دیوارانەوە، بەو ئاوایە بیخەمە توێی دیواری ژێر زەمینەکەو بیشارمەوە.

ژێر زەمینەکە زۆر لە باربوو بۆ ئەم کارە، دەتگوت بۆ ئەم جۆرە کارە دروستکراوە. بینای دیوارەکە بتەو نەبوو زۆر جەڵەبی دروستکرا بوو، تازە سپی کرا بووەوە‌و ڕتوبەت نەی هێشتبوو بە تەواوەتی وشك ببێتەوە. سەرباری ئەوەش کەلێنی موغەیری و دووکەڵکێش ئاسا لە دیوارەکەدا هەبوو. ئەو کەلێنە پڕکرابووەوە‌و دەگەڵ دیوارەکەدا ڕێکخرا بوو، دڵنیا بووم کە دەتوانم خشتەکانی ئەم کەلێنە دەربێنم و جەنازەکەی تێبخەم و دووبارە خشتەکان وەکو جاران دابنەمەوە، بەبێ ئەوەی هیچ چاوێك هەستی پێبکات‌و کەمترین گومانی بکەوێتە سەر.

نەخشەکەم باش بوو. دەستم دایە لۆسەیەك (باری)‌و خشتەکانم یەك یەك‌و بە ئاسانی دەرهێنا، جەنازەکەم بە پێوە خستە ناو دیوارەکە، ڕێك ڕامگرت تا بەو دەقەوە بوەستێ، زۆر بە وردی هەوڵم دەدا هەموو شتەکان وەکو

جاران له جێی خۆ دابنەمەوە، بۆرەك‌و قسڵ‌و گەچم هێنا، زۆر بە وردی گرتمەوە، خشتەکانم وەکو خۆی نانەوە، ئەوجا ماوەیەك هەوڵم دا تا گەچێك بە هەمان رەنگی گەچەکەی پێشوو ئامادە بکەم. گەچم ئامادە کرد، دیوارەکەم بە جۆرێ سواغ دا کە بە موو لە سواغەکەی پێشوو جیا نەدەکرایەوە. ئەنجامی کارەکەم بە دڵ بوو. دیوارەکە بچووکترین شوێنەواری دەستکاری پێوە نەدەبینرا. زۆر بە دیقەت ئەرزەکەم پاك کردەوەو نیگایەکی سەرکەوتووانەی دەوروبەری خۆم کردو لە دڵی خۆدا گوتم: "هەوڵەکەم بە فیڕۆ نەچوو." ئەوسا بەپەلە کەوتمە سۆراخی ئەو حەیوانەی کە بووبووە بایسی ئەم کارەساتە ترسناکە. بڕیارم دابوو ئەویش بکوژم، ئەگەر لەو دەمەدا بەردەستم کەوتبا، بێگومان بە زندوویەتی لە دەستم دەرنەدەچوو، بەڵام پێدەچوو ئەو حەیوانە زیرەکە هەستی بەتوڕەییەکەی من کردبێت‌و خۆی شاردبێتەوەو نەیویستبێ خۆی بخاتە بەر شەپۆلی بێ پایانی مجێزی توڕەی من. ئیدی پشیلەی تاین بوو بە قەترەیە ئاو و چوو بە ناخی زەویدا. دیار نەبوونی ئەو بوونەوەرە قێزەونە ئارامی‌و ئاسوودەییەکی هێندە قووڵی بە روحم بەخشی کە لە وەسفکردن نایەت، مەحاڵە بتوانم وەسفی بکەم. ئەوە شەوە دەرنەکەوت. ئیدی لەوەتای ئەو هاتبووە ئەم ماڵە، ئەمە یەکەم شەوم بوو کە بە ئاسوودەیی تا بەیانی بخەوم. بەڵێ سەرباری قورسی باری تاوانەکە بەسەر روحمەوە، تێر تێر خەوتم. رۆژی دووەم‌و سێیەمیش بورین‌و هیچ خەبەرو هەواڵێك لە جەلادەکەی عەزابی روحی منەوە نەبوو. ئیدی سەر لە نوێ هەناسەی ئۆخەی‌و ئازادیم هەڵکێشا، ئیدی ئەو ئەهریمەنە دووچاری ترس بوو بوو و بە یەکجارەکی رۆیی بوو! ئیدی چاوم لە چاوی دەبڕاو جارێکی دی نەم دەبینییەوە! ئەمەم زۆر لە گیان خۆش بوو! باری تاوانە رەشەکەم بەرە بەرە لەسەر شانم سووك دەبوو و خەوی نەدەزڕاندم. هەندێ لێکۆڵینەوەی سەرەتایی کران‌و کۆمەڵێك وەڵامی ئامادەو کلێشەییم دایەوەو ئەنجامەکان دڵخۆشکەرە بوون. نەخێر فەرمانی پشکنینی ماڵەکە دەرچوو. بەڵام هیچ شتێك کەشف نەبوو، بۆم دەرکەوت کە هیچ خەتەرێك لەسەر شادمانی ئایندەم نییە.

لە رۆژی چوارەمی پاش تاوانەکەدا، مەفرەزەیەکی پۆلیس، لە ناکاوداو، بێئەوەی چاوەڕوان بم، خۆیان بە ماڵەکەدا کردو بە وردی کەوتنە پشکنین‌و پرس‌و جۆ، بەڵام من چونکە لە شاردنەوەی جەنازەکە دڵنیا بووم. نە خۆم شێلو کردو نە هەستم بە هیچ نیگەرانییەك کرد. لەسەر داوای ئەفسەری پۆلیس دەگەڵیاندا چووم بۆ ژێر زەمینەکە، هیچ خۆم شێلو نەکرد. دڵم زۆر بەئارامی، وەکو دڵی کەسێکی بێتاوانی بێگەرد لێیدەدا. بە درێژایی ماوەی پشکنین‌و تەحەڕییەکە دەستم لەسەر سینگم تێك ئاڵاندبوون‌و بێخەم‌و خەیاڵ، بە ژێر خانەکەدا دەهاتم‌و دەچووم. پۆلیسەکان بە ئەنجامی پشکنینەکەی خۆیان خۆشحاڵ بوون‌و، خۆیان بۆ رۆییشتن ئامادە دەکرد، ئەوەندە دڵم خۆش بوو کە نەمدەتوانی شادمانییەکەم وەشێرم. هەر دەبوایە بە بۆنەی ئەو سەرکەتنەوەو بۆ ئەوەی زیاتر لە بێتاوانی خۆمیان دڵنیا بکەم قسەیەك بکەم، شتێك بڵێم. ئەنجام لە کاتێکا کە دەیانویست بە قاڵدرمەکاندا سەر بکەون، بەخۆم نەوەستام‌و گوتم:

- بەڕێزینە، زۆر خۆشحاڵم کە هەموو گومانێکم لە لا سڕینەوە. هیوای سەلامەتیتان بۆ دەخوازم. هیوادارم لەمەو دوا رەفتارتان کەمێ بە نەزاکەت تر بێ! جا بەڕێزینە حەزدەکەم هەر بەم بۆنەیەوە ئەوەشتان عەرز بکەم کە ئەم ماڵە، ئەم بینایە زۆر مکوم دروست کراوە...

ئیدی شێت ئاساو بێباکانە کەوتمە قسان‌و بێئەوەی بە دروستی بزانم چ دەکەم لە سەری رۆییشتم:

-... بەڕاستی بینایە نە گاڵتە. بە تایبەتی ئەم دیوارانە... دەڕۆن بەڕێزینە ؟ ئەم دیوارانە زۆر مکوم دروست کراون.

ڕێك لەو کاتەدا، بە کەش‌و فشێکی زۆرەوە، تاتوانیم دار عاساکەی دەستم کێشا بەو شوێنەدا کە جەنازەی هاوسەرەکەم تیا شارد بووەوە.

ئاه! خواوەند! لە چنگی ئەهریەنم رزگار بکات! هێشتا دەنگدانەوەی جەزرەبەی دارعاساکە بە تەواوەتی نەنیشتبووەوە کە دەنگێك لە دیوارەکەوە هاتە گوێ. لە هەوەڵەوە ناڵەیەکی گۆنگی پچڕ پچڕ بوو، لە گریانی منداڵ دەچوو، بەڵام دەنگەکە زوو بە زوو بەرزتر بووەوە، نەخێر بوو بە دەنگێکی گەورەی دوورو درێژی غەریب‌و نامرۆڤانی‌و ناساز، بوو بە لوورە – لوورەیەك کە رەگی هەم لە ترس‌و هەم لە سەرکەوتندا بوو، لوورەیەك وەکو ئەوەی لە بنەبانی دۆزەخەوە بێت، هەم هاواری دۆزەخیانی نەفرەت لێکراوی جەرگەی ئاگری عەزاب بێت‌و هەم هاواری ئەهریمەنانی خۆشحاڵ بە عەزابی هەتا هەتایی.

ئەوپەڕی گەوجیەتیە باسی ئەو بیرانەتان بۆ بکەم کە لەو کاتەدا، لە مێشکمدا گێژیان دەخواردو پێکیاندا دەدا... خەریك بوو لە خۆ دەچووم، لەترێکم داو خۆم بە دیوارەکەی بەرانبەر گرتەوە... مەفرەزە پۆیلسەکە هایم‌و حەیران، تۆقیو و ترساو لەسەر قالدرمەکە رەق راوەستان، دوای تۆزێك، باسکی پۆلاینیان لێ هەڵماڵی‌و کەوتنە روخاندنی دیوارەکە، ئەو بەشەی کە تازە کرابووەوە، بە یەك کەڕەت داڕوخاو. جەنازەکە تەواو شێوا بوو، خوێنی وشکەوە بوو سەراپای داپۆشی بوو. بەرزە پێ راوەستا بوو، پشیلە رەشە بەد نیهادەکە بە دەمی خڵتانی خوێن‌و تاقە چاوە ئاگرینەکەیەوە لەسەر سەری هەڵتووتا بوو. ئەو پشیلەیەی کە بە کردەوەکانی خۆی ئەو تاوانەی پێکردم‌و ئەوجا لوورەو میاوەمیاوەکەی ڕادەستی جەلادی کردم، گەیاندمیە پای قەنارە. تومەز پشیلەکەشم لە ناو دیوارەکەدا شارد بووەوە.

سەرچاوە:

*- ادغار الن بو / القگ الاسود وقصص اخری/ ترجمە خالدە سعید/ ٢٠١١/ دار التکوین للتألیف والترجمە والنشر.

*- داستانهای شگفت انگیز/ ادگار الن پو/ ترجمەی محمود سلگانیە/ چاپی اول: ١٣٨٨/ انتشارات جامی

ئیدگار ئالان پو(١٨٠٩-١٨٤٩):

یەکێکە لە شاعیرو چیرۆکنووس و رەحنەگرە بە نێوبانگەکانی ئەمریکا.بە منداڵی داك و بابی لە دەست داو، ژن و مێردێك بە ناو وشۆرەتی ئالانەوە هەڵیان گرتەوەو بەخێویانکرد.لە ڕێگەی نووسینی چیرۆکێن ترسناکەوە، بناغەی رۆمانی پۆلیسی دامەزراند. شیعرەکانی یەجگار جوانن، بە ناوبانگترین شیعری چامەی قەلەرەشە. هەژاری و دەستکورتی و ئالوودەبوون بە مەی و مەینۆشی و مردنی هاوسەرەکەی کردیانە کارێك لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیدا مەیلەو شێت ببێت..کۆی بەرهەمەکانی هەڤدە بەرگە.. ئەم چیرۆکە یەکێکە لە چیرۆکە جوانەکانی

# گەردانە

## ن: موپاسان

### پێشەکییەکی کورت

هەموو دەزانین نێوی موپاسان هاوتای چیرۆکنووسییە. ئەم پیاوە لە ساڵی (١٨٥٠)دا لە نورماندی فەرەنسا لە دایك بووە. کە ئەم تەمەنی گەییە شەش ساڵان، داكو بابی لێکدی جودا بوونەوە. بەڵام موپاسان لای دایکی مایەوە. لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا چووە یەکێك لە قوتابخانە کاتولیکیەکانو زۆری نەبرد کە دەرکرا. پاشان چووە قوتابخانەیەکی دیو بە هۆی شیعرگوتنەوە خەڵاتێکی وەرگرت. دەستپێکردنی جەنگی فەرەنساو پروس لە ساڵی (١٨٧٠)دا، وەستانێکی خستە ژیانی ئەدەبیی موپاسانەوە. پاش شەڕەکە چوو بۆ پاریس تا کارێکی دەوڵەتی بدۆزێتەوەو کاتی دەست بە تاڵی و بێکاری خۆی بە شیعرگوتن بەسەر بەرێ. لە (پاریس)دا، بە سەرپەرشتی گوستاف فلوبیری وەستای پەخشانی فەرەنسی، کەوتە مەشقی نووسین. زۆری نەبرد کە رێزو خۆشەویستی کەوتە نێوان ئەو دووەوە. فلوبیر کە هەستی کردبوو موپاسان بەهرەی شاراوەی هەیە، نووسینی پەخشانی لەلا شیرین کردو چەندین ساڵ بەو پەڕی لە خۆبوردوویی، هونەری نووسینی فێرکرد. موپاسان گەلێك وانە لە مامۆستاکەیەوە فێر بوو، کە "هونەری دیتن" وانەی یەکەمی بوو. فلوبیر پێی دەگوت: "هونەری دیتن بە سەبرو حەوسەڵەی دوورو درێژ بە دەست دێت. لە هەر شتێکدا، بەشێکی کەشف نەبوو ونەبینراو هەیە. ئێمە چاوانی خۆمان بەوە ڕاهێناوە تەنیا ئەو شتانە بدینێ کە خەڵکانی دی لە پێش ئێمەوە دیتویانە. تەنانەت لە بچووکترین شتدا، شتێکی نەناسراو هەیە. دەبێ ئەو شتە بدۆزرێتەوەو کەشف بکرێ".

بەمجۆرە، موپاسان بۆی بە دیارکەوت کە لە هەر کەسێكو لە هەر شتێکدا، شتێك شاردراوەتەوە کە ئەو کەسە یان ئەو شتە لە کەسو شتەکانی دی جیا دەکاتەوە. موپاسان لە جێیەکی دیدا بەزمانی فلوبیرەوە گوتویەتی: "بۆ دەربڕینی هەر شتێك کە دەتەوێ بیڵێی تەنیا یەك وشە، بۆ وەگەڕ خستنی ئەو شتە هەیە، تەنیا یەك وشە بۆ وەسف کردنی ئەو شتە هەیە، پێویستە ئەو وشەیە، ئەو فەرمانە، ئەو ئاوەڵفەرمانە کەشف بکرێو بدۆزرێتەوە. نابێ بە مەزەندەو تەقریب رازی ببی، نابێ پەنا وەبەر فێڵ ببەی، تەنانەت فێڵی هۆشمەندانەش....

موپاسان، ساڵ بە ساڵ هەوڵی دەدا، ئامۆژگارییەکانی مامۆستا بەکار بێنێ. هەموو هەفتەیەك رەشنووسی مەشقەکانی خۆی بۆ ئەو دەناردو بە خۆی یەك شەممەی هەفتەی دواتر بۆ نیوەرۆژەو گوێ گرتن لە رەخنەکانی بۆ ماڵی ئەو دەچوو، موپاسان دەڵێ: "من شیعرم نووسی، چیرۆکی کورت، چیرۆکی درێژ، و تەنانەت شانۆنامەیەکی قێزەوەریشم نووسی، بەڵام هیچ یەکێکیان نەمانەوە."

موپاسان، له ئاخرو ئۆخری هەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا دیدەنی چوار نووسەری تری کرد کە زۆریان ستایشی بەرهەمەکانی ئەمیل زۆلا دەکرد. بۆ ماوەیەك بوو بە ئەندامی گرووپی "یارانی مەدان" کە خۆیان بە ناتورالیست دەزانی "مەدان، گوندێکی نزیکی پاریس بوو کە زۆلاو دۆستەکانی لە خانوویەکدا، لەوێندەر کۆ دەبوونەوە." کاتێك کە گرووپی نێوبراو لێبڕا بڵاوکراوەیەك بە ناوی "رۆژاواکانی مەدان بە هەمان ناوەڕۆکی بڵاوکراوەی فەرەنساو پروس، بڵاوبکاتەوە، موپاسانیش لەو کۆڕەدا چیرۆکێکی دەربارەی "قەحپەیەك" خوێندەوە. ئەوانەی کە چ شتێکیان لە مەڕ پێوەندی فلوبیر و موپاسان نەدەزانی، سەریان لە تواناو بەهرەی نائاسایی موپاسان سوڕما. زۆلا، ئیعتراف کرد کە چیرۆکەکەی موپاسان لە چیرۆکەکەی ئەو چاکترە، "یارانی مەدان" چیرۆکەکەی موپاسانیان بە باشترین چیرۆکی کۆمەڵەکە دانا.

دوا بە دوای ئەم سەرکەوتنە بوو کە موپاسان وازی لە کاری فەرمانبەری هێنا. بەرە بەرە لە زۆلا و یارانی مەدان دوورکەوتەوەو هێزو توانای خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد: بوو بە نووسەرێکی پیشەیی و لە ماوەی یازدە ساڵدا دەیان وتارو نزیکەی (٣٠٠) کورتە چیرۆك و (٦) رۆمانی نووسی و لەگەڵ ئەمەشدا ژیانێکی کۆمەڵایەتی نا ئارامی هەبوو.

هەندێ لە رەخنە گران وتویانە کە موپاسان تەنیا بینەرێکە کە هەر لە وێنەگرتنی دیوی دیاری ژیاندا بە توانا بووەو لە دیتنی حەقیقەتە شاراوەو نهێنییەکاندا بێ توانا بووە. بەڵام ڕیتمی خێرای چیرۆکەکانی بە کۆتاییەکی دڵگیر دەگەن کە وێنەیەکی تەنزئامێز لەمەڕ ئەزموونی ژیانی بەشەر بە دەستەوە دەدا، وێڕای ئەوەی کە پتر لە سەدەیەکە مردووە، بەڵام تا ئەمڕۆکەش هەم چیرۆکەکانی و هەم ڕاو بۆچوونەکانی لەمەڕ چیرۆك نووسین، بایەخی خۆیان پاراستووەو ڕەنگە بۆ ساڵانێکی دوورو درێژی تریش هەر بایەخی خۆیان لە دەست نەدەن.

## گەردانە

یەکێك بوو لەو کیژە جوانو دڵرفێنانەی کە دەتوت چارەنووس بە ئانقەست، تۆڕی داوەتە ماڵی فەرمانبەرێکی بچکۆلەوە. چونکە نە جیازی هەبوو، نە هومێدی بە بەشە میرات هەبوو، نە هیچ رێیەکی شك دەبرد کە بتوانێ لەگەڵ دەوڵەمەندێکی ناوداردا ئاشنا ببێو شووی پێبکا. بۆیە ملی دایە چارەنووسو مێردی بە فەرمانبەرێکی بچکۆلەی وەزارەتی پەروەردە کرد.

جلوبەرگی سادەی لەبەر دەکرد، پارەی نەبوو جلوبەرگی فاخیر بکڕێ، بەڵام وەك هەر ژنێك کە پایەی واقیعی خۆی لە دەست دابێ. پەستو وەڕەز بوو. دیارە ژنان سەر بە هیچ نەژادو ئەسڵێك نین، جوانی و شۆخی جێی نەژادو ڕەچەڵەکیان بۆ دەگرێتەوە. شیرینی و ناسکی و ئاکاربەرزی، ژنانی ئاسایی دەگەیەننە رێزی پایەی خانمانی بە ئەسڵ و فەسڵ و خانەدان.

هەمیشە ناڕەحەت بوو، چونکە هەستی دەکرد کە بۆ ئەمە خوڵقاوە تا لەزەت لە هەموو جوانی و خۆشییەکانی ژیان وەربگرێ. بەدیمەنی رووتو ڕەجاڵی ماڵەکەی، بە دیتنی دیوارە چڵکنەکان، کورسییە کۆنو شەقو شڕەکان، پەردە کۆنو تاڵکێشەکان، دڵی دەگوشرا. هەموو ئەم شتانە، ئەم شتانەی کە ژنێکی سادەو ئاسایی گوێی پێ نەدەدان، ئەویان ئازار دەداو خەفەتباریان دەکرد. کە چاوی بە چارەی "برتون"ی کارەکەر دەکەوت کە کاری ماڵەکەی دەکرد، دووچاری نائومێدیو پەشیمانیو پەرێشانی دەبوو. بەردەرکەی ئارامو، رازاوە بە پەردەی گرانبەهاو ،چلچرای برۆنزی جوانی، لە بەر چاوی خەیاڵی خۆیدا بەرجەستە دەکرد، لە جیهانی خەیاڵدا

دوو نۆکەری تۆکمەی تۆکمەی دەبینی کە لەسەر کورسی دەسکداری گەورە دانیشتوون‌و لەبەر سۆپای گەرمدا بە دەم وەنەوزەوە چاوەڕێی فەرمان دەکەن. موبێلەکەی ناسك‌و جوانی دەبینی، مێزی جوانی رازاوە بە جەواهیراتی گرانبەهای دەبینی، سالۆنی رازاوەی بۆن خۆشی دەبینی کە هەر لایەق بوو بنیادەم ئێوارە وەختان لەگەڵ دۆستانی دڵسۆزی خۆیدا، لەگەڵ پیاوانی قۆزی ژن شێتکەردا، لێی دابنیشێ‌و رازو نیاز بکات.

کاتێك کە بۆ فراڤین یان شێو لە پشت ئەو مێزە خڕەوە کە سێ رۆژ بوو، پەردەکەی سەری نەگۆڕا بوو، بەرانبەر بە مێردەکەی دادەنیشت‌و مێردەکەی سەری قاپی شلەکەی لا دەداو بە روویەکی خۆشەوە دەیوت: "ئەڵڵا! گۆشتاو! بەڕاستی بەلەزەتە! لەو خواردنانەیە کە من زۆرم حەز لێیە!" لەو کاتانەدا ئەو بیری لە فراڤینێکی رازاوە، خۆراکی بەلەزەت، جەواهیری پرشنگدار، پەردەی بە نەخش‌و نیگاری پڕ لە پیاوانی زەمانی کۆن‌و باڵندەی عەجایەبی بەرزە فڕی نێو لێرەوارانی خەیاڵی دەکردەوە. بەخەیاڵ خۆراکی بە لەزەتی نێو قاپی دەوڵەمەندانی بەرجەستە دەکرد. رازو نیازی شیرین‌و دڵگیری ئەو ئاشقانەی دەژنەوت کە بە دەم نان خواردنەوەو لەگەڵ مەعشوقەی لێو بە خەندەی دەکەن‌و ئەوانیش بە نازەوە گۆشتی ماسی سوورەوە کراو بە دەمدا دێنن.

جل‌و بەرگی جوان‌و چاکی نەبوو، جەواهیرو گەوهەری نەبوو تەنیا دڵی بەو شتانەش دەکرایەوە، هەستی دەکرد بۆ ئەو شتانە خوڵقاوە.

ئاه، چ لەزەتێك لەوە خۆشترە کە دڵان بڕفێنێ، خەوی پێوە بدیترێ. ژنان بەغیلی پێ بەرن، پیاوان خۆشیان بوێ! دەستە خوشکێکی دەوڵەمەندی هەبوو کە کاتی خۆی هاوپۆل بوون لەیەك قوتابخانەدا. ئێستا حەزی نە دەکرد بچێتە دیدەنی، چونکە کە لە دیدەنی ئەو دەگەڕایەوە، خەم‌و خەفەتێکی وەهای توش دەبوو، بۆ ماوەی چەند رۆژێك دەگریاو فرمێسکی هەڵدەڕشت. ئێوارانێك، مێردەکەی بە شادییەوە هاتەوە، زەرفێکی گەورەی بە دەستەوە بوو، وتی: هانێ، ئەو هی تۆیە.

بە پەلە زەرفەکەی هەڵپچڕی و کارتێکی لێ دەرهێنا کە ئەم وشانەی لەسەر نووسرا بوو:

"وەزیری پەروەردەو خانم جورج رامپونۆ، تکاکارن لە ئاغاو خانم لوازل کە داوەتی ئەوانن لە شەوی دوو شەممەی ١/١٨ تەشریف بێنن‌و لە کۆشکی وەزارەتخانەدا ئامادە بن".

ماتیلدا، رێك بە پێچەوانەی پێشبینی مێردەکەیەوە، لە بری ئەوەی کەیف خۆش بێ، لە بن لێوانەوەو بە خەمینی وتی: "چی لێبکەم؟"و کارتەکەی بە ساردو سڕییەوە توڕدایە سەر مێزەکە. مێردەکەی وتی: "بەڵام ئازیزم  من وامدەزانی زۆر خۆشحاڵ دەبی، ئاخر تۆ هەر لە ماڵەوەی و چ جێیان ناچیت. ئەمە دەرفەتێکی چاکە... تا ئەم دەعوەتنامەیەم وەچنگ خستووە قیر سپی بووە. هەموو فەرمانبەرەکان خوا خوایانە بچن، ئەم دەعوەتنامەیە بە هەموو فەرمانبەرێك نادەن، هەڵیان دەبژێرن. فەرمانبەرانی پایە بەرز هەموو لە وێندەر کۆ دەبنەوە."

ژنەکە، نیگای توڕەو پڕگریانی تێڕی‌و وتی: "دەباشە من چ جلێك لەبەر بکەم؟!".

بەڕاستی بیری لەمە نەکردبۆوە، بۆیە قیرۆسیای کردو وتی: "بۆچی، ئەو کراسە لەبەر بکە، کە هەموو جار بۆ ئۆپێراخانە لەبەری دەکەیت... خۆ زۆر جوانەو...."

پیاوەکە بە سەر سامی لە قسان وێستا. ژنەکە دەگریا!.... دوو دڵۆپە فرمێسکی درشت بە گۆنایدا دادەخزین.. بەسەر سامی وتی: "ئەوە چییە؟ ئاخر چی روویداوە؟"

ژنەکە بە هەزار حاڵ جڵەوی خۆی گرتو بە دەم سڕینی گۆنا تەڕەکانییەوە، بە دەنگێکی هێدیو هێمن وتی: "هیچ مادامێکی جلکم نییە، بۆ ئاهەنگەکە ناچم، ئەم کارتەش بدە بە یەکێك لەو برادەرانەت کە ژنەکەی جلکی باشتری هەیە."

پیاوەکە بە نائومێدییەوە وتی: "ماتیلدا، تۆ ڕاوەستە. تۆ پێم بڵێ بزانم کە کراسێکی وەها کە بۆ بۆنەی تریش دەست بداتو لەبەر بکرێ، یانی شتێکی سادەو لەبار، چەندی تێدەچێت؟"

ژنە، تاوێك لەفکران ڕاچوو، لە هزری خۆیدا بۆ نرخێك دەگەڕا کە مێردەکەی پێی قاییل بێ، دڵی ئەم فەرمانبەرە چکۆلە پاشەکەوتکارە دانەخورپێو هاواری لێ هەڵنەستێ، سەرەنجام بە دوو دڵییەوە وتی: "نازانم بە تەواوەتی چەندی تێدەچێت، بەڵام پێموایە بە چوار سەد فرانکێك. جێبەجێ بکرێ."

پیاوەکە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، چونکە ڕێك چوار سەد فرانکی پاشەکەوت کردبوو، بە تەما بوو تاپڕێکی پێ بکڕێو هاوینی ئایندە، جار جارێك، شەمموان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەیدا کە دەچوونە ڕاوە کێشکانو کلاوکوڕە، بۆ دەشتی "نانتێر" بڕواتو ڕاوی پێبکات.

وتی: "زۆر چاکە، من چوار سەد فرانکت دەدەمێ، بەڵام تۆش کراسێکی جوانی پێبکڕە."

ڕۆژی ئاهەنگەکە نزیك دەبۆوە، کەچی خاتوو لۆزاڵ، وێڕای ئەوەی کراسەکەی تەواو بوو بوو، هەرماتو کزو خەمبار بوو. شەوێك مێردەکەی وتی: "ئەرێ ئەوە چییە؟ بێ تاقەتی. ئەمە دوو سێ ڕۆژە لە بنیادەمەکەی جاران ناچیت."

ماتیلدا وتی: "کە دەبینم هیچم نییە، تەنانەت تاقە موورویەکم نییە بە خۆمیا بکەم، خەریکە دڵم شەق بەرێ. دیارە لە وێندەر زۆر کەم نمود دەنوێنم، بۆیە نەڕۆم باشترە."

مێردەکەی وتی "دەتوانی گوڵ بە خۆتدا بکەی. لەم وەرزەدا باو، باوی گوڵە. دەتوانی بایی دە فراناکان گوڵ بکڕی. دوو سێ گوڵی زۆر نایابی پێدێت."

بەڵام ماتیلدا قاییل نەبوو: " نا، هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نییە، مرۆڤ لە نێو کۆمەڵێك دەوڵەمەندندا، هەژارو پەڕپوت دیار بێ."

پیاوەکە لە ناکاودا وتی: "کە بێهۆشین! ئەمەی بۆ چییە، هەڕە نك خاتوو فورستێر"ی دەستە خوشکت و چەند پارچە خشڵێکی بە ئەمانەت لێبخوازە. خۆ زۆر لێکدی نزیکن."

ماتیلدا لە کەیفاندا هاواری کرد: "ڕاست دەکەی، ئەوم هەر لە بیر نەبوو."

سبەینێ چووە لای دەستە خوشکەکەیو گرێی دڵی خۆی بۆ کردەوە. خاتوو فورستێر، خۆی بە ڕاڕەوێکی دەرگا شووشەدا کرد، سەندوقێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، دەرکەکەی کردەوەو خستییە بەر دەست دۆستەکەیو وتی: "کەرەمکە ئازیزەکەم، کامیانت دەوێ هەڵیبگرە.".

ماتیلدا، هەوەڵجار چەند بازنێکی بەرچاو کەوت، ئەوجا ملوانکەیەکی مرواریو پاشان خاچێکی ڤینیسی زێڕی بەدی کرد. لەبەر ئاوێنەکەدا هەموو ئەم خشڵانەی بەخۆیدا کردو تاقیکردنەوە، دڵی نەدەهات دایان بنێتەوە. حەزی نەدەکرد بیانداتەوە. ئەوجا پرسی: "خشڵی ترت نییە؟!"

وتی: "با، تەمەشای ئەمانەش بکە، بزانە کامیانت بە دڵە".

ئەنجام گەردانەیەکی ئەڵماسی یەکجار جوانی، لە نێو قوتویەکی قەدیفەی ڕەشدا بینیو سەرنجی ڕاکێشا. لەخۆشیاندا دڵی کەوتە ترپە ترپ. کاتێك کە ملوانکەکەی دەردەهێنا دەستی دەلەرزی. ملوانەکەکەی لەسەر

یەخەی کراسەکەیەوە لە مل کرد، لە تەماشا کردنی خۆی تێر نەدەبوو. ئەوجا بە دوو دڵیو ناڕەحەتییەوە وتی: "دەتوانی ئەمەم بە ئەمانەت بدەیتێ. هەر ئەمەم دەوێ، هیچی ترم ناوێ".

– "بەڵێ، بەڵێ... بێگومان".

ئەوجا ڕاپەڕیو دەستی دەستۆی دەستە خوشکەکەی کردو بە کوڵو دڵ ماچی کرد، پاشان بە گەردانەی ئەڵماسەوە بە پەلە بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

شەوی ئاهەنگەکە هات. سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بە دەست هێنا. لە هەموو ژنەکانی دی جوانتر بوو. شۆخ و شەنگو دڵڕفێن بوو، بزەی لە لێوان نەدەبڕا. پیاوان هەموو هەر چاویان لەو بوو، ناویان دەپرسی، هەوڵیان دەدا پێی بناسرێن، بەرپرسانو سەرۆکان هەموو دەیانویست لەگەڵ ئەودا بڕەقسن. تەنانەت سەرنجی خودی وەزیریشی راکێشا.

بە جۆرێك دەڕەقسی لە تۆ وایە حاڵی لێهاتووە. ئاگای لە خۆی نەما بوو. شەوقو زەوقی سەرکەوتن، هۆشی لا نەهێشتبوو. لە نێو تەم تومانی ئەو هەموو کڕنۆشەی بۆ دەبرا، لە نێو شەپۆلی ستایشو ئافەریندا، لە نێو ئارەزووە وڕووژاوەکانیا، لە نێو ئەو سەرکەوتنە گەورەیەدا کە ئاواتی هەر ژنێکە، دەڕەقسی.

سەعات نزیکەی چواری بەیانی بوو ماتیلدا لە ئاهەنگەکە هاتە دەرێ. مێردەکەی لەنیوە شەو بە دواوە، لەبەر ژوورێکی چکولەدا لەگەڵ سێ زەلامی دیدا کە ژنی ئەوانیش خەریکی ڕەقسو شادی بوون، خەوتبوو. ژنەکەی گازی کرد، ئەویش هەستاو ئەو پاڵتۆ کۆنەی کە لەگەڵ خۆی هێنا بووی، دا بە شانی ماتیلدا. کۆنە پاڵتۆکە ڕەونەقی جلەکانی دەشکاند، ماتیلدا هەستی بەمە دەکرد، بۆیە دەیویست تا زووە لەوێندەر وەدەرکەوێو ژنەکانی دی کە هەموو خۆیان لە پاڵتۆی فەروو خزاندبوو، بەو حاڵەوە نەیبینن.

مێردەکەی بەر دەمی گرت!!! راوەستە، با بچم گالیسکەیەك بگرم، دنیا ساردە، سەرمات دەبێ".

ژنەکە بەقسەی نەکرد. بەلەز بە قالدرمەکاندا داگەڕا. کە گەیینە سەر شەقامەکە ،گالیسکەیان دەست نەکەوت. کەوتنە رێ، بێهودە ئەو گالیسکەچییانەیان گازدەکرد کە لە دوورەوە تێدەپەڕین. لە کاتێکدا بەدەم سەرماوە هەڵدەلەرزین، رێگەی رۆخانەی "سین"یان گرتە بەر. ئەنجام لەوێ گالیسکەیەکی شەقو شڕیان دەست کەوت. لەو گالیسکە فریشقەو کۆنانە بوو کە تەنیا بە شەوان دەردەکەوتنو لە تۆ وایە شەرم دەکەن بە رۆژەوە دەربکەونو کۆنی خۆیان بە خەڵکی نیشان بدەن.

گالیسکەکە، گەیاندنییەوە گەڕەکی "شەهیدان". شەکەتو ماندوو بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوتن. سەبارەت بە ماتیلدا هەموو شتێك کۆتایی هاتبوو، بەڵام پیاوەکە بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ بەیانی سەعات دە لە وزارەتخانە بێ.

ماتیلدا پاڵتۆکەی سەر شانی لادا. چووە بەردەم ئاوێنەکە تا جارێکی دی جوانییە شکۆدارەکەی خۆی بدینێ، بەڵام لە پڕ زریکاندی، ملوانکە ئەڵماسەکەی لە مل نەمابوو.

پیاوەکە کە خەریکی جل داکەندن بوو، پرسی: "چییە دیسان؟" ژنەکە وەکو شێتان رووی تێکرد: "ملوانکەکە، ملوانکەکەی خاتوو فورستێر ون بووە!"

"لوزال" ڕاپەڕی. رەنگی لە روو نەما: "چی؟.. چۆن؟.. مەحاڵە! شتی وا نابێ!"

چینەکانی کراسەکە گەڕان، لۆچی پاڵتۆکەیان پشکنی، گیرفانەکان گەڕان، هەموو شوێنەکان گەڕان، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە. ملوانکەکە پەیدا نەبوو، نەبوو.

مێردەکەی پرسی: " کە لە ئاهەنگەکە هاتییە دەرێ لە ملت بوو؟"

"بەڵێ، کە لە هۆڵەکە هاتینە دەرێ لە ملم بوو."

"خۆ ئەگەر لەسەر جادەکە بکەوتایە، گویمان لە دەنگی دەبوو. بێگومان لە نێو گالیسکەکەدا کەوتووە. هەبێو نەبی لە گالیسکەکەدا کەوتووە! ژمارەی گالیسکەکەت گرتووە؟"

"نەء ئەدی تۆ؟"

"نەء ".

بە سەرسامی کەوتنە راونینی یەکدی.

لوزال، خۆی گۆڕییەوەو وتی: "دەچم بە هەمان رێدا دەگەڕێمەوە، بەڵکو بیدۆزمەوە."

لە ماڵ وەدەرکەوت. ماتیلدا، هەر بە جلی ئاهەنگەکەوە بێئەوەی ئاگرێك لە ژوورەوەدا هەبێ یان بتوانێ بچێتە ناو جێگە، پەستو بێزارو بێتاقەت، بێئەوەی تەنانەت توانای بیرکردنەوەشی هەبێ، بەدەم چاوەڕوانییەوە خۆی بەسەر کورسییەکدا، دا

لوزاڵ، نزیکەی سەعات حەوتی بەیانی بە دەستی بە تاڵ گەڕایەوە، پیاوە، سەری پۆلیسخانەی دا، نوسینگەی رۆژنامەکانی ئاگادار کردەوە، خەڵاتی مژدانەی دیاری کرد بۆ ئەو کەسەی بۆی دەدۆزێتەوە. سەری کۆمپانیای گالیسکەڕانی دا. هەر شوێنێ جێی مەزەندە بوو بوو، سەری دا، بەڵام بێ سوود بوو.

ژنەکەی ئەو رۆژەی تا ئێوارێ بە ترسو نیگەرانیو دڵەراوکێ بەسەر برد. کەچی لوزال هەمدیس شەکەتو ماندوو، بە رەنگی هەڵبزڕکاوەوە هاتەوە، هیچی دەست نەکەوتبوو. بە ژنەکەی وت: "دەبێت کاغەزێك بۆ خاتو فورستێر بنووسێت کە قولابی ملوانکەکە شکاوەو بردویەتی بۆ لای وەستا تا چاکی بکاتەوە. بەڵکو بەم حاڵە دەرفەتێك پەیدا دەکەینو بۆی دەگەڕێین."

ژنەکە نامەکەی نووسی. هەفتەیەك بوریو بە تەواوەتی ئومێد بڕ بوون.

لوزال، کە هەنوکە پینج ساڵ پیرتر دەینواند، وتی: دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە بە هەر جۆرێك بووە، ملوانکەیەکی بۆ پەیدا بکەین".

رۆژی دوایی قوتووە بە تاڵەکەیان هەڵگرتو بردیان بۆ لای ئەو گەوهەر فرۆشەی کە ناوی لەسەر دیوی ناوەوەی قوتووەکە هەڵکەنرا بوو. گەوهەر فرۆشەکە بە دەفتەرەکانیدا چووەوە، وتی: "خانم ئەم ملوانکەیەی لە من نەکڕیوە، پێدەچێ هەر قوتووە بەتاڵەکەم پێی فرۆشتبێ."

خەمو خەفەت پرزەی لێ بڕی بوون، مێشکی خۆیان دەگوشی، لەم گەوهەر فرۆشەوە دەچوون بۆ لای ئەو گەوهەر فرۆش، تا بەڵکو بتوانن ملوانکەیەکی وەها بدۆزنەوە کە تەواو لە ملوانکە ون بووەکە بچێت. تا لە موغازەیەکا، لە "پالس رویال"دا گەردانەیەکیان دۆزییەوە کە رێك لفانەی گەردانە ون بووەکە بوو. نرخی ملوانکەکە چل هەزار فرانك بوو. بەڵام گەوهەر فرۆشەکە بە سیو شەش هەزار فرانکیش دەیدانێ. تکایان لێکرد کە تا سێ رۆژی دی نەیفرۆشێت. هەروەها قەراری ئەوەشیان لەگەڵ کرد کە ئەگەر کڕییانو گەردانە ونبووەکەیان بەر لە کۆتایی مانگی شوبات دۆزییەوە، ئەوا گەردانەکەی خۆی بە سیو چوار هەزار فرانك وەربگرێتەوە.

لوزال، هەژدە هەزار فرانکی لە باوکییەوە بۆ بەجێ مابوو، بڕیاری دا ئەویتر قەرز بکات.

کەوتە قەرز کردن. بەڵام چۆن قەرز کردنێك، هەزار فرانك لەمو پێنج سەد فرانك لەو. "پێج" لویس لێرەو "سێ" لویس لەوێ.. بەمەرجی قورسو کەمەرشکێن پارەی قەرزکرد. دەستی کەوتە ژێر باری سووخۆران. ئایندەی خۆی خستە مەترسییەوە. قەواڵەی دنیای ئیمزا کرد بێئەوەی دڵنیا بێ کە دەرەقەتی دێ یان نا.

دەتوانێ حورمەتی ئیمزاکەی خۆی بگرێ یان نا. هەرچەندە بیری رەنجە ڕۆیی ئایندەو ئەو رۆژە رەشانەی کە چاوەروانیان دەکردو نامرادی رۆحی، ئازاریان دەدا، ئەوجاش هەر خۆی بە موغازەی گەوهەر فرۆشەکەدا کردو سی و شەش هەزار فرانکەکەی هەڵرشتە بەر دەستی و ملوانکەکەی کڕی.

کاتێ خاتوو لوزال، گەردانەکەی بۆ خاتوو فورستێر بردەوە، بە ساردییەوە پێی وت: "دەبوایە زووتر بت هێنایەتەوە، بەڵکو پێویستم پێی بوایە!".

خاتوو فورستێر، سەری قوتووەکەی هەڵنەدایەوە. خاتوو لوزال هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا. ئەگەر هەستی بکردایە کە گەردانەکەی گۆڕاوە چی دەوت؟ نەیدەوت خاتوو لوزال ناپاکی لەگەڵ کردووم، دزی کردووە؟!.

نهو، خاتوو لوزال، تامی تاڵی هەژاریو نەداری دەچەڕباند. بە هەژاری ئاشنا دەبوو. بەڵام پاڵەوانانە ئەرکی سەر شانی خۆی ئەنجام دەدا. لێڕا کە دەبێ ئەم قەرزە قورسە بداتەوە، کارەکەرەکەی ئیزن دا. خانووەکەیان چۆڵ کردو ژوورێکی پەرپووتیان بە کرێ گرت.

خاتوو لوزال، بەخۆی ئەرکی قورسی ماڵی گرتە ئەستۆ. بە خۆی چێشتی لێدەنا. قاپو ئامانی دەشوشت. بە نینۆکە ناسكو جوانەکانی چەوری بنی قاپو مەنجەڵو بنی تاوەی دەکراندەوە.

جلی چڵکنی دەشوشتو بە تەنافییەوە هەڵدەواسین، هەموو بەیانییەك تەنەکەی خۆڵەکەی هەڵدەگرتو بۆ زبڵدانی دەبرد. لەو سەرەوە بە سەتڵێ ئاوەوە سەردەکەوتو لەسەر هەر پلیکانەیەك وچانێکی دەگرت، تا پشوویەك بدات. وەکو خەڵکی کوچەو کۆڵانان، جلی ئاساییو هەژارانەی لەبەر دەکرد. زەمبیلەی هەڵدەگرتو دەچووە بازاڕێ. سەوزەی دەکڕی. گۆشت، میوەی دەکڕی. سەوای دەکرد، لە تاقە پولێکی خۆی خۆش نەدەبوو. سەری هەموو مانگێك چەند کۆمپیالەو قەواڵەیەکیان دەدایەوەو هەندێکی تریان بۆ ماوەی دی تازە دەکردەوە.

مێردەکەی، دانی ئێواران دەچووە لای بازرگانێكو بە کرێ کاری لەلا دەکردو جاری وا هەبوو تا درەنگە شەوانێك دەمایەوەو بەڵگەنامەو قەواڵەی بازرگانی پاکنووس دەکردەوەو لە بری هەر پەڕەیەك پێنج پولی وەردەگرت. ئەم ژیانی کولەمەرگییە، دە ساڵی تەواوی خایاند، هەموو قەرزەکەیان، بە قازانجی سوخۆرانیشەوە، دایەوە.

ئێستا خاتوو لوزال، پیر بوو بوو. وەك هەر ژنێکی ئیشکەر، قەبەو دەستو پل زبر بوو بوو. قژی شێواو، تەنورەکانی چرچو لۆچ، دەستەکانی سوور هەڵگەڕا بوون. کاتێك کە بە شوڕە شوڕ ئاوی بە ژوورەکەدا دەکردو پاشان دەی سڕی، بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد، بەڵام هەندێجار، بە تایبەتی ئەو دەمانەی کە مێردەکەی لەدایەرە بوو، لەبەر پەنجەرەکەدا دادەنیشتو بیری لەو شەوە خۆشە دەکردەوە کە چۆن بوو بوو بە شاگوڵو شاجوانی ئاهەنگەکەو مایەی سەرنجی ئاهەنگێڕان. باشە ئەگەر ملوانکەکەی ون نەکردبوایە چ دەبوو؟ کێ دەزانێ؟ کە رووداوەکانی ژیان سەیرن؟... تاقە ڕووداوێکی بێ بایەخ دەتوانێ مرۆڤ بەدبەختو چارە رەش یان بەختەوەرو شاد بکات!.

دەمەو ئێوارانێك، پاش هەفتەیەك کاری سەختو قورس، بە مەبەستی پیاسەو بۆ دەرکردنی بێتاقەتی، لە ماڵ وەدەرکەوتو رووی کردە شەقامی "شانزەلیزێ". لە پڕ چاوی بە ژنێك کەوت کە دەستی منداڵێکی گرتبوو. ئەو ژنە خاتوو فورستێر بوو، هێشتا هەر تەڕو بڕو ناسكو جوانو دڵڕفێن بوو..

خاتوو لوزال، ڕاچڵەکی، کەوتە دوو دڵییەوە کە قسەی لەگەڵ بکات یان نا؟ جا بۆ نەیکات؟ نهو کە دوا پولی قەرزەکەیان داوەتەوە، سڵ لە چی بکاتەوە، دەتوانێ بەسەر هاتەکەی لە نووکەوە بۆ بگێڕێتەوە، بۆ نەء ؟ لێی چووە پێشێ و وتی: "ژان... چۆنی..."

خاتوو فورستێر، سەری سوڕما لەوەی کە ژنێکی سادە پۆش بەو جۆرەی گازدەکات، چونکە نەی ناسی بووەوە، بۆیە بە مینگە مینگ وتی: "بەڵام خاتوون من ئێوە ناناسمەوە... ڕەنگە تۆ بە هەڵە چووبیت."

"نەخێر، من ماتیلدا لوزال–م".

خاتوو فورستێر بە سەرسامی هاواری کرد: "واخ ماتیلدای بەلەنگاز، چەند گۆڕاوی".

"بەڵێ، لەو ئاخیر جارەوە کە تۆم بینی، ڕۆژگارێکی تفتو تاڵم بەسەر بردووە، تفتو تاڵ ئەمما تفتو تاڵ، هەمووشی بە هۆی تۆوە."

بە هۆی منەوە، تێناگەم، مەبەستت چییە؟

لە بیرتە کە بە ئەمانەت گەردانەیەکت دامێ تا لە ئاهەنگی ماڵی وەزیردا لە ملی بکەم؟".

"ئا لە بیرمە، ئێ...؟"

"ئێ ... ونم کرد."

لێت تێناگەم خۆ تۆ هێناتەوە".

یەکێکی دی بوو، کوتو مت لەوەی خۆت دەچوو. ئەوە دە ساڵی خشتە ڕەنج دەدەینو قەرزی ئەو ملوانکەیە دەدەینەوە. بەخۆت دەزانی بۆ خەڵکانی هەژاری وەکو ئێمە، ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵام هەر چییەك بوو، تازە ڕۆیی و تەواو بوو. من بەختیارم کە هەموو قەرزەکەمان دایەوە.

خاتوو فورستێر، لە جێی خۆی وشك بوو: " یانی لە بری گەردانەکەی خۆم گەردانەیەکی ئەڵماست بۆ کڕیومەتەوە؟".

"بەڵێ، ئەدی پێت نەزانی؟ ئاخر بە موو لەوەی خۆت جیاواز نەبوو."

بزەیەکی پڕ شادی، کە لە هەمان کاتدا سادەو غرور ئامێز بوو، کەوتە سەر لێوی.

خاتوو فورستێر کە تەواو غەمگین بوو بوو، هەردوو دەستی دەنێو دەستی خۆی خستو وتی: " هەی ژارۆ؟ خۆ ملوانکەکەی من ئەڵماس نەبوو، شووشە بوو، ئەوپەڕی پێنج سەد فرانکی دەهێنا!..."

سەرچاوە:

داستان و نقد داستان/جلد نخست/چاپ سوم ١٣٧٥

گزیدەوترجمە: احمد گلشیری

<u>گی دو موپاسان(١٨٥٠–١٨٩٣)</u>: نووسەرێکی بە ناوبانگی فەرەنسییە، لە نووسەرە پێشەنگەکانی مەیدانی کورتە چیرۆکانە ،بەرهەمی زۆرە لەوانە:میس هاریت، ژیان، دڵی مە، هورلا..وگەردانە یەکێکە لە چیرۆکە زۆر بەناوبانگەکانی. لە ساڵی ١٨٩١دا تووشی شێتی بووە وجارێکیش هەوڵی خۆکوژی داوە. لە دوای مردنی هەندێ لە بەرهەمەکانی لەسەر شانۆ نمایش کران

# بێچوە مراویە ناشیرینەکە

ن: هانس کریستیان ئاندرسن

وەرز، وەرزی هاوین بوو، دیمەنی گوند یەجگار جوان بوو، گەنم زەرد بوو بوو، وێنجەی سەوز هەموو چەمەنزارەکانی داپۆشی بوو، لە قلە قێکی لاق درێژی لاق سوور رێی دەکرد، بە دەم رێگاوە، بە زمانێك کە لە دایکییەوە فێر بوو بوو، خۆی دەدواند. دارستانێکی گەورە دەوری مەزراو سەوزەزارەکانی گرتبوو، چەندین دەریاچەی جوان و قووڵ لە ناوەندی ئەم لێرەوارو دارستانەدا هەبوو. بەڵێ بەڕاستی گوند لە باوەشی ئەو هاوینەدا، یەجگار جوان و دڵفڕێن بوو، خانوویەکی گەورەی کۆن و کەونارا لە ناوەندی مەزراکەدا بوو، کە سەربانەکەی لە ژێر تیشکی زێڕینی هەتاودا دەدرەشایەوە. حەوزێکی بچووك دەوراندەوری خانووەکەی دابوو، لە بن دیواری خانووەکەوە تا قەراخی حەوزەکە یەکپارچە رێواس بوو، رێواسەکان هێندە بەرز بوون کە منداڵانی بچووك دەیان توانی خۆیانی لە پەنادا وەشێرن، هەموو گیاو رووەکەکان وەکو خودی لێرەوارەکە کێوی بوون. مراوییەك، لە نێو ئەو گیاو رووەکانەدا دەژیا، ئەم مراوییە لە هێلانەکەی خۆیدا، لەسەر هێلکەکانی هەڵنیشتبوو و چاوەڕوانی ئەوە بوو. هێلکەکانی بتروکێنێ و بێچووەکانی بێنە دنیاوە. ئیدی خەریك بوو بەرە بەرە لەم هەموو چاوەڕوانیە بێزار دەبوو، چونکە کڕکەوتن لەسەر هێلکان، بەڕاستی کارێکی زەحمەت بوو، هەندێ لە مراوییەکان رۆژانە دەهاتنە دیدەنی، بەڵام هەندێکی تریان حەزیان دەکرد، هەر لە حەوزەکەدا مەلە بکەن، نەك خۆ بگەیەننە ژێر رێواسە کێویلەکان و دەگەڵ خامراویدا سەرگەرمی قسان بن.

ئەنجام، هێلکەکان یەك لە دوای یەك تروکان: "جیك، جیك" هەموو زەردێنە هێلکەکان، بوو بوون بە جوجەڵەو سەریان لە قاوغان هێنا بووە دەر.

خامراوی گوتی: "قاق، قاق" بێچوە مراویەکان کە قوشقی بوو بوون، ئاوڕی ئەملاو ئەولایان دەدایەوە، خنە خن بەم لاو بەولادا رایاندەکرد، لە ژێر گەڵا رێواسەکاندا هەرچیەکیان دەبینی بە سەرسامی تەمەشایان دەکردو، دایکیان رێی دەدان بە کەیفی دڵی خۆیان تەمەشای دەوروبەری خۆیان و ئەو سەوزەزارە پان و بەرینە بکەن، چونکە رەنگی کەسك (سەوز) بۆ چاو باشە.

بێچوە مراوییەکان گوتیان: "ئەم دنیایە چەند گەورەیە، چەند جوانە!" هەڵبەتە شوێنەکەی ئێستایان لە چاو ئەوسای کە لە ناو هێلکەکاندا بوون، زۆر جیاوازتر بوو، خۆشتر بوو.

دایکەکەیان گوتی: "وردیلەکانم چما ئێوە پێتان وایە ئەمە هەموو دنیایە، دنیا هەر ئەوەندەیە؟ دنیا زۆر لەم باخ و دارستانە گەورەترەو تا ئەوپەڕی مەزراکانی کەشیشی گوندەکەش دەڕوات! من تا ئێستا نەگەییوەمەتە ئەوێندەرو نەمدیتوە. دەی ئێستا ژمارەتان تەواو بوو."

هەنگێ خامراوی لە جێی خۆی هەستا، تەمەشایەکی جوجەڵەکانی کردو گوتی: "راوەستن، راوەستن! هێشتا یەکێکتان نەهاتووەتە دنیا، هێشتا گەورەترین هێلکە ماوە بتروکێ. خودایا چ بکەم، چەندی تری دەوێ تا بتروکێ! بەڕاستی لە چاوەڕوانی بێزار بووم. دەڵێی بە دەنووك بەربمە ئەم هێلکەیەو بیتروکێنم. سەیرە بۆچی هێشتا نەتروکاوە."و دووبارە لەسەر هێلکەکە هەڵنیشتەوە.

پیرە مراوییەك کە هاتبووە دیدەنی خا مراوی، پرسی: "ئێ، حاڵ و ئەحواڵت چۆنە، لە چیدایت؟"

خامراوی گوتی: "باشم، بەڵام دوا هێلکە هێشتا نەتروکاوە، لەوە دەچێ کاتێکی زۆرتری پێ بچێت. بەڵام وەرە با فەرخەکانی دیکەمت پیشانبدەم. یەجگار جوانن، بە عەمراتی خۆم جوجەڵەی وا جوانم نەدیتوون! هەر هەموویان لە بابیان دەچن، ئەو بێ ویژدانەی کە تا ئێستا سەرێکی من و بێچوەکانی نەداوە."

پیرە مراوی گوتی: "ئادەی با تەمەشایەکی هێلکە نەتروکاوەکەت بکەم. دیارە دەبێ هێلکە قەلەمون بێت. جارێکیان منیش گەوج بووم و زەحمەتێکی زۆرم دەگەڵ چەند بێچوە قەلێکدا کێشا. لە ئاو دەترسان، هەر چیم کردو کۆشا نەمتوانی فێرە مەلەیان بکەم. چەندم بۆڵەبۆڵ بەسەردا دەکردن، فایدەی نەبوو نەبوو. ئادەی با تەمەشایەکی بکەم! ئا خۆیەتی، ئەمە هێلکە قەلەموونە. وازی لێبێنەو بڕۆ بەلای جوجەڵەکانی ترتەوەو فێرە مەلەیان بکە."

خامراوی گوتی: "نا، نا، من تا ئێستا زەحمەتێکی زۆرم کێشاوە، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانم کردووە، با کەمێکی تریش سەبر بکەم و لەسەری هەڵنیشم."

پیرە مراوی گوتی: "بە کەیفی دڵی خۆت بکە، چی بە باش دەزانی ئەوە بکە."و چونکە خامراوی بە گوێی نەکرد، زیز بوو و هەستا و رۆیی.

سەرەنجام هێلکە گەورەکە تروکا. جوجەڵەکە بە جوکە جوك دەیویست لە قاپۆرە هێلکەکە بێتە دەرێ. زۆر گەورەو ناشیرین بوو. خامراوی ماوەیەك لێی ورد بووەوە: " چەند جوجەڵەیەکی گەورەو ناشیرینە، بە هیچ شێوەیەك لەوانی دی ناچێت، تۆ بڵێی بێچوە قەلەمون بێ؟! دەی گوێ مەدەیە، زوو بە زوو دەردەکەوێ. ناچار دەبێت خۆی بە ئاودا بکات و مەلە بکات، ئەگەر رازی نەبێ بە تۆبزیو بە شاپان دەیخەمە ئاوەوە."

سبەینێ کە لە خەو ڕابوون، رۆژەکەی رۆژێکی زۆر خۆش بوو، خامراوی و بێچوەکانی چوون بۆ حەوزەکە. خامراوی لە پێش هەموویانەوە خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە: "قاق، قاق." جوجەڵەکانیش یەك لە دوای یەك خۆیان هەڵدایە ئاوەکەوە، خەریك بوو لە ئاوەکەدا نقوم بن، بەڵام یەکسەر هاتنە سەر ئاوەکەو کەوتنە مەلە. هەر هەموو جوجەڵەکان لە ناو ئاوەکەدا بوون، تەنانەت بوونەوەرە ناشیرینە بۆرە قنەکەش دەگەڵ ئەوانی دیدا مەلەی دەکرد: خامراوی گوتی: "نا، نەخێر قەلەموون نیە. تۆ تەمەشا چەند بە باشی پێی لە ژێر ئاوەکەدا دێنێ و دەبات و خۆی قیت لەسەر ئاوەکە ڕادەگرێت. نا بێچوی حەڵاڵی خۆمە، لە گۆشت و خوێنی خۆمە، ئەوی ڕاستی بێ زۆر لێی وردبیتەوە ئەو ناشیرنەش نیە! قاق، قاق، دەی وردیلە جوانەکانم دووم بکەون با دنیاتان پێ نیشان بدەم، با بۆ مەڵبەندی مراویانتان ببەم، با ئەوانیش بتان بینن. لە من دوور مەکەونەوە، تا خێراتر بڕۆن باشترە. ئاگاتان لە پشیلە بێت!" خامراوی و جوجەڵەکانی گەیشتنە مەڵبەندو واری مراویان. چ هەراو فەرتەنەیەك بوو. دوو

بنەماڵەی مراویان لەسەر مارماسیەك لێیان بوو بوو بە قەرقەشەو دەمەقاڵێ. ئەنجام لەو بەینەدا پشیلەیەك هات بەسەراو مارماسیەکەی بۆ خۆی ڕفاند.

خامراوی گوتی: "وردیلەکانم، خۆ بە چاوی خۆتان بینیتان. ئەمە یاسای دنیایە." ئاو زاییە دەمی، چونکە ئەویش لە دڵی خۆیدا خۆی بۆ خواردنی سەری مارماسیەکە ئامادە کرد بوو! دەی ئێستا پێ هەڵگرن، خێراکەن، کڕنۆش بۆ پیرە مراوی بەرن، ئەمە زاناترین مراوی گوندەکەیەو زۆریش بوێرو دلێرە، ئەسڵو نەژادی ئەسپانیاییە. ئەو پەتە سوورەی کە بە لاقیەوەیە دەبینن؟ ئەمە بەرزترین میداڵو نیشانەی ڕێزە کە بە مراویەك ببەخشرێ، و نیشانەی ئەوەیە کە خاوەنەکەی بە کەسێکی تری نادات و بۆ خۆیی رادەگرێت. گشت خەڵك و گیانلەبەرانی گوند ڕێزی دەگرن. دەی خێرا پێ هەڵگرن با بڕۆین، لاقتان وامەیەننەوە یەك، لاقتان بڵاو بگرن. ئەوە بزانن کە هەر بێچوە مراوییەکی بە ئەدەب، هەمیشە وەکو باب و دایکی لاقی بڵاو دەگرێت." بێچوە مراویەکان بە گوێی دایکیان کرد. مراوییەکانی دی کە بە سەرسامی سەیریان دەکردن، بە قاق قاق گوتیان: "تەمەشا، وا یەك فەوجی ترمان بۆ هات، هەر لە مانمان کەم بوو، یانی دەبێ ئەم هەمووە دگەڵ ئێمەدا بژین؟ خۆ خواردنی دنیا بەشمان ناکات. ئاە! تەمەشای ئەو یەکەیان بکە، چەند ڕەزا قورسە. ئێمە حەزناکەین ئەمە لەگەڵ ئێمەدا بژی." یەکسەر یەکێك لە مراویەکان خۆی گەیاندە بێچوە ناشیرینەکەو دەنووکێکی لە ملی دا. دایکی بێچوە ناشیرینەکە هاواریکرد: "وازی لێبێنە، بۆچی لێیدەدەی؟ بێوەیەو کاری بە کاری کەسەوە نیە."

ئەو مراوییەی کە لە بێچوە ناشیرینەکەی دابوو، گوتی: "دەزانم، بەڵام زۆر ناشیرین و کۆمیدییە، دەبێ تەنگەتاوی بکەین، بۆ ئەوەی بڕوات!"

پیرە مراوییە پەت لە پێیەکە گوتی: "کچەکەم، بێچوەکانت هەموو جوان و روح سووکن، بەڵام ئەو یەکەیان، بە باشی لاقی بڵاو ناگرێ، وانیە؟"

خامراوی گوتی: "جەنابی مراوی! ڕاستە جوان نیە، ڕەزا سووك نیە، بەڵام وەکو هەموو بێچوەکانی ترم بە باشی مەلە دەکات. دەتوانم بڵێم لەوانی دیکە باشتریش مەلە دەکات. ئەگەر هەندێ تەژەو ناقۆڵا (گەورەی ناشیرین) دیارە، هی ئەوەیە کە ئەو هیلکەیەی ئەوی لێبوو زۆر گەورە بوو." هەنگێ دانەوییەوەو ژێر گەردنی بێچوەکەی ماچ کردو نەوازشتی کردو لەسەری ڕۆیی: "جا چونکە نێرەیە، ئەگەر جوانیش نەبی زۆر گرینگ نیە.".

بەڵێ بێچوە مراوی بەسەزمان، زۆر ناشیرین بووو هەموو پەلەوەرو مریشك و مراویەکانی دی بەر دەنووکیان دەداو گاڵتەیان پێدەکردو دەیانگوت: "تەحا، کە ناقۆڵای." نێرە قەلێك کە پەنجەیەکی تیژی سوژن ئاسا لە پشت هەر لاقێکیەوە بوو، خۆی بە گەورە و سەروەرو پاشای هەموو قەلەموونانی دنیا دەزانی، کە بێچوە مراوی تاینی بینی وەکو چارۆکەی کەشتیانی چارۆکەدار خۆی پڕ با کردو ئەوەندەی قیڕاندو شیڕاند کە پۆپنەکەی ژێر ملی شین و مۆر بووەوە.

بێچوە مراوی نەگبەت نەیدەزانی کێوە بڕوات. چونکە زۆر ناحەز (ناشیرین) بووو هەمووان گاڵتەیان پێدەکرد، هەستی بە بەدبەختی دەکرد. ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی خراتر دەبوو. هەموو هەر دەیان بوغزاند، تەنانەت خوشك و براکانی خۆیشی لەگەڵیا توندو ڕەق بوون و هەمیشە پێیان دەگوت: "بریا پشیلەیەك دەیبردیت و لە کۆڵمانی دەکردیتەوە." تەنانەت دایکیشی دەیگوت: "خۆزگەم بەوەی ناتبینێ. بریا لەبەر چاوم گوم دەبوویت." مراوییەکان بەر دەنووکیان دەداو مریشکان پەلاماریان دەدا. ئەو کیژەش کە دانی دەدانێ، هەمیشە بە نووکە شەق دووری دەخستەوە.

سەرەنجام، رۆژێك هەر چۆنێ بوو، هەڵفڕییە سەر پەرژینی مەزراكە، هەموو چۆلەكەكانی ئەو ناوە كە ئەو یان بینی، ترسان و فڕین و لەو ناوە دوور كەوتنەوە. بێچوە مراوییەكە لە دڵی خۆیدا گوتی: "چونكە ناشیرینم، بۆیە ئەمانە هەڵدێن و لێم دوور دەكەونەوە." بێچوە مراوی گۆڕین (ناوبراو) هەر رۆیی، هەر ڕۆیی تا شەوێكی درەنگ گەییە گوێی قۆپیی و ئاوێكی گەورە، كە پڕ بوو لە سۆنە و مراوییە كێوی. ئەوەندە شەكەت و ماندوو و هیلاك بوو هەر لەوێندەرو لە قەراغ قۆپیی و زەلكاوەكەدا خەو بردییەوە.

كە رۆژ بووەوە، مراوییە كێوییەكان، یەك یەك لە خەو ڕابوون و بە سەرسامی ڕوانیانە ئەم غەوارەیە و لێیان پرسی: "ئەرێ تۆ چ جۆرە باڵندەیەكی؟ بێچوە مراوییەكەی هاوڕێمان سەری بە هەموو لایەكدا وەردەسوڕاند و رۆژ باش و سڵاوی لە یەك بە یەكیان دەكرد. مراوییە كێوییەكان گوتیان: "تۆ زۆر ناشیرینی، بەڵام دەتوانی لای ئێمە بمێنیتەوە، بە مەرجێ كە بیر لەوە نەكەیتەوە ژن لە خێڵی ئێمە بێنی."

بێچوە مراوی نەگبەت و داماو، ئەوەی بیری لێنە دەكردەوە ژن هێنان و زەماوەند بوو. هەموو ئاواتێكی ئەوە بوو كە بتوانێ، بە ئاسانی و بێ سەریەشە و بێ ئەوەی كەس گەڕی پێ بكات، لەو زەلكاوەدا بژی و بە كەیفی خۆی ئاو بخواتەوە. تازە دوو رۆژ بوو بێچوە مراوییەكە گەیی بووە ئەوێندەر كە دوو نێرە قازی كێوی لێ هاتنە پێشێ. ئەم قازانە هێشتا باڕ (بێچوە مەلی بەهارە) بوون، بۆیە زۆر گورج و گۆڵ و زیتەڵ و بزێو بوون. بە تەشەرەوە (تەعلیق) پێیان گوت: "هاوڕێی جاحێڵ، تۆ ئەوەندە ناشیرینی كە چوویتەتە دڵمانەوە و خۆشمان دەوێی. دەتەوێ دەگەڵ ئێمەدا بێیت و ببی بە باڵندەیەكی كۆچەری؟ لە زەلكاوێكی دیكەی ئەم دەوروبەرەدا، كۆمەڵێك قازە مێیە دەژین كە هەر هەموویان كیژی ڕندو جوانن. هەركە چاویان بەم سەرو فەساڵە ناشیرینەی تۆ بكەوێ، نەك بە دڵێ، بە سەد دڵ ئاشق و شەیدات دەبن!"

لە پڕ دەنگی تەقینی دوو فیشەك لە ئاسماندا "تریق، تریق" دەنگی دایەوە. هەردوو باڕە قازەكە پەلە خوار بوونەوە، كەوتنە ناو زەلكاوەكە ، ئاوەكەی ژێریان لە خوێنی ئەواندا سوور بوو. دیسان دەنگی تەقە بەرز بووە، قازە كێوییەكانی ناو نەیجەزارەكە (قامیشەڵان) هەڵفڕین. ئیدی ڕاو بوو ئەمما ڕاو. ڕاوچیان لە دەوروبەری قۆپیی و زەلكاوەكەدا خۆیان بۆ لە بۆسە دابوون. و هەندێكیانیش لەسەر دارەكان خۆیان حەشاردا بوو. دووكەڵێكی شینباوی چڕ بەسەر درەختەكان و ئاوەكەوە وەستا بوو. تولەو تاژیان بە نێو قامیشەڵان و دەوەنەجاڕەكەدا، بە نێو قوڕو چڵپاوەوە، بەدەم مڵو موش و بۆنكردنەوە دەهاتنە پێشێ. بێچوە مراوی نەگبەت، لە ترسا زراوی تۆقی بوو و سەری وەبن باڵی نابوو. لە پڕ تاژیەك لێی نزیك بووەوە. زمانی بستێك لە زاری هاتبووە دەرێ و تورەیی لە چاوانی دەباری. دەمی كردەوە و ددانەكانی جیڕكردەوە. ئەوسا بەلای بێچوە مراوییەكەدا رۆیی و شڵپ خۆی بە ئاوەكەدا دا.

بێچوە مراوییەكە گوتی: "سوپاس بۆ خودا! ئەوەندە ناشیرینم كە تەنانەت تاژیش پێم قاییل نیە كە بۆ خۆی بمخوات."

بە درێژایی ئەو ماوەیەی كە راوچیان تەقەیان دەكردو فیشەكان بە نێو قامیشەڵانەكەدا بە گیزو هوڕ تێ دەپەڕین، بێچوە مراوییەكەی هاوڕێمان لە جێی خۆی نەبزووت. كە خۆر ئاوابوو، راوچیەكان رۆییشتن و، كپی و ئارامی باڵی بەسەر هەموو شوێنێكدا كێشا. تا ئەو دەمە بێچوە مراوی بێچارە لە ترسا لە جێی خۆی نەجوڵا. ئەوسا سەری هەڵبڕی، نیگایەكی دەوروبەری كرد، وەكو تێسكەی تفەنگ بۆی دەرچوو، و لە قۆپیی و زەلكاوەكە دوور كەوتەوە. بایەكی توندی دەهات و بێچوە مراوی داماو، بە هەزار زەحمەت لە مەزراكە دەرچوو.

پاژێکی (بەش) شەو بوری بوو کە بێچوە مراویەکە گەییە کۆنە کوختەیەکی چکۆلە. کوختەیەکی هێندە وێران‌و داڕوخا بوو، کە لە ئان‌و ساتا بوو بە سەریا بڕوخێت، و سەیر بوو کە تا ئەو کاتە خۆی بە پێوە گرتبوو. گڤ‌و هوڕی باو باهۆز هەترەشی پیاوی دەبرد. بێچوە مراوی داماو، لە پاڵ کوختەکەدا، کلکی لە عاردی توند کرد تا بایەکە هەڵی نەگرێت‌و بە دیواری کوختەکەیدا نەکێشێت. باو باهۆزەکە، سات بە سات توندتر بوو، بێچوە مراویەکە لە پڕ بینی کە بایەکە لایەکی لە دەرگای کوختەکە دەرهێناوەو کەلەبەری تێ خستووە، بۆیە بێچوە مراوییەکە دەیتوانی بە ئاسانی لەو کەلەبەرەوە خۆی بخزێنێتە ژوورەوەو هەرواشی کرد.

پیرەژنێک، بەخۆو پشیلەیەك‌و مریشکێکەوە لەو کوختەیەدا دەژیا. پشیلەکە کە ناوی (سانی) بوو، زۆر شارەزایانە پشتی کووڕ دەکردەوەو دەی میاواندو مووی خۆی گرژ دەکردو دەی مڕاندو دەی پرخاند. خۆ ئەگەر پیرەژن دەستی بە تووکەکەیدا هێنابا، بە تایبەتی ئەگەر بەپێچەوانەوە دەستی پێدا هێنابا، پزیسکی لێدە بووەوە. مریشکەکە دوو لاقی زۆر کورتی هەبوو، ناوی (خڕپن) بوو. ئەم مریشکە هێلکەکەر بوو، پیرەژن وەکو منداڵێکی خۆی خۆشی دەویست. کە دنیا روناك بووەوە، رۆژهەڵات، سەیریان کرد بێچوە مراوییەکی غەریب‌و غەوارە خۆی بە گۆشەیەکی کوختەکەیاندا کردووە، زۆریان پێ سەیر بوو. پشیلەکە دەستی بە مڕاندن کرد، مریشکەکە کەوتە درقە درق‌و گارە گار. پیرەژن سەری لە هەراو هەنگامەی ئەوان سوڕما بوو، پرسی: "چی بووە؟" ڕوانیە دەوروبەری خۆی، بەڵام چونکە چاوەکانی کز بوو بوون، بێچوە مراوییەکەی لێ بوو بە مراوییەکی خڕپن‌و قەڵەو کە ڕێی ون کردووەو بە پێی خۆی هاتووەتە بەر دەستی، گوتی: "بەه بەه! چ دەسکەوتێکی با هاوردەیە! ئەگەر مێچکە بێ باشە، هێلکەمان بۆ دەکات. بەڵام دەبێ جارێ سەیر بکەین تا بزانین نێرەیە یان مێیە." پیرەژن، سێ هەفتەی ڕێك، بۆ تاقیکردنەوە بێچوە مراوییەکەی لە ماڵەکەی خۆیدا ڕاگرت، بەڵام بە درێژایی ئەم ماوەیە تاقە هێلکەیەکیشی نەکرد.

ئێستا، پشیلەو مریشکەکە بوو بوون بە ئاغاو خانمی ماڵ. هەمیشە دەیانگوت: "ئێمەو دنیا"، چونکە خۆیان نەك هەر بە نیوەی دنیا، بەڵکو بە نیوە باشەکەی دنیا دەزانی. بێچوە مراوییەکەی لەمەڕ خۆمان، باوەڕی وابوو کە هەموو کەسێك هەقی ئەوەی هەیە ڕاوبۆچوونی جیاوازو تایبەتی خۆی هەبێ‌و گوزارشتی لێبکەن. بەڵام مریشکەکە وا بیری نەدەکردەوەو ئەمەی پێ قەبوڵ نەدەکرا. رۆژێك مریشکەکە، لە بێچوە مراوییەکەی پرسی: "تۆ دەتوانی هێلکە بکەی؟"

– نە.

– کەواتە دەمت لێکبنەو فزە مەکە.

پاشان پشیلەکە لێی پرسی: "تۆ دەتوانی خۆت گیڤ بکەیتەوەو بمڕێنی‌و پزیسك بهاوی؟"

– نەء

– کەواتە، کە خەڵکی ئاقڵ‌و فامیدە کەوتنە قسە، تۆ دەمت داخەو لە خۆتەوە قسە مەکە.

بێچوە مراوییەکە، مات‌و خەمبار لە سووچێکەوە هەڵکوڕما. لە پڕ هەستیکرد پێویستی بە هەوای تازەو تیشکی خۆرە، بۆیە حەزی دەکرد کەمێك مەلە بکات‌و گرێی دڵی خۆی بۆ مریشکەکە کردەوە.

مریشکەکە بەرسڤی (وەڵام) دایەوە: " من دەزانم کوێت دێشێت؟ چونکە هیچ کارێك نازانی‌و هیچت لەبارا نیە، بۆیە بیر لەم شتە قۆڕانە دەکەیتەوە. بڕۆ لە جیاتی ئەم گەوجە گەوجە، هێلکەیەك بکە، یا مرە مرێك بکە، هەنگێ دەبینی چۆن هەموو شتێك بە دڵی خۆت دەبێ."

بێچوە مراوییەکە گوتی: " تۆ لە قسەکانی من ناگەی، لێم تێناگەی..."

مریشکەکە بەرسڤی دایەوە: "باشە، ئەگەر من لێت تێنەگەم ئەدی کێ لێت دەگات؟ بێگومان خۆت لە پیرەژن و پشیلەکەش بە ئاقڵتر دەزانی، وانیە؟ ئەوەندەش غەرا مەبە بچکۆل. باوەڕ بکە من خێرو چاکەی تۆم دەوێ. پێشینان گوتویانە: دۆست ئەوەیە بتگریێنێ نەك بتخاتە پێکەنین! کاتی خۆت بە فیرۆ مەدە. باشترین شت ئەوەیە بەزووترین کات بێیتە هێلکەو فێری هێلکە کردن ببیت، چۆن بمرێنی، چۆن بە پەڕەکانت پزیسك بهاوی."

بێچوە مراوییەکە گوتی: "وا باشترە لێرە بڕۆم و خۆم بە دنیای بەریندا بکەم."

مریشکەکە گوتی: "کەیفی خۆتە، چیت پێخۆشە ئەوە بکە."

بێچوە مراوییەکە لەوێ ڕۆیی، بە زۆر قەڵەمڕەودا تێ پەڕی، و لە زۆر ئاودا مەلەی کرد، بەڵام هەر کەسێك کە دەیبینی، ئەوەندە ناحەزو ناشیرینە گاڵتەی پێدەکرد. وەرز هاتن و رۆیین، تا وەرزی پایز هات. گەڵای دارو درەختان بەرە بەرە زەرد دەبوون، با لێی دەدان و دەوەرین. دنیا زۆر سارد بوو بوو. هەوری گەواڵ گەواڵ، کە دیار بوو بەفری پێیە، لە زەوی نزیك دەبوونەوە. قەلە ڕەشکەیەك لە هێلانەکەی خۆیدا هەڵنیشتبووو لە سەرما هەڵدەلەرزی و دەیقڕاند، ژیان لەو سەرماو تۆفەدا بۆ بێچوە مراوی نەگبەت و بێچارە زەحمەت و دژوار بوو. ڕۆژێ، دەمەو ئێوارەیەك، کە تێشکی هەتاو باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشابوو، پۆلە باڵندەیەکی سپی جوان هاتنە بێشەو مەزراکە. بێچوە مراوییەکە بە عەمراتی خۆی ئەم باڵندانەی نەبینی بوو. هەموو مل باریك و درێژ، باڵیان گەورە بوو. ئەمانە قوو بوون. دەنگ و ئاوازیان هەموو ئاسمانی پڕ کردبوو. ئەم قووە جوانانە، هەموو ساڵێك لەم کاتەدا، لە شەقەی باڵیان دەداو بەرەو ئاران و گەرمە سێرو دەریاچەی گەورەتر کۆچیان دەکرد

ئەمانە، لە ئاسماندا بەرە بەرە بەرزو بەرزتر دەبوونەوەو بێچوە مراوییەکەی هاوڕێی خۆمان، نوقمی تەمەشای ئەوان بوو بوو. هەستێکی سەیر دڵ و دەروونی داگیر کرد بوو. بەسەر ئاوەکەوە بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەسوڕایەوەو ملی هەڵدەبڕی تا مەلەکان باشتر بدینێ، لە پڕ هاوارێکی هێندە بەرزو سەیری کرد کە خۆی لە دەنگەکەی خۆی ترسا. نەیدەتوانی ئەو باڵندە جوانانە لە بیربکات، کاتێ کە ئەوان لە هەتەری چاو ون بوون، خۆی بەژێر ئاوەکەدا کرد. کە هاتەوە سەر ئاوەکە ئیدی بێچوە مراوییەکەی جاران نەبوو، هەستێکی سەیر سەراپای گرتبوو. ناوی ئەو باڵندانەی نەدەزانی و تەنانەت نەشیدەزانی کە بۆ کوێ کۆچ دەکەن، بەڵام هەستیدەکرد کە هەرگیز هیچ کەس و هیچ شتێکی بە ئەندازەی ئەو باڵندانە خۆش نەویستبوو. لە ناخی دڵی خۆیدا زەڕەیەك بەغیلی پێنەدەبردن. هەرگیز ئەو جوانیەی بۆ خۆی بە ئاوات نەخواستبوو. ئەو تەنیا ئەوەندەی بەس بوو کە مراوییەکانی دی لە نێو خۆیاندا قەبوڵی بکەن، دەری نەکەن، داماو خۆت بێچوە مراوی ناحەز (ناشیرین)!

وەرز گۆڕا، زستان هات، زستانێکی زۆر سارد. بێچوە مراوی ناچار بوو لە ئاوەکەدا مەلە بکات تا نەیبەستێ، بەڵام ئاوەکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەیبەست و مەوداکەی کەمتر دەبووە، تا وای لێهات هەموو ئاوەکە بەستی و بوو بە یەکپارچە سەهۆڵ. بێچوە مراوی لە ناو ئاوەکەدا پێیەکانی دەجوڵاند تا نە یەڵێ ئاوەکەی دەوروبەری ببیەستێ، بەڵام بێ سوود بوو هەوڵی. سەرەنجام ماندوو بوو، لە پەلوپۆ کەوت و سەهۆڵ چوار دەوری گرت.

بەیانی زوو، کابرایەکی جووتیار کە بە وێندەرا تێدەپەڕی، مراوییەکەی بینی کە لە نێو سەهۆڵدا گیری خواردووە. بە سەندەڵەکانی (قاپ قاپ، تەقتەقیلە) سەهۆڵەکەی شکاند، و مراوییەکەی بۆ ماڵەوە، بۆ لای ژنەکەی بردەوە. بێچوە مراوی لەوێ. لە ماڵی جوتیارەکەدا ئاهێکی تێگەڕاو بوژایەوە. منداڵەکانی دەیانویست گەمەی دەگەڵ بکەن، بەڵام ئەو وایزانی کە دەیانەوێ ئەزیەتی بدەن. بۆیە شپرزەو ترساو بە هەموو لایەکدا غاری دەدا.

لە پەشۆکاویدا خۆی بە قاپێك شیردا کرد، شیرەکە رژایە ناو ژوورەکە. ژنی جووتیارەکە بە قیژە قیژ دوای کەوت، بێچوە مراوییەکە ئەمجارەیان خۆی بە قاپە کەرەیەکدا کرد، و لەوێوە هەڵفڕیو کەوتە کەندووە ئاردەکەیانەوە، و پاشان لەوێش دەرهات. ئەوجا ژنەکە، بەو مقاشەی کە بەدەستیەوە بوو، یەکێکی پێدا کێشا. منداڵەکان بەدەم پێکەنین و هەراو هەنگامەوە کەوتنە هەوڵ و تەقەلای ئەوەی کە بیگرن. خۆشبەختانە دەرگای ماڵەکە کرا بووەوە، و بێچوە مراوییەکە بە هەر زەحمەتێ بوو توانی لە دەرگاکەوە وەدەربکەوێ و، بەرەو بێشەو لێڕەواران هەڵفڕێ. کاتێ گەییە بێشەزاران، هیلاك و ماندوو، شپرزەو حەپەساو، لەسەر ئەو بەفرە زۆرە نیشتەوە کە تازە کەوتبوو.

سەرباری هەموو بەدبەختیەکانی، ناچار بوو سەرمای سەختی زستانیش تەحەمول بکات،

رۆژگار تێپەڕی، وەرزی بەهار هات، پرتەوی هەتاو باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا، تەیروتو کەوتنە خوێندن، ئیدی بەهار بوو ئەمما بەهار! تا حەزکەی جوان و دڵگیر.

لە پڕ باڵی لێك کردنەوە، بە دەنگی باڵەکانیا تێگەیی کە زۆر بەهێز بوون. باڵەکانی گەورە بوو بوون و ئێستا دەیانتوانی هەڵی بگرن و لە عاردی بەرز بکەنەوە. لە شەقەی باڵیدا، لە چاو تروکانێکدا خۆی گەیاندە باخێکی گەورە. دارسێو، شکۆفەیان کرد بوو، بۆنی یاس، دنیای پڕ کرد بوو. بە ڕاستی باخێکی دڵگیرو جوان بوو، هەر گۆشەیەکیت تەمەشا دەکرد، تەڕو بڕو پاراوو بەهاری بوو.بێچووە مراوییەکەی هاوڕێمان، لە قوڵایی باخەکەوەو لە دوورەوە سێ قووی سپی جوانی بەدی کرد، کە بە بەر چاوییەوە، و بە غروورەوە باڵیان لێك دەدا، لە دوورەوە ناسینییەوەو خەمێکی سەیر سەراپای داگرت. لە دڵی خۆیدا گوتی: "واچاکە بچم بۆ لای ئەم باڵندە جوانانە، هەرچەندە پێیان ناخۆش دەبێت و لێم تۆڕە دەبن و بە دەنووکان تێم بەردەبن و دەمکوژن، بەڵام قەیدی نیە، ئەوان بە دەنووك بمکوژن باشترە لەوەی مراویان بەر دەنووکم بدەن یان مریشکان پەلامارم بدەن، یان کچۆڵەی مەزرادار بەر نووکە شاپانم بدات یان لە سەرمای زستاندا ڕەق ببمەوە."

هەنگێ لە شەقەی باڵیدا، خۆی بە روبارەکەدا کردو بەمەلە بەرەو لای قووە جوانەکان ڕۆیی. کاتێ قووەکان بینیان لە شەقەی باڵیان داو بەپەلە خۆیان گەیاندێ. بێچوە مراوی بەسەزمان گوتی: "وەرن بمکوژن!" بەدەم چاوەڕوانی مەرگەوە، سەری بە دیار ئاوەکەوە شۆڕ کردەوە. بەڵام چی بینی؟ وێنەی باڵندەیەکی جوانی لە ئاوە ساف و زوڵاڵەکەدا بینی. ئەمە وێنەی خۆی بوو، بەڵێ گۆڕابوو، ئیدی بێچوە مراوییە بۆرەقنە ناشیرین و ناقۆڵاکەی جاران نەبوو، بەڵکو قوویەکی تەواو بوو.

گرینگ نیە لە مەزراو مەڵبەندی مراویان بێیتە دنیا، گرینگ ئەوەیە لە هیلکە قوو بوو بیت.

قووە گەورەکانی تر، بە دەوروبەریدا مەلەیان دەکردو بە دەنووکان نەوازشتیان دەکرد. چونکە لە نەگبەتی و بەدبەختی رزگار بوو بوو، لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. هەنووکە لە هەموو کەس زیاتر قەدری ژیانی خۆش و بایەخی جوانی دەگرت و دەزانی. چەند منداڵێك هاتن بۆ باخەکە تا ورتکە نان و گەنمە شامی بۆ قووەکان بخەنە ئاوەکەوە. منداڵێك کە لە هەموو ئەوانی دی بچووکتر بوو، بە سەرسامی هاواری کرد: "تەمەشاکەن! ئەمە قوویەکی تازەیە." منداڵەکانی دیکەش هەموو بەیەك دەنگ گوتیان: "بەڵێ، قوویەکی تازە هاتووە." ئەوجا لە خۆشیاندا کەوتنە چەپڵە لێدان و سوڕدان و بە غار ڕۆییشتن تا داك و بابیشیان بێنن.

ئەو خەڵکەی کە بۆ باخەکە دەهاتن تا ورتکە نان و گەنمە شامی بۆ قووەکان بخەنە ئاوەکەوە، دەیانگوت: "ئەم قووە تازەیە لە هەموو ئەوانی تر جوانترە. تازە باڕو جوانە." قووە پیرەکانیش، بەنیگای پڕ میهرو ستایشەوە سەیریان دەکرد.

بێچوە مراوییەکەی لەمەڕ خۆمان کە ئەو هەموو میهرو ڕێزەی دەبینی، دەپەشۆکاو لە شەرما سەری وەبن باڵی دەدا. هەستی شادمانی، سەراپای قووە باڕەکەی داگرتبوو، بەڵام لە خۆی بایی نەبوو، چونکە دڵی پاك‌و بێگەرد، دڵی پڕ میهرو دلۆڤانی، هەرگیز مەغروور نابێت. لە خۆی بایی نابێت. ئەو کاتانەی وە بیر دێنایەوە کە هەمووان ئازاریان دەدا، تەشقەڵەیان پێ دەکرد، و گاڵتەیان پێدەکردو لەگەڵ ئێستادا بەراوردی دەکرد کە هەمووان دەیانگوت جوانترین باڵندەیە.

بنە یاسی وەنەوشەیی سەری چڵانی دانەواند بووەوەو بە ئاستەم خۆی لە ئاوەکە دەسوو، هەتاو گەرم‌و ئارام دەدرەوشایەوە. ئەویش باڵەکانی پێکدادان‌و گەردنە جوانەکەی قوت کردەوەو لە کانگای دڵەوە، بەوپەڕی شادی هاواری کرد: "کاتێ کە بێچوە مراوییەکی ناحەز بووم، لە پڕخەی خەوی خەیاڵیشدا ئەوەم بە بیردا نەدەهات کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەوەندە خۆشحاڵ ببم."

١٨٤٤

سەرچاوە:

سرزمین افسانەها / هانس کریستیان ئاندرسن/برادران گریم/ اندرولانگ...

ترجمەی سید احمد وکیلیان/سامرند سلیمی/ازیتا عباسیان/ نشر ثالث/چاپ دوم:١٣٨٥

هانس کریستیان ئاندرسن(١٨٠٥-١٨٧٥):

چیرۆکنووسێکی دانیمارکی بە نێوبانگە کە لە قاڵبی نەقڵ و حیکایەتاندا داماوی و بەلەنگازیی خەڵکانی بێ پشت و پشتیوانی دنیای پڕ زوڵم و زور بەرجەستە دەکات..گەلێك لە چیرۆکەکانی کراون بە فیلم.چیرۆکی یەجگار زۆرن کە یەکێك لە چیرۆکە بە نێوبانگەکانی ئەم چیرۆکەیە کە لەبردەستی تۆی بەرێزدایە

## تازیە باری

ن: چیخۆف

دنیا گورگ‌و مێشە. گڵۆپی شەقامەکە تازە هەڵکراون، کلوە بەفری درشت بە دەوری گڵۆپەکاندا گێژ دەخواو وەکو کاژێکی نەرم‌و ناسك لە سەربان، پشتی ئەسپان، شان‌و مل‌و سەرو گوێلاك‌و کڵاوی بنیادەمان دەنیشێتەوە. ئەیونا پوتاپۆڤ گالیسکەچی لە بەفرا نقوم بووە، لە تاپۆیان دەچێ. تا حەز بکەی خۆی کۆماندووەتەوە. لە سەر کورسییەکەی خۆی دانیشتووەو کەمترین جوڵە ناکات. کە کلو بەفرێك بە رووی دا دەڕژێ، بە ئاستەمیش خۆی تێك نادات، لە تۆ وایە بە پێویستی نازانێ لە خۆی بتەکێنێ. ئەسپە چکۆلەکەش یەکپارچە بەفرە، لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستاوە، لاقەکانی هێندە ڕاست‌و ڕەق‌و بێ جوڵەن ئێژی لە تەختە دروست کراون. لە نزیکەوە لە ئەسپە دارینەی یەك کۆپیکی منداڵان دەچوو. هەڵبەتە بە قوڵی لە فکران ڕاچووە. ئەگەر تۆش لە خزمانی خۆت، لە دەوروبەری ئاشنای خۆت، جیایان کردبایتەوەو تۆڕیان دابایتە ئەم زەلکاوەوە کە پڕە لە گڵۆپی دێوئاسا، ژاوە ژاوو هەراو هەنگامەی تاقەتبەرو خەڵکانی بزێوو بەلەز، چ کارێکت لە دەست دەهات جگە لەوەی لە فکران ڕابچی. ئەیوناو ئەسپە چکۆلەکەی ماوەیەکی زۆرە لە جێی خۆیان نەجولاون. بەر لە شام(شێو) لە ماڵ وەدەر کەوتوون‌و تا نهو تاقە ڕێبوارێ بەلایاندا نەهاتووە. تەمتومانی ئێوارێ بەسەر شاردا دادەڕژێ، تیشکی سپیواژی گڵۆپی شەقامەکان درەخشان تر دەبێ. جم‌و جۆڵ‌و هەراو هۆریا پتر دەبێ. ئەیونا لەنکاو دەنگێ دەژنەوێ!

گالیسکەچی بۆ جادەی ڤیبورگم بەرە، گالیسکەچی؟

ئەیونا لە جێی خۆی ڕادەپەڕێ. لە نێوان برژانگە بەفراوییەکانییەوە ئەفسەرێکی پاڵتۆ لەبەر دەبینێ، کە کڵاوی پاڵتۆکەشی لەسەر کردووە.

ئەفسەرەکە دووبارەی دەکاتەوە: "بۆ جادەی ڤیبورگ! ئەوە خەوتووی هاپۆ؟ جادەی ڤیبورگ!".

ئەیونا، سەرێکی بۆ دەلەقێنێ‌و وا دەنوێنێ کە گوێی لێیەتی، هەوساری ئەسپەکە بە دەستەوە دەگرێ، توێژاڵە بەفری سەر پشت‌و سەرو گەردنی ئەسپەکە دەخزێ. ئەفسەرەکە لە گالیسکەکەدا جێی خۆی دەگرێ.

گالیسکەچییەکە، دەکەوێتە نچ نچ تا ئەسپەکەی بخاتە سەر زەوق. گەردنی وەکو قاز قوت دەگرێو قیت دادەنیشێ. ئەوجا وەکو خووی هەمیشەیی دەکەوێتە قامچی بادان. ئەسپە چکۆلەکەش گەردنی ڕادەکیشێو لاقە تەختە ئاساکانی دەجولێنێو بە ناچاری وەڕێ دەکەوێ.

هەرکە وەگەڕدەکەون، ئەیونا، لە نێو ئاپۆرای بێ سەروبنی خەڵکەکەوە کە عەینی مێرو دێنو دەڕۆن، دەنگێك دەژنەوێ:

"ئەوە چ دەکەی گوێرەکە ؟"

"بۆ کوێ، خوا بتباتەوە؟! دەستە ڕاست بگرە".

ئەفسەرەکە بەتوڕەیی: " گالیسکەوانی نازانی! دەستە راست بگرە."

گالیسکەیەکی تایبەتی تێدەپەڕێ، گالیسکەچییەکەی دەمرێژێك جنێوی بۆ ڕەوانە دەکات. ڕێبوارێك بە پەلە لە شەقامەکەوە دەپەڕێتەوە. شانی بەر قەپۆزی ئەسپەکە دەکەوێ. بەفرەکانی سەر قۆڵی دەتەکێنێو مۆڕەیەك لە کابرای گالیسکەچی دەکات. ئەیونا وەکو لەسەر دەرزیو دڕو دانیشتبێ، لە جێی خۆی توێتکە ناگرێ. وەکو کەسێك بیەوێ هاوسەنگی خۆی بپارێزێ، دەستەکانی دەجولێنێ. وەکو کەسێك دووچاری هەناسەبڕکێ بووبێ بە زاری بەشەوە دەڕوانێتە دەوروبەر. ئەفسەرەکە بەسوعبەتەوە دەڵێ: "کە خەڵکێکی... هیچ و پوچن! لە تۆ وایە هەموو تەگبیریان کردووە کە خۆیان بە تۆدا بکێشن یان خۆیان بخەنە ژێر ئەسپەکەتەوە".

ئەیونا، سەری وەردەگێڕێ. نیگایەکی ئەفسەرەکە دەکا. لێوەکانی دەبزوێن، وا دیارە دەیەوێ شتێك بڵێ. بەڵام تەنیا دەنگێکی نامەفهوم لە زاری دەرژێ.

ئەفسەرەکە دەپرسێت: "ئەوە چ دەڵێی؟"

ئەیونا، بە تۆبزی پێدەکەنێ. بە دەنگی گیراوو زۆر بە زەحمەت دەڵێ: "کوڕەکەم. بارین، هەفتەی پێشوو، عەمری درێژی بۆ تۆ جێهێشت".

"ئەها، یانی مرد، بۆ مرد ؟"

ئەیونا، هەموو لەشی روەو نەفەرەکە وەردەگێڕێو دەڵێ: "خوا دەیزانێ! گوتیان گرانەتایەتی. سێ ڕۆژان لە خەستەخانە کەوتو سەری چوارەم ڕۆژ مرد... ئیدی ئەوە ویست و ڤیانی خودێ بوو."

یەکێك لە نێو تاریکییەکەوە هاواری کرد: "وریا بە بارگیر، هۆشت لە کوێیە پیری خەڵەفاو؟ چما کوێری؟"

ئەفسەرەکە دەڵێ: "خێراکە خێرا، دەنا تا سبەینێ ناگەینە جێ. کەمێك لەزێکە!"

گالیسکەچییەکە، دووبارە گەردن درێژ دەکاتەوە، قیت دادەنیشێتو بەبێ تاقەتییەوە قامچییەکەی بادەدا. چەندین جاری دی سەر وەردەگێڕێو نیگای نەفەرەکەی دەکات. بەڵام نەفەرەکە چاوانی نوقاندونو پێدەچێ حەز نەکات گوێی لێبگرێ. گالیسکەچییەکە، نهو نەفەرەکەی لە شەقامی ڤیبورگ داگرتووە.

لەبەر مەیخانەکەدا دەوێستێ. لەسەر کورسییەکەی هەڵدەکوڕمێو جوڵە لە خۆی دەبڕێ، جارێکی دی بەرف خۆیو ئەسپەکەی دادەپۆشێ. سەعاتان تێدەپەڕن، سەعاتێ، دووان.... سێ کوڕی هەرزەکار، بەلارە لار لە کاتێکدا دەنگی پێڵاوە قورسەکانیان، لەو شەوەدا دەنگدەداتەوە، لەوبەری شۆستەکەوە دێن. دووانیان باڵا بەرزو باریکەلەنو سێیەمیان کورتە باڵایەکی قەموورە.

قەموورەکەیان. بە پچڕ پچڕی دەڵێ: "گالیسکەچی، بمان بە بۆ پردی پۆلیس. بە هەرسێکمان دوو "گریڤنیك"ت دەدەینێ".

ئەیونا، هەوسارەکە (ڕەشمە، جڵەو) دەگریٚ‌و نچ نچێك لە ئەسپەکەی دەکات. دوو گریڤنیك کەمە. بەڵام بۆ بابایەکی وەکو ئەو یەك رۆبڵ یان پێنج کۆپیك، فەرق ناکا. مادامێکی ئەم چەن نەفەرەی چنگ کەوتووە، ئیدی کەمی یان زۆری پارەکە گرینگ نییە. هەرزەکارەکان بە دەم شەڕەشان‌و جنێوانەوە لە گالیسکەکە نزیك دەبنەوەو دەیانەویٚ هەرسێکیان لەسەر کورسییەکە دانیشن‌و کێیان بە پێوە بوەستیٚ، لێیان دەبیٚ بەدەمە قڕە . پاش هەراو هەنگامەو جنێوو قسەی ناشیرین، لێدەبڕێن کە هاوڕیٚ قەمبوورەکەیان لەبەر ئەوەی بچووکترە، بە پێوە بوەستیٚ.

کابرای قەموور لە پشت گالیسکەچییەکەوە دەوەستیٚ‌و هەموو هەناسە گەرمەکەی بە پشت مل‌و سەرو گوێلاکی گالیسکەچییەکەدا دەچیٚ. لێکدا لێکداش بە دەنگێکی مینگن دەڵیٚ: "خێراکە، پەلەکە پیرەمێر، توخوا ئەمەش بوو بە گالیسکە! بڕوا بکە لە هەموو پترۆزبورگدا لەمە فریشقەتر پەیدا نابیٚ...."

ئەیونا، لە بن لێوانەوە پێدەکەنیٚ: "ها. ها. ها! ها، ها! دەورو زەمانەیەکی سەیرە...."

"برۆ بابە، زەمانە زەمان. لەزێکە. بە تەمای بەم خاوە خاوە بڕۆی؟... وا دیارە شەپەلاغت دەویٚ؟".

یەکێك لە دوو هەرزەکارەکەی دی دەڵیٚ: "سەرم دێشیٚ. دوێنیٚ شەو من‌و ڤاسکا لە دونکماسۆڤ، چوار قاپ کۆنیاکمان خواردەوە." هەرزەکارەکەی دی گوتی: "بریا دەمزانی بۆ درۆدەکەی!"

"خوا کوێرم بکات ئەگەر درۆ بکەم."

"بەڵیٚ، پێویست بە سوێند ناکا، کەی شەممە لە مانگ بڕا باوەڕ دەکەین."

ئەیونا، لە بن لێوانەوە پێدەکەنیٚ: "ها، ها. کە کوڕگەلێکی بە دەماخ‌و بە کەیف‌و سوعبەتچین!"

قەموورەکە، بەپەستییەوە دەڵیٚ: "رێکە هاپۆ."

" تۆ دەتەویٚ بمانگەیەنی یان نا، پیرە سەگ؟ توخوا ئەمەش بوو بە گالیسکەڕانی؟ قەمچییەکەت تۆزیٚ با بدە. توندتر، توندتر، پشتی ئاگردە!

ئەیونا، لەپشتەوە هەست بە هەڵچوون‌و لەرزینی دەنگی کوڕە قەموورەکە دەکات. گوێی لەو جنێوە مزرانە دەبیٚ کە هەواڵەی دەکرا. خەڵکی دەبینیٚ، بەرە بەرە هەستی تەنیاییەکەی دەڕەوێتەوە.

کوڕە قەموورەکە هێشتا هەر جنێو دەدا... واز لە گالیسکەچییەکە دێنیٚ‌و بە نوکتەیەکی هاوڕێیەکی هێندە دەکۆکیٚ، دەکۆکیٚ، خەریکە بخنکیٚ. دوو هەرزەکارەکەی دی دێنە سەر باسی ئافرەتێك بەنێوی نادیا پترۆفنا. ئەیونا، چەند جارێك ئاوڕی پاشەوە دەداتەوەو سەیریان دەکات.چاوەڕێی کەمێك بێدەنگی دەکات، ئەوجا دووبارە ئاوڕ دەداتەوەو بە دەنگێکی تکا ئامێزەوە دەڵیٚ : "ئەم هەفتەیە کوڕەکەی من... ئەم هەفتەی پێشووە مرد."

قەموور،پاش چەند کۆکەیەك، دەم‌و لێوی پاك دەکاتەوەو، ئاهێك هەڵدەکێشیٚ‌و دەڵیٚ: "خێراکە هاپۆ، مردن برا گەورەیە، هەموومان هەر دەمرین. کوڕینە بەڕاستی تاقەتم چوو، ئەمە نەبوو بە گالیسکەڕانی. ئەم کابرایە کەی دەمانگەیەنیٚ، خوا بیباتەوە؟"

" گەردنی لەبەر دەستتە، ماتەڵی چیت؟"

"پیرە سەگ، خۆ گوێت لێیە چ دەڵیٚ؟ حەزدەکەی گەردنت بشکێنم! پیاو بەپیٚ بڕوا لەم حاڵە چاکترە، گوێت لێمە؟ هاپۆ یادگار، خەوتووی یان بێدار؟ خۆ ناشێت لەم گوێیەتەوە بێت‌و لەوی دییەوە بڕوات".

ئەیونا، لەبری ئەوەی بەو هەموو تەوس‌و تانەو تەشەرەیان دڵگران بیٚ، کە گوێی لە دەنگیان دەبیٚ، بە پێکەنینەوە دەڵیٚ: " ها، ها. کە گەنجی قۆشمەو سوعبەتچین، خوا لە کەموکوڕیتان ببوریٚ!" یەکێك لە هەرزەکارەکان دەپرسێت: "گالیسکەچی تۆ ژنت هەیە؟"

" من؟ ها، ها، لاوانی بێخەم! ژنی من تەنیا بستێك زەوی شێدارە... هەی دادو بێداد... مەبەستم گۆڕە گۆڕ. کوڕەکەم قەزاو بەلای ئێوەی برد، کەچی من ماوم... سەیرە، مەرگ بە هەڵە لە دەرگای داوە، لە بری من بەرێتەوە، کوڕەکەمی بردەوە...."

ئەیونا، روو وەردەگێڕێ تا سەربردەی مەرگی کوڕەکەی بگێڕێتەوە، رێك لەم کاتەدا قەموورەکە هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و دەڵێ: "سوپاس بۆ خوا، ئاخرییەکەی گەیشتین."

ئەیونا، کرێکەیان لێ وەردەگرێ. تا لە تارکییەکەدا ون دەبن. هەر تەمەشایان دەکات.. جارێکی دی تەنیایی و بێدەنگی گەمارۆی دەدەنەوە. ئەو خەمەی کە بۆ ماوەیەکی کەم رەهای کردبوو، بۆی دەگەڕێتەوەو لە جاران توندتر چنگ دەخاتە دڵی. بەنیگای نیگەران و لەزەوە، چاو بەنێو ئاپۆڕای خەڵکەکەی هەردوو بەری شەقامەکەدا دەگێڕێ، تا کەسێك پەیدا بکات کە گوێی لێبگرێ. خەڵکی بێ گوێدان بەوو بەنیگەرانی ئەو بەپەلە تێدەپەڕن. خەمی ئەو، بارێکی لە ڕادە بەدەر گرانە، لەوەیە ئەگەر دڵی شەقبەرێ و خەمەکەی هەڵبڕێژێ، هەموو دنیا غەرق بکات. کەچی ئەو خەڵکە تێدەپەڕن و هەست بە کلۆڵی ئەو ناکەن. خەم لە جێیەکی وەهادا خۆی قایم کردووە کە هیچ کەسێك، تەنانەت بە رۆژی روناکیش، نەتوانێ بیدینێ.

ئەیونا، کۆڵبەرێك لە پەنای چەند گۆنییەکدا دەبینێ و لێدەبڕێ، قسەی لەگەڵدا بکات. دەرگاوانێك دەبینێ...

– هاوڕێ سەعاتمان کردووە بە چەند؟

– لە نۆ رەت بووە. ئەوە بۆ لێرە وەستاوی. بچۆ ئەولاتر.

ئەیونا، تۆزێ دور دەکەوێتەوە. دوولۆ دەبیتەوەو تەسلیمی خەم دەبێ. هەستدەکات، رووکردنە بنیادەمان و چاوەڕوانی کۆمەك لەوان بێهودەیە. دوای پێنج دەقیقە، قیت دادەنیشێت، وەکو یەکێك ئازار کەوتبێتە گیانی، سەرهەڵدەبڕێ و تەکانێك بە هەوسارەکە دەدا. ئیدی سەبری لەبەردەبڕێ. تەویلەی بیردەکەوێتەوە. ئەسپە چکۆلەکەشی وەکو ئەوەی لە مەبەست و نیازی حاڵی بووبێ، بە چوار ناڵە دەکەوێتە ڕێ.

ئەیونا، پاش سەعات و نیوێك، لەبەر سۆپایەکی گەورەی پیسدا ڕۆدەنیشێ. خەڵکی بە چوار دەوری سوپاکەو لەسەر تەختەکان، لە پرخەی خەودان. هالاوی گەرمی سۆپاکە، پیاو تەنگە نەفەس دەکات.

ئەیونا، نیگایەکی خەڵکە نوستووەکە دەکات، بەدەم خۆ خوراندن وخۆ هەڵکڕاندنەوە، پەژیوان دەبێ لەوەی کەوا زوو هاتووە. لە دڵی خۆیدا دەڵێ: " تەنانەت پارەی ئالیکەکەشم پەیدا نەکرد. ئەمەیە خەمی گەورە، کە پیاو ئەرکی خۆی جێ بەجێ بکا هەم خۆی تێر دەخواو هەم ئەسپەکەی هەست بە ئاسودەیی دەکات. خەڵکی کە تێر بەسکی خۆیان خواردبێ و ئەسپەکانیان تێربێ، باشیش دەخەون."

گالیسکەچییەکی گەنج، لە خەو ڕادەبێ و بۆ شوێنی ئاوی خواردنەوە دەچێ.

ئەیونا، دەپرسێت: " تینوتە؟"

– بەڵێ، دەمەوێ ئاو بخۆمەوە.

– نۆشی گیانت بێ.. دەزانی هاوڕێ، کوڕەکەم مرد... گوێت لێم بوو؟ ئەم هەفتەیە لە نەخۆشخانە.. بەسەر هاتەکەی دورو درێژە."

ئەیونا، تاوێك سەیر دەکات، تا کاریگەری قسەکانی خۆی بەدی بکات. بەڵام چ شتێك لە گۆڕێ نییە، کوڕە گەنجەکە سەری خۆی داپۆشیوەو خەوتوەتەوە. پیرەمێردەکە ئاهێك هەڵدەکێشێ و سەری دەخورێنێ. چەند کوڕە گەنجەکە تینوی ئاو بوو، ئەمیش ئەوەندە تێنوی قسە کردنە. چی وای بۆ هەفتانەی مەرگی کوڕەکەی نەماوە.

کەچی تانهو نویتوانیوه باسی مردنەکەی بۆ چ کەسێك بکات. مرۆڤ دەبێ به هێواشیو بەوردی باسی بکاتو بیگێڕێتەوه: چۆن لە پڕ کەوتو ئیدی ڕاست نەبووه؟

چ دەردو ئازارێکی بەسوێی چەشت ؟ بەر لە مردن چ قسه گەلێکی کردو چۆن مرد؟ پیاو، دەبێ بەوردی باسی کفنو دفنەکەی بکات، هەورەها باسی چوونی خۆی بۆ خستەخانه تا جلو بەرگی کوڕەکەی وەربگرێتەوه. ئانیسیای کیژی لە گوند ماوەتەوه، دەبێ باسی ئەویش بکات. ئایا ئەم شتانه شایانی باس کردن نین؟! بێگومان گوێدێر نارەحەت دەبێ، ئاه هەڵدەکێشێ، هاوخەمی لەگەڵ ئەودا دەکات. واچاکه دەردی دڵی خۆی بۆ ژنانیش هەڵڕێژێ، چونکه ئەوان ئەقڵیان خەفیفەو به دوو کەلیمه قسه دەکەونه گریانو لوشكو هوڕ.

ئەیونا، لە فکران ڕادەچێ: "بابچم بەلای ئەسپەکەمەوه، وەخت زۆرە بۆ نوستن.

پاڵتۆکەی لەبەر دەکاتو روەو تەویلەکان بۆ لای ئەسپەکەی وەڕێدەکەوێ، بیر لە زوڕات، لە کاو لە هەوا دەکاتەوه. لە تەنیایی دا، ناوێرێ بیر لە کوڕەکەی بکاتەوه. هەر کەسێکی لەگەڵدا بێ، دەتوانێ باسی کوڕەکەی خۆی بۆ بکات. بەڵام لە تەنیاییداو بیرکردنەوه لەوو بەرجەستەکردنی ئەو لەبەر چاوی خۆی، زۆر لەبەری گرانو بەسوێیه.

ئەیونا، سەیرێکی چاوه گەشو درشتەکانی ئەسپەکەی دەکاتو دەپرسێت: "چ دەکەی؟ خەریکه تێربی، دەبخۆ دەی. کە پارەی زوڕاتت پێ پەیدا نەکرێ، دەبێ به گیا قاییل بی. بەڵێ من زۆر پیرو کەنفت بووم، گالیسکەرانی لەمن نایەت، لە کوڕەکەم دەهات... بریا دەما!"

ئەیونا، تاوێ بێدەنگ دەبێ، ئەوجا لەسەری دەڕوات: " ئەمەیه دەردی من ئەسپه پیرەکەم. ئیدی کوزما ئایونیچ نەما. بەجێی هێشتین، ڕۆیی. جا تۆ وەره بهێنه بەرچاوی خۆت کە جوانوویەکت هەیه، باوکی بووی.. لە پڕ جوانووەکەت ئۆغر بکاو بەجێت بیلێ، خەفەتی بۆ ناخۆێ؟!"

ئەسپه چکۆلەکە، سەرقاڵی جوینه، گوێ دەگرێ. هەناسەکەی بەردەستی خاوەنەکەی دەکەوێ.

ئەیونا، بەرگەی بیرو خەمەکەی خۆی ناگرێ، شانی لێ قایم دەکاو لە نوکەوه تا کۆتایی، سەربردەی کوڕەکەی خۆی بۆ ئەسپه چکۆلەکە دەگێڕێتەوه..

سەرچاوه:

داستان ونقد داستان/جلد نخست/چاپ سوم:١٣٧٥

گزیدەو ترجمە: احمد گلشیری

*-ئانتوان پاولوڤیچ (١٧٦٠-١٩٠٤): نووسەر،شانۆنامەنووس، وپزیشکێکی رووسی بوو. لە تەمەنی نۆزده ساڵیەوه دەستی به نووسینی کورته چیرۆکان کرد و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا..تا دەستی لە دکتۆری هەڵگرت و به تەواوەتی رووی کردە ئەدەبیات و به یەکێك لە مامۆستایان و پێشەنگانی کورته چیرۆکی نوێ دەژمێردرێت و چیرۆکەکانی بریتین لە شیکردنەوەیەکی قووڵی تەبیعەتی مرۆڤ ،وخوێندنەوەیەکی هونەریانەی میزاجی مرۆڤ و کەشفکردنی نهێنی پەیوەندییه کۆمەلایەتییەکان و سەرچاوەی گیروگرفته بەشەرییەکان، به کورتی بوونێکی بەشەری هێنده زندوو لە چیرۆکەکانیدا هەیه کە ژیانی لێوه هەڵدەقوڵێت..کۆی بەرهەمەکانی بۆ زۆربەی هەره زۆری زمانه زندووەکانی جیهان پاچڤە کراون،تەنیا کوردی نەبێت کە مخابن لەمەشدا هەر قڕەی کاروانین..

# جانۆ شێت

ن:م.گۆركی*

جانۆ شێت كوڕێكی خۆش سیما بوو،بەڵام هەركارێكی دەكرد،بەشێوەیەكی پێكەنیناوی دەشكایەوە.بە پێچەوانەی خەڵكییەوە لە هیچ كارێكدا سەرنەدەكەوت.

ڕۆژێ كابرایەكی دێهاتی بۆ كاركردنی برد،وخۆیشی لێبڕا دەگەڵ ژنەكەیدا بۆ شار بڕوات.ژنی كابرای دێهاتی بە جانۆی گوت:- تۆ لە دیار منداڵەكان دەبیت و ئاگادارییان دەكەیت وخواردنیان دەدەیتێ..

جانۆ پرسی:- باشە چ خواردنێكیان بدەمێ؟

-تۆزێ ئاو وئارد دێنێت، پەتاتەی تێ دەجنی وئەوسا دەیكوڵێنی و دەبێ بە شۆربا.

كە كابرای دێهاتی دەگەڵ ژنەكەیدا ڕۆیی ،جانۆ بە هەشتاو خۆی بە ژوورەدارینەكەی منداڵەكاندا كرد،بێداری كردنەوە،هێنانیە خوارەوەو لەسەر عاردەكەی دانیشاندن وبە دیاریانەوە دانیشت وگوتی:-زۆر باشە من ئیستا چاودێری ئێوەم.

منداڵەكان مودەتێك بەو دەقەوە لە عاردی دانیشتن،پاشان داوای خواردنیان كرد.جانۆ مەنجەڵێكی تەژی ئاوی هێنا،نیو گونیە ئاردو مەنێك پەتاتەی تێ هەڵڕشت.هەر هەمووی بە داردەستێك تێك هەڵشێلاو بە دەنگی بەرز لە خۆی پرسی:- باشە ئیستا كامیان بجنم؟

منداڵەكان كە گوێیان لەم قسەیە بوو ترسان وبە خۆیان گوت:-ناشێت بیەوێ ئێمە بجنێت؟ وبە هەشتاو لە كوختەكە دەرفرتان.

جانۆ كە بینی هەڵاتن،لاملی خۆی خوراند،لە بەرخۆیەوە بیری كردەوە:- باشە ئیستا دەبێ چۆن ئاگاداریان بم؟ تازە دەبێ ئەم دەرگایە بگرم تا ڕانەكەن.

ئەوسا نیگایەكی مەنجەڵەكەی كردو گوتی:-تۆ بۆ خۆت بكوڵێ شۆربای من، با من بڕۆم ئاگام لە منداڵەكان بێت.

دەرگاکەی لە پاژنە دەرهێناو دای بە شانیاو بەرەو جەنگەڵ ولێرەوار بەڕێ کەوت.بەڵام لەپڕ روو بە رووی ورچێك بووەوە کە بەرەو ئەو دەهات.ورچەکە بە سەرسامی بۆڕاندی:– ها،ئەوە بۆچی دار بۆ لێرەوار دەبەیت؟

جانۆ حاڵ وحیکایەتەکەی خۆی بۆ ورچە گێڕایەوە،ورچە لەسەر پاشوان دانیشت ودەستی بە پێکەنین کردوگوتی:– تۆ کابرایەکی سەیری،هەقە بتخۆم!.

بەڵام جانۆ وەڵامی دایەوە:– هەقە بچی منداڵەکان بخۆیت تا لە ئیستا بە دواوە بە قسەی دایك و بابیان بکەن و بۆ لێرەوار هەڵنەیەن!

ورچە ئەمجارەیان زیاتر پێکەنی،لەبەر پێکەنین خۆی بە پێوە نەدەگرت.گوتی:– من لە عەمرانم شێتی وام نەبینیوە.وەرە لەگەڵ مندا،پێویستە بە ژنەکەمت نیشان بدەم.وبۆ لانەکەی خۆیانی برد.جانۆ دەرگاکەی هەر بەشانەوە بوو،بە دەم رێکردنەوە بەر دارو درەختی ئەمبەر ئەوبەری رێگاکە دەکەوت. ورچە گوتی:–ئیدی ئەم دەرگایە فڕێ بدە!

–نا،من قەولم داوە کە ئەم دەرگایە بگرم،دەبێ قسەی خۆم بەرمە سەر!.

کە گەییشتنە لانەکە ورچە بە ژنەکەی گوت:– مارتین تەمەشا! بزانە چیم بۆ هێناوی!مۆدێلێکی تەواوە.

جانۆ لە مێچکە ورچەکەی پرسی:–دایە گیان تۆ منداڵەکانت نەدیون؟

–منداڵەکانم لە ماڵەوەن و خەوتوون.

–ئێ،پیشانمیان بدە،لەوانەیە هەمان منداڵەکانی من بن!.

مێچکە ورچ جانۆی بۆ لای سێ بێچووەکەی کە نوستبوون،برد.جانۆ کە دیتنی گوتی:– نا،ئەمانە هەونین،چونکە منداڵەکانی من دوان بوون!.

مێچکە ورچ لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:–بەڵام ئەوانەی تۆ منداڵی بنیادەمن!.

–بەڵێ،بەڵام بەو بچوکیە چۆن جیادەکرێنەوە!؟

مێچکە ورچ زۆری پێ سەیر بوو،بە مێردەکەی گوت:–چەند کورێکی قۆشمەیە!گوێ بگرە مارتن بەگ،واچاکە نەیخۆین،با لای خۆمان گلی بدەینەوەو کارمان بۆ بکات.

نێرە ورچ گوتی:–رازیم.ئەمە هەرچەندە بنیادەمە بەڵام بە راستی زۆر بێوەیە!.

مێچکە ورچ قەرتاڵەیەکی دایە جانۆ وگوتی:–برۆ توەفەرەنگی کێوی کۆبکەرەوە.دەمەوێ کە منداڵەکانم لە خەو ڕابوون،خواردنێکی باشیان بدەمێ.

جانۆ گوتی:–باشە من ئەم کارە دەکەم،بەڵام تا دێمەوە ئێوەش ئەم دەرگایەم بۆ بگرن!ئیدی بەرەو دارستان رۆیی کە توفەرەنگی کۆبکاتەوە. قەرتاڵەی پڕکردو بە خویشی تێروپڕی خوارد.ئەوسا بە دەم ئەم گۆرانیەوە بەرەو لانەی ورچەکان گەرایەوە:

هەرچی حەیوانی خوایە

ناشی وبێ دەس وپایە

جگە لە مورچەو مێرولان

هەروەها سوسەمارومارمێلکان

کە گەییشتەوە بەر لانەکە هاواری کرد:

– فەرموو ئەوەش توفەرەنگی!.

بێچووه ورچەکان کە دەیان مڕاندو خۆیان لێکدی هەڵدەسوو،بە هەڵبەزو دابەز بەرەو قەرتاڵە تووەکە هێرشیان برد!.

جانۆ کە تەمەشای دەکردن گوتی:-مەخابن، مەخابن کە من ورچ نیم!ئەگەر ورچ بام منیش دەمتوانی بێچووم هەبێ.

ورچەو ژنەکەی خەریك بوو لە پێکەنینا دەبورانەوە.ورچە گوتی:

ئاه خودایا! ئەم کوره لە پێکەنینا دەمانکوژێ!

جانۆ گوتی:-گوێ بگرن! ئێوە هەمدیس دەرگاکەم بۆ بگرن تا من برۆم لە منداڵەکان بگەرێم،دەنا ئاغام پێستم دەگروێ.

مێچکە ورچە بە مێردەکەی گوت:-مارتن بەگ! واچاکە تۆش یارمەتی بدەی ولە گەڵی بچیت.

ورچە قاییل بوو وگوتی:-ئەرێ هەقە یارمەتی بدرێ چونکە زۆر قۆشمەیە.

ورچە لەگەڵ جانۆدا بە تولە رێگاکانی ناو دارستانەکەدا بە رێ کەوت.بەدەم رێگاوە دۆستانە قسانیان دەکرد.ورچە بەسەرسامی پرسی:-تۆ چەند شێتی!.

جانۆ گوتی:- ئەدی تۆ؟ تۆ ئاقڵی؟!

-من؟

-بەڵێ تۆ..

-نازانم.

-منیش نازانم! تۆ شەڕخوازیت؟

-نا،بۆ؟

-چونکە من پێموایە هەرکەسێك شەڕخوازبێت، دەبێ گەوجیش بێت.منیش شەڕخواز نیم.کەواتە نە تۆ گەوجی و نە من.

ورچە بەسەرسامی گوتی:-عەجەب!تۆ بزانە چ لێکدانەوەیەك دەکات!.

لەپڕ هەردوو منداڵەکەیان بینی کە لەبن دەوەنێکا خەوتبوون.

ورچە پرسی:- دەڵێی منداڵەکانی تۆن؟

جانۆ گوتی:-نازانم.دەبێ لە خۆیان بپرسین.منداڵەکانی من برسیان بوو.

منداڵەکانیان هەستاندولێیان پرسین:-برسیتانە؟

منداڵەکان هاواریان کرد:-ئەرێ،ئەرێ لە مێژە برسین!

جانۆ گوتی:-ها،کەواتە منداڵەکانی منن.من هەر ئیستا بۆ گوندیان دەبەمەوە،تۆش باوکە گیان،بێ زەحمەت دەرگاکەم بۆ بێنەوە.دەبێ برۆم شۆربا لێبنەم.

ورچە وەڵامی دایەوە:-باشە بۆتی دێنمەوە.

جانۆ لە دوای منداڵەکانەوە کەوتەرێ و وەکو چۆن راسپێردرابوو،ئاگای لێیان بوو،وگۆرانی دەگوت:

قەت بە خەیاڵتا هاتووە

قالۆنچان

کەروێشکی بێچارە

راوبکەن

**ڕێوی وتاژی**
**له پاڵ یەکا دانیشن و**
**بەسەرسامی تەمەشا بکەن.**

**کاتێ جانۆ گەییشتەوە کوخەکەی کابرای دێهاتی،دەمێ بوو خۆی و ژنەکەی له شار گەڕابوونەوە. له ناوەندی ژووردا،مەنجەڵی پڕ له ئاو وپەتاتەوئاردیان بینی بوو، نه هیچ هەواڵێك له منداڵەکان هەبوو ونه له دەرگای کوختەکەیان.به دوو قۆڵی لەسەر تەختێك دانیشتبوون و بەکوڵ دەگریان.که جانۆیان بینی مەنجەڵەکەیان نیشان داو پرسیان:–ئەمە چیت کردووە؟**

**– شۆربایە.**

**– خۆ شۆربا واهی دروست ناکرێ.**

**– من له کوێ بزانم؟**

**– ئەدی دەرگایماڵەکە کوا؟**

**– ئیستا بۆتانی دێننەوە.ئەوەتا! گەییشت!.**

**ژن ومێرد له پەنجەرەکەوە تەمەشایان کرد!ورچەکە دەرگاکەی نابووە سەرسەری و سەڵانە سەڵانە بە جادەکەدا دەهات.خەڵکی له بەردەمیا هەڵدەهاتن وخۆیان دەگەیاندە سەربانان و دەچوونە سەر درەختەکان.سەگ وکسۆکان له ترسا خۆیان له پشت چەپەرو تەیمانان قایم کردبوو،تەنیا کەڵەشێرە سوور،شێرانە له ناوەندی جادەکە وەستابوو و هاواری له ورچە دەکرد:–قوقوڵی قوقو! ئەگەر پیاوی وەرە جیلو!..**

***– ماکسیم گۆرکی که ناوی (ئالکسی پشکۆڤە) له ساڵی١٨٦٨دا له شاری نیژنی نۆڤگۆرۆد له دایك بووە(که ئێستا ناوی گۆرکی لێنراوە) ویەکێکە له نووسەرە ناودارەکانی روس و کۆمەڵێك بەرهەمی زۆری له پاش بەجێماوە لەوانە: مناڵیی من،سەرگەردانان،دایك...گۆرکی له ساڵی ١٩٣٦دا کۆچی دوایی کردووە.**

***– سەرچاوە: قصەهایی از نویسندگان بزرگ برای نوجوانان/ترجمە:رچاسیدحسینی/چاپ پنجم،١٣٧٨**

## جەنگ

ن: لویجی بیراندیللۆ

ئەو نەفەرانەی کە شەویٚ لە رۆماوە بە شەمەندەفەری خێرا وەڕێکەوتبوون، ناچار بوون تا سپێدە لە وێستگە بچووکەکەی (فایریانۆ)دا، کە هێڵی ئاسنی سەرەکی بە سولموناوەی دەبەست، چاوەنۆڕی شەمەندەفەرە بچووك‌و کۆنە ناوچەییەکە بکەن.

لە سپێدەدا، ژنێکی کەتەی سەراپا رەشپۆش، وەك کۆڵەبارێکی بیٚ شێوەو روخسار، لە فارگۆنێکی نمرە دووی دوکەڵاوییەوە کە پێنج نەفەران شەویان تێدا رۆژکردبووەوە، سەری هێنایە دەریٚ‌و وەژوورکەوت، شووەکەی کە پیاوێکی وردیلەی لاوازی داتەپیو بوو، بە هانکە هانك‌و ئاهوناڵەو رەنگ‌و رووی پەڕیوو وچاوانی چکۆلەی دڵگیرەوە کە شەرم‌و نیگەرانییان تێدا دەخوێنرایەوە، لە دوایەوە سەرکەوت‌و وەژوورکەوت. پیاوەکە پاش ئەوەی جێگەی دەست کەوت، بەنەزاکەتەوە سوپاسی ئەو نەفەرانەی کرد کە یارمەتی ژنەکەیان داو جێیان کردەوە. پاشان رووی کردە ژنەکەی، یەخەی پاڵتۆکەی بۆ دادایەوە، بە ئەدەبەوە وتی:

– حاڵت باشە، ئازیزم؟

ژنەکە وەڵامی نەدایەوە، یەخەکەی تا سەرچاوانی خۆی هێناو دەموچاوی ڤەشارت.

پیاوەکە، بە دەم بزەیەکی تاڵەوەو لە بن لێوانەوە وتی: "ئێی دنیای هیچ!" هەستی دەکرد، کە لە سەرێتی ئەوە لە هاوسەفەرەکانی بیگەیەنێت کە ژنە بەلەنگازەکەی شایستەی بەزەیی‌و دڵسۆزییە، جەنگ تاقە کوڕەکەی لیٚ دوور خستۆتەوە.

کوڕێکی گەنجی بیست ساڵانە، ئەم ژن و مێردە هەردووکیان ژیانیان بۆ ئەو تەرخان کردووە. خانوویەکیان لە سولمونا هەبووەو هەڕاجیان کردووە، ئەوسا توانیویانە تا ڕۆما لەگەڵیدا برۆن‌و لەوێندەر لە زانستگە ناونووسی بکەن‌و رەزامەندی بۆ وەربگرن کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە جەنگدا بەشداری بکات،بەمەرجیٚ بەلای کەمەوە تا شەش مانگان بۆ شەڕگەی ڤڕیٚ نەکەن، لیٚ لە نکاودا بروسکەیەکیان بۆ چووە کە گوایە تا سیٚ رۆژی دی لە رۆما دەڕوات‌و داوایان لێدەکات کە بۆ بەڕێکردنی بۆ رۆما بێن.

ژنەکە، لە بن پاڵتۆکەیەوە گینگڵی دەدا. جار جار وەك حەیوانێکی کێوی دەی پرخاند، دڵی دەیوت کە هەموو ئەو قسانە بە قەد نووکە دەرزییەك بەزەیی و سۆزی ئەو خەڵکەی نەبزواندووە کە ڕەنگە ئەوانیش لە هەمان حاڵی ئەو دابن. یەکێك لە نەفەرەکان کە سەراپای بوو بوو بە گوێچکە، وتی: "ئێوە شوکری خوا بکەن کە کوڕەکەتان تازە بۆ شەڕگە دەڕوات. لە هەوەڵی شەڕەوە، کوڕی منیان بۆ شەڕگە ناردووە، تا نهو دوو جاران بە زامداری هاتۆتەوەو هەمدیس بۆ شەڕگە گەڕاوەتەوە".

نەفەرێکی دی هەڵیدایێ: "جا لە جێی من بن چ دەکەن؟ دوو کوڕو سێ برازام هان لە شەڕگە."

مێردی ژنەکە خێرا وتی: " بەڵێ لێ کوڕی ئێمە تاقانەیە ".

"چ فەرقێك دەکات؟ مرۆڤ دکارێت زیاد لە پێویست ناز بە کوڕە تاقانەکەی بدات و نازداری بکات، بەڵام ئەگەر چەند منداڵێکی تریشی هەبن بێومان لەوانی تری خۆشتر ناوێت. خۆ خۆشەویستی باوك نان نییە بشێت تیکە تیکە بکرێت و بە یەکسانی بەسەر منداڵەکاندا دابەشبکرێت. هەر بابێك بگریت، هەموو خۆشەویستیی خۆی بێ جیاوازی، بەسەر هەر منداڵێکیدا هەڵدەڕێژێت، ئیدی تاقە منداڵێکی هەبێت یان دە منداڵ، کە من هەنووکە بۆ دوو کوڕەکەم ناڕەحەتم، ئەم ناڕەحەتی و نیگەرانییە بۆ هەر یەکێکیان نابێت بە نیوە، بگرە دوو بەرانبەر دەبێت..."

مێردی پەریشان، ئاهێکی هەڵکێشاو وتی: "دروستە.. دروستە. لێ گریمان، دوور لەوانەی تۆ، بابێك دوو کوڕی لە شەڕگە بن و یەکێکیان، لە دەست بدات، لەم حاڵەتەدا یەکێکیانی بۆ دەمێنێتەوەو سێبوری پێ دێت... لە کاتێکدا ئەگەر...."

یەکێکی دی لەولاوە هەڵیدایێ و وتی: "بەڵێ، کوڕێکی دەمێنێت تا سێبوری پێ بێتەوە. لێ لە هەمان کاتدا کوڕێکی دەمێنێت تا ببێت بە نیگەرانی گیانی ئەو، لە کاتێکدا گەر بابێك کوڕێکی تاقانەی هەبێت، دەتوانێت پاش مەرگی کوڕەکەی بڕوات، سەری خۆی بە گۆمێکدا بکات و کۆتایی بە پەرێشانی خۆی بێنێت. ئەم دوو حاڵەتە کامیان خراترە ؟ ئەدی نابینیت کە حاڵی من چەند لە حاڵی تۆ خراترە ؟"

نەفەرێکی دی، کە پیاوێکی قەڵەوی سوورەی چاوکەوەیی کاڵ و دەرپۆقیو بوو، هەڵیدایێ: "کە قسەی قۆڕ دەکەیت".

هانکە هانکی پێ کەوتبوو، چاوە دەرپۆقیوەکانی دەتوت توڕەییەکی دەروونی سەرکێشی ئەوتۆ هەڵدەڕێژن کە جەستەی بێ توانای ئەو دەرەقەتی نایەت، لە کاتێکدا هەوڵی دەدا بە دەست زاری داپۆشێت و نەهێڵێت جێی دوو دانە کەلۆسەکەی پێشەوەی بە دیاربکەون، دووبارە وتی: "قسەی قۆڕ، قسەی قۆڕ دەکەی. چما ئێمە بۆ قازانجی خۆمان منداڵ دەخەینەوە؟".

نەفەرەکانی دی بە پەریشانییەوە لێی ڕامان، نەفەرێك کە لە یەکەم ڕۆژی جەنگەوە، کوڕەکەی بۆ شەڕگە ڕۆیی بوو، ئاهێکی هەڵکێشاو وتی: " تۆ ڕاست دەکەیت، منداڵەکانمان ئی خۆمان نین، ئی نیشتمانن..."

نەفەرە قەڵەوەکە خێرا وتی: " پاح! کەواتە بفەرموو ئێمە لەبەر خاتری نیشتمان زوڕیەت دەخەینەوە، منداڵانمان دێنە دنیاوە... ئیدی وایە. چونکە دەبێت بێنە دنیاوەو کاتێك وان دێنە دنیاوە ئیدی گیانی ئێمە فیدای ئەوان دەبێت، ئەمە دۆغریەکەیەتی و تەواو، ئێمە هی ئەوانین. ئەوان هی ئێمە نین. کاتێك دەگەنە تەمەنی بیست ساڵی، ڕێك حاڵەتی تەمەنی بیست ساڵی ئێمەمانانیان لا پەیدا دەبێت، ئێمەش باب و داکمان هەبوو. لێ شتی دیکەش لەم دنیایەدا هەبوو.

ژن، جگەرە، خەونی دوورو درێژ. پێوەندیی تازە... هەڵبەتە نیشتمانیش جێی خۆی هەبوو، واتە گاڤێك كە دەگەییشتینە بیست ساڵان بە دەنگییەوە دەچووین، تەنانەت ئەگەر باب‌و دایکیش ڕێیان نەدابایین هەر دەچووین، هەڵبەتە ئێستاو لەم تەمەنەی ئێمەدا ئەشقی نیشتمان هەمان قەدرو پایەی جارانی هەیە، لێ خۆشەویستیی منداڵەكانمان لە هی نیشتمان زێدەترە. حەز دەكەم بزانم، ئاخۆ لە نێو ئێمەدا چ كەسێك هەیە كە ئەگەر توانای هەبێت، لە ناخی دڵەوە حەز نەكات لە بری كوڕەكەی لە شەڕگەدا بێت ؟" ورتە لە كەسەوە نەهات. هەموو سەری ڕەزامەندییان لەقاند. كابرای قەڵەو لەسەر قسەكانی ڕۆیی: "... كەواتە ئێمە بۆ هەستی بیست ساڵانەی منداڵەكانمان بە هەند نەگرین؟ ئایا ئاسایی نییە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بیر لە خۆشەویستیی نیشتمان بكەنەوە. هەڵبەتە مەبەستم لە كوڕی باش‌و گوێڕایەڵە – و بیخەنە سەرووی خۆشەویستیی ئێمەوە، ئایا ئاسایی نییە كە ئێمە بە پیرە كوڕانی پەككەوتە بزانن‌و دەبێت لە ماڵەوە بمێنین؟ ئەگەر نیشتمان وەك نانێك بێت كە دەبێت یەك بە یەكی ئێمە بیخۆین تا لە برسان نەمرین، ئەوا دەبێت خەڵكانێك بڕۆن‌و بەرەڤانی لێبكەن. كوڕانی ئێمە كە دەگەنە بیست ساڵان، ئەم كارە دەكەن‌و پێویستییان بە ڕوندكی مە نییە، چونكە ئەگەر بمرن، ئەوا بە جۆش‌و خرۆش‌و شادمانییەوە دەمرن – هەڵبەتە مەبەستم لە كوڕانی سەلارو گوێڕایەڵە – جا ئەگەر كەسێك بەلاوی‌و بە شادمانی بمرێت‌و تووشی دزێوی وگەندەڵی ژیان، زەبوونی، بێهوودەیی‌و سەر شۆڕی نەبێت، چ شتێك لەوەی باشتر هەیە ؟ نابێت كەس لە مەرگدا بگرێت دەبێ هەموو كەس پێبكەنێت، وەك چۆن من پێدەكەنم... یا لایەنی كەم شوكرانە بژێری خوا بن، وەك چۆن من شوكرانە بژێرم، چونكە كوڕەكەی من بەر لە مردنی، نامەی بۆ ناردم كە كۆتایی ژیانی بەو جۆرە بووە كە بە خۆی هەمیشە ئارەزووی كردووە. هەر بۆیە وەكو دەبینن ڕەشم نەپۆشیوە...."

چاكەتە چەرمەكەی بە دەست تەكاند وەك بڵێی بیەوێت دروستی قسەكەی خۆی بسەلمێنێت لێوە شینەكەی، كە دوو دانە كەلۆسەكەی پێشەوەی داپۆشی بوو، دەلەرزی، روندك لە چاوە بێ جوڵەكانیدا قەتیس مابوو، زۆری نەبرد كە قسەكانی بە پێكەنینێكی هاوار ئاسا، كە پتر لە هۆڕژنی گریان دەچوو، كۆتایی هێنا.

ئەوانی دی بۆیان سەلماند: "دۆغرییە... قسەیتی." ئەو ژنەی كە لە ژێر پاڵتۆكەیەوە، لە سووچێكدا وەك بوخچەیەكی ئاخێنراو دەینواند، دانیشتبوو و گوێی هەڵخستبوو، سێ هەیڤان دەبوو، دەیویست شتێك لە قسەكانی مێردەكەی‌و دۆستەكانییەوە هەڵێنجێت كە تۆزێك خەمی دڵی بڕەوێنێتەوەو سوكنایی بە ناخی ببەخشێت، شتێك كە بە جۆرێك ورەی دایكێك بەرز بكاتەوە كە نەك كوڕەكەی بەرەو ژیانی خەتەر، بەڵكو بەرەو مەرگیش ڕەوان بكات. لێ لە تێكڕایی ئاخافتنەكاندا تاقە یەك پەیڤی سوكنایی بەخشی وەچنگ نەكەوتبوو. . . هەر بۆیەش باری خەمەكەی قورستر بوو بوو، چونكە بۆی دەركەوتبوو چ كەسێك ناتوانێت هەستەكانی وی كەوی وفام بكات.

لێ هەنووكە، قسەكانی ئەو نەفەرە كەم‌و زۆر ئەویان گێژو سەرسام كرد. لە پڕ بۆی بەدیار كەوت كە خەتای خەڵكی نییە كە ناتوانن لەو حاڵی بن، بەڵكو خەتای خۆیەتی كە ناتوانێت وەك ئەو داك‌و بابانە بێت كە بێ روندك رشتن لە منداڵی خۆ جیا دەبنەوەو تا لێوی قەبر دەگەڵ كوڕانی خۆدا دەچن‌و بە ڕێیان دەكەن.

سەری هەڵبڕی، هەر لە جێی خۆیەوە سەری هێنایە بەری‌و هەوڵی دا بە هەموو بوونییەوە گوێ بۆ ئەو قسانە رادێرێت كە كابرای قەڵەو بۆ هاوسەفەرەكانی دەكردو بۆی شرۆڤە دەكردن كە چۆن كوڕەكەی مینا قەهرەمان شادو بە كەیف خۆی لە پێناوی شاو نیشتماندا بەخت كردووە. وای هاتە بەرچاو كە كێشراوەتە جیهانێكەوە كە هەرگیز لە خەونیشدا نەیدەتوانی بیبینێت، جیهانێك كە زۆری بەلاوە نەناسراو و غەریب بوو. زۆریش بەوە

خۆشحاڵ بوو کە دەیبینی هەموو پیرۆزبایی لە بابێکی ئازا دەکەن کە بەو سەبرو حەوسەڵەیەوە باسی مەرگی کوڕەکەی خۆی دەکات.

پاشان لە پڕ وەك ئەوەی هەر گوێی لەو قسانە نەبوو بێت، وەك بڵێی لەخەو ڕابووبێت ڕووی لە پیرەمێرەکە کردو وتی: "... کەواتە.... بە ڕاستی ڕاستی کوڕەکەت مردووە ؟".

هەموو لێی ڕامان. پیرەمێرەکەش ڕووی وەرگێڕا تا نیگای بکات، بە چاوە درشتە دەرپۆقیوە ئەسرین تێزاوە کەوەییە کاڵەکانی، ژنەکەی دابێژت. هەوڵی دا وەڵامی ژنەکە بداتەوە. لێ چ قسەیەکی بۆ نەهات. هێشتا واق وڕماو و حەپەساو چاوی هەر لە ژنەکە بوو، کە دەتوت تەنیا لەو ساتەدا- پاش ئەو پرسیارە نابەجێیە بوو کە لە پڕو سەرەنجام بۆی دەرکەوت کە کوڕەکەی بە ڕاستی مردووە. بە یەکجارەکی مردووە، بۆ هەتا هەتایە مردووە، چارەی چوو بە یەکدا، بە شێوەیەکی سامناك تێکچوو، ئەوجا بەپەلە دەستەسڕێکی لەبەرکی دەرهێناو، لە نێو سەرسامیی هەمووواندا، بێئەوەی بە خۆی بوەستێ، لە هۆڕژنی گریانێکی بە سوێو دڵتەزێنی دا.

سەرچاوە:

داستان و نقد داستان/ جلد نخست/ چاپ سوم:١٣٧٥/ انتشارات نگاه:گزیدەو ترجمە: احمد گلشیری

لویجی پیراندیللۆ (١٨٦٦-١٩٣٦): یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی ئیتالیا، شۆرەت و ناوبانگی جیهانی هەیە،لە بوارێن ڕۆمان و کورتە چیرۆك و شانۆنامەدا نووسەرێکی پڕ بەرهەمە، لە ساڵی ١٩٣٤دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرتووە، (ماتیا پاسکالی رەحمەتی)، یەکێکە لە ڕۆمانە مەنشورەکانی، (شەش ئەکتەر لە نووسەرێك دەگەرێن)، یەکێکە لە شانۆنامە بەناوبانگەکانی.

# میوان

ن: ئەلبیر کامۆ

مامۆستا، دەیڕوانییە ئەو دوو زەلامەی کە بە هەورازەکەدا بەرەو لای ئەو هەڵدەگەڕان. یەکێکیان ئەسپ سوارو ئەوی تریان پیادە بوو: هێشتا بە تەواوی نەگەیبوونە سەر ئەو ڕێگە سەختەی بەرەو قوتابخانەکە دەهات. بە نێو تاشەبەرداناو بەنێو ئەو بەفرەی کە تا چاو بڕدەکات، ئەو هەڵەتە چۆڵو هۆڵەی داپۆشی بوو، هیلاكو ماندوو دەهاتنە پێشێ. ئەسپەکە ناو بەناو ساتمەی دەدا.. مامۆستا بێئەوەی گوێی لە چ شتێك بێ، هەڵمی هەناسەی ئەسپەکەی لە دوورەوە دەبینی. پێدەچوو بەلای کەمەوە یەکێك لەو دوو ڕێبوارە شارەزای ناوچەکە بێ. چونکە بە هەمان ڕێگەدا دەهاتن کە چەند ڕۆژێك بوو چینە بەفرێکی ئەستوور داپپۆشی بوو. مامۆستا لە دڵی خۆیدا حیسابی کرد کە بە نیو سەعاتی دی ئەوجا دەگەنە سەر گردەکە.

دنیا ساردبوو، خۆی بە قوتابخانەکەدا کرد تا چاکەتێك لەبەر بکات. بەنێو پۆلە چۆڵو ساردەکەدا ڕەت بوو. ئەو چوار ڕوبارەی فەرەنسا کە بە چوار ڕەنگی جۆراو جۆر لەسەر تەختە ڕەشەکە ڕەسم کرابوون، سێ ڕۆژ بوو دەڕژانە ڕێژگەی خۆیانەوە. لە پڕو لە ناوەندی مانگی ئوکتوبەردا، پاش هەشت مانگ بێ بارانی، ئەو بەفرە ئەستوورە کەوت بوو،و ئەو (بیست) قوتابییەی کە خەڵکی گوندە پەراگەندەکانی ئەو ناو شاخە بوون بۆ قوتابخانە نەهاتبوونەوە. دەبوایە چاوەڕوان بکات تا دنیا خۆش دەبێ وریێو بانان دەکرێنەوە. دارۆ، تەنیا ئەو ژوورەی گەرم دەکرد کە خۆی تێیدا دادەنیشت. ژوورەکەی بە تەنیشت ژووری پۆلەکەوە بوو. لە ڕۆژهەڵاتەوە دەیڕوانییە هەڵەتەکە. پەنجەرەی ئەم ژوورەش، وەك پەنجەرەکانی پۆلەکە ڕوەو باشوور دەکرایەوە.

بینای قوتابخانەکە (دوو-سێ) کیلۆمەترێك لەوێندەرەوە دووربوو کە هەڵەتەکە بەرەو باشوور نشێو دەبووەوە. لە ڕۆژانی سافو خۆشدا مرۆڤ دەیتوانی ئەو کۆمەڵە شاخە ئەرخەوانییە بدێنێ کە دەتوت دەرگای بیابانەکەی ئەو دیویەتی.

دارۆ کەمێك گەرمی بووەوە. هاتەوە بەر ئەو پەنجەرەیەی کە یەکەمجار دوو پیاوەکەی لێوە بینی. کەوتبونە نەدیوی. کەواتە ڕێگە سەختەکەیان بڕی بوو. ئاسمان زۆر تاریك نەبوو. دوێنێ شەو بەفر نەباری بوو.

بەیانی، بە ڕووناکییەکی تەڵخ چاوی کردەوە. هەرچەند هەورەکە کەمێك ڕەوی بووەوە، بەڵام دنیا هەر تەڵخ‌و تاریك بوو.

سەعات دووی پاش نیوەڕۆ بوو، کەچی لە تۆ وایە تازە ڕۆژ دەستی پێدەکرد. بەڵام ئەمڕۆ لەوسێ ڕۆژە چاکتر بوو، کە دنیا یەکپارچە تاریکستان بوو. بەفرێکی ئەستور باری بوو. با بەگڤ‌و هۆڕ دەرگا دوو تاکییەکەی پۆلەکەی ڕادەتەکاند. دارۆ بە چەند سەعات لەم ژوورەدا دەمایەوە تەنیا بۆ ئەوە لە ژوور وەدەردەکەوت کە سەرێکی عەمارەکە بدات، دان بە مریشکەکان بدات‌و هەندێ ڕەژوو بینێ. خۆشبەختانە ئوتومبیلەکەی (تاجید) کە نزیکترین گوندی باکوورە، دوو ڕۆژان بەر لەم بەفرو بۆرانە، ئازووقەی بۆ هێنابوو،و ڕۆیی بوو. دوای چل‌و هەشت سەعاتی دی دەگەڕایەوە.

بەڕاستی هێندەی ئازووقە لەلابوو کە ترسی لە هیچ جۆرە ئابلوقەیەك نەبێ. ژوورێکی بچکۆلەی هەبوو پڕ بوو لە گونییە گەنم، ئیدارە لەوێندەرێ عەمار کردبوو، تا بەسەر ئەو قوتابیانەدا دابەش بکرێ کە خێزانەکانیان تووشی نەهاتی و وشکە ساڵی بوو بوون. بە ڕاستی گوندنشینەکان کەساس‌و داماو بوون‌و وقوربانی قاتی‌و وشکە ساڵ بوون. بێکارو دەست کورت بوون. دارۆ، هەموو ڕۆژێ بەشە خواردنێکی بەسەر منداڵەکاندا دابەش دەکرد. دەیزانی لەم ڕۆژە سەخت‌و دژوارانەدا وەزعیان خراپ بووەو خواردنیان نەماوە. بۆیە پێشبینی دەکرد کە ئەم پاش نێوەڕۆیە بابی یەکێکیان یان برا گەورەی یەکێکیان پەیدا ببێ‌و بەشە ئازووقەی هەموویانی پێدا بنێرێ.

هەڵبەتە دەبوایە هەوڵی بدایە ئەم گەنمە بیانگەیەنێتە وەرزی ئایندەو هەنگینێ کەشتی پڕ لە گەنم لە فەرەنساوە دەگەیشتن‌و ئێدی لەم تەنگانەیە دەردەچوون.

ئەستەم بوو ئەم وەزعە نالەبارە لەبیر بکرێ، ئەم هەژارییە، ئەم کولەمەرگییە، ئەو لە شکرە تارماییە شڕپۆشە سەرگەردانەی بەر هەتاو، ئەو دەشتە سوتاوە هەڵپرۆکاوە بە خۆڵەمێش بووە، ئەو زەمینە تینووە شەقار بووە، ئەو بەردانەی کە لەبن پێیاندا دەبوون بەخۆڵ، ئەستەم بوو ئەمانە لە بیر بچنەوە، هەزاران مەڕو ماڵات،و چەندین بنیادەم لێرەو لەوێ مردبوون، بێئەوەی کەسێك پێ بزانێ.

لە ناو جەرگەی ئەم کولەمەرگییەدا، ئەو کە وەك ڕەبەنان لە قوتابخانە دوورە دەستەکەی خۆیدا دەژیا، بە ژیانی هەژارانەو سەخت قاییل بوو. لە نێو چوار دیواری گەچیندا، لە نێو ئەو تەختە باریکانەدا، تاقە ڕەنگ نەکراوەکان، بیری ئاوی هەبوو بەشە خۆراکی هەفتانەی هەبوو، خۆی بە پاشا دەزانی. لە پڕ ئەم بەفرە، بێ ئەوەی خەبەر بدات، بێئەوەی دڵۆپە بارانێك بباریێ، نیشتبووە سەر زەوی. ئەمە وەزعی ئەوێ بوو، هەرچەندە ژیان لەوێندەر، تەنانەت بەبێ بەشەرەکانیشی کە بوونیان نەیدەکردە هیچ، تاقەت پروکێن بوو، بەڵام دارۆ لەوێندەر لە دایك بوو بوو، هەر شوێنێکی دی بۆ ئەو حوکمی تاراوگە و مەنفای هەبوو.

لە ژوورەکە وەدەرکەوت، لەسەر سەکۆکەی بەردەم قوتابخانەکە وەستا. دوو پیاوەکە گەیی بوونە ناوەندی هەورازەکە. سوارەکەی ناسییەوە، باڵدوچی بوو، ئەو پیرە جەندرمەیە بوو کە لەمێژ بوو دەیناسی، باڵدۆچی سەری پەتێکی بە دەستەوە بوو. کابرایەکی عەرەبیش بە دەست بەستراوی، سەری دانەواندبوو،و بە دوایدا دەهات. جەندرمەکە بە دەست سڵاوی کرد، دارۆ هێندە غەرقی تەمەشای کابرای عەرەب بوو بوو، نەیتوانی سڵاوەکەی بسەنێتەوە. کابرای عەرەب دیزداشەیەکی شینی کاڵی تاڵکێشی لەبەردابوو. سۆڵێکی شڕی لە پێدا

بوو، بەڵام گۆرەوی ئەستووری خوری لە پێدابوو، چەفییەیەکی کورتو باریکی لەسەر کردبوو. بەرە بەرە نزیک دەبوونەوە، باڵدوچی، جڵەوی ئەسپەکەی دەگرت تا کابرای عەرەب ئازاری نەگاتیّو بریندار نەبیّ. هەردووکیان سەڵانە سەڵانە دەهاتنە بەرەوە.

باڵدوچی، لە دووری دەنگ ڕەسەوە، گازی کرد: (بە سەعاتێك ئەو سیّ کیلۆمەترەی نێوان (العمور)و ئێرەمان بڕیوە.) دارۆ وەڵامی نەدایەوە. بەو چاکەتە خورییەوە کوڵو چوار شانە دەینواند. دەیبینین کە سەردەکەوتن کابرای عەرەب بۆ تاقە جارێکیش سەری هەڵنەبڕی بوو. وەختیّ گەیشتنە بەر هەیوانەکە دارۆ وتی: (بەخێربێن، فەرموونە ژووریّ خۆتان گەرم بکەنەوە.) باڵدوچی بێئەوەی سەری پەتەکە بەربدات، بەڕوی گرژو مۆنەوە لە وڵاخەکە دابەزی. لەبن سمێڵە زبرو کورتەکەیەوە. بزەیەکی بەڕوی، مامۆستادا دا. چاوە چکۆلەو رەشەکانی کە لەژێر تەوێڵی تاوەگازیدا بە قووڵاچوبوونو چرچو لۆچ کەوتبوونە ئەم لاو ئەولای دەمو پلی، دیمەنو روخسارێکی وریاترو هوشیارتریان پێدەبەخشی. دارۆ، هەوسارەکەی لێوەرگرت. ئەسپەکەی برد بۆ ژێر کەپرەکە، ئەوجا گەڕایەوە بۆ لای ئە دوو پیاوە کە لە حەوشی قوتابخانەکەدا چاوەڕێیان دەکرد.. بردنییە ژوورەکەی خۆی وتی: (دەچم ژووری پۆلەکە گەرم دەکەم، لەویّ چاتر ئێسراحەت دەکەین.) کاتیّ بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، باڵدوچی لەسەر تەختەکە دانیشتبوو. پەتەکەی خۆی لە دەستی کابرای عەرەب کردبووەوە .

کابرای عەرەب لەسەر چۆکانو لەپاڵ سۆپاکەدا دانیشتبوو. هێشتا دەستەکانی هەر بەسترابوون. چەفییەکەی سەری بەپشتدا چوو بوو. دەیڕوانییە پەنجەرەکە. دارۆ، سەرەتا چاوی بەلێوە ئەستوورو سافەکانی کەوت کە کەم تا کورتیّ لە لێوی زەنگییان دەچوو.

چەفییە بە پشتدا چووەکەی، تەوێڵی قۆقزو عینادی ئەوی نیشان دەدا. چارەی تاوەگازی کابرای عەرەب کە لە سەرما رەنگی نەمابوو، هێندە نیگەرانو سەرکێش دەینواند، کاتیّ کە رووی بۆ لای دارۆ وەرگێڕاو چاوانی لە دوڕ چاوی بڕی، دارۆ ڕاچڵەکی.

مامۆستا وتی: ( با بچینە ئەو ژوورەی دی تا چای بە نەعناتان بۆ لیّ بنێم). باڵدوچی وتی: (مەمنون، ئەزیەتە، حەزم دەکرد ئیسراحەتیّ بکەم). ئەوجا رووی کردە زیندانییەکەیو بە عەرەبی وتی: (هەستە).

کابرای عەرەب ڕابوو، دەستە بەستراوەکانی لە بەردەم خۆیدا گرتبوو، هێدی هێدی بۆ ژووری پۆلەکە رۆیی.

دارۆ، لەگەڵ چایەکەدا کورسیەکیشی هێنا. باڵدوچی لەسەر نزیکترین رەحلەی نێو ژوورەکە دانیشتبوو. کابرای عەرەب پشت لە مێزو کورسییەکەی مامۆستاو ڕوو لە سۆپاکە، کەوتبووە نێوان مێزو پەنجەرەکەوە، هەڵتروشکا بوو. دارۆ، کاتیّ پەرداخە چایەکەی بۆ زیندانییەکە درێژ کردو دەستە بەستراوەکانی بینی حەیرما، وتی: (دەستی بکەینەوە باشتر نییە). باڵدوچی وتی: (با، ئەمە تەنیا بۆ ڕێگا بوو). و ویستی هەستیّ بەڵام دارۆ پەرداخە چایەکەی لەسەر زەوی دانا بوو، لەبەردەم کابرای عەرەبداو لەسەر چۆکان دانیشت. کابرای عەرەب بیّ ئەوەی ورتە بکات، چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی تێبڕی. وەختیّ کە دەستی کرانەوە، مەچەکە هەڵاوساوەکانی شێلان. پەرداخە چایەکەی هەڵگرت وبە فڕی بچووك و خێرا کەوتە خواردنەوەی چایەکە. دارۆ وتی: (ئیّ بڵیّ بزانم کێوە دەچن؟) باڵدوچی دەمی لە چایەکە هەڵگرتو وتی: (بۆ ئێرە، ئازیزم) دارۆ وتی: (بەڕاستی جووتە قوتابییەکی سەیرن! ئەمشەویش لێرە دەمێننەوە؟!)

– نەخێر، من دەگەڕێمەوە بۆ (العمور)، تۆش ئەم یارۆیە دەدەیە دەست (تینجویت) پۆلیسی ئەویّ چاوەڕوانی دەکەن.

باڵدوچی بە دەم بزەیەکی دۆستانەوە دەیڕوانییە ئەو.

مامۆستا پرسی: (ئەوە چ دەڵێی، پێم ڕادەبوێری؟)

– نا، کوڕی خۆم، ئەمە فەرمانە فەرمان.

– فەرمان؟ من ناتوانم... ئەوجا هەڵوەستەیەکی کرد، چونکە نەیدەویست ئەم پیرە جەندرمەیە بشەمزێنێ... (دەمەوێ بڵێم ئەمە کاری من نییە).

– چی؟ مەبەستت چییە؟ لە سەردەمی جەنگدا خەڵکی هەموو کارێك دەکەن.

– کەواتە دەبێ چاوەڕێی ڕاگەیاندنی جەنگ بم!

– زۆر چاکە، بەڵام فەرمانەکە دەبێ جێ بە جێ بکرێ‌و تۆ لە کەس زیاتر نیت. پێدەچێ هەندێ ڕووداوان بەڕێوە بن. بەجدی باسی شۆڕش دەکرێ. ئێمەش خەریکە خۆ سازدەدەین.

دارۆ، هێشتا هەر لاسارانە دەیڕوانی.

باڵدوچی وتی: (گوێ بگرە گیانە. من تۆم خۆش دەوێ بۆیە ئەم قسانەت لە لا دەکەم. ئێمە لە (العمور) دا تەنیا (دوانزە) کەسین‌و دەبێ ئاگامان لە سەرانسەری ئەم ناوچەیە بێ‌و پێویستە بەلەز بگەڕێمەوە. بە منیان وتووە ئەم پیاوە بەتۆ بسپێرم‌و بەپەلە بگەڕێمەوە. نەدەکرا لەوێ گلی بدەینەوە. خەڵکی گوند خەیاڵیان خراپ بوو، دەیانویست بە تۆبزی لێمانی بسەننەوە. تۆ دەبێ سبەینێ بەر لە ڕۆژاوا بیبەی بۆ (تینجویت) بیست کیلۆمەتر ڕێگە بۆ کەسێکی بە تاقەتی وەك تۆ چ نییە. پاشان دەگەڕێیتەوە سەر قوتابخانەکەی خۆت‌و دەست بە دەرس‌و دەوامی خۆت دەکەیەوە.)

لە پشت دیوارەکەوە دەنگی ئەسپەکە دەهات کە دەیپرماندو سمکۆڵانی دەکرد. دارۆ، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرێ، دنیا بەرە بەرە ساف دەبوو، ڕووناکی هەڵەتە بەفر گرتووەکە زیاتر دەبوو. دوای توانەوەی هەموو بەفرەکە، دیسان هەتاو دەست بەکار دەبووەوە، زەمینی دەسووتاند. ئاسمانی ساف جارێکی دی تیشکی گەرمی بێ بڕانەوەی خۆی بەسەر ئەو هەڵەت‌و دەشتە بەرینەدا دەڕشتەوە کە جێی بنیادەم نەبوو.

ڕوی کردە باڵدوچی‌و وتی: بەهەرحاڵ با واز لەم قسانە بێنین، ئەمە چیی کردووە؟ بەر لەوەی جەندرمەکە زار هەڵێنێ، پرسی:

– فەرەنسی دەزانێ؟

– نەخێر، تاقە وشەیەك نازانێ. مانگێك بوو بەدویدا دەگەڕاین، شاردبوویانەوە. پسمامی خۆی کوشتووە.

– دژی ئێمەیە؟

– باوەڕ ناکەم. بەڵام پیاو چوزانێ.

– بۆ کوشتوویەتی؟

– پێموایە، لە بەینی خۆیاندا شەڕیان بووە. وابزانم یەکێکیان گەنمی لە لای ئەوی تریان بووە. ئەوەی مەعلومە ئەوەیە کە کوڕە مامەکەی خۆی بە کێرد سەربڕیوە، وەك مەڕ گۆشاو گۆش سەری بڕیوە.

بە ئیشارەت، دەستی وەك چەقۆ بە ملی خۆیدا هێنا، کابرای عەرەب کە ئەمەی بینی، بە نیگەرانییەوە لێی ڕوانی. دارۆ، لە پڕ لە ناخی خۆیەوە ڕقی لە کابرا هەستا، ڕقی لە هەموو خەڵکانی بە کەرب‌و کین، ڕقی لە تینوانی خوێن ڕشتن هەستا.

دەنگی گیزە گیزی کتری سەر سۆپاکە دەهات، چای بۆ باڵدوچی تێکرد پاشان بۆ کابرای عەرەبیشی تێکرد، ئەمجارەش زۆر بە تامەزرۆیی خواردییەوە. عەرەبەکە دەستەکانی کێشمان داو یەخەی دیزداشەکەی کرایەوە. مامۆستا، سینەی رەق و تەق و پیاوانەی بینی.

باڵدوچی وتی: مەمنون کوڕم. ئێ، ئیدی من دەڕۆم.

هەستا، پەتێکی بچووکی لە بەرکی دەرێنا و بەرەو لای عەرەبەکە چوو.

دارۆ، بە ساردییەوە وتی: دەتەوێ چ بکەی؟

باڵدوچی، بە سەرسامی پەتەکەی نیشان دا.

– پێویست ناکا.

جەندرمە پیرەکە بە دوو دڵییەوە وتی: کەیفی خۆتە، خۆت دەیزانی، بێگومان چەکت هەیە!

– دەمانچەم هەیە.

– لە کوێیە ؟

– لە جانتاکەم دایە.

– دەبێ نزیکی قەرەوێڵەکەت بێ.

– بۆ؟ من ترسم لە خۆم نییە.

– **تۆ شێتی کوڕم. ئەگەر شۆڕش هەڵگیرسێ، ئیدی کەس لە خۆی ئەمین نابێ، من و تۆ نامێنێ.**

– بەرگری لە خۆم دەکەم، تا ئەوان دەگەنە ئێرە من فریای خۆم دەکەوم.

باڵدوچی، لە قاقای پێکەنینی دا. لە پڕ سمێڵی ددانە سپییەکانی داپۆشی.

– فریا دەکەوی؟ زۆر باشە. منیش دەمویست ئەمەت پێ بڵێم. تۆ هەمیشە هەر کەللە رەق بووی بۆیە تۆم خۆش دەوێ، لە کوڕەکەی من دەچی.

دەمانچەکەی دەرهێناو لەسەر مێزەکە داینا.

– بۆ خۆت. لێرەوە تا (العمور) دوو چەکم نەگەرەکە.

دەمانچەکە لەسەر مێزە ڕەشەکە دەبریقایەوە. کە پیرە جەندرمەکە رووی کردە ئەو، بۆنی چەرم و ئەسپ بە کەپووی مامۆستادا چوو.

دارۆ، لە نکاوڕا وتی: گوێ بگرە باڵدوچی، ئەم کارانە بێ تاقەتم دەکەن. بە تایبەتی ئەم یارۆیە. بەڵام تەسلیمی ناکەم ئەگەر شت بێتە سەر ڕاستی ئەوا شەڕیش دەکەم، بەڵام تەسلیمی ناکەم.

پیرە جەندرمەکە ڕووبەڕووی وەستاو بە تووڕەیی نیگای کرد،بە ئەسپایی وتی: خەریکە خۆت گەوج دەکەی. راستت دەوێ منیش ئەم کارەم پێخۆش نییە. بنیادەم پاش ساڵەهای ساڵ کە بە بەردەوامی پەت لە ملی مەحکومان دەکات، ئەوجا کە نۆرەش دێتە سەر مەحکومێکی تازە دەستی تێناچێ. مرۆڤ خەجاڵەت دەبێ، بەڵێ شەرمەزار دەبێ، بەڵام خۆ ناشکرێ ئەمانە هەروا بەرەڵڵا بکرێن.

دارۆ وتی: دەیسا من تەسلیمی ناکەم.

– جارێکی دی دووبارەی دەکەمەوە کە ئەمە فەرمانە کوڕی خۆم.

– زۆر چاکە، پێیان بڵێ کە دارۆ دەڵێ: تەسلیمی ناکەم.

باڵدوچی ویستی بیر بکاتەوە. روانییە کابرای عەرەب و ئەوجا دارۆ. ئەنجام بڕیاری خۆی دا.

– نه، هیچیان پێ ناڵێم. من هیچ ناڵێم. دەستوورم  پێ بوو که ئەم زیندانییه تەسلیم بکەم، منیش ئەو کاره دەکەم. تۆ تەنیا ئێره بۆ من ئیمزا بکەو تەواو.

– پێویست به ئیمزا ناکات. من حاشا ناکەم لەوەی که تۆ به دەستی منت سپاردووه.

– دەزانم حاشا ناکەی. تۆ خەڵکی ئەم ناوەیت و سەر راستی... بەڵام دەبێ ئەمەم بۆ ئیمزا بکەی. قانون وا دەخوازێ.

دارۆ، چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا، شووشەیەك مەرەکەبی وەنەوشەیی چکۆڵەی چوار گۆشەو قەڵەمێکی داری سووری سەر درشتی دەرهێنا، که بۆ نووسینەوەی سەر مەشقەکان بەکاری دەهێنا، ئیمزای بۆ کرد. جەندرمەکە، بەکاوەخۆ کاغەزەکەی قەدو نوشت کردو خستییه جزدانەکەیەوەو بەرەو دەرگا وەڕێکەوت.

دارۆ وتی: تا بەر دەرگا لەگەڵت دێم.

باڵدوچی وتی: نەخێر، پێویست ناکات وێڵ و ماریفەت بنوێنی، تۆ سوکایەتیت پێکردم.

روانییه کابرای عەرەب که بەبێ جووڵه له جێی خۆی دانیشتبوو. به کەسەرەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا، بەرەو دەرکه رۆیی و وتی: خوا حافیز کوڕم.

دەرگاکه له پشتییەوه داخرا. باڵدوچی له پڕ له بەردەم پەنجەرەکەدا به دیار کەوت و دیسان کەوته نەدیوی، بەفرەکه دەنگی پێیەکانی هەڵدەمژی. لەو دیو دیوارەکەوه ئەسپەکه تەکانی دا، چەند مریشکێك له ترساندا رەوینەوه. دوای تۆزێکی دی هەمدیس له پەنجەرەکەوه به دیار کەوتەوه. هەوساری ئەسپەکەی گرتبوو،و به دوی خۆیدا رای دەکێشا. بێئەوەی ئاوڕی پاشەوه بداتەوه بەرەو رێگا سەخت و دژوارەکه نشێو دەبووەوه. له پێشدا خۆی کەوته نەدیوی ئەوجا ئەسپەکه. دەنگی بەردێکی غلەوه بوو هاته گوێی. دارۆ گەڕایەوه بۆ لای زیندانییەکه، له جێی خۆی نەجولا بوو، بەڵام چاویشی له دارۆ نەدەگواستەوه. به عەرەبی وتی: سەبر بکه.

بەرەو ژووری نووستنەکەی چوو. بەڵام له نێو دەرگاکەدا بیری کردەوه، گەڕایەوه، دەمانچەکەی له چاوی مێزەکه دەرهێناو خستییه گیرفانییەوه. ئەوجا بێئەوەی ئاوڕی پاشەوه بداتەوه، بۆ ژوورەکەی خۆی چوو.

ماوەیەك لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشا، ڕوانییه ئاسمان، ئاسمان بەره بەره تاریکتر دەبوو. گوێی له بێدەنگییەکه گرت، هەمان ئەو بێدەنگییه بوو که له ڕۆژانی هەوەڵی جەنگدا ئازاری دەدا. داوای کردبوو له شارێکی بچووکی بناری هەڵەتەکاندا کارێکی پێ بسپێرن، ئەو هەڵەتانەی که بیابان و دەشتەکانی له زنجیره چیاکان جیادەکردەوه. لەوێدا، دیواری بەردینی سەوزباوی رەش له باکووردا هەبوو، دیواری قاوەیی و ئەرخەوانی له باشووردا هەبوو، ئەم دیواره سنووری هاوینێکی هەمیشەیی د یاری دەکرد. ئەوه بوو له بەشی باکووردا، رێك له ناوەندی هەڵەتەکەدا کارێکیان پێی دابوو. سەرەتا تەنیایی و گۆشەگیری ئەم دەڤەرەی لەبەر گران بوو، دانیشتوانی ئەم دەڤەره بەرد بوو. جار جار لێرەو لەوێ چاڵێك بەدی دەکرا له تۆ وایه بۆ کشتوکاڵ کێڵدراوه، کەچی پاشان دەردەکەوت که بۆ هەڵکەندنی بەردی بینا، کێڵراوه. لەم دەڤەرەدا تەنیا بۆ بەرد درووینەوه زەوی دەکێڵرا. دوور له بەردەکان توێژاڵه گڵێکی تەنك بەسەر چاڵەکانەوه دەبینرا، که دێهاتییەکان بۆ ناو باخچه بچووکەکانیان کۆیان دەکردەوه. وەزعی ئێره بەمجۆره بوو: سێ چارەکی دەڤەرەکه بەردو تاوێر بوو، شاریان لێ دروست دەکرد، گەشەیان دەکرد، ئەوجا نەدەمان. پیاوان پێیدا تێدەپەڕین، ئاشقێنییان دەکرد، شەڕیان دەکردو ئەوجا گیانیان له دەست دەدا. چ کەسێك لەم بیابانەدا، نه ئەو، نه میوانەکەی بایەخیان نەبوو. ئەوجاش دارۆ دەیزانی که هیچ کەسێك لەو دووه نەیدەتوانی له دەرێی ئەو بیابانەدا بەڕاستی بژی.

کاتێ هەستا، چ دەنگێك لە پۆلەکەوە نەدەهات. وەیزانی کابرای عەرەب هەڵاتووەو ئیدی پێویست بەوە ناکات بڕیار بدات، هەستی بە شادییەکی سەیر دەکرد. بەڵام زیندانییەکە لەوێ بوو، لە بەینی سۆپاکەو مێزەکەدا راکشا بوو، چاوانی بڕی بوونە بنمیچەکە. لەو حاڵەدا لێوە ئەستوورەکانی زەقتر دیار بوون‌و رقی مرۆڤیان هەڵدەستاند. دارۆ وتی: وەرە.

کابرای عەرەب هەر هەستاو شوێنی کەوت. چوونە ژووری نووستن، مامۆستا کورسییەکی نزیکی مێزەکەی بەر پەنجەرەکەی پێ نیشاندا. کابرای عەرەب بێئەوەی چاو لە دارۆ هەڵگرێ، لەسەری دانیشت.

– برسیتە؟

زیندانییەکە وتی: بەڵێ.

دارۆ مێزێکی دوو نەفەری رێك خست. ئاردو رۆنی هێنا، لە تاوەیەکدا کێکی دروست کرد. تەباخێکی غازی پێکرد. کێکەکەی خستە سەری‌و خۆی بۆ عەمارەکە چوو. پەنیرو هێلکە، خورماو شیری خاوی موعەلەبی هێنا. کە کێکەکە ئامادە بوو، و پێگەیی لەسەر رەفەی پەنجەرەکە داینا تا سارد ببێتەوە. تۆزێ شیری خەستی بە ئاو روون کردەوەو گەرمی کرد. هێلکەکانی تێك هەڵشڵەقاندو هێلکەو رۆنی دروست کرد. کە کاری دەکرد، دەستی بەر دەمانچەکەی بەرکی راستی کەوت. قاپەکەی لە زەوی دانا. چوو بۆ ژووری پۆلەکە. دەمانچەکەی خستە چاوی مێزەکەوەو هاتەوە بۆ ئەم ژوورە. تاریکی شەو دەستی پێکرد بوو. چرای هەڵکردو خواردنی بۆ کابرای عەرەب دانا، وتی: بخۆ.

کابرای عەرەب، پارچەیەك کێکی هەڵگرت. بە تامەزرۆییەوە بۆ دەمی برد، بەڵام راوەستا. پرسی: ئەی تۆ ناخۆی؟

– تۆ جارێ بخۆ، من دوایی دەخۆم.

لێوە ئەستوورەکانی تۆزێ کرانەوە. هەڵوەستەیەکی کرد، ئەوجا بێ چەندو چوون قەپی بە کێکەکەدا کرد. کە لە نان خواردن بووەوە، کابرای عەرەب روانییە مامۆستاو وتی: تۆ قازیت؟

– نەء ، من تەنیا تا سبەینێ رات دەگرم.

– ئەدی بۆچی لەگەڵ مندا نان دەخۆی؟

– چونکە برسیمە.

کابرای عەرەب بێدەنگ بوو. دارۆ هەستا، قەرەوێڵەیەکی سەفەری لە عەمارەکە هێناو لە نێوان مێزەکەو سۆپاکەدا چاکی کرد. بە جۆرێ داینا کە لەگەڵ قەرەوێڵەکەی خۆی گۆشەیەکی قائیمی دروست دەکرد. دوو پەتۆی لە جانتایەکی گەورەی سوچێکی ژوورەکە دەرهێناو لەسەر قەرەوێڵە سەفەرییەکە ڕای خستن. ئەوجا هەڵوەستەیەکی کرد. بیری کردەوە کە بۆچی ئەم کارانە دەکات. لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی دانیشت. چ کارێکی دی نەبوو تا بیکا، چ شتێکی دی نەبوو تا ئامادەی بکات. چاوانی بڕییە کابرا. دەیڕوانییە ئەوو هەوڵی دەدا دەموچاوی ئەو بە تووڕەیی بێنێتە بەرچاوی خۆی. بەڵام بێ سوود بوو. جگە لە دەمێکی چوون زاری حەیوان‌و چاوانی رەشی بریقەدار چ شتێکی دی نەدەدی. بە دەنگێکی دوژمنانەی ئەوتۆ کە کابرای عەرەبی سەرسام کرد.

پرسی: بۆ کوشتت؟

کابرای عەرەب رووی وەرگێڕا

– هەڵات‌و منیش دوای کەوتم.

دووبارە روانییە چاوانی کە لێوان لێوی پرسیاری خەم بزوێن بوون.

– چم لێدەکەن؟

– دەترسیت؟

راست دانیشتو رووی وەرگێڕا

– پەشیمانی؟

کابرای عەرەب بەزاری بەشەوە لێی روانی. پێدەچوو سەری لە قسەکانی ئەو دەرنەکردبێ. دارۆ زیاتر تووڕەبوو. وێڕای ئەوەی کە کەلەشی زەلامی بەزەحمەت لە نێو هەردوو قەرەوێڵەکەدا جێی دەبووەوە، هەستی بە ناڕەحەتیو نائەمنی دەکرد. بە ناڕەحەتییەوە وتی: لێرە بخەوە، ئەمە جێی تۆیە.

کابرای عەرەب لە جێی خۆی نەبزوت. رووی کردە دارۆ و وتی:

– دەمویست پرسیارێك بکەم ؟

مامۆستا لێی ڕوانی:

– سبەی جەندرمەکە دێتەوە؟

– نازانم.

– تۆ لەگەڵمدا دێی؟

– نازانم، بۆچی؟

زندانییەکە هەستا. لەسەر جێگەکەی خۆی ڕاکشا. لاقەکانی روو لە پەنجەرەکە بوون. تیشکی گڵۆپەکە راستەوخۆ لە چاوانی دەدا. ئەویش یەکسەر نوقاندی.

دارۆ لە کەنار قەرەوێڵەکەدا وەستاو دووبارە وتی: بۆچی؟

کابرای عەرەب چاوی لەبەر تیشکە توندەکەدا کردەوەو روانییە ئەو، هەوڵی دا چاو نەتروکێنێ، وتی: تۆش لەگەڵماندا وەرە. دارۆ، تا نیوە شەویش هەر خەو نەچوو بووە چاوانی. تەواو خۆی رووت کردبووەو لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشابوو، هەموو جار هەر بە رووتی دەنووست. کەچی وەختێ بیری لەوە کردەوە کە هیچی لەبەر نییە، دوچاری گومانو دوو دڵی بوو. هەستی بە نائەمنی کرد. کەوتە وەسوەسەی ئەوەی کە جل لەبەر بکات. ئەوجا شانەکانی هەڵتەکاند. ئاخر خۆ ئەو منداڵ نەبوو، ئەگەر کار بهاتبایەتە سەر ڕاستی دەیتوانی حەریفەکەی بکات بە دوو لەتەوە. لەسەر قەرەوێڵەکەیەوە چاوی بڕییە ئەو، کابرای عەرەب بە پشتا نووستبوو. چاوەکانی نوقاند بوونو جوڵەی لێوە نەدەهات. دارۆ، کاتێ کە گڵۆپەکەی تەمراند، چڕیی تاریکییەکە چەند بەرانبەر بوو. شەو بەرە بەرە لە نێو پەنجەرەکەوە کە ئاسمانی بێ ئەستێرە بە ئارامی لە بزاڤدا بوو، دووبارە گیانی وەبەرکەوتەوە. زۆری نەبرد، مامۆستا چاوی بە تاریکییەکە ڕاهاتو توانی کابرا عەرەبەکە لەسەر جێگایەکەی خۆی بنوێنێ. کابرای عەرەب دیسان بێ جووڵە بوو، بەڵام لەوە دەچوو چاوی کراوە بێ. کزە بایەك بە دەوری قوتابخانەکەدا هەڵیکرد. پێدەچوو هەورەکان ڕاماڵێو دووبارە هەتاو دەربکەوێ. بایەکە توندی کرد. مریشکەکان تۆزێ پەڕوباڵیان ڕاوەشاندو ئەوجا بێدەنگ بوون. کابرای عەرەب بە تەنیشتا تلی داو پشتی کەوتە دارۆ. ئەوجا دارۆ گوێی بۆ دەنگی هەناسەی میوانەکەی کە قووڵترو رێك تر دەبوو، هەڵخست، گوێی بۆ ئەو هەناسانە هەڵخست کە زۆر لێوەی نزیك بوون. ئەوجا بێئەوەی بتوانێ چاوان لێکبنێ لە فکرانڕا چوو. ئا لەم ژوورەدا کە ساڵێك بوو بە تەنیا لێی دەنووست، بوونی ئەم کابرا عەرەبەی لەبەر گران بوو. ئامادە بوونی ئەو، جۆرە برایەتییەکی بەسەردا دەسەپاند کە لەو وەزعو حاڵەدا پێی قبوڵ نەدەکرا. ئەو پیاوانەی کە پێکەوەو لە ژێر یەك بنمیچدا بەسەر دەبەن، سەربازان یان زیندنییان، بە هەموو ناکۆکییەکیانەوە، هەست بەجۆرە نزیکییەکی سەیر

دەکەن، هەموو شەوێ کە چەك و جلەکانیان دادەنەن، لە تۆ وایە لە هاوبەشی دێرینە خەون و ماندووبوندا دەبن بەیەك، بەڵام دارۆ، بەخۆیدا هاتەوە، لەم بیرانە بێزار بوو، پێویستی بە خەو بوو.

بەڵام دوای تۆزێك کە کابرای عەرەب کەمێك جووڵا، مامۆستا هێشتا نەخەوتبوو. کاتێ کە زیندانییەکە دووبارە جووڵا، ئەو گوێ قوڵاغ بوو، خۆی ئامادەکرد. کابرای عەرەب وەك یەکێك بەدەم خەوەوە بڕوات، تۆزێك لەسەر باسکەکانی بەرز بووەوە.

راست و قیت لەسەر قەرەوێڵەکە ڕۆنیشت. بێئەوەی روو بکاتە دارۆ، بێ جووڵە چاوەڕێی کرد. دەتوت بە وردی گوێی دەگرت. دارۆ لە جێی خۆی نەجووڵا. لە پڕ بیری کەوتەوە کە دەمانچەکەی هێشتا لە چاوی مێزەکەدایە. چاکتر وابوو یەکسەر دەست بەکار بێ. بەڵام هێشتا چاودێری زیندانییەکەی دەکرد کە بە هەمان رەفتاری ئارام پێیەکانی نایە سەر زەوییەکە. دیسان چاوەڕوانی کرد، ئەوجا هێدی هێدی بە پێوە وەستا. دارۆ دەیویست بانگی بکات. بەڵام ئەو زۆر ئاسایی و بە بێدەنگی دەستی بە رۆیشتن کرد. بەرەو ئەو دەرگەیە دەچوو کە لەوسەری ژوورەکە بوو، بەسەر کەپرو عەمارەکەدا دەکرایەوە. زۆر بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوە، وەدەرکەوت و دەرگاکەی پاڵنا بێئەوەی دای بخات.

دارۆ نەجووڵا، بیری کردەوە: "هەڵدێ. زۆر چاکە. سەرم رەحەت دەبێ!" لەگەڵ ئەمەشدا، بەوردی گوێی دەگرت. مریشکەکان نەیان قریشکاند. دیارە گەییوەتە هەڵەتەکە. دەنگی شوڕە شوڕی ئاوی هاتە گوێ، هێشتا نەیدەزانی چ دەکات کە کابرای عەرەبی لە نێو ئاستانەی دەرگاکەدا بینی. دەرگاکەی بە ئەسپایی داخست و بە بێدەنگی بەرەو قەرەوێڵەکەی هات. ئەوجا دارۆ، پشتی تێکردو خەوت.

لە غوڕابی خەودا بوو کە وای هەست دەکرد لە دەوروبەری قوتابخانەکەدا دەنگی دزە هەنگاوان، دەنگی پێدزکە دەژنەوێ.

لە دڵی خۆیدا وتی: (چ نییە خەون دەبینم خەون!) هێشتاش هەر لە خەودا بوو.

کاتێ بێدار بووەوە، ئاسمان ساف بوو، هەوایەکی پاك و فێنك لە پەنجەرەکەوە وەژووردەکەوت، کابرای عەرەب لە ژێر نوێنەکاندا خۆی گرمۆڵە کردبوو. زاری بەش کردبووەوە و بەو پەڕی ئاسودەیی خەوت بوو. بەڵام کە دارۆ ڕای تەکاند، بە ترسەوە لە خەو ڕاچڵەکی و بە چاوانی پڕ نیگەرانییەوە لە دارۆ ڕاما. دەتوت یەکەمجارە ئەو دەیبینێ. ترسێکی وەها لە سیمایدا بەدی دەکرا کە دارۆ پاشەو پاش کشایەوە.

– مەترسە. منم. وەختی تاشتە.

کابرای عەرەب سەری لەقاندو وتی: باشە. سیمای ئارام بووەوە، بەڵام نیگای هەر نیگەران بوو.

قاوە ئامادەبوو. هەردووکیان لەسەر قەرەوێڵە سەفەرییەکە دانیشتن و قاوەو کێکیان دەخوارد. ئەوجا دارۆ کابرای عەرەبی بۆ ژێر کەپرێك برد، دەست شۆرێکی نیشان دا تا دەستەکانی بشوات.

گەڕایەوە ژوورەکە. نوێنەکان و قەرەوێڵە سەفەرەییەکەی هەڵگرت. قەرەوێڵەکەی خۆی چاك کردو ژوورەکەی کۆکردەوە.. ئەوجا بەنێو پۆلەکەدا چوو بۆ بەر هەیوانەکە. هەتاو بە بەرۆکی ئاسمانی شینەوە، روناکییەکی هێدی و درەخشانی بەو هەڵەت و بانە چۆڵەدا پەخش دەکرد. بەفرەکە، لەسەر بەرزاییەکان و لێرەو لەوێ دەتوایەوەو بەردەکان بەرە بەرە بەدیار دەکەوتن.

مامۆستا لەبەر هەیوانەکەدا وەستابوو، باڵدوچی بیر کەوتەوە، خراپ رەنجاند بووی، بەجۆرێ وەدەری نا وەك بڵێی نەیەوێ جارێکی دی پێوەندی لەگەڵیدا هەبێ. دوعا خوازی جەندرمەکە، هێشتا لە گوێیدا دەنگی دەدایەوەو بێئەوەی هۆیەکەی بزانێ هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد. لەم کاتەدا زیندانییەکە لەو سەری

قوتابخانەکەوە کۆکی. دارۆ، بێئەوەی بیەوێ گوێی بۆ دەنگی ئەو ڕادێرا، ئەوجا بە تووڕەیی بەردێکی هاویشت. بەردەکە بەگڤە گڤ لە بەفرەکە ڕۆچوو. تاوانی گەوجانەی کابرا ئەوی بێ تاقەت کرد بوو. بەڵام تەسلیم کردنی کارێکی ئابڕوومەندانە نەبوو. تەنانەت بیرکردنەوەش لەم کارە، هەستی سووك بوونی لەلای دروست دەکرد. لە هەمان کاتدا کە لە دڵی خۆیدا جوێنی بەوانە دەدا کە کابرای عەرەبیان بۆ لای ئەو ناردبوو، جوێنی بە کابرای عەرەبیش دەدا کە پیاوی کوشتبوو، رای نەکردبوو. دارۆ هەستا. بە دەوری هەیوانەکەدا سووڕایەوە. هەڵوەستەیەکی کردو ئەوجا بۆ ناو قوتابخانەکە گەڕایەوە.

کابرای عەرەب لای کەپرەکە دانەوی بووەوەو بە دوو قامکان ددانەکانی دەشت، دارۆ لێی روانی و وتی: وەرە.

ئەوجا لە پێش کابرای عەرەبدا چوو بۆ ژوورەوە. لەسەر چاکەتەکەی خۆیەوە چاکەتێکی ڕاوی لەبەر کرد، پێڵاوی جەوەڵی لەپێ کرد.

ئەوجا وەستاو چاوەڕوانی کرد تا کابرای عەرەب چەفییەکەی‌و نەعلەکانی لەپێ بکات. چوونە ژووری پۆلەکەوە. مامۆستا ئاماژەی بۆ دەرگەی دەرەوە کرد وتی:

– بڕۆ.

کابرای عەرەب نەجووڵا. دارۆ وتی: منیش دێم.

کابرای عەرەب وەدەرکەوت. دارۆ، گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی، کیسەیەکی پڕ کرد لە نان‌و خورماو شەکر. بەر لەوەی بڕوات تۆزێك لەبەردەم مێزەکەیدا وەستا. ئەوجا لە دەرگەوە وەدەرکەوت‌و قفڵی دا. وتی: رێگەکە لێرەوەیە.

رێگەی خۆرهەڵاتی گرتەبەر وکابرای عەرەبیش شوێنی کەوت..

بەڵام کە تۆزێ لە قوتابخانەکە دوورکەوتنەوە، وای هەست کرد گوێی لە دەنگێکی سووك بوو. وەستا. روانییە دەوروبەری قوتابخانەکە، چ کەسێکی لەوناوە نەبینی، کابرای عەرەب کە دیار بوو، هیچ حاڵی نەبوو بوو، لەوی دەڕوانی. دارۆ وتی: رێکە!

سەعاتێکی تەواو رێیان کردو ئەوجا لە پاڵ بەرزاییەکی قسڵدا لایان دا. بەفران خێراتر دەتوانەوەو هەتاو دەم‌و دەست ئاوی چاڵ‌و گۆلەکانی دەخواردەوە.

ئەو دەشت‌و هەڵەت‌و بانەی کە بەلەز وشك دەبووەوەو، وەك هەوا دەلەرییەوە. کە دووبارە کەوتنەوە ڕێ، دەنگی پێیان دەنگی دەدایەوە. جارجارە باڵندەیەك لەبن پێیان هەڵدەفڕی‌و بە دەنگێکی خۆش، ئەو بێدەنگییەی دەشڵەقاند. دارۆ، پڕ بەسییەکانی هەوای تازەی بەیانی هەڵدەمژی. بە دیتنی ئەو دەشت‌و هەڵەتە بێ سنوورە، کە ئێستە لە سای ئاسمانی شیندا، سەرانسەر زەرد بوو، حاڵی لێدەهات. ئەوجا رووەو باشوور بە هەورازەکەدا هەڵگەڕان‌و یەك سەعاتی دی رێیان کرد. گەیینە شوێنێکی بەرزی هەموار کە بەردەکانی لە حاڵی کەوتن‌و هەرەسدا بوون. لەوێ بەو لاوە ئیدی نشێوی دەستی پێدەکردو لەلای رۆژهەڵاتەوە دەگەییە دەشتێکی نزم کە چەند درەختێکی باریکی لێ روابوو. لەلای باشوورەوە بە چەند چینە تاوێرێك کۆتایی دەهات کە دیمەنێکی تێکەڵ‌و پێکەڵی بەو دەڤەرە دەدا. دارۆ، بە هەردوولادا هەڵیڕوانی. تا چاو بڕی دەکرد ئاسمانی بێ کۆتایی بوو. تاقە بەنی بەشەرێك بەرچاو نەدەکەوت. دارۆ، ئاوڕی لە کابرای عەرەب دایەوە کە سەرسام لەوی دەڕوانی. پریاسکەکەی بۆ درێژ کردو وتی: بیگرە، ئەمە خورماو نان‌و شەکرە. بەشی دوو رۆژان دەکات.

ئەمەش هەزار فرانك بۆ خۆت.

کابرای عەرەب پریاسکەکەی وەرگرت. هەردووك دەستی بەسنگییەوە قرساند بوو. دەتوت نەیدەزانی چییان لێبکات. مامۆستا ئاماژەی بۆ رۆژهەڵات کردو وتی: سەیرکە، ئەم رێیە دەچێت بۆ تنجویت. دوو سەعات دەبێ. ئەوجا دەگەیە مەخفەری پۆلیسی تنجویت، لەوێ چاوەڕانت دەکەن.

کابرای عەرەب کە هێشتا پریاسکەو پارەکەی بەسنگییەوە قرساند بوو، بەرەو رۆژهەڵات هەڵیڕوانی. ئەوجا دارۆ قۆڵی گرت و هەندێ بە توندی بەرەو باشوور وەری چرخاند. کوێرە رێیەك بە داوێنی ئەو بەرزاییەوە کە لێی وەستا بوون، دەبینرا: ئەمەش رێیەکە بە هەڵەت و دەشتەکەدا تێدەپەڕێ. لێرەوە بە رۆژێك دەگەیە ماڵە مەڕدارەکان. جا ئەوانە بەپێی داب و نەریتی خۆیان جێت دەکەنەوەو پەنات دەدەت.

کابرای عەرەب کە بۆ لای دارۆ گەڕابووەوە، ترسێکی سەیر نیشتبووە سیمای. وتی: گوێ بگرە.

دارۆ، سەرێکی لەقاندو وتی: نا، قسە مەکە، من ئیدی دەگەڕێمەوە. پشتی کردە ئەوو دوو هەنگاوی هەڕاوی بەرەو قوتابخانەکە هەڵنا. ئەوجا بەپەلە تەمەشایەکی کابرای عەرەبی کرد کە ڕەق ڕاوەستا بوو. دیسان کەوتەوە رێ. بۆ چەند چرکەیەك جگە لە دەنگدانەوەی دەنگی هەنگاوەکانی خۆی چ شتێکی نەژنەوت و ئاوڕی نەدایەوە. بەڵام دوای تۆزێك گەڕایەوە. کابرای عەرەب هێشتا هەر لە جێی خۆی وەستا بوو. دەستی هێنابوونە خوارەوەو لە مامۆستای دەڕوانی. دارۆ هەستی کرد شتێك ئەوکی گرتووە. بەڵام کە لە هەموو شتێك بێزار بوو بوو، دەستەکانی هەڵتەکاندو دووبارە کەوتەوە ڕێ. ماوەیەك رۆیی، دیسان وەستا وڕوانی. کابرای عەرەب دیار نەبوو.

دارۆ، گومانی پەیدا کرد. هەتاو گەیبووە ناوەندی ئاسمان و رێك لە سەری ئەوی دەدا. مامۆستا لە پێشدا بەنا بە دڵی و پاشان بە دڵنیایەوە گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی کابرای عەرەبی لێ بەجێ هێشت. وەختێ گەییە لای بەرزاییەکە ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشابوو. بەپەلە بە بەرزاییەکەدا هەڵگەڕا، کە گەییە ترۆپکی بەرزاییەکە هەر ئەوەتا هەناسەی پێ دەدرا. تاوێرە بەرزەکانی باشوور چووبوون بە ئاسمانا، بەڵام لە هەڵەت و دەشتەکەی رۆژهەڵاتەوە، هەڵمی گەرما بە حەوادا دەچوو. دارۆ، لە نێو تەنکە تەمەکەوە بە دڵێکی غەمگینەوە دەیڕوانیە کابرای عەرەب کە رێگەی زندانی گرتبووە بەر.

مامۆستا. دوای تۆزێك، لەبەر پەنجەرەی پۆلەکە وەستابوو، لەو رووناکییە بێگەردەی دەڕوانی کە سەرانسەری دەشت و هەڵەتەکەی بەبێ جیاوازی لە ئامێز گرتبوو. بەڵام چ شتێکی نەدەدی. تۆزێ لەوە پێش، لە پشتییەوەو،لە بەینی روبارە پێچاو پێچەکانی فەرەنسادا رستەیەکی خوێندبووەوە کە بە خەتێکی ناڕێك و پێك و بەپەلە بە دەباشیر لەسەر تەختە رەشەکەیان نووسی بوو: "براکەمانت ڕادەستکرد کرد، بەسەرتەوە ناچێت".

روانییە ئاسمان، روانییە دەشت و هەڵتەکەو ئەولاتر کە تا کەناری دەریا دەکشا. ئا لەم وڵاتە بەرینەدا، لەم دەڤەرەدا کە زۆری خۆش دەویست، تەنیای تەنیا بوو.

سەرچاوە:

*- الغریب و قصص اخری/ البیرکامو

ترجمه: عایده مگرجی ادریس /دار الاداب گ٢ ١٩٧٩

ص ٦٧-٨٣

*- داستان ونقد داستان/جلد نخست/چاپ سوم:١٣٧٥/ انتشارات نگاه

گزیدەو ترجمه : احمد گلشیری

ئەلبێر کامۆ (١٩١٣- ١٩٦٠): رۆژنامەنووس و رۆماننووس و چیرۆکنووس و فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، لە جەزایر لە دایك بووە، لە ژیاندا زۆر کارو پیشەو وئایدۆلۆژیاو فیکر و باوەڕانی جەڕباندووەو هەموو ئەمانە بوون بە هەوێن و ماکی وتارو بەرهەمە ئەدەبی و دیدوبۆچوونە سیاسییەکانی. لە ساڵی ١٩٥٧دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرتووە.بەرهەمی زۆرن، بەندە هەندێکم لێکردوون بە کوردی و چاپ و بڵاوم کردوونەتەوە لەوانە: نامۆ (بە چوار چاپ)، بەدحاڵی بوون، دادپەروەران و ئەم میوانەی کە حاڵی حازر لە بەردەستی تۆی خوێنەری بەرێزدایە..

## پیرەمێری سەر پردەکە

ن: هەمینگوای

پیرەمێردێکی جلو بەرگ تۆزاوی کە چاویلکەیەکی چارچێوە فلزی لە چاودا بوو، لە کەناری جادەکەدا دانیشتبوو. پردێکی تەختە لەسەر رووبارەکە دروست کرابوو، گالیسکەو لۆری وپیاوان، ژنانو منداڵان بەسەریدا دەپەڕینەوە. گالیسکەکان کە قاتریان لێ بەسترابوو، بە قورسیو تەمەڵی بە هەورازی کەنارەکەدا هەڵدەگەڕان، سەربازەکان پەڕەی پێچکەکانیان دەگرتو بۆ پێشەوەیان پاڵ دەدا. ئوتومبیلەکان بە زەحمەت بە هەورازەکەدا سەردەکەوتنو دوور دەکەوتنەوە، هەمووان پردەکەیان دەبڕیو دەڕۆیشتن، ئەو گوندییانەی کە تا گوزینگی پێیان لەگڵ رۆدەچوو، بە قورسی هەنگاویان دەنا. بەڵام پیرەمێردەکە لە هەمان شوێن داو بەبێ جوڵەدانیشتبوو، هێندە شەکەت بوو کە نەیدەتوانی تاقە هەنگاوێك بنێ.

من راسپێردرابووم کە بە پردەکەدا بپەڕمەوەو تەماشای ئەو سەری پردەکە بکەمو بزانم کە دژمن تاکوێندەر پێشڕەوی کردووە.

کە کارەکەم تەواو بوو بەسەر پردەکەدا گەڕامەوە. گالیسکەکان کەم بوو بوونەوەو چەند کەسێك مابوونەوەو بەپێیان دەپەڕینەوە. لێ پیرەمێردەکە هێشتاهەر لەوێندەر بوو.

لێم پرسی: "کوێندەریت؟"

گوتی: "سان کارلوس." و زەردەخەنەیەکی کرد.

سان کارلوس شاری ئابادو ئەژدادی بوو، هەر بۆیەش کەیفی بە ناوەکەی هاتو بزە کەوتە سەر لێوی.

پاشان گوتی: "ئاگاداری حەیواناتم دەکرد."

من کە بە جوانی لێی حاڵی نەبووم گوتم: "ئاوها."

گوتی: "بەڵێ، دەزانی، من بۆیە مامەوە تا ئاگاداری حەیوانەکان بکەم. من دواکەس بووم کە لە سان کارلوس وەدەرکەوتم."

رواڵەتی لە شوانو مەڕداران نەدەچوو. روانیمە جلە تاریكو تۆزاوییەکەیو سیمای گەر دڵی نیشتوو عەینەکە چوارچێوە فلزییەکەیو گوتم: "حەیوانەکانت چی بوون؟"

بە نائومێدییەوە سەری لە قاندو گوتی: "هەمە جۆر بوون. ناچار بووم بە جێیان بهێڵم." من تەمەشای پردەکەم دەکردو دەم روانییە ئاسمانی دەلتای ئەیبرۆ "Ebro" کە ئەفریقیای وەبیر مرۆڤ دێناوەو لە بیری ئەوەدا بووم کەنگێ چاومان بە دژمن بکەوێ. هەمیشە گوێم هەڵخستبوو کە یەکەمین هەراو هەنگامەی پێکادانی ئەم شەڕە نادیارو بەتەمتومانە بژنەوم، پیرەمێردەکە هێشتا لەوێندەر دانیشتبوو.

پرسیمەوە: "گوتت حەیوانەکانت چی بوون؟"

گوتی: "سێ جۆرە حەیوان بوون. دوو بزن، پشیلەیەكو چوار جووت کۆتر."

پرسیم: "ناچار بوویت بە جێیان بێڵی ها؟"

– "بەڵێ، لە ترسی تۆپباران. ئەفسەرەکە پێی گوتم کە لە بوردی تۆپەکان دوور بکەومەوە."

پرسیم: "خۆ ژنو منداڵت نین؟"و دەمڕوانییە ئەو سەری پردەکە کە چەند گالیسکەیەك بەلەز بەنشێوی کەنارەکەدا دادەگەڕان.

گوتی: " تەنێ ئەو حەیوانانە بوون کە گوتم. هەڵبەتە پشیلەکە هیچی بەسەر نایەت. پشیلان دەتوانن خۆیان رزگار بکەن، لێ نازانم ئەوانی دی چییان بەسەر دێ؟"

پرسیم: "تۆ لایەنگری کێی؟" گوتی: "من عەقڵم سیاسەت نابڕێ. تەمەنم هەفتاو شەشساڵە. دوانزە کیلۆمەتران بە پێیان هاتووم، پێموانییە بتوانم لەوەی زیاتر بڕۆم."

گوتم: " ئێرە شوێنێکی ئەمین نییە. ئەگەر حەزت لێ بێو بتوانی، ئوتومبیلەکانو لەو جادەیەدان کە لە "تورتوسا"وە رەت دەبێ.

گوتی: " ماوەیەکی دیکەش دەمێنم. پاشان دەکەومە ڕێ. ئوتومبیلەکان بۆ کوێ دەڕۆن؟"

پێم گوت: " بۆ بارسەلونە ".

گوتی: "من لەو ناوە کەس ناناسم ،بەڵام مەمنونی لوتفی ئێوەم، گەلەك مەمنونم."

نیگای ماندوو پوچەڵی تێ بڕیمو ئەوجا وەکو کەسێك بیەوێ خەمی خۆی دەگەڵ کەسێکی دیدا دابەشبکات گوتی: "پشیلەکە هیچی بەسەر نایەت، دڵنیام. ئیدی بۆچی خەمی بخۆمو نیگەرانی بم، بەڵام ئەوانی دی چییان بەسەر دێت؟"

" هەڵبەتە بۆ خۆیان رێگە دەدۆزنەوە، نەجاتیان دەبێ."

"تۆ پێت وایە؟"

گوتم: "هەڵبەتە."و دەمڕوانییە کەنارە دوورەکە کە نها هیچ گالیسکەیەکی پێوە نەبوو.

" باشە لە ژێر تۆپباراندا چ دەکەن؟ ئەدی هەر لە ترسی ئەو تۆپانە نەبوو کە بە منیان گوت لەوێندەر نەمێنم."

گوتم: "دەرگای قەفەزی کۆترەکانت کردبوەوە؟"

- "بەڵێ."
- "کەواتە دەفڕن".

گوتی: بەڵێ. هەڵبەتە دەفڕن. ئەدی ئەوانی دی؟ باشتر وایە پیاو هەر بیریان لێنەکاتەوە."

گوتم: "ئەگەر ماندویەتیت حەساوەتەوە، با من بڕۆم." پاشان بەسوربونەوە گوتم: "دەی هەستەو هەوڵ بدە بڕۆیت."

گوتی: "مەمنوون."

هەستا، لارە لاری پێکەوت، بە پشتا شکایەوەو لە نێو گڵەکەدا دانیشت.

لە ژێر لێوانەوە گوتی: "من تەنیا ئاگاداری حەیوانەکانم دەکرد."

لێ قسەکانی دیکەی لەگەڵ من نەبوو. و دیسان دووبارەی کردەوە: "من تەنیا لای حەیوانەکان بووم."

ئیدی چ کارێك نەدەکرا. یەك شەممەی جەژنی پاك بووفاشییەکان بەرەو ئەیبرو هێرشیان دێنا. هەورێن تاری بەری ئاسمانی گرتبوو، و فڕۆکەکانیان نەیاندەتوانی هەستن.

ئەم مەسەلەیەو ئەوەی کە پشیلەکان دەیانزانی چۆن ئاگایان لە خۆبێ، تاقە دڵخۆشی پیرەمێردەکە بوون..

سەرچاوە:

داستان و نقد داستان/ جلد نخست/ چاپ سوم:١٣٧٥/ انتشارات نگاه

گزیدەو ترجمە: احمد گلشیری

ئەرنست هەمینگوای(١٨٩٩-١٩٦١): نووسەرێکی گەورەی ئەمریکاییە، لە نزیکەوەو بە عەمەلی بەشداری جەنگی جیهانی یەکەم وشەڕەکانی ئەسپانیای کردووە و لە ئەنجامدا خۆی کوشتووە،لە ساڵی ١٩٥٤دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرتووە. بەرهەمی زۆرن لەوانە: پیرەمێر ودەریا، بەفرێن کلیمانجارۆ، زەنگان بۆ کێ لێدەدرێن؟ ماڵاوایی لە چەك و..

# دیوا ر

ن: جان پۆل سارتەر

دەڵەکیان داینە ناو ژوورێکی ساردی سپییەوە. تیشکی رووناکی لەچاوی دابووم و رێشکەوپێشکەی دەکرد. ئەوجا مێزێکم بینی کە چوار کەسی لە پشتەوە بوو، ئەمانە جلکی مەدەنیان لەبەر بوو و هەندێ کاغەزیان تەمەشا دەکرد. زندانیانی دیکەیان لە بنی ژوورەکەدا کۆکردبووەوە، ئێمە دەبوایە سەرانسەری ژوورەکە تەی بکەین تا بگەینە لای ئەوان. زۆریانم دەناسی بەڵام هەندێکی تریان غەریب بوون. دوو نەفەریان کە لە بەردەمی مندا بوون، مووزەرد و کەللەخڕ بوون، لێکدی دەچوون: بەمەزەندەی من فەرەنساوی بوون. بچووکەکەیان لێکدا لێکدا پانتۆڵەکەی هەڵدەکێشا: تووڕە بوو.

نزیکەی سێ سەعاتان بوری، من گێژ و وڕ بوو بووم و سەرم خاڵی بوو، لێ ژوورەکە تەواو گەرم بوو و من گەرمییەکەیم لە گیان خۆش بوو چونکە ٢٤سەعاتی بەردەوام بوو کە هەڵدەلەرزیم. پاسەوانەکان، حەپسەکانیان یەك بە یەك دێنایە بەر مێزەکە. ئەو چوار نەفەرەی پشت مێزەکە ناوو کاریان دەپرسین. بە زۆری یا هیچی تریان لێیان نەدەپرسی، یا بۆ نموونە ئەم جۆرە شتانەیان دەپرسی: " تۆ لە خراپکارییەکەی جبەخانەکەدا بەشداریت کردووە؟" یا "رۆژی نۆیەم بەیانییەکەی لەکوێ بوویت و چیت دەکرد؟" گوێیان بە وەڵامەکان نەدەدا یا وایان دەنواند کە گوێ نادەن. تۆزێك بێدەنگ دەبوون و ڕاست دەیانڕوانیە بەردەم خۆیان، ئەوجا دەستیان بە نووسین دەکرد. لە (توم)یان پرسی ئایا ڕاستە کە لە تابوری نێو نەتەوەییدا خزمەتی کردووە، تۆم نەیدەتوانی نکۆڵی

بکات، چونکە هەندێ کاغەزیان لە گیرفانی گرتبوو. هیچیان لە جون نەپرسی، بەڵام هەر کە ناوی گوت، ماوەیەکی زۆر خەریکی نووسین بوون. جۆن گوتی: (جوزیەی برام بابایەکی شۆڕشخوازەو بەخۆتان لە من باشتر دەزانن کە لێرە نییە، من لە هیچ حزبێکدا نیم، من هەرگیز خۆم لە قەرەی سیاسەت نەداوە.) ئەوان وەڵامیان نەدایەوە. جون دیسان گوتی: "من هیچم نەکردووە. من نامەوێ باجی خەڵکانی دیکە بدەم."

لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد. پاسەوانێك بێدەنگی کرد و بردی. نۆرە هاتە سەر من:

– ناوت پابلو ئابییتایە؟

گوتم: بەڵێ

کابرا سەیری کاغەزەکانی کرد و گوتی:

– رامونگری لەکوێیە؟

– نازانم

– تۆ لە رۆژانی ٦ تا نۆزدەی مانگ ئەوت لەماڵی خۆتاندا شاردۆتەوە؟

– نەء.

بۆ چەند ساتێك مژولی نووسین بوون و پاسەوانەکان کردیانمە دەرەوە. تۆم و جون لە داڵانەکەدا لەنێوان دوو پاسەواندا چاوەنواڕ بوون. هەرکە جولاین تۆم لە یەکێك لە پاسەوانەکانی پرسی:

"باشە، دوای ئەمە؟"

پاسەوانەکە وەڵامی دایەوە:

– چی دوای ئەمە؟

– باشە ئەمە لێ پێچینەوە بوو یان دادگایی؟

پاسەوانەکە گوتی:

– ئەمە دادگایی بوو.

– باشە چی لە ئێمە دەکەن؟

پاسەوانەکە بەساردی وەڵامی دایەوە:

– لە زینداندا ڕای دادگاتان پێ ڕادەگەیەنن.

ئەو زیندانەی کە بۆ ئێمە تەرخان کرابوو یەکێك بوو لە ژێرزەمینەکانی خەستەخانە. دنیا زۆر سارد بوو.. بە درێژایی شەو هەڵ لەرزی بووین و بە رۆژیش وەزعمان باشتر نەبووبوو. من پێنج رۆژی پێشووم لە دەخمەی سەرای ئارشوك بەسەر بردبوو، ئەم بینایە جۆرە قەڵایەکی پشتگوێ خرابوو کە لە سەدەکانی ناڤینەوە مابووەوە: چونکە ژمارەی زندانیان زۆر و جێگە کەم بوو، هەر شوێنێکیان دەستکەوتبووایە زیندانییەکانیان تێدەپەستا. من لە زیندانەکەی خۆم ڕازی بووم: سەرما ئەزیەتی نەدەدام بەڵام تەنیا بووم، تەنیایی قەڵسی دەکردم. لە سەردابەکەدا هاودەمم هەبوو، جون هیچی نەدەگوت: چونکە دەترسا. ئەمە جگە لەوەی کە لەوە گەنجتر بوو بتوانێ ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕێ: بەڵام تۆم چەنەباز بوو و زمانی ئەسپانی زۆر چاك دەزانی.

کەرەویتەیەك و چوار گونییە کا لە سەردابەکەدا بوو. کە ئێمەیان گەڕاندەوە، دانیشتین و بەبێ دەنگی کەوتینە چاوەڕوانی. دوای تۆزێك تۆم گوتی:

– "حیسابمان رۆییوە.

گوتم: منیش پێموایە، بەڵام بەڕای من هەقیان بەسەر ئەم لاوەوە نابێ.

تۆم گوتی: چونکە براکەی شۆڕشخوازە ناتوانن سەرنگومی بکەن."
نیگایەکی جونم کرد: پێدەچوو گوێ لە ئێمە نەگرێ. تۆم گوتی: "دەزانی لە ساراکوس چ دەکەن؟ خەڵکی لەسەر جادە پاڵدەخەن و بە ئوتومبێلی باری بەسەریاندا ڕەت دەبن، کابرایەکی مەراکشی هەڵاتوو بۆی گێڕاینەوە. دەڵێن لەبەر تەقەشوق تەقەمەنییە."
گوتم: "ئەدی تەقەشوق بەنزین نییە."
من لە تۆم دڵگیر بووم: نەدەبوو ئەم قسەیە بکات. دووبارە گوتی: "ئەفسەرانێك دەست لە گیرفان و بەدەم جگەرەکێشانەوە لە جادەکاندا بۆ گرتنی خەڵکی دەگەڕێن. تۆ باوەڕ دەکەی کە نیوە گیانانش دەکوژن؟ بژنەف و باوەڕ مەکە. ئەوانە بە دەقی خۆوە بەجێدێڵن تا بەدەم هاواری ئازارەوە بتلێنەوە. هەندێ جار یەك سەعاتی تەواو درێژە دەکێشێت. کابرای مەراکشی دەیگوت: کە یەکەمجار ئەم دیمەنەم بینی خەریك بوو بڕشێمەوە.
گوتم: "ئەگەر بەڕاستی فیشەکیان لەکەمی نەدابێ، باوەڕ ناکەم کە ئەم کارە لێرەش بکەن."
روناکی رۆژ لە چوار کلاو رۆژنەو دەلاقەیەکی بازنەیی لای چەپی بن میچەکەوە کە لەوێندەرەوە ئاسمان دەبینرا، دەهاتە ژوورێ. لەم دەلاقە بازنەییەوە بوو کە زوخاڵیان دەڕشتە ژێر زەمینەکەوەو سەرەکەیان دەنایەوە. رێك لەژێر دەلاقەکەدا یەك دنیا خاك و خۆڵی زوخاڵ کەڵەکە بوو بوو کە جاران بۆ خەستەخانەکە بەکار دەهێنرا، بەڵام لە سەرەتای جەنگەوە ئیدی نەخۆشەکانیان دەرکردبوو و ئەو زوخاڵە بێ کەڵکە لەوێندەر مابوونەوەو هەندێ جار باران لێی دەدا، چونکە بیریان چووبوو کە سەری دەلاقەکە بنەنەوە. تۆم کەوتە لەرزین و گوتی:
"ئۆف دیسان دەستی پێکردەوە. دەلەرزم". هەستاو کەوتە سووکە وەرزش. لەگەڵ هەر جوڵەیەکدا یەخەی کراسەکەی لەسەر سینگە سپی و توکنەکەی دەکرایەوە. بەپشتا ڕاکشاو لاقەکانی لە شێوەی قەیچی دا بەرز کردەوە: سمتە قەڵەوەکانیم دەبینی کە دەلەرزی. تۆم کەسێکی تۆکمە بوو، بەڵام بەزی زۆر بوو. من لای خۆمەوە وام هەست دەکرد کە گوللەی تفەنگ یان سەرەنێزە بەو زووانە ئەم خەرمانە نەرمە گۆشتە دەبڕێ و وەکو قاڵبە کەرە شەقی دەکات. ئەگەر لە ڕو لاواز بووایە ئەو هەستەی لا دروست نەدەکردم.
ئەوی ڕاستی بێ من سەرمام نەبوو، بەڵام هەستم بە شان و بازووەکانم نەدەکرد. هەندێجار وام دەهاتە بەرچاو کە شتێکم گوم کردووە، دەوروبەری خۆم بۆ پاڵتۆکەم دەگەڕام و پاشان لە پڕ بیرم دەکردەوە کە پاڵتۆیان بەمن نەدابوو. ئەم هەستە بەسوێ بوو. جلەکانی ئێمەیان بە سەربازەکانی خۆیان دابوو و تەنیا کراسمان لەبەردا بوو، ئەویش ئەو دیزداشە کەتانانەی کە نەخۆشان لە چلەی تاوساندا لەبەری دەکەن. دوای تۆزێك تۆم هەستاو بە هانکە هانك لە پاڵ مندا ڕۆنیشت.
– گەرمت بووەوە؟
– نە، تەنیا هەناسەبڕکێم پێکەوت.
دەوروبەری سەعات هەشتی شەو ئەفسەرێك لەگەڵ دوو سەربازی فاشیستدا وەژوور کەوت، پەڕە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو. لە پاسەوانەکەی پرسی:
– ناوی ئەم سێ نەفەرە چییە؟
پاسەوانەکە گوتی: شتین بوك، ئابییتاو میربال.
ئەفسەرەکە عەینەکەکەی لەچاو کرد و روانییە کاغەزەکەی خۆی.
–شتین بوك... شتین بوك... تۆ مەحکوم بەمەرگی سبەی بەیانی تیرباران دەکرێی.
نیگایەکی دیکەی کردەوەو گوتی:

– ئەو دووانەی دیکەش هەروان

جون گوتی: مەحاڵە من نیم.

ئەفسەرەکە بە سەرسامی سەیری کرد: ناوت چییە؟ گوتی: جون میربال.

ئەفسەرەکە گوتی: ناوی تۆش لێرەدا هەیە، تۆ مەحکومی.

جوان گوتی: من هیچم نەکردووە.

ئەفسەرەکە شانەکانی هەڵتەکاند و رووی کردە من و تۆم: ئێوە خەڵکی باسك–ن؟

– ئێمە باسکی نین.

به بێتاقەتییەوە گوتی: بە منیان گوت کە سێ نەفەری خەڵکی باسکن. بە هەرحاڵ من کاتی خۆم بەوەوە بەفیڕۆ نادەم. ئێ، خۆ کەشیشتان پێویست نییە؟

ئێمە وەڵاممان نەدایەوە. ئەو گوتی: هەر ئێستا دکتۆرێکی بەلچیکی دێت. بۆی هەیە کە شەوێ لەگەڵ ئێوەدا بێ. سڵاوێکی سوپایی کرد و وەدەر کەوت.

تۆم گوتی: پێم نەگوتی حیسابمان ڕۆییوە.

گوتم: بەڵێ، بەڵام سەبارەت بەم لاوە بێ ئەخلاقییان کرد.

ئەم قسەیەم لە رووی ئینسافەوە کرد دەنا ئەم لاوەم خۆشنەدەویست. دەموچاوێکی زۆر ناسکی هەبوو کە ترس و ئازار شێواندبووی و سیمای گۆڕابوو. سێ ڕۆژ لەمەپێش منداڵێکی تەڕ و بڕ و زیتەڵە و جوان بوو بەڵام ئێستا بوو بە جلە کۆنێکی بێ کەڵك و وام هەستدەکرد ئەگەر بەرەڵلاشی بکەن هەرگیز جارێکی دی ناچێتەوە دۆخی لاوی خۆی. پێویستی بە هەندێ سۆز و بەزەیی هەبوو، بەڵام من دڵم لە بەزەیی و رەحم تێك هەڵدەهات. تەقریبەن لێی دەترسام. لاوەکە ئیدی هیچی نەگوت رەنگی کەوەیی بوو بوو. دەموچاو و دەستیشی کەوەیی بوو. دانیشت و بەچاوانی زەق روانییە زەوییەکە. تۆم کەسێکی بە بەزەیی بوو، ویستی بازووی بگرێ بەڵام جون بە توندی بازووی بردە دواوەو دەموچاوی دا بەیەکدا. من بە ئەسپایی گوتم: "وازی لێبێنە، هاکا کەوتە گریان و ڕۆڕۆ." تۆم بە نەبەدڵی وازی هێنا، تۆم لەبەر خۆی دەیویست دڵی جون بداتەوە تا بیر لە حاڵی خۆی نەکاتەوە. بەڵام بیری مەرگ بۆ من زەحمەت بوو، تا ئێستا قەت بیرم لێنەکردبووەوە، چونکە وەزعم وای ئیجاب نەکردبوو، بەڵام ئێستا وەزعەکە ئیجابی دەکرد و هیچ کارێکم لەدەست نەدەهات. ناچار بووم بیری لێ بکەمەوە.

تۆم دەستی بە قسان کرد و لە منی پرسی: " تۆ کەست کوشتووە؟" من وەڵامم نەدایەوە. روونی کردەوە کە لە هەوەڵی مانگی ئابەوە شەش کەسی کوشتووە. تۆم ئاگای لە وەزعەکە نەبوو، من بە باشی دەمبینی کە نەیدەویست ئاگاداری وەزعەکە بێ. منیش هێشتا نەمدەتوانی بەتەواوەتی پەی پێ ببەم. لە خۆمم دەپرسی کە ئاخۆ ئازاری زۆرە؟ بیرم لای گوللەکان بوو، دەمهێنایە بەرچاوی خۆم کە چۆن گوللە گەرمەکان بە لەشما دەچزن، هەموو ئەمانە خەیاڵ بوون، بەڵام من هێمن و ئارام بووم: چونکە بە درێژایی شەو دەرفەتم هەبوو کە ئەم بابەتە تاوتوێ بکەم. دوای تۆزێك تۆم بێدەنگ بوو و من بەدزییەوە نیگام دەکرد، سەیرم کرد ئەویش رەنگی کەوەیی بوو، و حاڵەتی گریان نیشتە سەر سیمای، لەدڵی خۆدا گوتم: "خەریکە دەست پێدەکات." هێشتا سەرەتای شەو بوو، رووناکییەکی تاریك و لێڵ لە دیواری کلاو ڕۆژنەکان و لە کۆمەڵە زوخاڵەکەوە دادەچۆڕاو پەڵەیەکی گەورەی لەژێر ئاسماندا دروست دەکرد. لە کونی میچەکەوە یەك ئەستێرەم دەبینی: شەوێکی سارد و ساماڵ دەبێ.

دەرگا کرایەوەو دوو پاسەوان وەژوور کەوتن. پیاوێکی موو زەردی جل خاکییان لەگەڵدا بوو. سڵاوی لە ئێمە کرد و گوتی: "من دکتۆرم و بۆم هەیە لەم جۆرە تەنگانەیەدا یارمەتیتان بدەم."
دەنگی خۆش و دڵگیر بوو. پێم گوت:"تۆ هاتووی چ بکەی؟"
"هاتووم لە خزمەتی ئێوەدا بم و تا باری قورسی ئەم چەند ساتەی سەر شانی ئێوە سووک بکەم و هەرچیم لەدەست بێ دریغی ناکەم."
- "بۆچی بۆلای ئێمە هاتووی؟ خەڵکانی دیکەش هەن، نەخۆشخانەکە پڕە."
بەشێوەیەکی ئاڵۆز وەڵامی دایەوە :"منیان بۆ ئێرە ناردووە." بەپەلە مەسەلەکەی گۆڕی و گوتی: "دەتانەوێ جگەرە بکێشن، ها؟ من هەم جگەرەم پێیە و هەم لەف."
جگەرەی ئینگلیزی و جگەرەی ئەسپانی بۆ ڕاگرتین، بەڵام ئێمە ڕەتمان کردەوە. من چاوم بڕییە دوڕ چاوی و وەك بڵێی شەرم گرتی. پێم گوت: "یانی تۆ لەبەر میهرەبانی و دلۆڤانی بۆ ئێرە نەهاتووی. من تۆ دەناسم. ئەو ڕۆژەی کە منیان گرت تۆم لەگەڵ فاشیستەکاندا لەنێو حەوشی سەربازخانەکەدا بینی."
ویستم شتی تریش بڵێم، بەڵام لە پڕ گۆڕانێکم بەسەردا هات، بەخۆیشم کەوتمە سەرسامی، یانی لە پڕێکا حزووری ئەم دکتۆرەم لا پووچەڵ بووەوە. من کاتێك کە بەسەر کەسێکدا زاڵ دەبم و قسەم بەسەریدا سوار دەبێ ئیدی دەستبەرداری نابم، کەچی ئارەزووی قسەکردنم لەلا نەما، شانەکانم هەڵتەکاند و نیگام لێی گواستەوە. دوای تۆزێك سەرم هەڵبڕی و بینیم زۆر بە سەرنجەوە لێم دەڕوانێ. پاسەوانەکە لەسەر یەکێك لە گونیە کایەکان دانیشتبوو. پدرۆی لوق دریژی لە ڕو لاواز کەڵەموستەکانی بەدەوری یەکدیدا دەسوڕاند، ئەوی تر بەردەوام سەری دەجووڵاند تا خەو نەیباتەوە.
پدرۆ لە پڕ بە دکتۆرەکەی گوت: "چرات گەرەکە؟" ئەو بە ئاماژەی سەر وەڵامی دایەوە کە: "بەڵێ" پێم وایە کە "پدرۆ" هەر بە ئەندازەی کۆتەرە دارێك هۆش و گۆشی هەبوو، بەڵام بنیادەمێکی خراپ و ناڕەسەن نەبوو. چاوە شین و ساردەکانی ئەوەیان نیشان دەدا کە ئەگەر خراپەیەکیش بکات لە نەزانی و نەفامییەوەیە. پدرۆ وەدەر کەوت و بە چرایەکی نەوتییەوە گەڕایەوەو لە سووچێکی کەرەوێتەکەدا داینا. ڕوناکی چراکە کز بوو، بەڵام لە هیچ باشتر بوو: شەوی پێشوومان بە تاریکی قەتاند. ماوەیەك ڕوانیمە ئەو ڕوناکییە بازنەییەی کە چراکە بە بن میچەکەوە دروستی کردبوو. گێژ بووبووم. پاشان هەرکە لە پڕ وەئاگا هاتمەوە ڕوناکییە بازنەییەکە نەمابوو. و هەستم کرد لە ژێر بارێکی قورسدا پلیشاومەتەوە ئەم هەستە زادەی بیری مەرگ یان ترس نەبوو. شتێکی ئاڵۆز و نادیار بوو. گۆناکانم گڕیان لێ دەبووەوە و تەپڵی سەرم دەیەشا.
تەکانێکم دایە خۆم و ڕوانیمە دوو هاوڕێکەم. تۆم سەری نابووە نێو هەردوك دەستی. ملە قەڵەوو سپییەکەیم دەبینی. جۆنی منداڵکار حاڵی خراتر بوو بوو. زاری کرابوەوەو پەڕەکانی کەپووی دەلەرزین. دکتۆر چووە لایەوەو وەکو دڵدانەوەیەك دەستی خستە سەر شانەکانی ئەو: لێ چاوەکانی سارد بوون. پاشان بینیم کە دەستی کابرای بەلچیکی بەسەر بازووی جون دا تا مەچەکی داخزی. جون بێ تاقەت بوو و هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند. کابرای بەلچیکی وەکو گێژان مەچەکی ئەوی بە سێ قامکان گرت. لە هەمان کاتدا کەمێ چووە پاشەوە و پشتی کردە من. بەڵام من ڕوانیمە پشتەوەو بینیم کە سەعاتەکەی هێنایە دەرێ و هەر بە هەمان دەقەوە کە دەستی ئەوی گرتبوو ڕوانییە سەعاتەکەی. پاشان دەستی سڕی ئەوی بەرداو چوو و پشتی بەدیوارەکەوە دا. ئەوجا وەکو ئەوەی شتێکی گرینگی بیر کەوتبێتەوە پێویست بێ یەکسەر تۆماری بکات، دەفتەرێکی چکۆڵەی لە

بەرکی دەرهێناو چەند دێڕێکی نووسی. من کە پەست بوو بووم بیرم کردەوە: "چەپەڵ! ئەگەر بێت نەبزی من بگرێت، دەکێشم بە دەم و قەپۆزی شوومیا."
ئەو نەهات بەڵام هەستم کرد کە دەڕوانێتە من. منیش سەرم هەڵبڕی و روانیمە ئەو. بە دەنگێکی بێ نموود پێی گوتم:
"تۆ هەست ناکەی کە لێرەدا مرۆڤ لەرز دەیگرێ؟" وا دەهاتە بەرچاو کە سەرمایەتی و رەنگی شین بوو بووەوە. لە وەڵامیا گوتم:
"- من سەرمام نییە."
بەردەوام بە نیگای دژوار دەیڕوانییە من. لە پڕ وەئاگا هاتم، دەستم بە دەموچاومدا هێنا، بینیم لە ئارەقەدا هەڵکشاوم. لەم سەردابەدا، لەم ژێرزەمینەدا، بە چلەی زستان، لەناو جەرەیانی هەوادا، عەرەقەم هەڵدەڕشت. دەستم بەنێو قژمدا کە لە ئارەقەدا پێکەوە نووسابوو، کرد. سەیرم کرد کراسەکەم تەڕەو بە لەشمەوە نووساوە: بەلای کەمەوە سەعاتێك دەبوو کە ئارەقەم دەڕشت و هیچ هەستم پێنەدەکرد. بەڵام لە نیگای ئەم بەرازە بەلچیکییە پەنهان نەبوو. دڵۆپە ئارەقەی بەسەر گۆناکانمەوە بینی بوو و پێی وابوو کە: ئەم دیاردەی حاڵەتی ترسە، جۆرە حاڵەتێکی نەخۆشییە، هەستی بە ساغی و سەلامەتی خۆی دەکرد و بەوەوە دەنازی کە سەرمایەتی. ویستم هەستم و بڕۆم دەموقەپۆزی بشکێنم، بەڵام هەرکە تەکانم دایە خۆ شەرم و توڕەییەکەم ڕەوییەوەو بەبێ تاقەتی لەسەر کەرەوێتەکە دانیشتم.
قەناعەتم بەخۆم کرد کە بە دەستەسڕ سەرو گەردنم بسڕم، چونکە هەستم دەکرد کە ئارەقە لە قژی سەرمەوە بەسەر گەردنمدا دەڕژێ و ئەزیەتی دەدام. بەڵام هەر زوو ژێوان بوومەوەو دەستبەرداری سڕینی سەرو گەردنم بووم، چونکە بێ فایدە بوو. دەستەسڕەکەم لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، و بەردەوام ئارەقەم دەکردەوە. ڕانەکانم ئارەقەیان کردبووەوەو پانتۆڵە تەڕەکەم بە کەرەوێتەکەوە نووسابوو. لە پڕ جونی چکۆلە گوتی:
"- تۆ دکتۆریت؟"
کابرای بەلچیکی وەڵامی دایەوە:- بەڵێ.
- بنیادەم ئازار دەچێژێ، ئازاری زۆرە؟
کابرای بەلچیکی بەدەنگێکی باوکانەوە گوتی: "-ئۆ! کەی.. کێ؟ نە، زوو تەواو دەبێ".
"بەڵام من... بیستوومە... دوو جاران دەست ڕێژت لێدەکەن."
کابرای بەلچیکی سەری بۆ لەقاند و گوتی:- هەندێجار، چونکە لە گینە یەکەم دەستڕێژ بەر شوێنە هەستیارەکان نەکەوێ.
- کەواتە دەبێ دووبارە تفەنگەکانیان پڕ بکەنەوەو دووبارە سێرە بگرنەوە؟
پاش هەڵوەستەیەك بەدەنگێکی گڕ گوتی:
- ئەمە زۆر دەخایەنێ!
زۆر لە ئازارەکەی دەترساو بەپێی تەمەن هەموو هۆش و گۆشی لای ئەو ئازارە بوو. من زۆر لە بیری ئەمەدا نەبووم و لە ترسی ئازار نەبوو کە ئارەقەم کردبووەوە.
هەستام و چووم بۆلای کۆمەڵە زوخاڵەکە. تۆم کە وەنەوزی دەدا وەئاگا هاتەوەو نیگایەکی توڕەی کردم: لە دەنگی پێڵاوەکانم قەڵس دەبوو. لە خۆم دەپرسی ئایا دەموچاوی منیش وەکو دەموچاوی ئەو شین هەڵگەڕاوە یان نا، سەیرم کرد کە ئەویش ئارەقی کردووەتەوە. ئاسمان بەسام بوو، هیچ رووناکییەك نەدەهاتە ناو ئەم

کونجە تاریکەوە، ئەوەندە بەس بوو کە سەر هەڵبڕم تا حەوتەوانەی گەورە بدینم، بەڵام زۆر لە جاران جیاوازتر بوو: شەوی پێشوو، لەناو زیندانەکەمەوە لە سەرای ئارشوك، دەمتوانی بەشێکی گەورەی ئاسمان بدینم و دیتنی ئاسمان لە هەر سەعاتێکی رۆژدا جۆرە خەیاڵێکی لا دروست دەکردم. بەیانی کاتێ کە ئاسمان زۆر شین بوو دەکەوتمە بیری بلاجەکانی کەناری ئۆقیانووسی ئەتڵەس، نیوەڕۆ هەتاوم دەبینی و دەکەوتمە بیری مەیفرۆشێکی شاری سوویل کە لەوێندەر شەرابی مانزا نیلام دەخواردەوەو ماسی ئانشوام بە زەیتوونەوە دەخوارد، پاش نیوەڕۆ کەوتبوومە بەر سێبەرێکەوەو کەوتمە بیری سێبەرێکی چڕ کە نیوەی مەیدانەکانی پێشبڕکێی گرتبووەو نیوەکەی تری لەبەر هەتاودا دەدرەوشایەوە: بەڕاستی ناخۆشە کە بنیادەم ببینێ هەموو زەوی لە ئاسماندا عەکس ببێتەوە. بەڵام ئێستا دەمتوانی بەدڵی خۆم تەماشای دنیا بکەم. ئاسمان هیچ شتێکی وەبیر نەدەهێنامەوە، من ئەم حاڵەتەم پێ خۆشتر بوو. چووم لەلای تۆم دانیشتم. ماوەیەك بوری. تۆم بەدەنگێکی نزم دەستی بە قسان کرد. ئەگەر بە بەردەوامی قسەی نەکردبا نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بیری خۆی بکات. وابزانم قسەی بۆمن دەکرد، بەڵام تەمەشای منی نەدەکرد. بێگومان دەترسا کە ڕەنگی بزرکاو و ئارەقەکەی من بدینێ، ئێمە بۆ یەکدی نەك هەر بوو بووین بە ئاوێنە بەڵکو لە ئاوێنەش خراتر بووین. ئەو دەیڕوانییە کابرای بەلچیکی و دەیگوت:

– تۆ شتێك دەزانی؟ من ئەقڵم بە هیچ کوێ ناگات. منیش بەدەم تەماشاکردنی کابرای بەلچیکییەوە دەستم بەقسان کرد:

– چ شتێك؟ چی بووە؟

– ئێمە شتێکمان بەسەردێ کە من ناتوانم لێی حاڵی ببم. بۆنێکی سەیر لە دەورووبەری تۆمەوە دەهات. هەستم دەکرد بەرانبەر بە بۆن زۆر هەستیار بووم. ژارخەنێکم بۆکرد:

– بەم زووانە حاڵی دەبی.

بە توڕەیی گوتی:

– دیار نییە، من دەمەوێ ورەی خۆم بەرز بکەمەوە. یان بەلای کەمەوە دەبێ بزانم... گوێ بگرە، دەمانبەنە ناو حەوشە، باشە. خەڵکانێك لە بەردەمماندا ریز دەبن، تەسەور دەکەی چەند نەفەر بن؟

– من نازانم لە پێنج تا هەشت نەفەر زیاتر نین.

– چاکە، هەشت نەفەرن، پێیان دەڵێن "تەقە" بکەن. من هەشت لوولەی تفەنگ دەبینم کە روویان کراوەتە من. پێم وایە دەبێ بچمە ناو دیوارەکەوە، بە هەموو هێزێکەوە گوشار لە دیوارەکە دەکەین، دیوارەکە لە جێی خۆی ناجوڵێ، رێك وەکو مۆتەکە: دەتوانم هەموو ئەمانە تەسەور بکەم. ئاه! خۆزیا تۆ دەتزانی چۆن دەتوانم ئەمانە بەرجەستە بکەم.

گوتم: وێڵی کە! منیش تەسەوری دەکەم.

بەنائومێدییەوە گوتی:

– پیاو سەگتۆپ دەکەن. دەزانی فیشەکەکان بە دەم و چاوەوە دەنەن تا بنیادەم لە بنیادەمی بخەن. من لە ئێستاوە هەست بە زامەکان دەکەم، یەك سەعاتە سەروگەردنم دەبلاچێنێ. ئازاری راستی نییە، لە ئازاری راستی خراترە: ئەو ئازارانەیە کە سبەی بەیانی هەستی پێدەکەم، بەڵام پاشان؟

من باش دەمزانی دەیەوێ چ بڵێ، بەڵام نەمدەبردە سەرخۆم، بەڵام سەبارەت بە ئازارەکان، منیش وەکو ئەو بووم هیچ کارێکم لەدەست نەدەهات، منیش وەکو ئەو بووم بەڵام گوێم نەدەدایێ.

بە توندی وەڵامم دایەوە:
– پاشان دەبی بەخاك و خۆڵ.
لەگەڵ خۆیدا کەوتە قسە، لە حاڵێکا کە چاوی بڕیبووە کابرای بەلژیکی، لەوە نەدەچوو ئەو گوێ بۆ قسەکانی ئێمە بگرێ، من نەمدەزانی بۆچی هاتووە! ئەو بیری ئێمەی بەلاوە گرنگ نەبوو! هاتبوو تەمەشای بەدەنمان بکات، ئەو بەدەنانەی کە زندوو بوون و لە حاڵی مەرگ و گیانەللآدا بوون.
تۆم دەیگوت: "وەکو کابوسە، پیاو دەیەوێ بیر لە شتێك بکاتەوە. پیاو هەمیشە هەست دەکات هەرکە سەرەداوێك پەیدا بوو، چەمکێك بەدەستەوە هات زوو دەخزێ و هەڵدێ و دووبارە دەکەوێت. بەخۆم دەڵێم، ئیدی چ هەواڵێك نییە و تەواو. بەڵام نازانم چ مانایەك دەدات. هەندێ جار پێدەچێ بمەوێ تێبگەم، و دووبارە دەکەوێ. دیسان دەکەومەوە بیری ئازار و گوللەو تەقینەوە. من دڵنیات دەکەم کە لە پەیڕەوانی فەلسەفەی مەتریالیم: شێت نەبوومە بەلاّم... جەستەی خۆم دەبینم: هەڵبەتە زۆر دژوار و زەحمەت نییە ،بەلاّم ئەوە منم کە بە چاوانی خۆم دەیبینم. دەبێ تۆزێ هۆشم کۆبکەمەوە... وا بیر بکەمەوە کە هیچ شتێك نابینم، و ناژنەفم و ژیانی خەڵکانی دی بەردەوام دەبێ. مرۆڤ بەجۆرێ دروست نەبووە کە بەم جۆرە بیر بکاتەوە. وانییە پابلو؟ باوەڕ بکە: هەندێ جاران وا ڕێك کەوتووە کە بە درێژایی شەو بەدەم چاوەڕوانی شتێکەوە بێدار بم و نەخەوم. لێ پابلۆ ئەمە شتێکی دیکەیە. ئەمە لە پشتەوە یەخەی پیاو دەگرێ و ناشێت پێشتر پێشبینی بکەیت.
گوتم: دەرکی هەمبانەکەت بگرە، دەخوازی کە شیشێکت بۆ بانگ بکەم کە ئیعتراف بکەی؟
وەڵامی نەدایەوە. پێشتر ئاگادار بووم کە پێغەمبەرانە منی بە پابلو گاز دەکرد و دەنگی بێ لایەنانە بوو. من زۆرم حەز لەم رەفتارانە نەبوو، بەلاّم وا دەهاتە بەرچاو کە هەموو ئیرلەندییەکان واهین، بۆنی میزی لێدەهات. ئەوەی راستی بێ زۆر هاودەردی تۆم نەبووم، هیچ مانای نەبوو لەبەر ئەوەی کە پێکەوە دەمردین هاوڕێ و دۆست بین. خەڵکانێکی دی هەبوون گەر لەگەڵ ئەواندا بووایەم حاڵەتەکە فەرقی دەکرد. بۆ نموونە رامونگری، بەلاّم لە نێوان تۆم و جون دا هەستم بە تەنیایی دەکرد. ئەمەشم پێ خۆش بوو: لەوەیە ئەگەر لەگەڵ رامونگری دا بووایەم دڵم بسووتایە. بەلاّم لەم ساتەدا بەجۆرێکی غەریب دڵم رەق بوو بوو و دەمویست بە دڵرەقی بمێنمەوە.
تۆم بە حەواسپەرتییەوە کەوتە ورتە ورتە. بۆیە لەبەر خۆوە قسەی دەکرد تا بیر نەکاتەوە، تا بیرکردنەوە لە مێشکی خۆی بتارێنێ، وەکو کەسێك کە نەخۆشی میزەچوڕکێی بێ بۆنێکی تیژی میزی لێدەهات. هەڵبەتە من لەگەڵ ئەودا هاوباوەڕ بووم، ئەوەی ئەو دەیگوت منیش دەمتوانی بیڵێم: مەرگ ئاسایی نەبوو و لەوساوە کە بەمەرگ مەحکووم بوو بووم، هیچ شتێك ئاسایی نەدەهاتە بەرچاوم: نە کۆمەڵە خەڵوزەکە نە کەرەویتەکە نە دەم و قەپۆزی شوومی پدرو. ئەوەی بێ تاقەتی دەکردم  ئەوە بوو کە بیرم لە هەمان ئەو شتانە دەکردەوە کە تۆم بیری لێ دەکردەوە، چاك دەمزانی کە بەدەم ئەو بیرانەوەو بەدەم ئارەقە کردنەوەو هەڵ لەرزینەوە شەو دەبەینە سەر. بە دزییەوە تەمەشام کرد، بۆ یەکەم جار غەریب هاتە بەر چاوم: مەرگی ئەو لە سیمایدا دەخوێنرایەوە. پێم ناخۆش بوو: بیست و چوار سەعات بوو کە بەلای تۆمەوە بووم و گوێم لە قسەکانی گرتبوو، و دەمزانی کە هیچ خاڵێکی هاوبەشمان لە نێواندا نەبوو. و ئێستا وەکو دوو برای لفانەمان لێهاتبوو، تەنیا لەبەر ئەوەی پێکەوە دەمرین. تۆم بێ ئەوەی تەمەشام بکات دەستی گرتم:
– پابلو من لەخۆم دەپرسم... لەخۆم دەپرسم ئایا راستە کە مرۆڤ فەوت و فەنا دەبێ؟
من دەستم لە دەستی دەرهێناو وتم:– چەپەڵ تەمەشای ناولنگت بکە.
بەئەندازەی یەك حەوز ئاو لە بەینی پێیەکانیا بوو و ئاو لە پانتۆڵەکەی دەچۆڕا.

به شپرزەیی و ترسەوە گوتی: ئەمە چییە؟
گوتم بە پانتۆڵەکەتدا میزیوی.
خۆی داچەڵەکاند و گوتی:– ڕاست نییە، من نامیزم، من هەست بە هیچ ناکەم.
کابرای بەلچیکی نزیك بووەوەو بەدەنگێکی پڕ دڵدانەوەی ساختە پرسی:
– حاڵت باش نییە؟
تۆم وەڵامی نەدایەوە. تۆم هەستاو چوو لە سۆچێکدا میزی، بەدەم داخستنی دوگمەی پانتۆڵەکەیەوە گەڕایەوە. دووبارە دانیشت و بێدەنگ بوو. کابرای بەلچیکی شتی دەنووسی. ئێمە سەیری ئەومان دەکرد، جونی لاویش دەیڕوانییە ئەو: هەرسێکمان سەیری ئەومان دەکرد، چونکە زندوو بوو. ڕەفتاری کەسێکی زندووی هەبوو، هەلومەرجی کەسێکی زیندووی هەبوو، ئەو لەم سەردابەدا دەلەرزی وەکو چۆن زندووان دەبێ بلەرزن، ئەو خاوەنی لەشێکی هەستیار و قەڵەو بوو، ئێمە هەستمان بەبەدەنی خۆمان نەدەکرد– یان بەلای کەمەوە وەکو ئەو هەستمان نەدەکرد. دەمویست دەست بەنافەکی پانتۆڵەکەمدا بێنم بەڵام زاتم نەدەکرد، تەمەشای کابرای بەلچیکی–م دەکرد کە بەسەر لاقە خوارەکانییەوە وەستابوو و دەیتوانی بیر لە سبەینێ بکاتەوە. ئێمە لەوێدا وەکو سێ سێبەری بێ گیان و خوێن تەمەشای ئەومان دەکرد و وەکو دێو ژیانی ئەومان هەڵدەلووشی. ئەنجام چووە لای جونی لاوەوە، ویستی دەست بە گەردنیدا بێنێ، ئیدی بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی هونەری بوو یا لە ڕووی دڵسۆزییەوە بوو. ئەگەر لە ڕووی بەزەییەوە بووبێ یەکەمجار بوو کە بە درێژایی شەو ئەم ڕەفتارەی دەنواند. دەستی میهری بەسەر و گەردنی جونی لاودا هێنا، جون بێ.. هیچ کاردانەوەیەك دەیڕوانییە ئەو، ئەوجا لە پڕ دەستی گرت و بە شێوەیەکی سەیر نیگای کرد. دەستی کابرای بەلچیکی خستبووە بەینی هەردوو دەستی خۆی و ئەم دوو پلایسە کەوەییە کە ئەم دەستە خڕنە سورەیان دەگوشی دیمەنێکی جوانی نەبوو. من دەربارەی ئەو ڕووداوەی کە لە گێن بوو ڕوویدات بەگومان بووم، تۆمیش بەگومان بوو: بەڵام کابرای بەلچیکی ئەم ڕەفتارەی بەزادەی هەڵچوونی دەروونی ئەو دەزانی و بەشێوەیەکی باوکانە دەخەنی. جونی لاو دوای تۆزێك قامکە خڕین و سوورەکەی بۆ دەمی برد و ویستی گازی لێ بگرێ. کابرای بەلچیکی بەتوندی دەستی ڕاپسکاند و بەلەقەلەق ڕۆیی و پاڵی بەدیوارەکەوە دا. بۆ ساتێك بەترس و شڵەژاوییەوە ڕوانییە ئێمە، لە پڕ پەی بەوە برد کە ئێمە خەڵکانێکی وەکو ئەو نین. من دەستم بە پێکەنین کرد، یەکێك لە پاسەوانەکان لەخەو ڕاچڵەکی. یەکێکی تریان کە خەوتبوو چاوەکانی کرابوونەوەو سپێنەکەی دیار بوو. من هەم ماندوو بووم و هەم شپرزە. نەمدەویست چیتر بیر لە سپێدەو مەرگ بکەمەوە. تەنیا ڕووبەڕووی وشە یان بۆشایی دەبوومەوەو بیرەکانی خۆمم بۆ نەدەدرایە دەم یەکەوە. بەڵام کە دەمویست بیر لە شتێکی دیکە بکەمەوە، لوولەی تفەنگەکان دەکرانە من. ڕەنگە بیست کەڕەت ڕێورەسمی ئیعدامەکەی خۆمم بەرپا کردبێ و هەروەها جارێك وام هێنایە بەرچاوی خۆ کە ئەم مەسەلەیە ئەنجامدراوەو بڕاوەتەوەو بۆ یەك سات خەوم لێنەکەوت. ئەوان بۆلای دیوارەکە بکێشیان دەکردم، منیش پەلەقاژەم دەکرد و لەگەڵیاندا نەدەچووم. لەخەو ڕاچڵەکیم و ڕوانیمە کابرای بەلچیکی: دەترسام بەدەم خەوەوە هاوارم کردبێ. بەڵام ئەو سمێڵی بادەدا، هیچی دەستگیر نەبووبوو. ئەگەر بمویستبایە پێم وابوو دەتوانم بۆ ساتێك بخەوم: چل و هەشت سەعات بوو کە بێدار بووم و لە گیانی خۆم وەرز بوو بووم. لێ نەمدەویست دوو سەعاتی ژیان لەدەست بدەم: ئەوان لەگەڵ گەردی بەیانیدا خەبەریان دەکردمەوە، منی گێژی بێخەوی، دوایان دەکەوتم، و بێ ئەوەی دەرفەتی (ئاخ و ئۆفێك) هەبێ داد و بێدادم دەکرد، من ئەمەم پێ پەسند نەبوو. نەمدەویست وەکو حەیوانێك بمرم، دەمویست هۆشم بەخۆم بێ. ئەمە جگە لەوەی لە مۆتەکەو کابوسیش

دەترسام. هەستامە سەرپێ بە درێژی و بەپانی ژوورەکەدا کەوتمە هاتووچۆ و بۆ وەی بیرکردنەوەی خۆم بگۆڕم کەوتمە هەڵدانەوەی لاپەڕەی رووداوەکانی ژیانی رابردووم. کۆمەڵێك یادگاری تێکەڵ و پێکەڵ لە بەرچاومدا بەرجەستە بوو. یادگاری باش و خراپ پێکەوە بوون–و یان زیاتر عادەتم وابوو کە وایان ناو بنەم، سیماو رووداویان تێدا بوو. سیمای لاوێکم هاتەوە یاد لە رۆژی جەژندا لە شاری والانس دا لە مەیدانی گابازی دا ورگی هەڵدڕا. سیمای یەکێك لە مامەکانم و سیمای رامونگری–م هێنایە بەرچاو. کۆمەڵێك پێشهات و رووداوم هاتەوە یاد. کە چۆن لە ساڵی ١٩٢٦دا سێ مانگ بێکاریم کێشاو خەریك بوو لە برسیەتیدا بمرم. کەوتمە یادی شەوێك کە لە شاری (گرناد) لەسەر تەختێك بەسەرم برد. سێ رۆژ بوو هیچم نەخواردبوو، تووڕە دەبووم و نەمدەویست بمرم، کە ئەمەم بیر کەوتەوە بزە گرتمی. چەند سوور بووم لەسەر بەختەوەری، بەدوویدا غارم دەدا، دووی ژنان و دووی ئازادی دەکەوتم. لەبەر چی بوو؟ دەمویست ئەسپانیا رزگار بکەم، ستایشی پێی مار گاڵ–م دەکرد، چووبوومە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوەو لە مەیدانی گشتیدا گوتارم دابوو: هەموو ئەم شتانەم بە جددی گرتبوو. لە تۆوایە هەتاهەتایە دەژیم و نامرم.

لەم ساتەدا هەستم کرد کە هەموو ژیانم دەبینم، و بیرم کردەوە "چ درۆیەکی پووچە!" ژیانم هیچ بایەخێکی نەبوو چونکە تەواو بوو بوو. لەخۆم پرسی چۆن توانیومە کە لەگەڵ سۆزانیاندا بگەڕێم و دنیا بدەمە بەر کلکان: ئەگەر دەمزانی بەم جۆرە دەمرم، هەرگیز قامکە تووتەی خۆیشم نەدەبزواند. ژیانم وەکو کیسەیەکی داخراوو دەمبەستراو لە بەردەممدا کەوتبوو، بەڵام ناواخنی تێدا نەبوو. بۆ ساتێك ویستم قەزاوەتێکی لەبارەوە بکەم. دەمویست بەخۆم بڵێم: ژیان خۆشە بەڵام نەدەکرا هیچ داوەرییەك دەربارەی ژیانی من بکرێ چونکە تەنیا نەخشەیەك بوو، من کاتی خۆم بەئومێدی ئەبەدیەت سەرف کردبوو. هیچ حاڵی نەبوو بووم، هیچ کەسەرێکیشم نەبوو: دەمتوانی کەسەر و داخ بۆ زۆر شتان هەڵکێشم، وەکو تامی شەرابی مانزانیلا یان ئەم مەلەیەی کە هاوینان لە حەوزێکی بچکۆلەی نزیکی قادسیەدا دەمکرد. بەڵام مەرگ هەموو کەیف و لەزەتێکی ئەو شتانەی لەنێو بردبوو. کابرای بەلچیکی لەپڕ بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات و گوتی:

– هاوڕێیان– ئەگەر ئیدارەی سوپایی رازی بێ– من دەتوانم ئەگەر پەیامێکتان هەبێ، بە دۆستان و کەسوکارتانی بگەیەنم. تۆم منگەمنگێکی کرد کە: هیچ کەسێکم نییە

من هیچ وەڵامێکم نەدایەوە. تۆم کەمێك لە فکران ڕاچوو، پاشان نیگایەکی پرسیار ئامێزی کردم و گوتی:

– تۆ هیچ پەیامێکت بۆ کونشا نییە؟

– نە.

من لەم جۆرە مجامەلانە بێزار بووم: خەتای خۆم بوو، دوێنێ شەو باسی کونشام بۆ کردبوو: دەبوایە دەمی خۆم بگرتبایە. ساڵێکی ڕێك بوو لەگەڵ ئەم ژنەدا بووم. دوێنێ ئەوەندەم بیردەکرد ئامادە بووم کە باسکێکم بە تەوران ببڕنەوە بەمەرجێ پێنج دەقیقەیەك بیدینم، لەبەر ئەمە قسەم کردبوو. بەدەستی خۆم نەبوو. ئێستا هیچ حەزم لە دیتنی نەدەکرد، هیچ قسەیەکم نەبوو پێی بڵێم و هیچ حەزم لێ نەبوو لە ئامێزی بگرم: من لە بەدەنی خۆم دەترسام چونکە کەوەیی بوو بوو و ئارەقەی دەکردەوە. دڵنیا نەبووم کە لە بەدەنی ئەو ناترسم.

رەنگە هەواڵی مەرگی من کونشا بخاتە گریان و بۆ چەند مانگێك لە ژیان وەڕز ببێ. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە ئەوە من بووم کە دەمردم. کەوتمە بیری چاوە جوان و دڵگیرەکانی، کە سەیری دەکردم شتێك لەوەوە بۆ من دەهات. بەڵام هەستم دەکرد ئەم مەسەلەیەش تەواو بووە: و ئەگەر لەم ساتەدا سەیری بکردمایە نیگای لە چاوی خۆیدا دەمایەوەو هیچ کارێکی لەمن نەدەکرد. من تەنیا بووم.

تۆمیش تەنیا بوو، بەڵام بەمجۆرە نا. بە چینچکانەوە دانیشتبوو و بەدەم بزەیەکی ئاڵۆزەوە دەیڕوانییە کەرەوێتەکە. جۆرێك لە واق وڕمانی پێوە دیار بوو. دەستی هێناو بەپارێزەوە بە تەختەی کەرەوێتەکەیدا هێنا، لەتۆ وایە دەترسێت شتێك بشکێنێ، ئەوسا دەستی بەتوندی کێشایەوەو لەرزی. ئەگەر من لە جیاتی تۆم بووایەم کەیفم بەدەست لێدانی کەرەوێتەکە نەدەهات، ئەمەش جۆرە کۆمیدیایەکی ئیرلەندی بوو، شتەکان بەلای منیشەوە حاڵەتێکی سەیریان هەبوو، بەزۆری چووبوونە خانەی نەبوونەوە، لەتۆوایە سەنگی خۆیان لەدەست داوە. دیتنی کەرەوێتەو چراکەو کۆمەڵە خەڵوزەکە بەس بوو بۆ ئەوەی هەست بکەم کە بەم زووانە دەمرم. هەڵبەتە ئاساییە کە نەمدەتوانی بە ئاشکرا بیر لە مەرگی خۆم بکەمەوە بەڵام لە هەموو شوێنێ لەبەرچاوم بوو، لە هەموو شتەکاندا دەمبینی. تۆم مەرگی خۆی لە کەرەوێتەکەدا دەبینییەوە.

لە وەزع و حاڵەتێکدا بووم، ئەگەر بهاتبایەن و بیانگوتایە کە دەتوانم بە دڵنیایی بۆ ماڵ بڕۆمەوەو ژیانم پارێزراو دەبێ، ئەم خەمساردییەی لێ کەم نەدەکردمەوە: کاتێ مرۆڤ خەیاڵی ئەبەدییەتی لەدەست دا، ئیدی چاوەڕوانی، چ چەند سەعاتێك بێ و چ چەند ساڵێك فەرق ناکات. من دڵم بە هیچەوە نەبوو، بەڵام هێدی و ئارامیش بووم. بەڵام ئەم ئارامییە ترسناك بوو، بەهۆی جەستەمەوە بوو: بەچاوانی جەستەم دەمبینی و بە گوێیەکانی دەم ژنەفت بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو و ئیدی جەستەی من نەبوو. جەستەم بە تاقی تەنێ ئارەقەی دەکردەوەو دەلەرزی و من نەمدەناسی. من ناچار بووم دەستی لێبدەم و نیگای بکەم تا لە حاڵی ئاگادار بم، لە تۆ وایە جەستەیەکی دیکە بوو. جارجارێك هێشتا هەستم پێی دەکرد، هەستم بە خزینی دەکرد، داکشانی کوت و پڕی بەسەردا دەهات وەکو ئەو کاتانەی مرۆڤ لەناو فڕۆکەدایەو فڕۆکەکە دادەکشێ یان هەندێ جار هەستم بە ترپەی دڵم دەکرد.

بەڵام ئەمەش هیچ دڵخۆشیەکی نەدەدامێ. ئەوەی لە جەستەمدا هەستم پێ دەکرد پیس و مایەی گومان بوو. زۆربەی کات جەستەم مات و ئارام بوو، جگە لە جۆرە هێز و سەنگێك و بوونێکی چەپەڵ کە لەگەڵ مندا لە کێشمانەکێشدا بوو هەستم بە هیچی دیکە نەدەکرد، هەستم دەکرد کە مێروویەکی موزیری گەورەیان پێوە بەستووم. هەندێ جار دەستم بە پانتۆڵەکەمدا دەهێناو هەستم دەکرد کە تەڕە، نەمدەزانی لە ئەنجامی ئارەقە کردنەوەدا تەڕ بوو بوو یا بەخۆدا میزتبووم، ئەوسا هەر بۆ ئیحتیات دەچووم لەسەر کۆمەڵە خەڵوزەکە میزێکم دەکرد.

کابرای بەلچیکی سەعاتەکەی دەرهێنا، تەمەشایەکی کرد و گوتی:

– سەعات سێ و نیوی پاش نیوەشەوە.

نەگریس! لەوەیە هەر بە ئانقەست ئەم کارەی کردبێ. تۆم راچڵەکی: ئێمە ئاگامان لە تێپەڕ بوونی کات نەبوو، شەو وەکو تارماییەکی بێ شێوەو تاریك تێمان ئاڵا بوو، من سەرەتای شەوم بیر نەدەهاتەوە.

جونی لاو کەوتە هات و هاوار، دەستەکانی هەڵدەگلۆفی و گریەوزاری دەکرد:

– من نامەوێ بمرم، من نامەوێ بمرم.

بە درێژایی سەردابەکەدا کەوتە غاردان و دەستەکانی بەرز کردبووەوە. ئەوسا لەسەر یەکێك لە گونیە کایەکان کەوت و هۆن هۆن گریا. تۆم بەچاوانی لێڵەوە تەمەشای دەکرد و تاقەتی نەبوو دڵخۆشی بداتەوە. هەڵبەتە ئەو زەحمەتەشی نەدەهێنا: جونی لاو لە ئێمە پتر هەراو زەنای نابووەوە، کەمتر کاری لەو دەکرد: ئەو وەکو نەخۆشێك وابوو کە بەهۆی تاوە بەرەڤانی لە نەخۆشییەکە دەکرد. بەڵام کاتێ کە تایەکەش نەبێ ئەوا زۆر زەحمەتترە.

ئەو دەگریا: هەستم دەکرد کە بەزەیی بە خۆیدا دەهاتەوەو مەرگی لەبیر نەبوو. منیش بۆ یەك سات، تەنیا یەك سات گریان گرتمی، دەمویست لە رووی بەزەییەوە بۆ حاڵی خۆم بگریم، بەڵام بە پێچەوانەوە شکایەوە: نیگایەکی جونی لاوم کرد، شانە لە روو لاوازەکانیم بەدەم گریانەوە بینی، هەستم کرد زۆر بێ بەزەییم، من نەمدەتوانی نە سەبارەت بە کەسانی دیکە میهرەبان بم نە دەربارەی خۆم. بەخۆم گوت: من دەمەوێ ساف و سادە بمرم. تۆم هەستا، چووە ژێر دەلاقە بازنەییەکەو سەیری رووناکی رۆژی کرد. من خۆم ساغ کردبووەوە، من دەمویست ساف و سادە بمرم و تەنیا لە بیری ئەمەدا بووم. بەڵام پاش ئەوەی دکتۆر سەعاتەکەی پێ گوتین زەمان دڵۆپ دڵۆپ دەتکاو دەڕۆیی.

هێشتا دنیا تاریك بوو کە گوێم لە دەنگی تۆم بوو:

– ئەرێ تۆ هیچ دەژنەڤی؟

لە حەوشەوە دەنگی پێ دەهات.

– دەبێ چ کارێکیان هەبێ، خۆ ناتوانن لە تاریکیدا دەستڕێژ بکەن.

دوای تۆزێك هیچ دەنگێك نەما. بە تۆمم گوت:

– بەیانی داوە.

پدرۆ بەدەم باوێشکدانەوە هەستاو فوویەکی لە چراکە کرد و بە هاوڕێکەی گوت:

– سەرمایەکی لاسارە؟

سەردابەکە رەنگی خۆڵەکەوەی گرتبوو. دەنگی دەستڕێژێك لە دوورەوە هات.

بە تۆمم گوت: دەستی پێکرد، لەنێو حەوشەکەی پشتەوە ئەم کارە دەکەن.

تۆم داوای جگەرەیەکی لە دکتۆر کرد. من پێویستم نەبوو، من نە جگەرەم دەویست و نە مەشرووب. لەم ساتە بەدواوە لێکدا لێکدا دەستڕێژیان دەکرد.

تۆم گوتی: ئاگات لێیە؟

ویستی شتێکی دیکە بڵێ بەڵام بێدەنگ بوو و چاوی بڕییە دەرگاکە. دەرگا کرایەوە ئەفسەرێك و چوار سەرباز وەژوور کەوتن. تۆم جگەرەکەی فڕێ دا

– شتین بوك!

تۆم وەڵامی نەدایەوە. پدرۆ تۆمی نیشان دا

– جون میربال!

– ئەوەیە کە لەسەر ئەو گونیە کایە کەوتووە.

ئەفسەرەکە گوتی: هەستە!

جون لە جێی خۆی نەجوڵا، دوو سەرباز باڵیان گرت و هەڵیان ساند. بەڵام هەر کە دەستیان لێ بەردا دووبارە کەوتەوە.

سەربازەکان دوودڵ مان

ئەفسەرەکە گوتی: ئەمە یەکەم کەس نییە کە وای لێ بێ، ئەم دووەتان بیبەن، لەوێ حاڵی چاك دەبێ.

ئاوڕی لە تۆم دایەوەو گوتی: لەگەڵ مندا وەرە. دوو سەرباز تۆمیان دایە بەین و چوونە دەرێ. دوو سەربازەکەی دیکە کە باڵی جونیان گرتبوو، بەدوای ئەواندا ڕۆیشتن. ئەو لە هۆش خۆی نەچووبوو، چاوەکانی زەق زەق بوو بوو، فرمێسك بە گۆنایدا دەڕژا.

من که ویستم وەدەرکەوم ئەفسەرەکە بەردەمی گرتم و گوتی: تۆ ئابیتای؟
- بەڵێ
- لێرەبە هەر ئێستا دێن بە شوێنتا.
ئەوان ڕۆیشتن، کابرای بەلچیکی و دوو زیندانەوانەکە وەدەر کەوتن.. من بە تەنێ مامەوەو نەمدەزانی چم بەسەر دێ، بەڵام حەزم لێ بوو تا زووترە کارم یەکلایی بکەنەوە. ناوبەناو گوێم لە دەنگی دەسرێژ دەبوو و لەگەڵ هەر دەسترێژێکدا رادەچڵەکیم.
دەمویست بلورێنم و قژی خۆم دەسکەنە بکەم. بەڵام ددانەکانم لێکدی دەسوو و دەستەکانم لە گیرفانەکانم نابوو و دەمویست هیچ سەرپێچییەك نەکەم.
پاش سەعاتێك بەدوومدا هاتن و بردیانم بۆ ژوورێکی بچکۆلە کە بۆنی جگەرەی لێ دەهات و هێندە گەرم بوو هەناسەم سوار بوو. دوو ئەفسەر لەوێ بوون کە لەسەر کورسی دانیشتبوون و جگەرەیان دەکێشاو یەکی کۆمەڵێك کاغەزیان لەسەر ئەژنۆ بوو.
- ناوت ئابییتایە؟
- بەڵێ.
- رامونگری لەکوێیە؟
- من نازانم.
ئەو کەسەی پرسیارەکانی لێ دەکردم کابرایەکی کورتە باڵای خرپن بوو. لە پشت عەینەکەکەیەوە نیگای تووڕە دیار بوو. پێی گوتم: وەرە پێشەوە.
چوومە پێشەوە. هەستا، بازووی گرتم، بەجۆرێ لێی دەڕوانیم کە خۆزیام دەخواست زەوی قووتم بدات. بە هەموو هێزێکییەوە نوقورچی لە ماسولکەی بازووم دەگرت- ئەم کارەی بۆ ئەوە نەبوو کە من ئازار بدات، دەیویست سامی خۆیم بەسەردا بنوێنێ و بە پێویستی دەزانی کە هەناسەی بۆگەنی خۆی بەسەر و چاوی مندا بکات.. ماوەیەکی کەم بوری، بەڵام ئەم کارە پتر هێنامیە پێکەنین تا ترسان. دەبوایە فێڵێکی باشتری بەکار بێنایە تا بتوانێ کەسێك کە بەو زووانە دەمرد، بترسێنێ. ئەم فەند و فێڵە بێ سوود بوو. بە توندی دەڵەکی دام و دووبارە دانیشتەوەو گوتی:- ژیانی تۆ بەوەوە بەندە، ئەگەر پێمان بڵێی لەکوێیە گیانی خۆت رزگار دەکەی.
ئەو دوو نەفەرە وێرای نیشانەو میداڵی بە بریق و باق و شەلاق و چەکمەش هەر خەڵکانێك بوون کە دەمردن. تۆزێك دوای من، زۆر دوای من نا. سەرگەرمی ئەوە بوون کە هەندێ ناوی خەڵکی لە شڕە کاغەزەکانیانا بدۆزنەوەو تاقییان دەکردن تا بیانخەنە زیندانەوە یان بە ئیعدام کردنیان بدەن. ئەمانە هەندێ بیرو باوەڕیان بە ئایندەی ئەسپانیاو برێ بابەتی دیکە هەبوو، هەڵسوکەوت و رەفتاریان بەلای منەوە مایەی پێکەنین بوو. من نەمدەتوانی خۆم لە جێگەی ئەوان دابنەم و ئەوان وەکو شێت دەهاتنە پێش چاوم.
پیاوە کوڵە خرپنەکەیان بە بەردەوامی سەیری منی دەکرد و بە قامچیەکەی دەستی دەیکێشا بە چەکمەکانی دا. هەموو ئەم جموجوڵانەی پێشتر تاقی کردبووەوە تا وەکو گیانلەبەرێکی زندووی دڕندە بنوێنێ.
- باش حاڵی بووی؟ ئایا تێگەیشتی؟
وەڵامم دایەوە: نازانم گری لەکوێیە. رەنگە لە مەدرید بێ.
ئەفسەرەکەی دیکە بەبێ موبالاتییەوە دەستە رەنگ زەردەکەی بەرز کردەوە. ئەم بێ موبالاتییەش بە ئانقەست بوو. من هەموو وردەکارییەکانی ئەوانم دەبینی و پێم سەیر بوو کە خەڵکانێك هەبن دڵیان بەم شتانە خۆش بێ.

بە ئەسپایی گوتی: ماوەی چارەکە سەعاتێکت دەدەمێ تا بیر بکەیتەوە . بیبەن بۆ ژووری "رەختدارخانە" و پاش چارەکێك بیهێننەوە، ئەگەر دیسان حاشای کرد ئەوا یەکسەر ئیعدامی دەکەن.
ئەوانە گەمەکەیان دەزانی، بە درێژایی شەو منیان بەدەم چاوەڕوانییەوە راگرتبوو، یەك سەعاتی دیکەش، پاش ئەوەی تۆم و جونیان تیر باران کرد، منیان لە ژێرزەمینەکەدا بەدەم چاوەڕوانییەوە راگرت و ئێستاش منیان لە ژووری "رختدارخانە"دا حەپس دەکرد. لەوە دەچوو لە دوێنێوە نەخشەی خۆیان کێشابێ. بەخۆیان دەیانگوت کە چاوەڕوانی، مرۆڤ لە بن دێنێ و بەتەمابوون بەم شێوەیە قسەم لێ دەربێنن.
ئەوان بە هەڵەدا چووبوون، من لە رختدارخانەکەدا لە سەر چارپایەیەك دانیشتم، چونکە هەستم بە ماندووبوونێکی زۆر دەکرد،لە فکران ڕاچووم بەلام بیرم لە پێشنیازەکەی ئەوان نەدەکردەوە. هەڵبەتە من شوێنەکەی "گری"م دەزانی: لەلای کوڕە مامەکانی لە چوار کیلۆمەتری شاردا خۆی شاردبووەوە. ئەمەشم دەزانی. کە شوێنەکەی ئەو ئاشکرا ناکەم مەگەر ئەشکەنجەیان دابام (بەلام پێنەدەچوو خەیاڵێکی وایان هەبێ) هەموو ئەم بابەتانە بەتەواوی روون و ئاشکرا بوون و بە هیچ جۆرێ بایەخم نەدەدانێ. تەنیا دەمویست هۆی رەفتاری خۆم بزانم. من حەزم دەکرد بمرم و خەبەر لە "گری" نەدەم. بۆچی؟ من رامونگری-م خۆشنەدەویست. دۆستایەتی و خۆشەویستی من بۆ ئەو کەمێك بەر لە سپێدە مردبوو- هەمان ئەو کاتەی کە عەشقی کونشاو ئارەزووی ژیان لە مندا مردبوو، بەلام بێگومان هەمیشە رێزم بۆی هەبوو، چونکە بنیادەمێکی ئازا بوو. بەلام ئەمە بەو مانایە نەبوو کە قاییل بم لە جیاتی ئەو بمرم. ژیانی ئەو وەکو ژیانی من هیچ بایەخێکی نەبوو، هیچ ژیانێك بایەخی نەبوو. نەفەرێکیان لە پاڵی دیوارێکدا دادەناو هێندەیان فیشەك پێوە دەنا تا دەبوو بە سەرەنگ و بێژنگ. ئیدی ئەم نەفەرە هەر کەسێك بوایە، من بوایەم یان گری یان کەسێکی دی فەرقی نەدەکرد. من دەمزانی کە بۆ لایەنگری لە ئەسپانیا، بوونی ئەو لە بوونی من پێویست تر بوو، بەلام ئەسپانیا و شۆڕشگێڕانی ئەسپانیاشم لە بەرچاو کەوتبوون: هیچ شتێك بەلامەوە بایەخی نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا من لەوێندەر بووم و دەمتوانی لە رێگەی تەسلیم بوونی گرییەوە گیانی خۆم رزگار بکەم، لەگەڵ ئەمەشدا نەفسم نەیدەهێنا. پێم سەیر بوو، لە دڵی خۆدا گوتم رەنگە عینادی بێ "ئایا ئەم عینادییە دێنی؟؛:" شادییەکی سەیر بە دڵ و دەروونمدا گەڕا. هاتن و منیان بردەوە بۆ لای دوو ئەفسەرەکە. مشکێك بەژێر پێماندا دەرپەڕی. پێکەنین گرتمی. ئاوڕم لە یەکێك لە سەربازە فاشیستەکان دایەوە و گوتم:- ئەو مشکەت بینی؟
وەڵامی نەدایەوە، چارەی دابوو بە یەکدا و خۆی گرژ و مۆن کردبوو. پێکەنین گرتمی، بەلام بە تۆبزی خۆم گرت، چونکە دەترسام ئەگەر لە سەلای پێکەنین بدەم ئیدی نەتوانم جڵەوی خۆم بگرم. سەربازە فاشیستەکە سمێڵی هەبوو. دیسان پێم گوت:
- گەوجە دەبێ سمێڵت بتاشی.
پێم سەیر بوو کابرایەکی زندوو قاییل بێ بەوەی موو دەم و چاوی داپۆشێت. خێرا پەلەپیتکەیەکی لێدام و بێدەنگ بووم.
ئەفسەرە قەڵەوەکە گوتی:
- باش بیرت کردەوە؟
من بە واق وڕماوی تەمەشام دەکردن. لە تۆ وایە تەمەشای مێروویەکی دەگمەن دەکەم و پێم گوتن:
- دەزانم لەکوێندەرە، لە قەبرسانەکەدا خۆی شاردۆتەوە. لە سەردابێکدایە، یان لە دەخمەی قەور هەڵکەنەکاندایە.

من ئەم قسەیەم بە سوعبەتەوە کرد تا دەستخەڕۆیان بکەم. دەمویست ببینم بزانم چۆن هەڵدەستن، خۆیان توند دەکەنەوەو بەوپەڕی جددی دەستور دەدەن. ئەوان هەستانە سەرپێ.

– با بڕۆین بۆ ئەوێ "موله" تۆ پازدە نەفەر لە ستوان لوپز وەربگرە.

ئەفسەرە بچوکە خرپنەکە بە منی گوت:– ئەگەر راست بکەی من قەولەکەی خۆم دەبەمە سەر.. خۆ ئەگەر هەڵت خەڵەتاندبین ئەوا سزایەکی توند دەدرێی.

بەدەم هەراو زەناوە چوونە دەرێ. من لەگەڵ پاسەوانە فاشیستەکاندا بە ئاسوودەیی چاوەنوارم دەکرد. هەندێ جار بزەیەکم دەکرد چونکە دەکەوتمە بیری ئەو نەخشەو پلانانەی بۆیان دەکێشام. من خۆمم بە خەڵەفاو دەزانی. ئەوانم دەهێنایە بەرچاوی خۆم کە چۆن بەردی سەر گۆڕەکانیان لادەداو سەری گۆڕە ژێرزەمینیەکانیان هەڵدەدایەوە. وەزع و حاڵەکەم بەجۆرێ لەبەرچاوی خۆم بەرجەستە دەکرد وەکو ئەوەی کەسێکی دیکە بم! دیمەنی ئەم زیندانییە بزێوەی کە گەرەکیەتی لاسایی پاڵەوانەکان بکاتەوە، ئەم سەربازە جدییە فاشیستە سمێڵدارانە و ئەم خەڵکەی کە بە جلی هاوشێوەوە بەنێو گۆڕەکاندا غاریان دەدا بەلامەوە بێ ئەندازە سەیر و مایەی پێکەنین بوو.

پاش نیو سەعاتێك کابرای قەڵەوی خرپن بە تەنیا هاتەوە. پێم وابوو هاتبوو فرمانی ئیعدامی من بدات و ئەوانی دیکە لە گۆڕستانەکەدا مابوونەوە.

کابرای ئەفسەر تەماشای کردم. هیچ شوێنەوارێکی نائومێدی بە سیمایەوە دیار نەبوو، گوتی:

– ئەمە بەرنە حەوشە گەورەکە بۆ لای ئەوانی دی. پاش تەواو بوونی عەمەلیە عەسکەرییەکە دەدرێ بە دادگای ئاسایی.

وام دەزانی حاڵی نەبووم. لێم پرسی:

– یانی من.. من تیرباران ناکەن؟

– بە هەرحاڵ بەم زووانە نا. دواتریش پەیوەندی بە منەوە نییە.

دیسان هیچ حاڵی نەبووم، پێم گوت:– بۆچی؟ بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە شانەکانی هەڵتەکاند و سەربازەکان منیان برد. نزیکەی سەد نەفەر زیندانی ژن و منداڵ و چەند پیرەمێردێك لەنێو حەسارە گەورەکەدا بوون. من گێژ و وڕ بەناو چیمەنی نێو حەوشەکەدا پیاسەم دەکرد. نیوەڕۆ لە ژووری نانخواردندا نیوەڕۆژەیان داینێ. دوو سێ نەفەر لێیان پرسیم کە ئایا دەیانناسم. بەڵام وەڵامم نەدانەوە: نەمدەزانی لەکوێم.

شەوێ یەك دەرزەن زیندانی تازەیان تەپاندە نێو حەوشەکەوە. من گارسیای نانەوام لە نێویاندا ناسی پێی گوتم:– بەڕاستی شانست هەیە! باوەڕم نەدەکرد بە زندوویەتی بتبینمەوە.

گوتم: ئەمانە حوکمی ئیعدامیان دام ئیدی نازانم بۆچی پەشیمان بوونەوە.

گارسیا گوتی: سەعات دوو منیان گرت.

– بۆچی؟

گارسیا دوور بوو لە سیاسەتەوە.

گوتی: نازانم، هەرکەسێك وەکو ئەوان بیر نەکاتەوە دەیگرن. ئەوجا دەنگی نزم کرد و گوتی: رامونگریشیان کوشت.

موچڕکێکم پێدا هات و گوتم: کەی؟

– ئـەمڕۆ بـەیانی. ڕۆژی شـەممە لای ئامۆزاکـەی هـاتبووە دەرێ، چـونکە تانـەو تەشـەریان لێـدابوو.. زۆر کـەس ئامادە بوون پـەنای بـدەن و بیشارنەوە بـەڵام نەیدەویسـت منـەتی کـەس هـەڵبگرێ، گوتبـووی: دەکرا خـۆم لای ئابییتا بشارمەوە، بەڵام ئێستا ئەو گیراوە، دەچم لە قەورستانەکەدا خۆم دەشارمەوە.

– قەورستان؟

– بەڵێ، کارێکی گەوجانە بوو. ئیدی ئەمڕۆ کە لای بەیانی ئەمانە دابوویان بەسەر قەورستانەکەدا و لـە دەخمـەی قەور هەڵکەنەکاندا دۆزی بوویانەوە. ئیدی ئەو تەقەی لەمان کردبوو و ئەمانیش کوشتیان.

– لە قەورستانەکە!

دنیا لەبـەر چاوم سوڕا و لەسـەر ئەرزەکە دانیشـتم: لـە قاقای پێکـەنینێکی هێنـدە تونـدم دا کـە چاوەکانم تـەژی رۆندك بوون.

**سەرچاوە:**

**دیوار– ژان پول سارتر/ترجمە: صادق هیدایت/چاپ دوم:١٣٨٣**

**<u>جان پۆل سارتەر(١٩٠٥-١٩٨٠)</u>: یەکێکە لە فەیلەسوف و نووسەرە گەورەکانی فەرەنسا،تا سەرەتای یەکەم جەنگی جیهانی خەریکی مامۆستایی و دەرسگوتنەوە بوو. لە ساڵی ١٩٤٠دا ئەسیری ئەڵمانییەکان بوو و یەك ساڵی تەواو لە ئەسارەتدا مایەوە.لە پاش جەنگی جیهانی کەوتە لایەنگری لە بیروباوەڕێن چەپ. لە ساڵی ١٩٤٦دا گۆڤاری سەردەمێن مۆدرینی دامەزراند و وازی لە مامۆستایەتی هێنا. سارتەر بە یەکێك لە رابەرە ناودارەکانی فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم دێتە ژماردن..لە ساڵی ١٩٦٤دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی د رایە بەڵام رەفزی کرد..بەرهەمێکی زۆری لە قاڵبی شانۆنامە و رۆمان و کورتە چیرۆك و کتێبانی فەلسەفی دا بڵاوکردووەتەوە کە کاریگەریی یەجگار گەورەیان بەسەر بزووتنەوەی فیکری و فەلسەفی و ئەدەبیی فەرانساو جیهانەوە هەبووە لەوانە: رۆمانی رێگاکانی ئازادی ، هێڵنج. سەردەمی ئەقڵ، مەرگی رۆح، کۆچیرکی دیوار، شانۆنامەی: سۆزانی ئابرومەند، شەیتان و خودا، و کتێبی نەقدی ئەقڵی دیالیکتیك و بوون و نەبوون..**

# دوایەمین گەڵا

ن: ئۆ. هنری

لە رۆژئاوای مەیانی "واشینگتون"دا لە نیویورک، گەڕەکێك هەیە کە کوچەوکۆڵانە باریك و پێچاوپێچەکانی بە شێوەیەکی سەیر یەکدی دەبڕن و هەر ڕێبوارێکی تازە، گێژ و سەرگەردان دەکات. ئەم دەڤەرە کە خەڵکی ناویان ناوە جنۆکەئاوا، کوچەکانی بە ئەندازەیەك پڕ پێچ و پەناو راست و چەبە کە هەر ڕێبوارێکی تازە رێی بکەوێتە ئەوێندەر دەبێ بە سەعاتان وێڵ و سەرگەردان بێ تا رێگەی دەرچوون دەدۆزێتەوە. هەندێ لە کۆڵانەکان دوای ماوەیەك جارێکی دی خۆی دەبڕێ و هەر ئەو حاڵەتە سەیر و غەریب و نا ئاساییەیە کە نیگارکێش و شێوەکاران وا لێدەکات روو بکەنە ئەوێندەرو دیمەن و بابەتی جوان و دڵگیر بۆ کارە هونەرییەکانیان بدۆزنەوە.

لەوەیە هەر لەبەر ئەمەش بووبێ کە لەم دەڤەرە دوورە دەستەو کۆنەی گرینویچدا، ژمارەیەك لە خەڵکانی ئەهلی هونەر و بێکار و هەژار، بۆ ژووری کرێ یان ژێرهەیوان و تەنانەت بۆ ڕاڕەو و داڵانی پەرپوتیش دەگەڕان تا تیای بژین.

بەمجۆرە، بەشی گرینویچ بەرە بەرە بوو بە شوێنی گردبوونەوەی هونەرمەندانی ئاوارەو بێ نەوا و شێوەکارانی کلۆڵ و خێر لەخۆ نەدیوو.

لە تەلارێکی خشتی سێ نهۆمی ئەم گەڕەکەدا، سو وجونسی پێکەوە دەژیان و وەرشەیەکی نیگارکێشیان بۆخۆ پێکەوە نابوو. دراوسێ و ئاشنایان هەموویان بە جونسی-یان دەگوت جوئانا. ئەم دووانە یەکێکیان خەڵکی شاری مین و ئەوی تریان کالیفورنیایی بوو. ئەم دوو کیژە گەنجە بە رێکەوت لە خوارنگەیەکی شەقامی

هەشتەمی نیویورکدا یەکتریان دیتبوو و لەو یەکەمین دیدارەدا، بە حوکمی هاوسەلیقەیی و هاونەوایی بیر و بۆچوونەوە، بناغەی دۆستایەتییەکی قوولْ و پایەداریان داڕشتبوو.
سەرەتای ئەم دۆستایەتییە لە وەرزی بەهاردا سەری هەڵدا، بەڵام لە زستانی هەمان ساڵدا میوانێکی ناوەخت خۆی بە گەڕەکی گرینویچدا کرد کە پزیشکەکان پێیان دەگوت "سیل". ئەم نە ناسراوە دڵڕەقە، ڕێك وەکو بۆرانێکی سەیر بەسەر خەڵکی ئەم دەڤەرەدا داباری و پاش ئەوە بەڵای بێشومار و بەدبەختیەکی زۆر دەستی پێکرد. دڵڕەقی و خوێنخۆری و خوێنڕێژی ئەم دژمنە سەرسەختە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی واشینگتون سکویردا، زۆر زیاتر بوو تا لە بەشی ڕۆژئاوا. لەوێندەر ڕۆژ نەبوو کە دەیان قوربانی ڕۆژە ڕەش بەخاکی سارد و تاریك نەسپێردرێن، بەڵام لە بەشی گرینویچدا ئەم دژمنە زاڵمە نەیتوانی بوو بەو شێوەیە جەور و ستەمی خۆی بەسەر خەڵکیدا دابارێنیْ. ڕەنگە کوچەو کۆڵانە تەنگ و تاریك و ڕێگە پڕ پێچ و پەناو ناڕەحەتەکان ڕێگەیان لیْ گرتبیْ.
ئەم دژمنە تازەیە بۆ نەگبەتی کەمترین پیاوەتی و جوامێری و مرۆڤدۆستی لێنەدەوەشایەوە. بە قامکە خوێنڕێژ و خوێنمژەکانی پەلاماری قەد و باڵای ناسك و جوانی جوئانای داو سەرەنجام لە ناو جێگەی ئازار و نەخۆشیدا خستی. نزیکەی یەك هەفتە بوو کە لاواز و بێتاقەت لەسەر قەرەوێڵە شەق و شڕەکەی خۆی کەوتبوو. تایەکی گەرم گەرمی لێهاتبوو، وەکو تەنور دەسووتاو لە هەمان کاتدا لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەیڕوانیە حەسارەکەی تەنیشتی.
سو، ئەوەندەی لە توانایدا بوو هەوڵی بۆ ڕزگار کردنی تاقە دۆستەکەی دا. زۆر شەوی سارد ودرێژی بەدیارییەوە ڕۆژ کردەوەو وەکو دایکێك ئاگاداری لێکرد. ئەگەرچی لەم دواییانەدا نەخۆشەکە کەمێك چاك بوو بوو و تایە گەرم و دوور و درێژەکەی نەمابوو، بەڵام هێشتا لە مەترسی نەخەلەسی بوو. جۆرە لاوازی و سستی، جۆرە نارەحەتییەکی ئاوێتە بە حەواسپەرتی تێی ئالابوو. هەندێجار بە سەعاتان دەیڕوانییە خاڵێکی نادیار و غەرقی بێدەنگییەکی تەواو دەبوو.
سەرەنجام کاتیْ دکتۆر بۆ دواجار، پاش پشکنینێکی ورد، لە ژوورەکەی ئەو وەدەرکەوت، سوی ڕاکێشایە گۆشەیەکەوەو گوتی: مخابن حاڵی نەخۆشەکە باش نییە. من لە سەدا دەی مانی بۆ دادەنەم. وەزعی ئەو بەجۆرێکە کە دەبیْ بڵێم مانی ئەو بەدەستی خۆیەتی. ئەگەر خۆی ئارەزووی لێبیْ دەتوانیْ بمێنیْ.
سو، کە بە ژنەفتنی ئەم هەواڵە شپرزە بوو بوو گوتی:
– لە مەبەستت حاڵی نابم.
دکتۆری دلۆڤان، بەدەم هەوڵی ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی خۆیەوە گوتی: هەندیْ نەخۆشی پاش تەواو بوونیش، کاریگەری بەسەر نەخۆشەوە دەمێنیْ ، واتە دووچاری جۆرە سەنگەڵاییەکی دەروونی دەکات. ئەم نەخۆشەی ئێوە دووچاری جۆرێك لەم نەخۆشییە دەروونیانە بووە، تروسکەی ئومێد لە دڵیدا دامرکاوەتەوە، ئەو بەخۆی نایەویْ بژیْ و باوەڕی وایە کە هەر سبەی و دوو سبەیە و ئیدی دەمرێت. دەکرێت پێم بڵێی کە ئایا ئەم دۆستەی تۆ لەم دواییانەدا ئاواتێکی لە دڵدا هەبووە کە نەهاتبێتە دی؟
سو، دیسان لە فکران ڕاچوو:
– باوەڕ ناکەم، هەمیشە هەر دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش بوو. لەم ئاخر و ئۆخرانەدا تەنیا یەك ئاواتی هەبوو ئەویش بریتی بوو لە کێشانی وێنەیەکی کەنداوی ناپولی.
– نە، باش لە مەبەستم حاڵی نەبوویت، مەبەستم لە ئاوات ئەمەیە کە ئایا پیاوێك لەم دواییانەدا لە چارەنووسی ئەودا شەریك بووە؟ دڵدارییەکی هەبووە کە لەم دڵدارییەدا شکستی خواردبیْ؟

– هەرگیز. ڕاستە کە جوئانا جوانە و هەمووان ئەویان خۆشگەرەکە، لێ دڵنیام کە ئەو هەرگیز ئاشق نەبووە، چونکە ئەگەر شتی وا هەبووایە من پێم دەزانی.

– کەواتە، ئەم نائومێدییە زادەی بێتاقەتی و درێژەی ماوەی نەخۆشییەکەیە. هەڵبەتە ئەوەندەی لە توانای زانستی پزیشکیدا بێ من هەوڵی ڕزگاربوونی دەدەم، بەڵام هەڵبەتە وەختێ نەخۆش مەسەلەی مەرگ دێنێتە گۆڕێ و باسی گۆڕستان و گۆڕ و بەڕێکردنی جەنازە دەکات، ئومێدی دکتۆریش کەم دەبێتەوە.

بە هەرحاڵ، ئامۆژگاری من ئەمەیە کە تۆ دەبێ کارێك بکەیت کە ئەو ژیانی خۆش بوێ. باسی ئەشق و لاویی و جل و بەرگ و نیگارکێشی بۆ بکەیت. هەوڵبدەیت کە تیشکی ئومێد بچێتە دڵ و دەروونییەوە. ئەگەر ڕۆژێك بە منت گوت کە ئەو بۆ نموونە باسی جلی تازە یان درێژەی کاری نیگارکێشی کردووە، هەنگێ منیش بە تۆ دەڵێم کە تەقریبەن مەترسی لەسەر نەماوە.

چەند دەقیقەیەك پاش ڕۆیشتنی دکتۆرەکە، سو، خۆی وەژووری نەخۆشەکەدا کرد، جوئانا هەر بە هەمان دەقەوە لەسەر جێگەکەی ڕاکشابوو، و لە گۆشەی پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە ناو حەسارەکە. دیسان وەکو جاران نیگای بڕی بووە یەك خاڵ، یەك خاڵی نادیار و ڕازئامێز. سو، ئاگای لە بێداری ئەو نەبوو. بۆ ساتێك ڕوانییە ڕوخساری مات و ڕەنگپەڕیووی دۆستەکەی و پاشان بۆ ئەوەی ئەو بێدار نەکاتەوە، بە هێمنی بەرەو لای تابلۆ نیوەچڵەکەی خۆی کە بەسەر ستاندەکەوە بوو ڕۆیی.

ئەو ڕۆژە قەرار بوو بۆ چیرۆکێکی تازە کە لە ژێر چاپدا بوو، وێنەیەکی خەیاڵی بکێشێت و بۆ بەڕێوەبەری یەکێك لە گۆڤارەکانی بنێرێ. هێشتا دەستی بە کارەکەی نەکردبوو کە گوێی لە دەنگێك بوو. پێدەچوو جوئانا بە ئەسپایی و لەبن لێوانەوە قسان بکات، کەمێك زیاتر گوێی هەڵخست، بەستەزمانە هێدی هێدی هەندێ ژمارانی دەژمارد... پازدە... چواردە... سیازدە...

تەمەشای کرد. جوئانا هێشتا هەر لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە خاڵێکی نادیار. ئەمیش دوا بە دوای ئەو نیگایەکی هاماجی دەرەوەی کرد، هیچ شتێك نەبوو، هیچ دەنگێك نەدەهات جگە لە شنەبایەکی ساردی سەرماهێنی زستان.

دیسان گوێی لە دەنگی جوئانا بوو:

– دوانزە، یانزە،... دە...

خۆی پێنەگرا. لە کاتێکدا کە زیاتر هەوڵی دەدا تا هۆی ئەم ژمارەکارییە بزانێ پرسی:

– ئەزیزم، چ شتێك دەژمێری؟

جوئانا هەر بەو دەقەوە کە لە گۆشەی پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرێ، بەئەسپایی گوتی: تەمەشا بکە، ئەو لاولاوە نابینی؟ ئێستا تەنیا دە گەڵای پێوە ماوە.

چەند ڕۆژێك لەمەپێش سەدان گەڵای پێوە بوو، ئەوەندەی گەڵا پێوە بوو کە بەمن نەدەژمێردرا. بەڵام ئێستا بڕوانە، لە دە گەڵا پتری پێوە نەماوە.

سو، جارێکی دیکە ڕوانییە دەرێ. نیگای ڕاستەوخۆ لەسەر دیوارەکەی بەرانبەر گیرسایەوە. لەوێندەر بەقەد دیوارێکی کەرپووچی سپییەوە، یەك بنجە لاولاو بەرچاو دەکەوت کە بەقەد و باڵای ڕووت و بێ گەڵاوە لە بەردەم شنەبایەکەدا دەلەرزی.

ئەمە هەمان ئەو بنجە بوو کە لە بەهار و هاویندا دیوارەکەی لەگەڵادا غەرق کردبوو. گوتی:

– زۆر باشە، گریمان تەنیا دە گەڵای پێوەیە.

– نە، ئێستا بوو بە هەشت گەڵا. بزانە چەند خێرا دەرژێ. کە دوا گەڵا بکەوێ، منیش بە ئاسودەیی دەمرم. ئەم گەڵایانە هەواڵی نزیك بوونەوەی مەرگی منیان پێیە. کە ئەم لقانە لە رووتبوونەوە نزیك دەبنەوە کۆتایی تەمەنی منیش نزیك دەبێتەوە. دکتۆر ئەم قسانەی بە تۆ نەگوت؟

سو، لە کاتێکا کە پەردەیەکی خەم چارەی داپۆشی بوو، گوتی:

– ئەم قسە بێ سەروبەرانە چییە کە تۆ دەیڵێی؟

رژانی گەڵا چ پەیوەندییەکی بەژیانی تۆوە هەیە؟

چما لە یادت چووە کە تۆ ئەم لاولاوەت چەند خۆش دەویست؟ ئەم خەیاڵانە لە خۆت دوور بخەوە. دکتۆر ئێستا گوتی کە لە هەر مەترسییەك خەلەسیوی و بێگومان چاك دەبیتەوە. بۆچی بە خۆڕایی خۆت ناڕەحەت دەکەیت؟ بۆخۆت بنوو، چەند رۆژێکی دیکە ئیسراحەت بکەو پاشان هەستەوە دەست بەکاری خۆت بکەوە. منیش کارم هەیە. ئەگەر ئەم قسەیە بکەی، ناتوانم بە ئیسراحەت کاری نیگارکێشی بکەم. بەخۆت دەبینی کە پارەمان تەواو بووە. ئەگەر ئەم وێنەیە ئەمڕۆ تەواو بووایە دەمتوانی کەمێك شەراب و خۆراك بکڕم، بەتایبەتی بۆتۆ کە زۆر پێویستت پێیەتی.

جوئانا، بە هەمان دەقەوە کە نیگای بڕی بووە لاولاوە ڕووتەکە، گوتی: نە، چیتر لەبەر من زەحمەت مەکێشە. ئیدی کاتی ئەوە نەماوە کە تۆ زەحمەت بۆ من بکێشیت. تەمەشا بکە تەنیا سێ گەڵای پێوە ماوە. ئەم سێ گەڵایەش بێگومان تا بولێڵی ئێوارێ دەکەون.

سو، بەسەر جێگاکەی ئەودا دانەوییەوە:

– ئەزیزەکەم، بەڵێنم بدەیە تا من نیگارەکەم تەواو نەکەم تۆ چاو نەکەیتەوە. لەبەر خاتری من. چاوەکانت بنووقێنەو بخەوە. من گڵۆپەکان پێدەکەم، چونکە ناچارم هەرچۆنێك بووە ئەم تابلۆیە تا سبەی بەیانی تەواو بکەم

– باشە ناتوانی تەنیا ئەمشەو لە ژوورێکی دیکەدا نیگارکێشی بکەی؟

– نە، حەز دەکەم لای تۆ بم، ئەمە جگە لەوەی حەز ناکەم تۆ تەمەشای دەرێ بکەی.

جوئانا بە هێمنی سەری وەرگێڕا، چاوە کزەکانی نووقاند. لەم حاڵەتەدا وەکو پەیکەرێکی مەڕمەڕین وابوو. گوتی:

– زۆر چاکە. من چاوەکانم دەنووقێنم، بەڵام تۆش بەڵێنم بدەیە کە کارەکەت تەواو بوو گڵۆپەکە بکوژێنیتەوە تا من دەرێ بدینم. من حەزدەکەم بزانم کەی ئەم دوا گەڵایە دەکەوێتە سەر زەوی. ئەوەندەم چاوەڕوانی کرد بێتاقەت بووم. حەزم لێیە کەوتنی دوایین گەڵا بدینم و هەنگێ بە ئاسوودەیی بمرم.

– چاکە، بنوو، من دەچم (برمان) بانگ دەکەم بۆ ئێرە تا ببێ بە مودێلی من. دەزانی من وێنەی پیرەمێردێك دەکێشم کە لە کانێك کار دەکات. هیچ نەجۆڵێی، چوون و هاتنەوەم لە یەك دەقیقە زیاتر ناکێشێت.

"برمان" لە قاتی خوارەوە دەژیا. پیاوێکی شەست ساڵە بوو روحیانیەتێکی پاك و دڵێکی لێوان لێوی مەحەبەتی هەبوو. کاری نیگارکێشی بوو، بەڵام هیچ کاتێك لەم بوارەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو. چل ساڵی خشت بوو، لێبڕابوو وێنەیەك بکێشێت، وێنەیەکی جوان و شاکارێکی نەمر، بەڵام هەرگیز ئەو شاکارەی دەست پێ نەکردبوو. بە هەموو کەسێکی دەگوت کە رۆژێك لە رۆژان ئەم کارە بێ نەزیرە دەکێشێت، کارێك کە لە جیهاندا وێنەو نموونەی نەبێ، بەڵام تا ئەو رۆژە چ کەسێك ئەو کارەی نەدیبوو. لە رێگەی وێنەکێشانی ئاگادارییان و

هەندێ نیگاری بچووکەوە دەژیا، هەندێ جاریش بەهۆی ردێنە درێژ و لوولەکەیەوە دەبوو بە مۆدێلی نیگارکێشانی تازەکورەو لە هەنبەر ئەوەدا، کرێیەکی کەمی وەردەگرت.

سو، خۆی وەژووری پیرەمێردەکەدا کرد، ژوورەکەی زیاتر لە ژێرزەمینە تاریکەکان دەچوو. برمان وەکو هەمیشە سەبیلەکەی بە دەمەوە بوو و لە بەرانبەر ستاندی نیگارکێشییەکەی دانیشتبوو. ستاندێکی سپی بوو کە قەراربوو شاکارەکەی خۆی لەسەر بکێشێت. سەرسام وحەیران دانیشتبوو و نەیدەزانی چۆن دەست بەکارەکەی بکات. بیست و پێنج ساڵ بوو کە ئەم کارە دووبارە دەبووەوە ، بەڵام بە درێژایی ئەو هەموو ماوەیە، هیچ کاتێك فڵچەکەی بەر جانفاز نەکەوتبوو. ئەم پیرەمێردە لە چوونە ژوورەوەی سو، سەرسام نەبوو. یەکەم پرسیاری ئەمە بوو کە حاڵی جوئانا چۆنە؟ سو، بۆی گێڕایەوە کە چۆن دۆستەکەی پاش ئەو نەخۆشییە قورسە، دوو چاری خەیاڵاتی بێ مانا بووەو چۆن باوەڕی بەخۆی هێناوە کە وەختێ دوا گەڵا وەری، ئەویش دەمرێت.

پیرەمێردی دڵپاك لە پڕ لە سەرسامی و ناڕەحەتیدا لەجێی خۆی ڕاپەڕی:

– شتێکی سەیرە! مرۆڤ دەبێ چەند گەوج بێ کە وابیربکاتەوە تەمەنی بە گەڵای درەختێکەوە بەندە. تۆ بۆ هێشتت ئەم کیژە کلۆڵە دووچاری ئەم خەیاڵاتە پوچانە ببێ؟ نە، من چیتر ئامادە نیم پێ بنێمە ژوورەکەی ئێوە، چەندم بەزەیی پێدا دێتەوە، کیژۆڵەی کلۆڵی بەسەزمان!

سو، قسەکەی بڕی:

– گوێ بگرە، جوئانا زۆر لاواز و بێتاقەت بووە، نەخۆشیەکە کەسیرەی کردووە. تای توند، مێشکیشی نەخۆش خستووە و ئەم بیرە غەڵەتە چووە بە مێشکیدا کە ئیدی چاك نابێتەوە. من دەمویست خێرا وێنەیەك بکێشم تا پارەی دەرمان و خواردنی بۆ پەیدا بکەم، ئێستا کە تۆ نایەی، دەبێ بیرێکی دیکە بکەمەوە.

ماکی سووکە بزەیەك کەوتە سەر سیمای چرچ و لۆچی برمان:

– بەراست تۆش ژنی، ئاخر چۆن دەشێت لە کاتێکی وەهادا کە جوئانای ئازیزم ئەوەندە نەخۆشە، لەگەڵتدا نەیەم؟ خوابکەم چاك بێتەوە، هەرکاتێ چاك بووەوە، ئەوسا بەیادی ئەو، ئەو شاکارە گەورەیەی خۆم دەست پێدەکەم، شاکارێك کە هەمیشە لە جیهاندا پایەدار بێ.

هەردووکیان بە قاڵدرمەکانا سەرکەوتن و پاش یەك دەقیقە گەیینە لای جوئانا. چاوەکانی نوقاندبوو و خەوی لێکەوتبوو. سو، بەئەسپایی پەردەی پەنجەرەکەی دیار جێگەکەی ئەوی دادایەوە و برمانی بۆ ژوورەکەی دیکە برد.

هەردووکیان هەرکە وەژوورکەوتن، چوون بۆلای پەنجەرەکە، چرە تاریکییەکی خەست باڵی بەسەر دنیادا کێشابوو و بەفر هێدی هێدی دەباری. پیرەمێردەکە ئاهێکی هەڵکێشاو لەسەر کورسییەك دانیشت. پاشان سو، تفاقی کارەکەی خۆی هێناو مژولی نیگارکێشی خۆی بوو. ئەم وەزعە هەر یەك سەعاتی خایاند، ئەوسا برمان بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە.

* * *

یەکەمین سەرقافڵەی بەرەبەیان لە شێوەی گزنگێکی کەم ڕوناکیدا لە میانەی پەردە ئەستورەکانی پەنجەرەی ژوورەکەوە وەژوورکەوت و بەمجۆرە کۆتایی ئەو شەوە تاڵ و مەینەت ئامێزەی ڕاگەیاند.

تازە سەعاتێك بوو کە سو، شەکەت و ماندوو خەوی لێکەوتبوو. بەدرێژایی شەو بەدیار نەخۆشە هیلاکەکەوە دانیشتبوو. جوئانا تەنانەت وەسێتیشی بۆ کردبوو، پێی گوتبوو: جلەکانم بدە بە کیژە دراوسێکەمان، یادگارییەکانم بۆخۆت هەڵگرە، و لەم گۆڕستانەی تەنیشتمانەوە بمنێژە.

سو، هەرچییەکی گوت فایدەی نەبوو. هەرچی مەنتیقێکی دەزانی، هەرچی پەند و ئامۆژگارییەکی لەیاد بوو، هەرهەمووی، یەك بەیەك بە دۆستە ناکامەکەی خۆی گوت و گوتەوە، بەڵام بێ سوود بوو. جوئانا بەردەوام یەك ڕستەی دووبارە دەکردەوە: دڵنیام دوایین گەڵا کەوتووە، تەنیا گەرەکمە بەچاوی خۆم بیدینم و هەنگێ بەئاسوودەیی بمرم.

سەرەنجام کیژەی نەخۆش خەوی لێکەوت، خەوی لێکەوت تا لەگەڵ یەکەمین گەردی بەیاندا، قەدی رووتی لقە لاولاوەکە بدینێ. کاتێ ئەو خەوت، "سو"ش شەکەت و ماندوو خۆی دا بەسەر جێگەکەیدا.

*　　*　　*

– سو، هەستە بەیانییە. هەستەو ئەو پەردەیە لابەرە.

سو، چاوی هەڵێنا. هێشتا هاماجی ناو ژوورەکە تاریك بوو. لە پڕێکادا بیرەوەری پڕ ئازاری بنجە لاولاوەکەی هاتەوە یاد: دوایەمین گەڵا!

دیسان دەنگی کزی جوئانا بەرز بووەوە:

– بمبورە کە خەبەرم کردیتەوە. لەبەر خاتری من هەستەو ئەو پەردەیە لادە لاوە.

چار چی بوو، سو بە هەنگاوی لەرزۆکەوە بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیی، دەست و دڵی دەلەرزین. بە ئەسپایی پەردەکەی راکێشایە لاوە: خودایە! دوا گەڵا... دوا گەڵا هێشتا نەکەوتبوو.

جوئانا تەمەشای کرد. دیسان بە چاوانی ئەبڵەقەوە تەمەشای کرد. بەڵێ، دوا گەڵا هێشتا بە لقە لاولاوەکەوە دیار بوو. لەگەڵ بارینی بەفرا، وێڕای ئەو بایە توندە، هێشتا دوایەمین گەڵا بەقەد ئەو دیوارە کەرپووچەوە خۆی دەنواند.

سووکە بزەیەك بەسەر لێوانی بێڕەنگی جوئاناوە هەڵهات: چۆنە کە دواگەڵا نەکەوتووە. من بەخۆم بەدرێژایی شەو گوێم لەدەنگی بایەکە بوو. من دڵنیا بووم کە ئەم گەڵایە کەوتووە.

سو، لە کاتێکا کە دوو دڵۆپە روندك بە روخساریا شۆڕ دەبوونەوە، سەری بەلای جوئانادا دانەواند:

– ئازیزی دڵەکەم، ئاخر بەزەییەکت بەحاڵی منیشدا بێتەوە. ئەگەر تۆ بەتەنگ خۆتەوە نایەی، ئەگەر خۆت و ژیانی خۆت خۆشنەگەرەکە، بەلای کەمەوە بەزەییت بە بێکەسی و تەنیایی مندا بێتەوە.

لێ جوئانا چ وەڵامێکی نەدایەوە. ئەو ئیتر بیری لە هیچ شتێك نەدەکردەوە. ئەمە یاسایەکی ئاساییە، لەو ساتانەدا کە روح جەستە بەجێ دێڵێ و بەرەو جیهانی پڕ نهێنیان دەچێ، نەخۆش، ئیدی بیر لە کەس ناکاتەوە. داوی وەهم و خورافات، بەجۆرێ مێشك و هۆشی جوئانای تەنی بوو کە بە هیچ جۆرێ نەیدەتوانی هەست بە سۆزی خەڵکانی دیکە بکات.

ئاسمانی توڕە سەر لە نوێ دەستی بە شێتایەتی خۆی کردەوە. بای ساردی جەمسەری سەرلە نوێ هەڵیکردەوەو دوابەدوای ئەو، بەفر سەر لەنوێ دەستی بە بارین کردەوە، بەڵام وێڕای ئەم تۆف و بۆرانە، دوایەمین گەڵای لاولاوەکە، خۆی راگرت و لە باڵای ڕووتی بنجە لاولاوەکە دوور نەکەوتەوە. ئەو شەوو رۆژەش هەر بەفر باری. جوئانا تەمەشای کرد، زۆری چاوەنۆڕکرد تا رژانی دوا گەڵاکە بدینێ، تا دەمەو ئێوارەیەکی تاریك، گەڵای سەرسەخت هەر بەقەد دیوارەکەوە مایەوەو نەکەوت.

ناچار خۆی بۆ سبەینێ دایە دەست رەوتی زەمەنەوە. ئەمجارەیان دڵنیا بوو کە قەدی گەڵاکە چەند بەهێز و سەرسەخت و خۆڕاگر بێ، خۆی لە بەردەم توڕەیی ئاسمان ڕاناگرێ. لێ کاتێ لەگەڵ یەکەم گزنگی رۆژدا، لە پەنجەرەکەوە تەمەشای فەزای نیمچە روناکی ناو حەوشەکەی کرد، سەیری کرد، گەڵاکە بەدەقی خۆیەوە ماوەو

جوڵەی نەکردووە. بۆ چەند ساتێك لە فكران ڕاچوو، ئەوجا سوی گازكرد: سو، ئەم گەڵایە دیسان نەكەوتووە، بۆ؟ ڕەنگە خوا نەیەوێ من بەم زووانە بمرم؟ بەڕاستی من چەند كیژێكی خراپ بووم؟ ئەمە گوناه نییە كە مرۆڤ ئەوەندە مكووڕ بێ لەسەر مردنی خۆی؟ هەستەو تۆزێ شیرم بدەیێ. زۆر برسیمە.

بزەیەكی كاڵ نیشتە سەر سیمای سو. گوتی: زۆر شوكر بۆ خوا ئەمڕۆ زۆر باشتری. من پێم نەگوتی بەو زووانە چاك دەبییەوە؟ بەڕاستی دەتەوێ كەی وێنەی كەنداوی ناپولی بكێشێت؟

جوئانا، رووی گەشایەوەو وەڵامی دایەوە:

– هەركاتێ توانیم ڕێبكەم.

ئەو ڕۆژە نزیكی نیوەڕۆ، دكتۆر لە ناوەختدا خۆی بە ژوورەكەی سودا كرد، كە هەواڵی جوئانای زانی زۆر خۆشحاڵ بوو، و گوتی:

– هاتبووم بۆ موعاینەی دراوسێكەی ئێوە. پیرەمێردی كڵۆڵ وەزعی یەجگار خراپە، دەمرێت، هیچ ئومێدێكی چاكبوونەوەی نییە. پێرێ شەو لە پڕ تووشی سیل بوو، ئەمڕۆ ڕەنگە بمرێ.

سو، بەرەو ماڵەكەی برمان غاری دا. چەند هاوسێیەك لە دەوری جەستەی نیوەگیانی خڕ بوو بوونەوە. یەكێك لەوانە بەمجۆرە پوختەی رووداوەكەی گێڕایەوە:

دوێنێ بەیانی بەم حاڵەوە دۆزیانەوە. جلەكانی هەموو تەڕ و بەستەڵەك بوو. هەموو شەوەكەی لە دەرێ ڕا لەژێر بەفر و بۆراندا قەتاند بوو. لەبەر فانۆسێكی دەستیدا، لە كەنار بنجە لاولاوەكەدا نیگاركێشی دەكرد. دەیویست شاكارەكەی خۆی بخوڵقێنی و ئاقیبەت گیانی خۆی لەسەر دانا.

بەڵێ، برمان سەرەنجام بە كێشانی وێنەی دوایەمین گەڵا، شاكاری نەمری خۆی خوڵقاندبوو.

**سەرچاوە: داستانهای كوتاه ازنویسندگان امریكا**

**ترجمه حسن شهباز/ چاپ دوم ١٣٥٨/ ص٥٩-٧٢**

**<u>ئۆ. هنری (١٨٦٢-١٩١٠)</u>: ناوی ڕاستەقینەی ویلیام سید نی پورترە، یەكێكە لە چیرۆكنووسە پڕ بەرهەمەكانی ئەمریكا.ماوەیەك كارمەندی یەكێك لە بانكەكانی تەكساس بوو، وبەدزی تۆمەتبار كرا و بۆ هندۆراس هەڵات، بەڵام پاشان گەڕایەوەو بە سێ ساڵ زندانی حوكم درا. هەوەڵین چیرۆكانی خۆی لە زینداندا نووسی. دوای ئازادبوون لە نیویۆرك ئاكنجی بوو ودەگەڵ بڵاڤۆكانی ئەو سەردەمەدا كەوتە هاوكاری. بەرهەمی زۆری لە پاش بەجێماوە لەوانە : گەندە دزییان، دەنگی شار، باوەڕان..**

## ماسیگره سپییەکە

ن: سارا ئۆرن جیویت

"١"

هەتاوی مانگی یەکەمی تاوسان بەئارامی لە پشت دارە زەلامەکانی بێشەکەوە ئاوا دەبوو و تاریکی شەو بەرە بەرە باڵی بەسەر ئەو بێشەو جەنگەڵە بێ سنوورەدا دەکێشا. دوایەمین زەردەپەڕی خۆر لە پەراوێزی سووری ئاسۆوەو بەنێو لق و پۆپی چڕ و پڕی درەختاندا تێدەپەڕی و ئەو تولە ڕێگەیەی کە بە قوڵایی تاریکی بێشەکەدا دادەکشا، روناك دەکردەوە.

کچۆڵەیەکی بچوك بەوپەڕی شەکەتی و بێ توانایییەوە، مانگایەکی بەهێزی، کە بە هێواشی و نە بەدڵییەوە هەنگاوی دەنا، بە تولەڕێیەکی تاریکدا لێدەخوڕی. هەردووکیان ڕێیان دەکرد، بەڵام هەردووکیان شەکەت و ماندوو بوون، و ئەوەندە لە خەمی ئەو تولە ڕێگەدا نەبوون کە پێیدا رەت دەبوون، دیارە ئەم ڕێگەیەو ئەم ماندوویەتییە بەلای هەردووکیانەوە ئاسایی بوو و بە بەشێك لە بەرنامەی ڕۆژانەیان دەژمێردرا.

هەر لە هەوەڵی بەهار و سەوز بوونی دەشت و دەر و بێشەو کوسارانەوە، بەدەگمەن، شەوێك ڕێك دەکەوت کە ئەم مانگا خۆشبەزە، پاش لەوەڕی ڕۆژانە. لە پاوەنەکەی خۆیدا یان لە حەسارە تەلبەندەکەدا بمێنێتەوە، پێدەچوو زۆری حەز لەوە بێ خۆی بە قوڵایی بێشەکەدا بکات، خۆی لە پشت گوڵبەنە چڕەکاندا بشارێتەوەو کچۆڵەی داماو کە هەموو شوێنێکی بەدوودا دەگەڕا، تووڕەو قەڵس بکات. هەرچەندە زەنگوڵەیەکی بە ملەوە کرابوو، بەڵام

دۆزینـەوەی ئاسـان نـەبوو. دەیزانـی کـە ئەگـەر لـە جێـی خـۆی هێـدی و بـیٚ جوڵـە بوەسـتیٚ، زەنگوڵەکـە دەنگـی دەرنایەت و ئەنجام نازانن ئەو لە کوێیە.

زۆر جاران رێك دەکەوت کە سیلویا بە سەعاتان لە گۆشەو کەناری ئەو پاوەنـە بـەرین و بێشـەڵانە بـیٚ سنوورەدا دەکەوتـە گـەڕان. بـەدەنگی منالانـەی خـۆی، مانگـا سەرکێشـەکەی بـانگ دەکـرد و گـوێی بـۆ بچـوکترین دەنـگ هەڵدەخسـت بـەو ئومێـدەی دەنگـی مانگاکـەی بـیٚ و لـەو دەورووبـەردا بیدۆزێتـەوە. هەنـدێجار ئـەم گەمـەی چاوشـارکییە ئەوەنـدە درێـژەی دەکێشـا کـە سـەبری کچۆڵەکە دەسـواو سـوێندی دەخـوارد هـەر کـە بیدۆزێتـەوە حەسـیر مـەیان ودارکارییـەکی باشـی بکـات و هـەقی خـۆی بنێتـە مسـتی، بـەڵام هەرکـە مانگاکـەی دەدۆزییـەوەو چاوانی پڕ سۆزی ئەو حەیوانەی دەبینی، لە بڕیارەکەی خۆی ژێوان دەبووەوە و لێی خۆش دەبوو. هەڵبەتـە ئـەم مانگایـە ئەگـەر حـەیوانێکی شـیردار نەبووایـە، خاوەنـەکانی بـەجۆرێکی دیکـە رەفتاریـان لەگەڵـدا دەکـرد. شـیرە زۆرەکـەی جـۆرە هەسـتێکی رەزامەنـدی لـەلا دروسـت کردبـوون. بـۆیـە سیلویا، لەبـەر خـاتری داپـیرەی ناچـار بـوو رەفتاری لەگەڵ حەیوانەکەدا هێدی و ئارام بیٚ. ئەمە جگە لەوەی کاتی ئەو ئەوەندە گرینگ نـەبوو کـە بـۆ کارێکـی دیکـەی تـەرخان بکـات. لـەو ژینگـەیـەدا، تاقە هـاووازی و هـاودەمی ئـەو ئـەم مانگایـە بـوو، و ئـەم هـەموو هـەوڵ و تەقەلایە بۆ دۆزینەوەی و تەماشاکردنی دیمەنە جوانەکانی سروشت و گوێگرتن بۆ ئاوازی مـەلان، بـۆ سـیلویا بـە جـۆرە لـەزەت و سـەرگەرمییەك دەهاتـە ژمـاردن. بـەڵام ئـەو رۆژە، ئـەم ئاشـنا نامیهرەبانـە زەحمـەتێکی زۆری بـۆ سیلویا دروست کردبوو. هەرچی شـوێن هـەبوو بەدوویـدا گـەڕا، و هێنـدەی لـە توانـای گـەرووە بچووکەکەیدا بـوو هاواری کرد، کەچی نەیدۆزییەوە. پـاش چـەندین سـەعات گـەڕان و عـەودالی، سـەیری کـرد لـە پشـت شیشـبەندی حەوزەکـەدا، بـە هـێمنی راوەسـتاوەو بەچـاوە بێگـەردەکانی تەمەشـای ئـەو دەکـات. بـەر لـەوەی سـیلویا تۆفـانی توڕەیی خۆی بەسەریا ببارێنیٚ و بەر شولکانی بدات، رێگـەی گرتـە بـەر، گوانـەکانی تـەژی شـیر بـوون و ئامـادەی دۆشین بوون، بۆیە بێئەوەی سەری خۆی بە هیچ لایەکدا وەربگێڕیٚ، هێدی و ئارام ملی رێگەی ڕۆژانی گرتەبەر.

سیلویا، شەکەت و ماندوو هەنگاوی سست و خاوی دەنا و لـە دڵـی خۆیـدا بـیری لـەوە دەکـردەوە کـە ئـاخۆ حـاڵی دایە گـەورەی سـەبارەت بـەم دواکەوتنـە زۆرەی ئـەوان چۆنـەو چـی دەڵـیٚ. لـە پـاش نیـوەڕۆوە، لـە سـەعات پێـنج و چەند دەقیقەیەکەوە هـاتبووە دەریٚ تـا مانگاکـە بـۆ مـاڵ بەرێتـەوەو ئێسـتا سـەعات نزیکـەی هەشـت بـوو. هـەموو دەیانزانی کە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە کارێکی ئاسان نییە. خودی خانم تی لی زۆر شـەوانی تاوسـان تـا درەنگـانیٚ بـەدوای ئـەم مایـەی سەریەشـەیەدا، سەرانسـەری ئـەم دەڤـەرەی تـەی کردبـوو و هەنووکـە بێگومـان هەسـتی بـە رەزامەنـدی و ئاسـوودەییەکی فـرە دەکـرد کـە سـیلویای هەیـە تـا ئـەم ئەرکـە قـورس و دژوارەی بـۆ ئـەنجام بـدات. هەڵبەتـە دوور نـەبوو لـە دڵـی خۆیـدا وا بـیر بکاتـەوە کـە سـیلویا بـەدەم ڕێگـەوە، ماوەیـەکی بـە یـاری و گەمانـەوە بردۆتە سەر، چونکە ئەم کیژە تا یەك–دوو ساڵ لەمەوبەر کە نەهاتبووە ئەم گوندە ، ماوەی هەشت ساڵی تەمەنی خۆی لە شارێکی پیشەسازی و لە ژینگـەیەکی قەرەباڵغدا بەسـەر بردبـوو. هـەموو ئاشـنایانی دوور و نزیکـی ئـەو دەیانزانی کە سیلویا، تا کاتیٚ چاوی بەم مەزرا سەوز و دەشت و بێشەو کۆسارانە نەکەوتبوو، خۆی بـە زینـدوو نـەدەزانی. لـە ژیـانی ئاڵۆز و تـاڵی شـاران بێـزار بـوو. هەنـدیٚ جـار ئەوەنـدە تاسـەو ئـارەزووی دیـتنی دیمـەنێکی جـوانی دەکـرد کـە بـە سـەعاتان لـە کـۆڵانـدا، لـە بەرانبـەر ماڵـە هاوسـێیەکدا دەوەسـتاو تەمەشـای گوڵـدانێك یـان مۆمدانێکی کۆنەی پشت پەنجەرەیەکی دەکرد.

رۆژێ کە (خا تی لی) دەچێتە سەردانی ماڵی کیژەکەی لە شار، لە گەڕانەوەدا لێدەبڕێ یەکێك لە کچەزاکانی لەگەڵ خۆیدا بۆ گوند بێنێ، کیژەکەی پێی گوتبوو: سیلویا ببە: چونکە ئەم کیژۆڵە گەوجە لە بنیادەمان دەترسێت! هەمیشە بە تەنیایە و خۆی لە خەڵکی دوور دەگرێ. ئەو ببە بەڵکو لە گوندیدا دەبێ بە بنیادەم!
ئەوەبوو، رۆژێ داپیرە لەگەڵ کچەزاکەیدا هاتنەوە بۆ مەزراکەیان و گەیینەوە ماڵە چکۆلەو دوورە دەستەکەیان. سیلویا کە چاوی بە گوربە قەڵەوو پیرەکەی داپیرە کەوت کە لە ئەنجامی راوە چۆلەکەو گۆشت خواردندا بەحاڵ دەیتوانی رێ بکات، یەکسەر لە دڵی خۆیدا گوتی:– چەند شوێنێکی باشە، ئیدی لێرە ناڕۆم.

* * *

دوو هاودەم، بە ئارامی رێگەی باریك و ناهەمواری جەنگەڵیان تەی دەکرد، یەکێکیان هەنگاوی هەڕاوی دەناو ئەوی دیکەیان ناچار بوو بۆ ئەوەی بەمدا بگات، بەپەلەو خێرا خێرا هەنگاو بنێ. حەیوانەکە لە قەراخ جۆگەیەکدا وەستا و دەستی بە ئاو خواردنەوە کرد. سیلویا ئەم چەند دەقیقەیەی بە هەل زانی و بۆ ئەوەی پێیە ماندووە پەتییەکانی کەمێك فێنك بکاتەوە، خستنییە ئاوەکەوەو لەسەر بەردێك دانیشت. مێشولەی ورد لە دەوری دەموچاوی خڕ دەبوونەوەو ناچار بوو پەیتا پەیتا دەستە چکۆلەکانی تەکان بدات و دەریان بکات.. کاتێ مانگاکە، هێدی هێدی کەوتە جوڵە، ئەویش هەستاو دوابەدوای ئەو ملی تولە ڕێگەکەی گرت و بەدەم ڕێوە گوێی لە دەنگ و ئاوازی دڵگیری مەلان دەگرت کە بەسەر سەرییەوە لەم لقەوە بۆ ئەو لق دەفڕین. ئاواز و نەغمەی خۆشی مەلان تۆفانێکی شادییان لە روحیدا بەرپا دەکرد.
لە ڕێگەدا، لە هەموو شوێنێکدا دەنگی فڕین و ئاوازی دڵگیری مەلان دەهاتە گوێ. وێڕای ئەوەی کپی و تاریکی شەو بەرە بەرە باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا دەکێشا، وەکو ئەوە بوو کە هەموو گیانلەبەرانی ئەو بێشە و جەنگەڵە پان و پۆرە بێدار بن. لەوە دەچوو بەهۆی هاتنی شەوەوە، شەو باش و خواحافیزی لێکدی بکەن. سیلویا بەدەم لەزەتی گوێگرتن لە ئاوازی ئەوانەوە، هەستی دەکرد پڕ بە دڵ حەزدەکات وەکو ئەو مەلە ئازادانە، بتوانێ بچێتە سەر درەختێك و لەسەر لقێکی سەوزدا ئارام بگرێ.
زۆری نەمابوو لە بێشەکە وەدەربکەوێ، بۆیە خۆشحاڵ بوو کە بەر لە تاریك بوونی دنیا دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە پاوەنەکە. سێبەری لەرزانی درەختان و ورتە ورتی بە سامی بێشەکە بەرە بەرە دڵە چکۆڵەکەیان دەهێنایە ترپە ترپ. بەتایبەتی بیری کەوتەوە کە پارەکە لە هەفتەکانی هەوەڵی هاتنیدا بۆ گوند، رۆژێ، دەوروبەری خۆرئاوا، رێگەی ماڵی گوم کرد و لەو دەمانەدا کە سەرگەردان و حەیران نەیدەزانی چ بکات، کوڕێژگەیەکی هەرزەکاری بێ تەربێت هاتبووە سەر ڕێگەی و کەوتبووە گاڵتە پێکردن و ئەزیەت دان و تەنانەت ترساندنی.
لەو دەمەدا کە هەوڵی دەدا کە بە پەلە تولە ڕێگەکەی ناو جەنگەڵەکە تەی بکات، لە پڕ و لە مەودایەکی نزیکەوە گوێی لە دەنگی فیکەیەك بوو. ئەم فیکەیە لە دەنگی باڵندەیەك نەدەچوو کە نەرمی و ئازادی پێوە دیار بێ، بەڵکو لە دەنگی مرۆڤێك دەچوو کە بتەوێ و نەتەوێ، بۆنی زێدەگاڤی و داگیرکاری لێدەهات.
دوای چەند ساتێك لێبڕا کە مانگاکە بە دەقی خۆیەوە بەرەڵڵا بکات و خۆی لەنێو دەوەن و لق و پۆپ و گەڵاکاندا بشارێتەوە، بەڵام فریای ئەنجامدانی ئەم بڕیارەی نەکەوت. دژمن لە پڕ بەرانبەری لێگرت، بەڵام بە دلۆڤانی و زمانی شیرینەوە کەوتە قسە کردن. بە بزەیەکی تەژی مەحەبەتەوە پێی گوت:
– سەلام کچۆڵەی جوان، دەتوانی پێم بڵێی لێرەوە تا جادەکە چەند دەبێ؟
سیلویا کە لە هەوەڵەوە زۆر ترسابوو، تۆزێك هێور بووەوە. جورئەتێکی زیاتری بەخۆی داو هەستی بە ئاسودەییەکی زیاتر کرد. گوتی: جەناب، زۆر دوور نییە.

ئەوجا ڕوانییە چاوەکانی. پیاوێکی گەنجی باڵا بەرز بوو، تفەنگێکی بەشانەوە بوو. سیلویا سەر لەنوێ بەغار دوای مانگاکەی کەوت، لێ کابرای نەناس خۆی گەیاندێ و بەدەم ڕێکردنەوە گوتی: من لێرەدا ڕاوم دەکرد. بەدوای باڵندەیەکدا دەگەڕام و ڕێگەم گوم کرد. باش بوو تۆم بینی دەنا لە ناوەندی ئەم جەنگەڵەدا بە تەنێ دەمامەوە...

که بینی ئەم کچۆڵەیە هەندێ ناڕەحەتە و وادیارە لەو دەترسێت، بە میهرەبانییەوە گوتی:- هەرگیز مەترسە... من هەقم بەسەر تۆوە نییە. تا ماڵی ئێوە دێم و ڕێگاکە دەدۆزمەوە. خۆ ئەگەر لە ماڵەوە شوێنێکتان هەبێ، شەوێ لە ماڵی ئێوە دەمێنمەوە و سوزی دەڕۆم بۆ دەشت و دەر...

سیلویا، لە جاران پتر ناڕەحەت بوو. ئەگەر ئەم پیاوە تا بەردەرگا لەگەڵی ڕۆییشتبا، داپیرەی چی دەگوت؟ ئایا سەرزەنشتی نەدەکرد کە بۆچی بێگانەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە؟ بەڵام ئەو چ خەتایەکی هەبوو؟ ئەمە ڕێکەوتێکی ناگەهانی بوو و هیچ گوناحێکی ئەوی تێدا نەبوو.

وەکو لقە دارێکی شکاو، سەری بەسەر سینگیدا خوار بوو بوو و بە زەحمەت ڕێی دەکرد. بەڵام کاتێ هاودەمە نەناسەکە ناوی پرسی، بەزەحمەت توانی تەنیا بە وشەی "سیلوی" وەڵامی بداتەوە.

خاتیلی لەبەر ماڵەوە وەستابوو و لە دوورەوە نزیك بوونەوەی ئەو سێ تەنەی دەبینی. هەرکە مانگاکە گەییە چەند شەقاوی ئەو، بۆڕاندی. خا تیلی بە توڕەیی ڕووی دەمی کردە مانگاکەو هاواری کرد: مەگەر هەر بەخۆت بڵێی لە چ جەهەننەمێکدا خۆت مات دابوو. سیلویا، دیسان زۆری ئەزیەت دایت؟ زۆر بۆی گەڕای؟ نارەسەنە کێوە چوو بوو؟

لە تۆوایە سەرپۆشێکیان بەسەر روحی ئەو مناڵەدا دابوو، بە دروستی نەیدەتوانی قسان بکات، زۆر شەکەت و بێ تاقەت بوو. ئەمە جگە لەوەی بەتەمابوو کە داپیرەی بارانی توڕەیی و ناڕەحەتی خۆی بەسەر ئەودا دابارێنێ و لێی بپرسێت کە ئەم پیاوە کێیەو بۆچی دوای خۆیی خستووە.

کابرای لاو نیگایەکی داپیرەی کرد و بە ئاماژەی سەر سڵاوی لێکرد. ئەوجا کۆڵە پشتییە قورس و تفەنگەکەی داگرت و لە عاردی داناو گوتی:

- من بۆ ڕاوی باڵندەیەك بۆ ئەم دەڤەرە هاتبووم و لەو جەنگەڵستانەدا وون بووم. ئەگەر ئەم کچۆڵەیە نەبووایە، ڕەنگە شەوێ لەو جەنگەڵەدا وێڵ و سەرگەردان بوایەم. من شارەزای ئەم دەڤەرە نیم، نازانم دەتوانم رووت لێ بنەم کە ئەگەر شوێنتان هەبێ ئەمشەو لە ماڵی ئێوە بمێنمەوەو سووزی بڕۆم بەلای کاری خۆمەوە؟

خا تیلی بە رووخۆشییەوە گوتی: چ قەیدییە.

کابرای گەنج لەسەری ڕۆیی:- گرنگ نییە شوێنی خەوتنم هەر کوێیەك بێ، نامەوێ زەحمەتتان بدەم. ڕاستت دەوێ زۆر برسیمەو ئەگەر سوکە خۆراکێکتان لەماڵەوە هەبێ... ئەگەر شیریش بێ قەیناکە...

خانمی خانەخوێ دیسان بەزەردەخەنەوە گوتی: هەڵبەتە خواردنمان هەیە. فەرموو وەرە ژوورێ و ئیسراحەت بکە تا من خێرا مانگاکە بدۆشم و بێمە خزمەتتان... ئێمە لێرەدا هەم دۆشەکی پەڕمان هەیە و هەم دۆشەکی کەپەکی گەنمە شامی. ئیدی بە کەیفی خۆت... هەڵبەتە لەم نزیکانەدا ئوتێلێکی چکۆلەش هەیە ئەگەر بەخۆت دەتەوێ ئاسوودەتر بی دەتوانی بۆ ئەوێندەر بچی.. هەر یەك میل لێرەوە دوورە. بەڵام دەرگای ماڵەکەمان بۆتۆ کراوەیە. فەرموو ژوورێ و ماندوویەتی خۆت دەربکە...

ئەوجا رووی کردە کچۆڵە خەواڵووەکەو گوتی: سیلوی، ئاغا بەرە ژوورێ تا هەر ئێستا دەگەڕێمەوە...

سیلوی بە پەلە بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت، وا دیار بوو بەم پێشوازییە گەرم و گوڕەی داپیرەی لە میوانە نەناسەکە، خۆشحاڵ بوو.
کابرای بێگانە بەدەم هەر هەنگاوێکی بچووکەوە لەمماڵەدا، پتر سەری لە پاك و خاوێنی و ڕێك و پێکی ماڵەکە سووڕ دەما. لەو دەشتە بەرینەدا و لە قەراخ ئەم جەنگەڵە قووڵەدا، بوونی ماڵێکی ئاوهای بەلاوە سەیر بوو، کابرای بێگانە شارەزای ژیان و گوزەرانی گوندنشینانی ئەو دەڤەرە بوو، ئەوەی سەرنجی رادەکێشا ئەمە بوو کە ئەم کوانگی ژیانە لە رووی بچووکی و دوورییەوە پتر لە خانەقا و دێری خەڵکانی گوندنشین دەچوو.
میوانی نەناس لە سوچێکدا دانیشت و بە ئیسراحەت هەناسەیەکی هەڵکێشا. دەنگی خانمی خانەخوێی دەژنەوت کە بەدەم دۆشینی مانگاکەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوا یان لە بن لێوانەوە گۆرانییەکی دەگوتەوە. روخساری بێ ڕەنگ و ئەندامی ناسك و ڕیوەڵەو نیگای پڕ مەحەبەتی سیلویای دەبینی کە لە چاوە کەوەیی و جوانەکانییەوە دادەچۆڕا، و کاتێ شێو ئامادە بوو بە سێ قۆڵی لە دەوری مێزێکی پەرپوت دانیشتن، میوانەکە بەوپەڕی راشکاوی دانی بەوەدا نا کە لەم چەند هەفتەیەی دواییدا، ئەمە باشترین خواردن بوو کە خواردبووی، چونکە پاکی و بێ ریایی ئەم ژیانە زۆر کاری تێکردووە.
پاش شێو، هەرسێکیان هاتنە دەرێ و لەسەر قاڵدرمەکان دانیشتن تا تەمەشای هەڵهاتنی مانگ بکەن، دەتگوت گەرد و خاکەی زیویان بەسەرانسەری ئەو دەشتە سەوز و بێ سنوورەدا کردووە. کابرای گەنج غەرقی دنیای خەیاڵ بوو، و بەو دەقەوە دەیڕوانییە ئەو دیمەنە خەیاڵئەنگێزانە و داپیرە سەری قسەی کردەوە، باسی ژیانی خۆی و ئەو کۆمەکە گەورەیەی کە سیلویا لە واری بەخێوکردنی مانگاکەو داندانی مریشکەکاندا و لە کۆکردنەوەی تودا کە بەرهەمی سەرەکی ئەو بوو، بەوی دەکرد، بۆی گێڕایەوە، هەروەها ئەو دەردە دڵەشی بۆ کرد کە چۆن لەو ساڵانەی دواییدا هەر چوار مناڵەکەی بەهۆی نەخۆشی جۆراوجۆرەوە مردوون و چونکە هەر خۆی بەتاقی تەنیا لەم دەشتە بەرینەدا ماوەتەوە، ناچار بووە بچێ بۆ ماڵی کیژەکەی لە شار، و سیلویا، کە یەکێك بووە لە کچەزا بێدەنگ و گۆشەگیرەکانی، لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێرە بێنێ .ئەوسا، باسی ڕاوی باڵندەو حەیواناتی کێوی هێنایە پێشێ و بەدەنگێکی گیراوەوە گوتی: کوڕەکەم منی بەجێ هێشت و چوو بۆ کالیفورنیا، تیرەندازێکی چاك بوو. باشترین یارو یاوەرو یارمەتی دەری من بوو. تا ئەو لێرە بوو، ماڵەکەی من هەمیشە تەژی کەوو کەروێشك بوو. هەروەها قازانجێکی زۆرمان لە فرۆشتنی پێستی سمۆرەو دەڵەك دەکرد. ئیدی لێرە بێتاقەت بوو و بەرەو رۆژئاوا سەفەری کرد. زۆر دەمێکە کاغەزی بۆ نە ناردووم و نازانم ئێستاکێ زندووە یان مردووە. من بەتەمای هیچی ئەو نیم. هەرئەوەندە بزانم زندووە ئیتر بەسە.
بێدەنگییەکی کورت باڵی بەسەردا کێشان. داپیرە هەمدیس ئاهێکی هەڵکێشاو درێژەی بە قسەکانی دا: سیلویا شارەزای بست بە بستی ئەم دەڤەرەیە. ئەم چێڵە تاقە سەرمایەی راستەقینەی ژیانی ئێمەیە، بەڵام زۆرمان ئەزیەت دەدات، لە تۆوایە دەیەوێ سیلوی تورە بکات. بەرۆژەوە پاش لەوەڕ، خۆی لە پەنایەکی دوورە دەستدا دەشارێتەوەو سیلوی بەستەزمان دەبێ هەموو ئەم دەورووبەرەی بەدوودا بگەڕێ و بانگی بکات...
سلیوی، بووە بە هاوڕێی هەموو باڵندەو پەلەوەرەکانی ئەم دەڤەرە، بەدەستی خۆی خواردن بە زۆریان دەدا. سمۆرە بڕ بڕ دێنە لای وگەمەی لەگەڵدا دەکەن، سیلوی هیچ لێیان ناترسێت. لەم ناوە چەند رەنگاڵەیەك هەن کە دەبن بە شەریکی نیوەڕۆژەی سیلوی، خۆ ئەگەر من بهێڵم، هەموو خواردنەکەی خۆی دەدا بەو تەیرانە. هەڵبەتە من خۆیشم حەزم لە باڵندەیە، بەڵام تەنیا رقم لە قەلەڕەش و رقم لە سێبەری سەرێتی.
لێرەدا ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

... ئەگەرچی "دان"ی کوڕم، قەلەرەشێکی ماڵی کردبوو و تا ماوەیەکی زۆر پاش ڕۆیشتنی ئەو، دەهاتە ئێرەو بەدەنگە شوومەکەی بۆی دەخوێندین...

کابرای میوان گوێی دەگرت و ورتەی نەدەکرد. نیگای بڕیبووە ئاسۆی دوور و بیری دەکردەوە. پاش ئەوەی داپیرە بێدەنگ بوو، ڕووی کردە کچۆڵەکە کە لەم کاتەدا بەتاسەوە چاوی بڕیبووە ئەو، و گوتی: کەواتە سیلویا هەموو باڵندەکان دەناسێت. کە شتێکی باشە... کەواتە دەتوانێ یارمەتی من بدات. کاری من کۆکردنەوەی باڵندانە. هەر لە منالییەوە حەزم لەم کارە کردووەو هەر ئەمەش منی گەیاندووەتە ئێرە. دوو-سێ جۆرە باڵندەی زۆر دەگمەن لەم دەڤەرەدا هەیە و ئەوە ماوەی پێنج ساڵە بەدوایانەوەم و ناتوانم ڕاویان بکەم.

خاتیلی، بەسەرسامی و تاسەوە نیگای کرد و پرسی: چییان لێدەکەی؟ بە گوللە دەیانکوژی یان لە قەفەزدا بەخێویان دەکەی؟

کابرای باڵندە ناس بە غرووریکی تایبەتییەوە گوتی: نە، وشکیان دەکەمەوە بەکا دەیانئاخنم. سەدان باڵندەم هەن کە هەرهەموویانم یا بە زندوویەتی گرتووە یا بە گوللە کوشتومن. شەممەی رابردوو لە چەند میلی ئێرەدا ماسیگرەیەکی سپیم بەئاسمانەوە بینی، بەدوایدا هاتم بۆ ئەم دەڤەرە بەڵام تا ئێستا نەمدۆزیوەتەوە. من زۆر شارەزای ئەم ناوچەیە نیم و ئەمە یەکەمجارە کە بۆ ئەم دەڤەرە دێم...

و ڕووی خۆی بۆ لای سیلویا وەرگێڕا تا کاریگەری قسەکەی خۆی لەوەدا ببینێ و بزانێ کە ئایا باڵندەیەکی واهی لەم ناوەدا دیتووە یان نا، بەڵام سیلویا لەم کاتەدا، بەچاوانی خەواڵووەوە دەیڕوانییە قورباقەیەك کە هێدی هێدی بەرەو لای ئەوان هەڵدەقوونا.

میوانی بێگانە، درێژەی بە قسەکانی خۆی دا: تۆ هەرکە ئەو ماسیگرەیە بدینی یەکسەر دەیناسیت، چونکە دوو لاقی زۆر باریك و دێژی هەیەو پەڕەکەی سپی و نەرمە. لە زۆر ڕووەوە لە لەقلەق دەچێت. هێلانەکەی وەکو باز، بە چیلکەو دار لەسەر تروپکی درەختانی زۆر بەرز دروست دەکات تا دەستی مرۆڤی نەگاتێ...

دڵی سیلویا لە پڕ کەوتە ترپە ترپ. ئەو باڵندەیەکی سپی لەو جۆرەی بینی بوو و جارێکیش لە کەناری حەوزەکەدا و لە پشت نەیجەکانەوە خۆی لێ مەڵاس دابوو، و تەمەشای کردبوو کە چۆن ڕاوە ماسی کردبوو.. لە دووری دووری کوختەکەی ئەوانا، لە ڕۆژئاوای بێشەکەدا، دەشتێکی تا چاو بڕ بکات ڕاستانی و بەرین هەبوو کە خۆر بە شێوەیەکی دڵگیر گەردی زێڕینی خۆی بەسەر درەختان و ڕوبار و چەمەنزارەکانیاندا پەخش و بڵاو دەکردەوە. بەشێك لەم دەشتە لە ئاوی کوێستانەکانی ئەو دەوروبەرانەدا غەرق بوو بوو، بوو بوو بە زەلکاوێکی گەورە، زەل و نەیجە داپۆشی بوو. داپیرە بەردەوام سیلویای ئاگادار کردبووەوە کە توخنی ئەو زەلکاوە نەکەوێ، نەبادا زەوییە نەرم و تەڕەکە، لە پڕ ڕۆبچێ و هەڵیلوشێ.. لە مەودایەکی دوورتر و لە پشت درەختە سەوزەکانەوە، ئۆقیانووسێکی بێ سنوور هەبوو و سیلویا دەیتوانی بە پیاسە بچێ بۆ ئەو ناوەو شکۆو دڵڕفێنی سروشت تەمەشا بکات. هەندێ جاران کە تۆفان هەڵدەستا سیلویا دەیتوانی لە کەناری زەلکاوەکەوە، جۆش و خرۆشی شەپۆلەکانی ئۆقیانووسەکە کە بە هەموو تین و تاوێکییەوە خۆی بە تاوێرانی کەنارەکەدا دەکێشا، بژنەفێ.

ئەم گەنجە قۆزە، لە کاتێکدا دەیڕوانییە تریفەی مانگ لە قوڵایی ئاسمانی شیندا، لەسەر قسەی خۆی ڕۆیی: ڕەنگە باوەڕ نەکەی، بەڵام گەورەترین ئارەزووی من لە ژیاندا ئەمەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هێلانەی ئەم باڵندەیە بدۆزمەوە. تەنانەت ئامادەم خەڵاتێکی دە دۆلاری بەو کەسە بدەم کە لە دوورەوە هێلانەکەیم پێ نیشان بدات. ئامادەم عومرێك بۆ ئەم کارە تەرخان بکەم. ئەمساڵ پێنجەمین هاوینە کە من بەدووی ئەم باڵندەیەدا دەگەڕێم،

سەیر لەوەدایە کە جارێك باڵندەیەکی وەهام لە دووری چەند میلی ئەم خانووەوە دیتووە، لێ تا ئێستا نەمتوانیوە بیدۆزمەوە. ڕەنگە باڵندانی دیکە بەرەو ئەم ناوەیان ڕاونابێ یان هێلانەکەی لەم نزیکانەیە...

خاتیلی بەوردی و بەتاسەوە گوێی لە قسەی کابرای بێگانە دەگرت، لێ چاوی سیلویا هەر لەو قورباقەیە بوو کە هێلانەکەی لەژێر قاڵدرمەکاندا بوو.

سەرەنجام کاتی جیابوونەوە و ئیسراحەت هات، هەرکەسەو چوو بۆ سەر جێگەی خۆی، بەڵام بتەوێ ونەتەوێ ئارەزووی وەدەست هێنانی دە دۆلار پارە، بیری هەندێکیانی ئاڵۆزاندبوو.

* * *

بەیانی ڕۆژی دوایی، کابرا گەنجەکە بە ئومێدی دۆزینەوەی ماسیگرە سپییەکە، ڕێگەی جەنگەڵستانی گرتە بەر و سیلویا-ش بەدوایدا. ئیدی ئەو ترس و نارەحەتییەی دوێنێ سیلویای ئازار نەدەدا، چونکە کابرای گەنج بە کردەوە نیشانی دابوو کە مرۆڤێکی بەبەزەیی و میهرەبانە. لە ڕێگەدا حیکایەتی زۆری دەربارەی باڵندان و چۆنیەتی ژیانی باڵندان بۆ سیلویا گێڕایەوە. هەروەها قەڵەمبڕێکی جکۆلەشی بەدیاری دایێ، کیژەی دڵساف، بەوپەڕی دڵخۆشییەوە دیارییەکەی وەکو گەنجینەیەکی بێ وێنە لێوەرگرت. بەدرێژایی ڕۆژ، کە پێکەوە بە جەنگەڵستانەکەدا دەگەڕان، سیلویا هەستی بە کەمترین ناڕەحەتی نەکرد، تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە کابرای ڕاوچی سێرەی لە کۆمەڵێك باڵندە دەگرت و ژمارەیەکی لێ دەکوشتن و خەڵتانی خوێنی دەکردن. لەم کاتانەدا سیلویا ناڕەحەت و خەمبار دەبوو و خۆزیای دەخواست کە ئەم پیاوە میهرەبان و قۆزە چەکی پێ نەبووایە.

وێڕای ئەمەش، کاتێ ڕۆژ تەواو بوو گەڕانە دوور و درێژەکەی ئەوان کۆتایی هات، هەستی کرد کە ئەم دۆستە میهرەبانەی خۆش دەوێ. لەزەتی لە قسەکردنی ئەو، لە ڕەفتاری ئەو، لە پێکەنینی ئەو، لە هەموو شتێکی ئەو دەبینی. دەتگوت لەم کەلەشە بچووکە کەم تەمەنەدا، دڵێکی گەورەو هەستیار و پڕ ئارەزوو هەیە و لە ئەنجامی ئەم سووکە ئاشنایەتی و تێکەڵ بوونەدا، هاتبووە هەڵچوون و ترپە ترپ.

سیلویا بەخۆی کەمدابێژێك لەم حاڵەتە دەگەیی. وەکو چۆن لەزەتی لە دیتنی دیمەنێکی جوان و خەیاڵوڕوژێنی سروشت دەبینی، و وەکو چۆن بە ژنەفتنی ئاوازی دڵگیری باڵندەیەك غەرقی خەون و خەیاڵان دەبوو، بەو شێوەیەش بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەم پیاوە گەنجە دڵی دەکەوتە لێدان و هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد. حەزی دەکرد درەنگتر ڕۆژ ئاوابێ، خۆزی دەخواست هەرگیز ئەم ڕێبوارە تازە ئاشنایەی لێ دوور نەکەوتبایەوە، بۆ یەکەمجار لە ژیاندا هەستی بە کەسایەتی، خۆیبوون، مەحەبەت و نەوازش کردبوو.

کابرای گەنج بە هەنگاوی هەڕاوەوە بەرەو کوختەکە دەگەڕایەوە و سیلویاش بەدوویدا غاردی دەدا. لە نزیکی دەشتەکەدا، کچۆڵەی دڵپاك وەکو جاران کەوتە هەوڵی بردنەوەی چێڵەکە، چێڵەکەی خستە سەر هەمان باریکە ڕێگای ڕۆژان و بەخۆشی دوای کەوت.. کە گەییە نزیکی ئەو جۆگەیەی کە دوێنێ لەوێندەر گوێی لە دەنگی فیکەی بێگانەیەك بوو بوو، بزەیەکی کەوتە سەر لێوان و هەستی بە شادی کرد. ئەمڕۆ ڕێك بەپێچەوانەی دوێنێوە، نەك هەر لەو کابرا بێگانەیە نەدەترسا بەڵکو خۆشیشی دەویست.

"٢"

لە دووری نیو میلیی ماڵەوە، لە قەراخی جەنگلستانەکە و بەو دەستەدا کە گردێکی گەورەی لێ بوو، دار سنۆبەرێکی پیری لێ بوو کە دەمێ ساڵ بوو، بەرەو ئاسمان هەڵکشابوو. ئەم درەختە بەرزە، تاقە سنۆبەرێکی پیر بوو کە بەسەر ئەو گردە زومڕودینەوە دەبینرا. هەموو درەختەکانی دیکەی هاوتەمەنی ئەو لەلایەن موهاجیرانی ئاژاوەچییەوە، کە لە زەمانی زۆر کۆندا هاتبوونە ئەو دەڤەرە، بڕابوونەوەو لەنێو برابوون. بەڵام ئەم

تاقە درەختە لە چەپۆکی ڕۆژگار و تالانکاران خەلەسی بوو، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە نیشانەی سنووری نێوان دوو مولْك یان سنووری نێوان دوو گوندی جیاواز و ئەو شتانە بووبێ. بە هەرحاڵ درەختانی هاوتەمەنی ئەو هەموو لە بەین چووبوون، تەنانەت درەختانی جەنگەڵی دیکەی وەکو "بەڕوو ئەفرا"ش بەدەستی زاڵمان لەناو چووبوون، و ئێستا پاش تێپەڕبوونی ساڵانی درێژ، تازە نەونەمامانیان لە شوێن ڕوابووەوە. بەڵام ئەم درەختە، مکوم و جێگیر، وەکو قەڵایەکی پۆڵایین لە جێی خۆی وەستابوو و جوڵەی نەدەکرد. تەنیا لق و پۆپە پڕ گەڵاکانی لە بەرزییەکی زۆر بەرزەوە بەدەم شنەی بای دەریاوە دەشنایەوە.
سیلویا ئەم کەونە درەختەی بەچاکی دەناسی. زۆر جاران لەپاڵ قەدە ئەستورەکەیدا وەستاوەو سەری هەڵبڕیوە، تا بڕوانێتە لق و پۆپە چڕ و تاریکەکانی کە بەردەوام بەدەم باوە شناوەتەوە.. دەیزانی ئەگەر کەسێك زات بکات و بەقەدی درەختەکەدا هەڵزنێ و خۆی بگەیەنێتە ئەو لق و پۆپە پڕ گەڵایانە، دەتوانێ لەوێندەرەوە تا چاو هەتەر دەکات، شەپۆلە شینەکانی ئۆقیانووس ببینێ.
ئێستا کە کابرای ڕێبوار تامەزرۆی وەدەست هێنانی ئەو باڵندە سپییە بوو، و هەرچی دەکرد، و بۆ هەرکوێ دەیڕوانی نەیدۆزییەوە، سیلویا لە پڕ پیرە درەختەکەی وەبیر کەوتەوە. ئایا ئەگەر کەسێك لە کاتی سپێدەدا بچوایەتە سەر ترۆپکی ئەو پیرە دارە نەیدەتوانی بەهەر چوار نکالی ئەو دەڤەرە بەرینەدا بڕوانێ و ڕێگەی فڕین و شوێنی هێلانەی ئەو باڵندە تیژباڵە بدۆزێتەوە؟
ئۆه، چ ڕوحێکی سەرکێش و چ ئارەزوویەکی هۆڤی چەمووشە! ئەگەر پەی بەم ڕازە سەیرە ببردایەو ئەوەی بە دۆستە تازەکەی بگوتبایە، ئیدی لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. ئیدی دڵە چکۆلانەکەی لێوانلێوی غروور و شادی دەبوو و بۆخۆی خەنی دەبوو، چونکە میوانەکەی خۆی بەوە ڕازی دەکرد. بەدرێژایی شەو، لە ماڵە چکۆلەکەدا مایەوەو لەگەڵ دڵی خۆیدا ڕازونیازی کرد. کابرای ئاشنا لەلایەك و داپیرە لەلایەکی ترەوە، غەرقی دنیای خەو بوون. تەنیا سیلویا لە جێگەکەی خۆیدا دانیشتبوو و بیری لە نەخشە خەتەرناکەکەی خۆی دەکردەوە. شەوی کورتی تاوسان وەکو تاریکی قووڵی زستان، دوور و درێژ بوو، سەرەنجام ناڵەی تاق تاقکەرە خامۆش بوو و دنیا هەندێك ڕوناك بووەوە، بە پەریشانی هەستا تا بەر لە کازیبەی بەیان خۆی بگەیەنێتە پیرە داری گۆڕین.
هێشتا ئاخر و ئۆخری شەو بوو، ڕێکردن بەو دەشتە بەرینەدا و بە قەراخ جەنگەڵستانەکەدا زۆر ئاسان نەبوو. تریفەی دڵگیری مانگ سەرانسەری ئاسمانی گرتبووەوە، لەگەڵ ئەمەشدا سیلویا لەو سپێدەیەدا هەستی بە جۆرە ئاسودەییەك دەکرد. یەك بە یەکی باڵندەکان لەناو هێلانەکانیاندا کەوتنە جم و جۆڵ و هەندێك لە چۆلەکەو پاسارییە بزێوەکان، دەستیان بە جریوەجریوی خۆ کردبوو. ئەو لەم کەش و هەوایەدا، بە هەنگاوی بتەوەوە بەرەو ئارمانجی خۆی دەڕۆیی و نە لە تاریکی شەو دەترساو نە لە ناهەمواری ڕێگە سڵی دەکردەوە. هەمیشە وایە، ئەگەر سێلاوێکی خرۆشاوی گەورە بڕژێتە ناو شیوو نشێوێکی بچکۆلەی سنووردارەوە، یەکسەر پڕی دەکات و لە خۆیدا ونی دەکات. بەو ئاوایە مەشخەڵی سەرکێش و بەهێزی عیشق، پانتایی دڵە چکۆلەو ناسکەکەی سلیویای تەژی کردبوو و بوونی ئەوی دەکرد بە ژیلەمۆیەکی گەرم.
بێ ئەوەی بزانێ چی دەکات، هەردوو پێیە ڕووتەکانی نا بەقەدی سنۆبەرەکەوەو بەیارمەتی دەستە چکۆلەکانی دەستی بە سەرکەوتن کرد. ڕێگەکە زۆر لەوە دژوارتر بوو کە تەسەوری دەکرد. لقە باریك و کورت و وردەکان وەکو هەڕەو مێخ، دەست و پێ و دەموچاویان دەڕوشاند و لە خوێنیان دێنا، بەڵام بە حوکمی ئەو ئاگرەی لە

ناخیا هەڵایسا بوو، هەستی نە بە ساردی دنیا، نە شنەی بەیانی، نە دڵۆپەی ئاونگ، نە سەختی ڕێگا و نە ڕۆشان و بریندار بوون و نە ئەگەری کەوتنە خوارەوە نەدەکرد.
لە تۆوایە درەختەکە، سنگی ئاسمانی شەق کردبوو و لق و پۆپەکانی سەریان کردبووە ناو هەوران. هەرچەندە دەچووە سەروتر و قەدی ناهەمواری درەختەکەی دەبڕی هێشتا هەر نەدەگەییە تروپك. وای لێهات نەیدەوێرا سەیری خوارەوە بکات. ئەوەندە چووبووە سەرەوە کە سەری گردە بەگیا داپۆشراوەکە، سەرانسەر وەکو مەخمەلێکی سەوز دەهاتە بەرچاوی.
ئەگەر کەسێك لەو ساتەدا تەمەشای ئەو پیرە دارەی کردبا، ئەو بوونەوەرە وردیلەیەی کە زۆر بە زەحمەت پێیدا سەردەکەوت، وەکو قالۆچەیەکی چکۆلە دەهاتە بەرچاو کە بەقەدی ئەستوری درەختەکەوە هەڵدەزناو بەو پەڕی دژواری دەچووە سەرێ. درەختەکە بەرز و باڵا لەجێی خۆی وەستابوو و جوڵەی نەدەکرد. سیلویا، هەندێجار لقێکی کورتی دەدۆزییەوەو بۆ تاوێك پێی خۆی لەسەر دادەناو پشوویەکی دەدا. پێدەچوو ئەم پیرە دارە دڵی بەحاڵی میوانە تازەکەی خۆی بسووتێ، بۆیە لە هەر هەموو ئەو باڵندەو شەمشەمە کوێرەو قالۆچانەی کە هێلانەیان لەسەر کردبوو، زیاتر پێشوازی لێدەکرد. پێدەچوو گوێی لە دەنگی لێدانی دڵە چکۆلەکەی ئەو بێ، دەست و پێ و سەروچاوە خوێناوییەکەی بدینێ، بەڵام لە جێی خۆی نەدەجوڵا.
لە دووری دوورەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە، سپێدەی بەیانی شەپۆلی دەدا و دنیای ڕوناك دەکردەوە. لە نێو ئەم ڕوناکییە سازگارەوە، ئەگەر کەسێك لە ژێر درەختەکەدا بوەستایەو تەمەشای سەرێی کردبایە، سیمای سیلویای وەکو ئەستێرەیەکی کز دەهاتە بەرچاو کە لە ژێر لق و پۆپی سەوز و تاریکی درەختەکەوە دیار بوو. ئیدی هەر یەك بستی بۆ سەری سەرەوە مابوو. دوا تەکانی داو بە قامکە ناسکەکانی لقەکەی گرت، پاشان بە زەحمەتێکی زۆر، خۆی هەڵبڕی و شەکەت و نیوەگیان پاڵی پێوەدا.
ئۆه، دنیای ئەو دەڤەرە لەوسەری سەرەوە چ شکۆو سامێکی هەبوو. لەلایەکەوە ئۆقیانووسی بێ سنوور سەرانسەری ئاسۆی گرتبووە خۆو شەپۆلەکانی لەژێر کازیوەی بەیاندا، وەکو دەریایەکی زیوی تواوە دەدرەوشایەوە. لەلایەکی دیکەوە جەنگەڵستانە قوڵەکە، پەردەیەکی شینباوی بەسەر سەرانسەری دۆڵەکەدا دابوو و دوو بازی تیژ باڵ مەغرورانە بەسەر سەریەوە لە حاڵی فڕیندا بوون. هەموو شتێك لەسەر ئەو درەختەوە بچووك و ناچیز دەهاتە بەرچاو، تەنانەت بازە تیژباڵەکانیش کە لە داوێنی شینباوی ئاسۆدا دەسوڕانەوە بچووك و ناچیز دەهاتنە بەرچاو.
چەندی حەز دەکرد کە ئەویش بیتوانیایە وەکو باڵندان بە ئاسمانی بێ سنووردا بفڕێ و وەکو شابازێکی خۆپەسند، باڵ لە بەرۆکی ئاسمان بسوێ، بەسەر سەری ئەو دار و درەخت و دەشت و دەرو ڕووبار و کۆسارانەدا تێبپەڕێ و بەسەر ئەو خانووە دوورە دەستانەی گوندیاندا، کە یەك یەك لەنێو کێڵگەو مەزراکاندا خۆیان دەنواند، لە شەقەی باڵ بدات. مات و سەرسام وەستابوو دەیڕوانییە ئەو دیمەنە خەیاڵ ئەنگێزانەی ئەو دەوروبەرە. لەم ساتەدا، دەنگی جۆش و خرۆشی باڵندان و ئاواز و نەغمەی مەلانی خۆشئاواز باشتر دەگەییە گوێ. هەتاو بە تیشکی زێڕینی خۆی هەموو شوێنێکی لەئامێز گرتبوو پەردەی خەوو تەمەڵی لادابوو. دیمەنەکانی دەوروبەر هێندە ڕۆشن بوون کە سیلویا دەیتوانی تەنانەت ئەو بەلەمە چارۆکەدارانەش بدینێ کە لەناو دەریادا دەسوڕانەوە.

هەرچەند چاوی دەگێڕا، دڵخوازەکەی خۆی نەدەبینی. ئەدی ئەم ماسیگرە سپییە لەکوێ بوو، هێلانەکەی لە کوێی ئەم دنیا پان و بەرینە بوو؟ دڵی لەنێو قەفەزی سینەیدا بەدژواری لێی دەداو سەبر و ئارامی لەبەر دەبڕی.. ئایا پاداشتی ئەو لەسەر ئەم سەرکەوتنەو ئەم ریسکە، هەر ئەمە بوو کە جوانی سروشت ببینێ؟
دەتگوت دەنگێك لە غەیبەوە ئەم ڕستانەی پێگوت.
سیلویا ئاوڕێکی ئەولای دایەوەوباڵندەیەکی سپی بینی کە لەنێو لق و پۆپی "دار شەوکەران"ێکەوە هاتە دەرێ و بە غرورو متمانەیەکی زۆرەوە لەو نزیك بووەوە. هات و هات تا گەییە چەند مەتری ئەوو پاشان بەدەوری لق و پۆپەکانی دار سنۆبەرەکەدا کەوتە سوڕانەوە. سیلویا! سیلویا، مەجوڵێ! روخساری خۆت بە باڵندەی تیژ فڕ نیشان مەدە! مەگەر نابینی کە خەیاڵی وایە لە پاڵ تۆدا لەسەر یەکێك لە لقەکان بنیشێتەوە؟ کیژۆڵەی بچووك، بەو چاوە پرشنگدارانەت، تیری نیگای تێمەگرە! لە خۆتی دوور مەخەوە! ئەم ماسیگرەیە ئەم درەختەی خۆش دەوێ و هەموو رۆژێك چەندین سەعات لەگەڵ جووتەکەی خۆیدا لەسەر بەرزترین لقی دەنیشتەوەو تەمەشای ئەم دەوروبەرە دەکات!
سیلویا بێ دەنگ و بێ جوڵە چاوەڕوانی کرد تا باڵندەی بەرزە فڕ لەسەر بەرزترین لق نیشتەوە. ئێستا دەیتوانی بەچاکی بیدینێ. لاقە درێژەکانی، دەنووکە درێژەکەی، چاوە خڕەکانی و پەڕە سپیە قووئاساکانی لە دووری دوو مەتری خۆیەوە دەبینی. ئیدی هەموو جیهان و تێپەڕبوونی سەعاتانی لەبیر چووبووەوە و تەنیا بیری لەم باڵندە ئەفسووناوییە دەکردەوە.
کاتێکی بەخۆ زانی پۆلە (باستراك)ێك بەدەنگی ناسازەوە بەرەو درەختەکە هێرشی هێناو ژینگەی ئارام و بێدەنگی ئەوێندەریان شڵەقاند. باڵندەی هێمنی خواز ناچار، باڵەکانی لێك کردنەوەو بەرەو ئاسۆی دوور کەوتە فڕین. بێگومان لەوێوە بەرەو داری شەوکەران و گۆلاوە سەوزەکە دەگەڕایەوەو لە هێلانەکەی خۆیدا و لەگەڵ بێچووەکانیدا پشووی دەدا.
ئیدی مانەوە لەوێدا، لەو بەرزاییە سامناکەدا چ سوودێکی هەبوو؟ تازە شوێنی هێلانەی باڵندەکەی کەشف کردبوو و پەی بەو رازە بردبوو کە بەلای میوانە ئازیزەکەیەوە ئەوەندە گرنگ بوو. کەواتە دەیتوانی بەخۆشی و شادییەوە بۆ ماڵ بگەڕێتەوە. نیگایەکی خوارەوەو ئەو رێگەیەی کرد کە دەبووایە تەی بکات، و لە ترساندا چاوی خۆی نوقاند. هێشتا سوێی برینەکانی دەست و پێ و سەروچاوی نەنیشتبووە، و دەبوایە سەر لە نوێ بکولێنەوە. چار چی بوو؟ بە پارێزەوە دەستە بچووکەکانی لە دەوری یەکەم لق هاڵاند و خۆی بەقەدی درەختەکەوە چەسپاند. ئەوجا هێواش هێواش، لە کاتێکدا کە وردە لقە کورتەکان لەشیان دەڕوشاند و خوێنی پێدا دەهاتە خوارێ، هاتە خوارەوە.

* * *

– سیلوی! سیلوی! سیلوی!
ئەمە ناوێك بوو کە داپیرە بەردەوام لە دەوروبەری ماڵەکەیدا و لە ناخی ماندووی خۆیەوە بانگی کردبوو و هیچ وەڵامێکی نەژنەوتبوو. لەوساوە کە لە جێگەکەی هاتبووە دەرێ و ئەوی لە شوێنی خۆیدا نەبینی بوو، تا ئەم دەقیقەیە کە هەتاو بە تیشکی زێڕینی خۆی ژیان و هێزی بە هەموو شوێنێ بەخشی بوو، بە دووی ئەودا گەڕابوو و بانگی کردبوو. میوانە گەنجەکەشیان بەیانی زوو لەخەو هەستابوو و جل و بەرگی لەبەر کردبوو و تا زووتر دووی کاری خۆی بکەوێ.

هەر لە یەکەم ساتەوە کە کچۆلەکەی بینیبوو بەو جۆرە دڵبەندی حیکایەتەکەی ئەو بوو بوو، هەستی دەکرد کە ئاگای لەم ڕازە هەیە، یا بەلای کەمەوە ئەو باڵندەیەی دیتووە و دەتوانێ ڕێنوێنی ئەو بکات. بۆیە کە نانی بەیانی خوارد، نەڕۆیی و چاوەڕوانی کرد تا سیلویا بگەڕێتەوە، چونکە هەستی دەکرد بە مەبەستێك لەماڵ چووەتە دەرێ.

سەرەنجام، ماوەی چاوەڕوانی و شپرزەیی تەواو بوو و کچۆلەی گومبوو دەرکەوت... ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، جلەکانی دڕابوون و دەست و دەموچاو و پێی هەمووی هەر برین بوو، کابرای گەنج غاری داو دەستی گرت: سیلویا ئەوە لەکوێ بووی؟ بۆچی وا زامدار بووی؟ داپیرەش بە سیمای پەرێشان و توڕەوە لێی روانی و پرسی: ئەوە زمانت بڕابوو کە بڵێی بۆکوێ دەچی؟

سیلویا، شەکەت و پەریشان بوو. هەرچەندە بەتاسەو شادییەکی زۆرەوە رێگەی ماڵەوەی تەی کردبوو و لێبڕا بوو هەر کە گەڕایەوە یەکسەر رازی دۆزینەوەی هێلانەی ماسیگرەکە بگێڕێتەوە، بەڵام ورتەی نەکرد، هەرچییەکیان لێی پرسی، وەڵامی نەدایەوە. نە نیگای پڕ لوتفی کابرای گەنج و نە توڕەیی داپیرە، هیچیان نەیانتوانی بیهێننە قسە. هەرچەندە پاداشتی قسەکردنی ئەو دە دۆلار بوو. ئەمە پارەیەکی کەم نەبوو، دەیتوانی بەو پارەیە ژیانی خۆی بگۆڕێ، چێڵێکی دیکەو کۆمەڵێ مریشك و جووجەڵە بکڕن، لێ سیلویا، بێدەنگ و غەمبار، لێوی لەبەر یەك هەڵنەهێنان.

چ شتێك مایەی ئەم خامۆشی و بێدەنگییەی ئەو بوو؟

کەس پەی بەم نهێنییە نەبرد، بەڵام ئەگەر کەسێك لەو ساتەدا رێی بکەوتبایە ناو دڵە چکۆڵەو پڕ مەحەبەتەکەی ئەوو گوێی لە بانگی روحی پاك و بێگەردی ئەو بگرتایە، تێدەگەیی کە هیچ شتێك جگە لە هەستی غەمخۆری بۆ گیانلەبەران و رێزی بۆ ژیانی ئەو باڵندانە مایەی ئەم خامۆشی و نهێنی پۆشییە نەبوو، ئەو خۆی بە رۆڵەی ئەو دەڤەرەو بە یەکێك لە گیانلەبەرانی لاوازی ئەو مەرز و بوومە دەزانی. وێڕای ئەوەی کە تەمەنی لە نۆ ساڵ زیاتر نەدەبوو، بەڵام زۆرچاك پەی بە نهێنی ژیان و بەهای زندووبوون بردبوو. لەگەڵ هەموو باڵندان و حەیواناتی بچووك و گەورەی ئەو دۆڵەدا، دۆست و هاوڕاز بوو. هێشتا زەمزەمەی لق و پۆپە پێچاو پێچەکانی سنۆبەرەکەو فڕینی مەغرورانەی ماسیگرەکە لە بەرانبەریدا بەرجەستە بوو. ئایا بێ ویژدانی و بێدادی نەبوو کە باڵندەیەکی ئاوا ئازاد و بێ خەم و خەیاڵ لە خوێنی خۆیدا بگەوزێنێ، تا کۆی تەیر و توی کەسێکی خوێنمژی دیکە، تەواو بێ؟

* * *

میوانەکە، بۆ رۆژی دوایی ئەو دەڤەرەی بەجێ هێشت و رۆیی، هەڵبەتە تا دوا ساتیش هەر دڵنیابوو کە سیلویا شوێنی هێلانەی باڵندەکە پێ دەزانێ. سیمای رەنجاوو پڕ نائومێدی ئەو، دڵی میهرەبانی کیژەی دەگوشی. هەرچەندە هەستی دەکرد کە ئەو میوانە گەنجەی خۆشگەرەکە، بەڵام هەر قاییل نەبوو کە ئەو نهێنییە بدرکێنێ. لەوە بەدواوە زۆر شەوان لە خەوا ئەوی دەبینی کە هێشتا هەر عەودالی باڵندە ماسیگرەکە بوو، زۆر رۆژانیش کە بەلای جۆگاکەدا رەت دەبوو، گوێی لە دەنگدانەوەی فیکەکەی ئەو دەبوو کە گازی دەکرد. ئەوساو لە هەمان کاتدا، هاژەی گوللەکانی ئەوی لە بەرچاوی خۆیدا بەرجەستە دەکرد کە چۆن لەگەڵ هەر گوشارێکی پەلەپیتکەدا، یەك دنیا چۆلەکەو پاساری و تەیر و توی دیکە لە خوێنی خۆدا دەگەوزین و لەسەر لقە دارەکانەوە بەردەبوونەوەو دەکەوتنە سەر عاردی. ئاواز و نەغمەکانیان لە گەروویان خەفە دەبوون و باڵە لەڕ و لاوازەکانیان لە بەدەنیان جیا دەبوونەوە.

ئایا ئـەم باڵنـدە جـوان و بـێ وەیانـە، لـەو ڕاوچییە باڵادەسـتە، ئەمەکـدارتر و میهرەبـانتر نـەبوون؟ ئێـوە ئـەی دیمەنەکانی سروشت، ئێوە ئەی باڵندانی دەم بەخەندەو تیژباڵ، ئەی بەهارانی دڵگیر و ئـەی هاوینـانی دڵخـۆش، باشتر پارێزگاری لەم دۆستە دڵپاك و دلۆڤانەی خۆتان بکەن. ئەگەر ئەو لەبەر خاتری ئێوە چاوپۆشـی لـە ئەشـقی مرۆڤانی خۆی کـرد و دڵە چکۆلەکەی خۆی بریندار کرد و تەنانەت چاوپۆشـی لـەو پاداشتەش کـرد کـە ژیـانی ئـەوی دەبوژانـەوە، ئـەوا ئێـوەش ڕێـزی بگـرن و خۆشـتان بـوێ و گـۆرانی دڵگیر و خۆشـی بـۆ بچـڕن و دیارییـە ئاسمانییەکانی خۆتانی پێشکەش بکەن، چونکە ئەو ئاشق و دۆستی گیانی بەگیانی ئێوەیە...

سەرچاوە:داستانهای کوتاه از نویسندگان امریکا
انتخاب و ترجمە: حسن شهباز/ چاپ دوم: ۱۳۵۸
ص: ۳۱۹-۳٤۲

<u>سـارا ئـۆرن جیویت ( ۱۸٤۹-۱۹۰۹)</u>: یەکێکـە لـە نووسـەرە ناودارەکـانی نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیـەمی ئەمریکا، بەرهەمەکانی زۆر پڕ خوێنەرن. یەکەم کتێبی لە ساڵی ۱۸۸۷دا لە ژێر سەرناڤی (پەناگەی قووڵ) چاپ و بڵاوکردووەتەوە کە بە ڕاوبۆچوونی شـارەزایان دەکاتـە باشـترین ئوتۆبیـوگرافی خـەڵکی نیوئینگلانـد و داب و نەریت و رێو رەسم ورەفتار و هزرینی دانیشتووانی ئەو دەڤەرانە بە جوانترین شێوە وەسف دەکات..ئیدی لـەوە دوا کۆمەڵێك کتێبی دیکەی بڵاوکردەوە و پایەیەکی بەرزی لە نێو خەڵکی ئەو دەڤەرەدا پەیدا کرد. ئـەم چیرۆکـە کورتەی ( ماسیگرە سپییەکە) یەکێکە لە چیرۆکە هەرە بەناوبانگەکانی..

## ئەو رۆژەی کە ون بووم

ن : ئیزاك باشویش سینگر

ناسینی من کارێکی ئاسانە، ئەگەر لە جادەدا پیاوێکتـان بیـنی چاکەتێکی درێـژی لەبـەر و پـێڵاوی گـەورەی لـە پـێ و کڵاوێکی چرچ و لۆچ و قەراخ پانی لە سەر و شووشەی عەینەکەکەی کەوتبوو و بە رۆژی هـەتاو چـەترێکی رەشی هەڵدابوو ئەوا بزانن ئەو پیاوە منم "پرۆفیسۆر شمیل"

هەڵبەتە نیشانانی دیکەش بۆ ناسینی من هەن. گیرفانەکانم هەمیشە پڕن لە رۆژنامەو جانتایەك بەدووی خۆمدا بکێش دەکەم پڕە لە وردەواڵەی بێ کەڵك. لە هەموو شتێ خراپتر ئەوەیە کە بەردەوام هەندێ هەڵە دەکەم کە پینـە ناکرێـت و.. پتر لـە چل سـاڵە لـە نیویـورك دەژیـم، بـەڵام هـەرکاتێ دەمـەوێ بـۆ باکووری شـار بـڕۆم، لـە باشـووری شاردا سەردەردێنم، کـە بمـەوێ بـۆ رۆژهـەڵات بـڕۆم بـەرەو رۆژئاوا دەڕۆم. هەمیشـەش هـەر درەنـگ دەگـەم و هـیچ کەسێکیش ناناسمـەوە. زۆربـەی کـات شـتەکانم لـەبیر دەچـێ و بـەجێیان دێڵـم. رۆژی سـەد جـار لـە دووی قەڵـەم، پارە، دەستەسڕ و دەفتەرچەی یادداشتەکانم دەگەڕێم. من بەراستی پرۆفیسۆرێکی حەواس پەرتم.

چـەندین سـاڵە لـە یـەك زانکۆدا، دەرسـی فەلسـەفە دەڵێمـەوە، کەچـی هەمیشـە پۆلەکـەی خـۆمم لـێ دەگـۆڕێ و بەزەحمەت دەیدۆزمەوە. بەینم لەگەڵ ئاسانسۆرەکانیشا باش نییە. کە بمـەوێ بـۆ قـاتی سـەرەوە بـڕۆم، لـە ژێـر زەمینـە سـاردەکەوە سـەر دەردێنم. بیرم نایـەت کـە تاقـە جارێـك بـەرەو ئاسانسـۆرەکە چووبم و دەرگاکـەیم لـێ بووبێتەوە.

جگە لە هەڵە هەمیشەییەکانم و گوم کردنی شتومەکەکانم، کەسێکی فەرامۆشکاریشم. کە دەچمە خواردنگەوە چاکەتەکەم بە عەلاگەوە هەڵدەواسم. لێ پاشان بەبێ چاکەت دێمە دەرێ. بیرم دەکەوێتەوە کە چاکەتەکەم لەبیر چووە. بەڵام دوایی نازانم کێوە بچم و لەکوێ بۆی بگەڕێم. تاکو ئەمڕۆ گەلێك کڵاو، کتێب، و چەتر و شتی ترم گوم کردووە. لە هەموو ئەمانە خراتر دەستنووسەکانیشم گوم کردووە. هەندێ جار ناونیشانی ماڵەکەی خۆیشم لەبیر دەکەم.

عەسرانێك زۆر بە پەلە بووم کە بۆماڵ بچمەوە. ئەو شەوە شەوی لەدایك بوونم بوو. ژنەکەم دۆستەکانمانی دەعوەت کردبوو. لەبەر ئەمە سواری تاکسی بووم. شوفێرەکە پرسی: (کێوە دەچیت؟) بەڵام من ناونیشانی ماڵەکەم بیر چووبوو.

گوتم: "بۆ ماڵەوە."

بەسەرسامی پرسی: "ماڵت لە کوێیە؟"

وەڵامم دایەوە: "نایەتەوە بیرم."

– ناوت چییە؟

– پرۆفیسۆر شمیل.

شوفێرەکە گوتی: "پرۆفیسۆری ئازیز! من دەتگەیەنمە نزیکترن کابینەی تەلەفۆن. لەوێندەر لە دەفتەری رێنوینی دا دەتوانی ژمارە و ئەدرەسی ماڵەکەت بدۆزیتەوە."

گەیاندمییە نزیکترین کابینەی تەلەفۆنی گشتی کە لەناو دەرمانخانەیەکدا بوو، بەڵام چاوەڕوانی نەکردم و رۆیی. کە خۆم بە دەرمانخانەکەدا کرد ئەوجا زانیم کە جانتاکەم لەبیر کردووە. هاوارم کرد: "جانتاکەم، جانتاکەم."

لێ تازە درەنگ بوو بوو تاکسییەکە رۆیی بوو. کە لە دەفتەری رێنوێنی دا پیتی (ش)م دۆزییەوە سەیرم کرد پڕە لە ناوی (شمیل) بەڵام ناوی منی تێدا نەبوو. بیرم کەوتەوە کە چەند مانگێك بەر لە ئێستا لەسەر پێشنیازی ژنەکەم ژمارە تازەکەمان بە دایەرەی تەلەفۆنات نەداوە. چونکە هەندێ لە قوتابییەکانم ئیش و کاریان نەبوو ئەوە نەبێ کە لە نیوەشەودا بێدارمان بکەنەوە. بیرێکی باشمان کردبووەوە بەڵام ئێستا چۆن ئەدرەسی ماڵەکەمم بدۆزایەتەوە.

بەزۆری ئەو نامانەی بۆم دەهاتن لە بەرکم دەنان. لێ بۆ نەگبەتی ئەو رۆژە گیرفانەکانیشم بەتاڵ کردبوون. رۆژی لەدایك بوونم بوو و ژنەکەم، دۆستەکانمی بۆ عەسر دەعوەت کردبوو. کێکێکی گەورەی دروست کردبوو و بە شەمالك رازاندبوویەوە. سیمای دۆستەکانم دەهاتە بەرچاو کە بەبێ قەراری چاوەنۆڕی گەڕانەوەی من بوون. لێ من لە کابینەی تەلەفۆنات گیرۆدە بوو بووم و نەمدەتوانی ئەدرەسی ماڵەکەم وەبیر بێنمەوە. دوای تۆزێك بیر کردنەوە ژمارەی یەکێك لە دۆستەکانم وەبیر هاتەوە. دکتۆر "مادیرهد". بڕیارم دا تەلەفۆن بۆ ئەو بکەم و یارمەتی لێبخوازم. ژمارەکەم وەرگرت، کچۆڵەیەك تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

– ببورە. جەنابی دکتۆر لە ماڵێیە؟

– نەء

– ئەی ژنەکەی؟

– کچۆڵەکە گوتی: "نە، هەردووکیان چوونەتە دەرێ."

– دەکرێ بزانم بۆ کوێ چوون؟

– کچۆڵەکە گوتی: "من ئاگاداری مناڵەکەیان دەکەم. بەڵام پێم وایە چوون بۆ ماڵی پرۆفیسۆر شمیل. کارێکت پێیان هەیە؟
گوتم: "من پرۆفیسۆر شمیل"م.
کچۆڵەکە گوتی: "سەعاتێك بەر لە ئێستا بۆ ماڵێ ئێوە رۆیشتن."
پرسیم: "گوتت بۆ کوێ چوون؟"
– گوتم بۆ ماڵی ئێوە چوون.
– بەڵام ماڵی ئێمە لە کوێیە؟
– رادەبوێری؟
ئەمەی گوت و تەلەفۆنەکەی داخستەوە.
هەوڵمدا پەیوەندی بە دۆستەکانی دیکەمەوە بکەم. بەڵام هەر شوێنێکم وەردەگرت هەمان وەڵامیان دەدایەوە: "چوونەتە میوانی پرۆفیسۆر شمیل."
لە کاتێکا بەو حاڵەوە لە جادەدا وەستابووم و بیرم دەکردەوە، باران دەستی پێکرد. ویستم چەترەکەم هەڵدەم. بەڵام ئەویشم لەبیر کردبوو. خۆم دایە ژێر کەپرێك، باران شوڕە شوڕ دەباری. ئاسمان بڵاچەی دەدا. بە درێژایی ئەو رۆژە دنیا گەرم و هەتاو بوو کەچی ئێستا چونکە هەم خۆم گوم بووبووم و هەم چەترەکەم بزر کردبوو. دەبوایە باران بباریێ. دنیا شێوا بوو و وادەهاتە بەرچاو کە باران بەو زووانە خۆش نەکاتەوە. جا بۆ ئەوەی خۆم مژوڵ بکەم هەوڵم دا بیری خۆم بە یەکێك لە دژوارترین مەسەلە فەلسەفییەکانەوە مژول بکەم، "مریشك لە هێلکە بووە یان هێلکە لە مریشك بووە؟" ئەمە پرسیارێك بوو کە هیچ فەیلەسووفێك تا ئێستا نەیتوانی بوو وەڵامی بداتەوە. لێ وەڵامی خۆی هەبوو و تەقدیر وای هێنابوو کە من (پرۆفیسۆر شمیل) حەلی بکەم.
هێشتا هەر دەرباری. تەواو تەڕ بوو بووم و سەرمام بوو. دەستم بە پژمین کرد. ویستم کەپووم بسڕم، بەڵام دەستەسڕەکەم دیار نەبوو، ئەویشم ون کردبوو. لەم کاتەدا چاوم بە سەگێکی رەشی گەورە کەوت. تەڕ بوو بوو و بە چاوانی خەمینەوە دەیڕوانییە من. لە گرفتەکەی حاڵی بووم. ئەویش وەکو من گوم بوو بوو و ئەدرەسی ماڵەوەی بیر چووبووەوە. دڵم بەم گیانلەبەرە بێ تاوانەدا چوو. فیکەم بۆ کێشا. بەرەو لام هات. کەوتمە دواندنی. گوتم "سەیرکە دۆستی من، چارەنووسمان یەکە، من پیاوێکی فەرامۆشکارم و تۆ سەگێکی فەرامۆشکاری. بێگومان ئەمڕۆ رۆژی لەدایك بوونتە و ئاهەنگیان بۆ ساز کردوویت، بەڵام تۆ لێرەدا و لەم بەر بارانەدا لە سەرما هەڵدەلەرزی. ئێستا خاوەنەکەت هەموو شوێنێکت بە دوودا دەگەڕێ و بێگومان وەکو من برسیتە. هاوڕێ من تا کۆتایی رێگەکە لەگەڵتدا دێم. ئەگەر خاوەنەکەمان پەیدا نەکردیتەوە، تۆ لەگەڵ خۆمدا دەبەم. وەرە با دەست دەنێو دەستی یەکتر بنەین. سەگەکە دەستی بەرز کردەوە. زانیم کە لە هەموو قسەکانم حاڵی بووە.
تاکسییەك بەلاماندا رەت بوو و ئاوەکەی پێدا پرژاندین. تاکسییەکە تۆزێ لە پێشترەوە وەستا. کەسێك بانگی کرد: "شمیل! شمیل!"
سەرم هەڵبڕی. دەرگای تاکسییەکە ڤەبوو و یەکێك لە دۆستەکانم سەری هێنایە دەرێ: "شمیل! لێرە چ دەکەی؟ چاوەنۆڕی کێی؟
پرسیم: "ئەدی تۆ کێوە دەچیت؟

– مەعلومە کێوە دەچم! بۆ ماڵی ئێوە. من تۆزێ دواکەوتووم، داوای لێبوردن دەکەم گرتبوویانم. پاشان بۆتی دەگێڕمەوە. بەڵام بەهەرحاڵ خۆم گەیاند، درەنگ بگەی نەك هەر نەیەی. بەڵام تۆ بۆ لە ماڵەوە نیت؟ ئەم سەگە هی کێیە؟

گوتم: "خوا تۆی بۆ من ناردووە. چ شەوێکە! ئەدرەسی ماڵی خۆمانم بیر چووە، جانتاکەم لە تاکسیدا بەجێ هێشتووە و چەترەکەشم گوم کردووە."

برادەرەکەم گوتی: "شمیل تۆ فەرامۆشکارترین پرۆفیسۆری دنیایت!"

کە لە دەرگای ماڵەوەم دا، ژنەکەم دەرگای لێ کردمەوە، کە منی بینی هاواری کرد "شمیل، هەموو چاوەڕوانی تۆن تا ئێستا لەکوێ بووی؟ ئەدی جانتاکەت کوا؟ چەترەکەت کوا؟ ئەم سەگە هی کێیە؟"

دۆستەکانم دەوریان گرتم: "لەکوێ بووی؟ دڵمان لە لات بوو. پێمان وابوو بەڵایەکت بەسەر هاتووە!" ژنەکەم لێکدا لێکدا دەیپرسی: "ئەم سەگە هی کێیە؟"

ئەنجام گوتم: "نازانم، لەوسەر جادانە دۆزیمەوە. جارێ ناوی دەنەین "بوڤو".

ژنەکەم بە ناڕەحەتییەوە گوتی: "چ ناوێکە! بوڤو! تۆ بەخۆت دەزانیت پشیلەکەمان چەند لە سەگان دەترسێت. ئەدی تووتییەکانمان چی لێ بکەین؟ دەیانترسێنیت."

گوتم: "سەگێکی بێ وەیە. دەبێ بە هاوڕێی پشیلەکەمان. حەز لە تووتییەکانیش دەکات. نەمدەتوانی بەرەڵای بەر ئەو بارانەی بکەم. حەیوانێکی باشە."

کە ئەو قسەیەم کرد، سەگەکە قورسەکەیەکی کرد و سوپاسی کردم. پشیلەکە هەرکە چاوی بە سەگەکە کەوت رایکردە ژوورەوەو خۆی گیڤ کردەوە، ئامادە بوو چاوانی سەگەی داماو دەربێنێ. تووتییەکانیش لەنێو قەفەزدا کەوتنە باڵە فرتێ و هاواریان دەکرد. لە پڕ هەرهەموو کەوتنە قسە کردن. هەرایەك بەپا بوو بوو نەبێتەوە.

*

حەز دەکەن بزانن سەرەنجامی سەربورەکە چ بوو؟

بوڤو هێشتا لەگەڵ ئێمەدا دەژی. لەگەڵ پشیلەکەدا موو بە بەینیانەوە ناچێت. توتییەکانیش سواری پشتی بوڤو دەبن، لەتۆ وایە سواری ئەسپ بوون. سەبارەت بە ژنەکەشم، ئێستا بوڤوی زۆر خۆش گەرەکە، تەنانەت زیاتر لە من. هەر کاتێ بمەوێ سەگەکە بۆ گەڕان بەرمە دەرێ، یەکسەر دەڵێت: "ئاگاداربن گوم نەبن، لەگەڵ هەردووکتانمە!"

نە جانتاکەم دۆزییەوە نە چەترەکەم. وەکو فەیلەسووفانی بەر لە خۆمیش دەستم لە خێری حەلکردنی دژوارترین پرسیاری فەلسەفی کە ئایا مریشك لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە، هەڵگرت، خەریکی نووسینی کتێبێکم بەناوی "بیرەوەرییەکانی شمیل". ئەگەر دەستنووسەکانم لە تاکسیدا یان لە خوارنگە یان لەسەر تەختی باخێك لەبیر نەکەم، رەنگە رۆژێ لە رۆژان بیانخوێننەوە. جارێ ئەمە بەشێکی کتێبەکەیە.

سەرچاوە:هزار توی داستان/ ترجمەی نسرین مهاجرانی/چاپ اول:١٣٧٨تهران

*– ئیزاك باشویش سینگر":

لە ساڵی ١٩٠٤دا لە پۆڵاندا هاتۆتە دنیاوە. لە ساڵی ١٩٣٥دا چوو بۆ نیویۆرك و لەوێندەر ئاکنجی بوو. لە ساڵی ١٩٧٨دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت. سینگر زۆرجار موبالەغە دەربارەی قارەمانانی چیرۆکەکانی دەکات.لە چیرۆکی "ئەو رۆژەی کە ون بووم" ئاشنایەتی یەکێك لەوقارەمانانە دەناسین...

# بەیانی جەژن

ن : پیرل. ئێس. باك*

لە پڕ لە خەو ڕابوو. سەعات چواری بەرەبەیان بوو، هەمان ئەو سەعاتە بوو کە بابی هەمیشە گازی دەکرد تا لە دۆشینی چێڵەکاندا یارمەتی بدات، سەیر بوو کە هێشتا عادەتەکانی دەورانی جاحێڵی پاراست بوو! پەنجا ساڵێك بەسەر ئەو زەمانەدا تێپەڕیبوو و بابی سی ساڵێك دەبوو کە مردبوو، و ئەو هێشتا هەر سەعات چواری سپێدە لە خەو رادەبوو، لێ دووبارە دەخەوتەوە. ئەمڕۆ رۆژی جەژن بوو و هەوڵی نەدا کە بخەوێتەوە.

جا نهێنی جەژن لە چ دا بوو؟ منداڵیەتی و لاویەتی بەسەر چوو بوو، منداڵەکانی گەورە بوو بوون و لەو جیا بوو بوونەوە. ماڵی هەندێ لە مناڵەکانی لەو دەورووبەرە بوون، بەلاّم ژیانێکیان بۆ خۆ پێکەوە نابوو، وێڕای ئەمەش چەند رۆژێك بەر لە جەژن دەهاتنە لای ئەو و بە شێوەیەك کە ئەو ناڕەحەت نەبێ پێیان دەگوت حەزدەکەن جەژنی کریسمیس لە ماڵی خۆیان بکەن و ئیدی ئەو و ژنەکەیان بە تەنێ جێدەهێشت. دوێنێ ژنەکەی

گوتبووی: "یانی ئەوە دێنێ، لەوەیە.." و ئەو گوتبووی: "بەڵێ، هەڵبەتە ئەوە دێنێ، تەنانەت ئەگەر هەر هەردوکمانیش بین جەژن دەگێڕین."

ژنەکەی وەڵامی دابووەوە: "کەواتە جارێ درەختەکە مەڕازێنەوە، دایبنێ بۆ سبەی بەر لەوەی مناڵەکان بێن، من ئێستا شەکەتم."

ئەو قەناعەتی کردبوو، درەختەکەی بە دەقی خۆیەوە لە حەوشەکەی پشتەوە دانابوو.

بەڵام بۆچی ئەمشەو خەوی زڕابوو؟ هێشتا شەو بوو. شەوێکی ساف و پڕ ئەستێرە. هەڵبەتە هەیڤ لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو، لێ ئەستێرەکان پرشنگێکی سەیریان دەهاویشت. ئێستا کە بیری دەکردەوە وای دەهاتە بەرچاو کە ستێران لە شەوی جەژندا هەمیشە درشتتر و پرشنگدار تر بوونە. و ئەمشەو ئەستێرەیەك بە ئاسمانەوە بوو کە لە ئەستێرەکانی دی درشت تر و بە پرشنگتر بوو. تەنانەت وای دەهاتە بەرچاو کە ئەستێرەکە دەجووڵێ، وەکو چۆن ساڵانێك لەوە پێش وای هاتبووە بەرچاو، کەوتە یادی رابردوو. لەم رۆژانەدا زۆر بە ئاسانی نوقمی بیرەوەری و یادگارەکانی خۆی دەبوو. تەمەنی یازدە ساڵان بوو و هێشتا لە مەزراکەی بابی دا بوو. بابی خۆش دەویست و ئەمەی چەند رۆژێك بەر لە جەژن بۆ دەرکەوتبوو. رۆژێك کە بابی بە دایکی گوت: "میری هیچ دڵم نایەت بەم بەیانی زووە روب لە خەو هەستێنم. ئەو ئێستا پێویستی بە خەوو ئیسراحەتە. ئەگەر دەیبینی بەیانیان بە چ زەحمەتێك لەناو جێیەکەی دێتە دەرێ. کاشکێ توانیبام بە تەنێ هەموو کارەکان ئەنجام بدەم."

دایکی وەڵامی دایەوە: "تۆ تەنیا باڵی، بە تەنێ دەرەقەتی ئەم هەموو کارە نایەیت. ڕوب مناڵ نییە، ئیدی نۆرەی ئەوە." باوکی بە ئەسپایی گوتی: "دەزانم. بەڵام هەر دڵم نایەت بەیانی زوو لە خەو بێداری بکەمەوە."

کە ئەو قسانەی ژنەفت شتێك لە دەروونیدا بێدار بووەوە، بابی خۆشی دەویست، تا ئێستا بیری لەمە نەکردبووەوە و خۆشەویستی ئەوی بە پەیوەندی باب و فەرزەن زانیبوو. باب و دایکی هەرگیز باسی خۆش ویستنی مناڵەکانیان نەدەکرد، بەیانی دەرفەتی ئەو جۆرە قسانەیان نەبوو، کاروباری مەزراکە دەرفەتی نەدەدان. ئێستا کە زانی بووی بابی خۆشی گەرەکە، بەیانیان نەدەبوایە خاوە خاو بکات تا بابی دووبارە گازی بکاتەوە. پاش ئەوە هەرکە گوێی لە دەنگی بابی دەبوو، بە هەر گیانە هارییەك بووایە، لە خەو رادەبوو و بە چاوی خەواڵووەوە جلەکانی لەبەر دەکرد و دەکەوتە ڕێ.

ئەو جەژنەی کە ئەم تەمەنی ١٥ ساڵ بوو ، شەوەکەی لەسەر تەختێك راکشابوو و بیری لە سبەی دەکردەوە. هەندێ بێ پارە بوو. تاقە خۆشی شەوی جەژنیان شیوی ئەو قەلەموونە بوو کە بە خۆیان بەخێویان کردبوو لەگەڵ ئەو کێکە بەنەعنایەی کە دایکی دروستی کردبوو. خوشکەکانی کاری دەستییان دروست دەکرد. باب و

دایکی هەمیشە شتێکیان دەکڕی کە ئەو پێویستی بوایە، چاکەتی گەرم و هەندێ جاریش کتێب. ئەویش بە پارەی دەغیلەکەی خۆی دیاریی بۆ دەکڕین.

حەزی دەکرد لەو جەژنەدا کە تەمەنی پازدە ساڵ بوو، بیتوانیبا دیارییەکی باشتر بۆ بابی بکڕێ، وەکو هەمیشە چووبوو بۆ فرۆشگای "هەموو شتێك بە دە سەنت" و بۆینباخێکی بۆ کڕیبوو. شتێکی خراپ نەبوو. لێ ئەگەر زووتر گوێی لە قسەکانی دایك و بابی بوو بووایە، پارەیەکی زۆرتری کۆ دەکردەوەو دیارییەکی باشتری دەکڕی.

خۆی بەلادا وەرگێڕا. سەری خستە سەر ئانیشکی و لە پەنجەرەکەوە چاوی بڕییە ئاسمان. ئەستێرەکان پرشنگدار بوون، پرشنگدارتر لە هەر زەمانێکی تر کە ئەو بە بیری بێ. لەو بەینەدا ئەستێرەیەك لە هەموو ئەوانی تر پرشنگدارتر بوو کە پێی وابوو رەنگە ئەستێرەی داود بێ. کە هەندێ بچووکتر بوو، رۆژێ لە بابی دەپرسێت: "بابە ئاغەڵ یانی چی؟"

بابی وەڵامی دەداتەوە:"ئاغەڵ شوێنێکە کە پەزی تێدەکەن."

کەواتە حەزرەتی عیسا سڵاوی خوای لێ بێ لە ئاغەڵدا هاتبووە دنیا و شوانان و پیاوانی ئاقڵ لەوێندەر چووبوونە حوزوری و دیاری خۆیان پێشکەش کردبوو. بیرۆکەیەك وەکو بروسکە بە هزریدا هات کە بۆچی ئەو نەتوانێ دیارییەکی بەهادار بە باوکی پێشکەش بکات. چۆنە لە هەمان شوێن، لە ئاغەڵەکەدا. بەیانی زوو لە خەو رابێ، زووتر لە سەعات چوار، بچێ بۆ ئاغەڵەکەو مانگاکان بدۆشێ و عەمارەکەی پاك بکاتەوە، بە تاقی تەنیا هەموو ئەو کارانە بکات. کە بابی بێ و ببینێ هەموو کارەکان ئەنجام دراوە سەیری پێ دێ. نیگای ئەستێرەکانی کرد و پێکەنی. ئەمە ئەو شتە بوو کە دەیویست بیکات. کەواتە نەدەبوو بە قووڵی بنووێ. پتر لە بیست جاران لە خەو راپەڕی و هەموو جارێك دەنکە شقارتەیەکی پێ دەکرد و دەیڕوانییە سەعاتە کۆنەکە. دوانزە، دوانزەو نیو، یەك، یەك و نیو و دوو.. ئەنجام سەعات سێ کەم چارەك هەستا. جلی لەبەر کرد و بە ئەسپایی بە قاڵدرمەکاندا داگەڕا. ئەستێرە زێڕینەکەی ئاستی ئاغەڵەکە سووری دەنواند. مانگاکان خەواڵوو حەیران نیگایان کرد. بۆ ئەوانیش هێشتا زوو بوو.

بە ئەسپایی گوتی:" چاکە، دەست پێدەکەین."

مانگاکان بە ئارامی وەستان. تۆزێك ئالیکی کردنە بەر و سەتڵە شیردۆشەکانی ئامادە کرد. پێش ئەمجارە بەتەنێ شیری نەدۆشی بوو، لێ کارێکی قورس نەبوو. بیری لە باوکی دەکردەوە کە بە دیتنی سەتڵە پڕ لە شیرەکان چەند سەرسام دەبێ. بابی دەهات و ئەوی گاز دەکرد و دەیگوت تا ئەو جلەکانی لەبەر دەکات ئەم دەڕوات و کەرەستەکان ئامادە دەکات و دەچێ بۆ ئاغەڵەکە، دەرگا دەکاتەوە ئەوجا سەتڵەکان بە پڕی شیرەوە دەبینێ و تەماشا دەکات هەموو شتێك ئامادەیە.

بابی بە خۆشحاڵییەوە هاوار دەکات و دەڵێت: "چ قەوماوە؟" پێکەنی و درێژەی بە شیر دۆشین دا. شیری کەفکردووی بۆن خۆش بە خوڕ بۆ ناو سەتڵ داڕژا. چێڵەکان بە سەرسامی وەستابوون. بۆ یەکەمین جار ڕەفتاریان باش بوو وەکو بڵێی ئەوانیش زانی بوویان جەژنە. کارەکە زۆر بە چاکی دەڕۆیی، شیر دۆشینەکەی هیچ بەلاوە زەحمەت نەبوو، دیارییەك بوو بۆ باوکێك کە ئەوی خۆش گەرەك بوو. کارەکەی تەواو کرد. سەتڵەکان تەژی شیر بوون. سەری داپۆشین و لە سووچێکدا دانینان و ئەوجا چوارپایەکانی لە جێی خۆ داناوەو سەتڵە پاك و خاوێنەکانی بە دیوارەکەوە هەڵواسین. لە ئاغەڵەکە وەدەر کەوت و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست. بۆ ژوورەکەی گەڕایەوە. کە دەنگی بابی ژنەوت یەکسەر جلەکانی داکەند و چووە ناو جێگا. لێفەکەی دا بە سەرو چاوی خۆیدا تا هەناسەی ئارام ببێتەوە. دەرگا کرایەوە.

بابی گازی کرد: "ڕۆب، ڕابە کوڕم، وەختی کارە. کار جەژن و عەزا نازانێ."

بە دەنگی خەواڵو وەڵامی دایەوە: "بە چاوان، ئێستا هەڵدەستم."

باوکی گوتی: "من دەڕۆم تفاقەکان حازردەکەم." ڕۆب هێشتا لە نێو جێگەکەدا بوو و پێدەکەنی. تا چەند ساتێکی دی بابی هەموو شتێکی بۆ بەدیار دەکەوت. دڵی دەیویست لە سینەی بێتە دەرێ. ساتەکان بە خاوی دەڕۆیشتن. دە دەقیقە، پازدە دەقیقە. نەیدەزانی چەند دەققە بوری کە دیسان دەنگی پێی باوکی هاتە گوێ. دەرگا ڤەبوو. خۆی کردە خەو.

– ڕۆب!

– بەڵێ باوکە.

– هەی فێڵباز.

بابی پێدەکەنی. پێکەنینێك کە ماکی گریانی لەگەڵ بوو.

– ویستت غافڵگیرم بکەی وانا؟

بابی لە کەنار تەختەکەدا وەستابوو. هەستی پێدەکرد، لێفەکەی لادا

– دیاریی جەژن بوو باوکە!

هەستا و بابی لە هەمێز گرت. هەستی بە دەستی بابی لە دەوری پشتی کرد. ژوورەکە تاریك بوو و نەیاندەتوانی یەکدی بدینن.

– سوپاس کوڕەکەم. تا ئێستا دیاریی وەهام.. ."

– باوکە، حەزدەکەم بزانی کە پێم خۆشە کوڕێکی باش بم!

وشە خۆ بەخۆ لە زاری دەڕژا. نەیدەزانی چ دەڵێت. دڵی لێوان لێوی ڤیان بوو.

بابی دوای تۆزێك گوتی: "پێم وایە ئێستا دەتوانم بڕۆم و بخەوم ، دەنگە دەنگ مەکە با ئەوانی تر خەبەریان نەبێتەوە. کە بیر دەکەمەوە کوڕم هیچ کاتێ بەیانی زوو ئێوەم بەدیار درەختی کریسمیسەوە نەدیتووە و لە ناوتاندا نەبووم. هەمیشە هەر کارم هەبووە، زۆر نارەحەت دەبم، ئێستا وەرە با بڕۆین!"

هەستا ودووبارە جلەکانی لەبەر کردەوە. پێکڤە چوونە خوارێ. ئەستێرەکان وردە وردە جێی خۆیان بۆ خۆر چۆڵ دەکرد. چ جەژنێ بوو. کاتێ بابی حاڵ و حیکایەتەکەی رۆبی بۆ دایکی و ئەوانی دیکە دەگێڕایەوە، دڵی تەژی شەرم و نازین بوو. بابی گوتی: " تا ئێستا ئەمە باشترین دیارییە کە وەرمگرتووە، تا ماوم لە بیری ناکەم."
ئێستا باوکی کۆچی دوایی کردبوو و ئەو بە تەنێ ئەم بیرەوەرییەی پاراست بوو. چ جەژنێکی پیرۆز بوو. لە ئاغەڵدا مانای ڤیانی راستەقینە فێر بوو بوو.

لە دەرێرا، ئەستێرە درشتە پرشنگدارەکە کاڵتر دەبووەوە. هەستا، نەعلەکانی لە پێ کرد و چووە ئەو ژوورەی بنتاقەکە. پاکەتی رازاندنەوەی درەختی کریسمیسەکەی هەڵگرت و چووە خوارەوە. درەختەکەی لە حەوشەکەی پشتەوە هێنا. درەختێکی چکۆلە بوو. لەوساوە کە منالەکانیان لەوان جیا بوو بوونەوە ئیدی درەختی گەورەیان نەدەکڕی. درەختەکەی لە ناوەندی مێزی ژێر پەنجەرەکە قایم کرد و بە وردی کەوتە رازاندنەوەی. کارەکەی زوو تەواو بوو. کات بە هەمان خێرایی ئەو رۆژەی کە لە ئاغەڵەکەدا بوو تێدەپەڕی. چوو بۆ ژووری خوێندنەوە. دیاری هاوسەرەکەی لە کاغەزێکی جوانەوە پێچا. ئەستێرەیەکی ئەڵماس نیشانی بۆ ژنەکەی کڕی بوو. ئەستێرەیەکی گەورەو گرانبەها نەبوو، بەڵام زۆر ناسك بوو. ئەو نووسینەی کە رۆژی پێشوو نووسی بووی، خستییە سەر دیارییەکەو بە درەختەکەوەی هەڵواسی و چەند هەنگاوێ لە دواترەوە وەستا. دیارییەکی جوان بوو، زۆر جوان. بێگومان پەسندی دەکرد و غافڵگیر دەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا لە ناخی دڵەوە رازی نەبوو. حەزی دەکرد بە ژنەکەی بڵێ کە چەندی خۆش گەرەکە، لەوساوە کە ئەم رستەیەی بە ژنەکەی گوتبوو ساڵانێك بوری بوو. هەمیشە هەر خۆشی ویستبوو. بەڵام ئێستا لە سەردەمی لاوی زیاتری خۆش دەویست و چەند بەختیار بوو کە دەیتوانی خۆشەویست بێ! و ئەمە لەزەتی راستەقینەی ژیان بوو. خۆشویستن! دڵنیابوو خەڵکانێك پەیدا دەبن کە ناتوانن کەسیان خۆش بوێ. لێ عەشق و ڤیان هێشتا لە بوونی ئەودا زیندوو بوو. لە پڕێکدا پەی بەم بابەتە بردبوو. عەیام و ساڵانێ لەوە پێش کە زانی باوکی خۆشی گەرەکە ئیدی ڤیان و خۆشەویستی لە بوونیدا ڕواو زندوو بووەوە. ڤیان، ڤیان دەپارێزێ. دەیتوانی هەمیشە ڤیانی خۆی ببەخشێ ،بێئەوەی تۆزقاڵێکی لێ کەم ببێتەوە و ئەمرۆ بەیانی، لەم جەژنە پیرۆزەدا خۆشەویستی و ڤیانی خۆی بە هاوسەرەکەی پێشکەش دەکرد. دەیتوانی لە پارچە کاغەزێکدا بینووسێت تا ژنەکەی بیخوێنێتەوەو هەڵیگرێ.
لە پشت مێزەکەیەوە دانیشت و نووسی: "ژنی ئازیزم.. ."

که نامەکەی تەواو کرد، خستییە زەرفەوە، دایخست و بە درەختەکەوەی هەڵواسی، بە جۆرێ هەڵیواسی کە ژنەکەی هاتە ژوورەوە یەکسەر و بەر لە هەر شتێکی دی بیدینێ، ئەوسا نامەکەی دەکردەوە، دەیخوێندەوەو بۆی دەردەکەوت کە مێردەکەی چەندی خۆش گەرەکە. گڵۆپەکەی کوژاندەوەو بە ئەسپایی بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت. تاقە ئەستێرەیەك بە ئاسمانەوە نەبوو، خۆر بە ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە. چ جەژنێك! چ جەژنێکی پیرۆز!

*- پیرل ئیس. باك (١٨٩٢-١٩٧٣) :لە یەکێك لە شارەکانی ویلایەتی (ڤیرجینیا) هاتۆتە دنیاوە. باب و دایکی هەردووکیان مژدەبەری مەزەبی بوون. پرل هێشتا پێنج ساڵان بوو کە بە ماڵەوە چوون بۆ چین. پاشان ماوەیەك لە قوتابخانەکانی چین و ئەمریکادا دەرسی گوتووەتەوە و دواتر رووی کردۆتە نووسینی کورتە چیرۆك و رۆمانان.

پیرل باك لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٣١-١٩٦٦دا نزیکەی سی رۆمان و چیرۆکی کورتی نووسیوە کە گرنگترینیان: (بای رۆژهەڵات و رۆژئاوا، خاکی چاك)ن. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٣٠ لەسەر چیرۆکی (خاکی چاك) خەڵاتی بولیتزەری وەرگرت و لە ساڵی ١٩٣٨دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت.

پرل باك لە کارێن خێرخوازیشدا چالاکی هەبووەو ئەنجومەنێکی خێرخوازی بۆ هاوکاری منالان دامەزراندووە.

باك لە چیرۆکی (بەیانی جەژن)دا ئەوە نیشان دەدات کە ڤیان و مەحەبەت باشترین دیارییە کە مرۆڤ دەتوانن پێشکەش بە یەکتری بکەن.

سەرچاوە:

هزار توی داستان/ ترجمه:نسرین مهاجرانی

چاپ اول، بهار ١٣٧٨ تهران ص ٥٩ - ٦٩

# چیرۆکێکی سەرکەوتوو

ن: جیمس.ت. فاریل

سیمای قوتابی دانشکا بەئاشکرا بەرووی "دان هول ویل"ەوە دیار بوو، بەرزی باڵای شەش پێ و یەك گرێ بوو، زۆر بایەخی بە رواڵەتی گشتی خۆی دەدا. زمان تەڕی، زیرەکی و خەمساردی لە هەڵسوکەوتیا زاڵ بوون.. چوار ساڵی رەبەقی لە کۆلێجێکدا بردبووە سەر کە دەکەوتە ناوەڕاستی بەری رۆژئاواوە. دەتوانرێ بە زیرەك لەقەڵەم بدرێت، بەڵام بیرکردنەوەی نەگەیشتبووە رادەی پوختەیی و قووڵ بوونەوە.. وەکو پێویست گوێی بە ئەرکەکانی قوتابخانەی نەدەدا،هەروەها لە گەڵ خۆشیدا جدی نەبوو، زۆرجار لە قۆناغەکانی خوێندندا لەو گەنگەشەو موناقەشانەدا کە لەگەڵ قوتابیەکانیدا دەکەوتە بەینیانەوە تێکی نەدەکردەوە. زۆر کەڕەت لە دوای موناقەشەکە دەیگوت "تەحا..دنیا پڕە لە جاشولکە و نیمچە کەر" خۆ ئەگەر ئەم باری سەرنجەی تۆزێ کاڵتر بکردایە ئەمەشی زیاد دەکرد: "منیش.. نیمچە کەرێکی دڵڕەشم!".

دان، ناسکە بزەیەکی شیرین و دڵڕفێنی هەبوو، دەیتوانی بەمزەردەخەنەیە زۆر دڵان داگیر بکات، بەڵام هەرگیز نەیدەویست خۆی بخاتە گێژاوی سەریەشەیەکەوە کە پێویستی پێی نەبوو، لە راستیدا، پێوەندی قوڵ و پتەوی لەگەڵ کچاندا نەدەگرت، بەو چاوەوە دەیڕوانیە ڤیان و خۆشەویستی کە شتێکی ئاساییە، مرۆڤ وەکو

هەرشتێکی دیکەی ژیان مومارەسەی دەکات، کە هەستی بە قۆزێتی خۆی دەکرد، با دەچووە کەوڵیەوەو هێندەی دی بەخۆی دەفشی، حەزی دەکرد بە قێز و فیزەوە باسی کچان بکات. هێندێجار سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەڤین یارییەکەو هیچی دی.ئەو هەراو هەنگامە سۆزداری و خەیاڵاتە رۆمانسیانەش کە پێوەی دەنرێ، بەشێکن لەو یارییە.. زۆر بە تانی ئەم بیرانەی خۆیدا دەچوو وزەردەخەنە ناسکەکەی، بڕوابوونی بەخۆی و قۆزێتییەکەی کردبوو بە پەردەیەك و هەستە تاڵ و تفتەکانی پێ وەدەشارد.

بەهەرحاڵ ،دان کەسێکی تەڕ زمان،یان قسەکەرێکی گەورە نەبوو،هەروەها بەدڵ گوێی بۆ خەڵکی نەدەگرت، بەڵکو تەنیا لەو حاڵەتانەدا هەندێ ئاماژەو تەعلیقی گۆنگی دەدا. وەکو ئەوەی ناوبەناو بێژێ "لە نیمچە کەرێك زێدەتر نییە" یان بڵێ "وڕێنەی ڕووتە". خۆ ئەگەر یەکێك لە تەوس و توانجە نوکتەئامێزەکەی زویر بوایە، خێرا بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە دەیگوت: "... گوێ بگرە... منیش وەکو هەر یەکێکی دی جاشولکەیەکم. چاوەنۆڕی ئەوەش مەکە جاشولکەیەکی وەکو من ئاقڵ بێت.."

دان ، بە توانابوو لە نووسیندا، سەرنجی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی بۆ خۆی ڕاکێشابوو وستایشیان دەکرد . چەند چیرۆکێکی خەیاڵی لە گۆڤارە ئەدەبییەکەی زانکۆدا بڵاو کردەوە. بەڵام ئەم چیرۆکانەی دەکرد بە مەزەی گاڵتەجاڕی و تەوس و توانج و بەگەڵ قسە بەلەزەت و تەڕەکانی خۆی دەخستن، بەتایبەتی ئەگەر تیمەو نێوەرۆکی چیرۆکەکان لەمەڕ دڵداری وکاروبارێن سۆزداری بوونایە. هەرچەند سەرقاڵی نووسینی رۆمانێك بوو، بەڵام نە کەس دیبوی و نە کەس خوێندبویەوە، هاوڕێکانی هەمیشە هانیان دەدا، چیرۆکەکانی لە گۆڤاران بڵاو بکاتەوە، کەچی پێی دەگوتن: "ئەو چیرۆکانەی بڵاو دەکرێنەوە هێندەیان گەوجاتی و کەم وکوڕی تێدایە کە بەکەڵکی ئەوە نایەن هیچی تازەیان بخرێتە سەر ".

هەرچەندە زۆری دەخواردەوە، توانای خواردنەوەیەکی مشەی هەبوو، کەچی لە هەمان کاتدا قێزی لێ دەکردەوە، نەیدەهێشت بەراستی مەست و خومار ببێت. هەر کە چەند پێکێکی خواردباوە،نەشئە دیگرت و رووی دەگەشایەوەو تەواو ناسك دەبوو، ئەوسا بێدەنگ دەبوو،کەسی نە دەدوان، مەگەر ناوبەناو هەندێ سەرنجی رەوتەنی دەربڕیایە، وەکو ئەوەی بە یەکێکیان بڵێ:"تۆ چۆنی؟". خۆ ئەگەر یەکێکیان پرسیارێکی لێ بکردایە خێرا دەیگوت: "هیچ شتێك لە ژیاندا لە خواردنەوە بە نرختر نییە بۆ ئادەمیزاد".

دان، ناسیاو ئاشنای زۆر بوون، بەڵام پەیوەندی وپابەندی سۆزداری قووڵی دەگەڵ کەسیاندا نەگرتبوو، رەفتارو هەڵس و کەوتی دەگەڵ زۆربەیاندا بە هەمان ناسکی و نەزاکەت بوو، پێوەندی لەگەڵ کچاندا زۆر جیاوازتر نەبوو لە پەیوەندیی دەگەڵ هاوڕێ کوڕەکانیدا.. هەرچەند دەیتوانی زۆر بە هاسانی پێوەندی لەگەڵ هەموو جۆرە خەڵکێکا بگرێ، بەڵام هەستی بە تەنیایی دەکرد، بێزاری و نیگەرانی زۆربەی ساتەکانی ژیانیان داگیر کردبوو.. بە یەك پێودان دەیڕوانیە کاروبارەکانی ژیان، بێزاری، نیگەرانی، ساتە گرنگەکانی ژیان.. هاوڕێیانی زیرەك بەلایەوە هیچیان نەدەگەیاند. چونکە، لە راستیدا بە هەمان ئەندازەی سۆزداری مامەڵەی دەگەڵ هەموو شتێك و هەمووخەڵکێکدا دەکرد.. هەموو خەڵکی بەلاوە چوون یەك بوو.. هیچ سەرنجێکی لەم بارەیەوە لە نوکتەو پێکەنین بەدەر نەبوو، دەیگوت: "لەگینە هەموو کەسێك لەسەر هەمان توێکڵە مۆز بخلیسکێ ".

هەستی ناخی دان هول ویل، زۆر دوور بوو لەوەی خەڵکی چاوەڕوانیان لێدەکرد، فەرقێکی قووڵ و درامییان لە نێواندا بوو، هەستی بە تەنیایی وکول و کۆڤانێکی قووڵ دەکرد،بە جۆرێ رەفتاری بە ژیانی خۆیەوە دەکرد وەك ئەوەی شتێکی توڕەهات و بێ کەڵك بێ، نەی دەوێرا هیچ کارێك بکات، دەترسا تووشی ناکامی بکات.. ژیان

بەلایەوە هیچی نەدەگەیاند، بریتی بوو لە گەمەیەکی بێهودە، کە بوونەوەرانێکی کلۆڵ بەو پەڕی بەدبەختی تیایدا دەژین، پیردەبن، نەخۆش دەکەون وئەوجا دەمرن و بۆگەن دەکەن.. پیری مەرگ بە تەواوی بەسەریدا زاڵ بوو،وای بیر لێدەکردەوە کە قەدەرێکی بێ چەند و چوونە و کۆتایی بە هەموو هەست و نەست و خولیاو کەڵکەڵەو بیرەکانی مرۆڤ دێنێت.. کە لە فکران ڕادەچوو و لە ژیان ڕادەما، تاپۆی مەرگ بە ناشرینترین شێوە لە بەردەمیا بەرجەستە دەبوو، و مانای ژیانی لەلا دەسڕییەوە مادامێکی مەرگ بۆ هەموو زیندەوەرێکلە کەمیندایە.. دەشێت هەموو بەشەرێك بە نیمچە کەر بزانرێ مادامێکی لە مەرگ ناخەلەسێت.. چاکترین شت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم چارەنووسە ئەوەیە،بزەیەکی ساردو سڕ و بێتامی بە رووودا بدەیت.

بۆیە دان، لە ناخی خۆیدا لە خەڵکی دەترسا، لە هەمان کاتا بەخیلی پێ دەبردن، بەلایەوە سەیر بوو، چۆن دەتوانن نەخشە بۆ ژیانیان بکێشن، دڵ و هەستیان بە خەڵکی تر بدەن، یان بەوپەڕی تواناوە کاتی خۆیان بۆ هێندێ شتی تورەهاتی ژیان تەرخان بکەن، لە کاتێکا چاك دەزانن لە رۆژی لەدایك بوونیانەوە چارەنووسیان دیاری کراوە؟.. یان چۆن تاقەتیان هەیە بایەخ بە هەموو شتێك بدەن!.. یان چۆن ئاشنا هەرزەکارەکانی، لە پێناوی کچێکداخۆ دەکوژ و دەبڕن، لە کاتێکا هیچی لە کچانی دی جیاوازتر نییە.. یان چۆن هاوڕێکانی ئەگەر لە کارێکدا سەرنەکەون رێگە بە خەم و نیگەرانی دەدەن ژیانیان وێران بکات؟.. بەڵێ، بۆچی، چۆن خەڵکی دەوێرن بەردەوام بن لە ژیان؟..

زۆرجار ، کە دەچووە نێو خەڵکی و تەمەشای دەکردن، بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە، وەکو بوونەوەرانی کلۆڵی مایەی بەزەیی تەمەشای دەکردن و وای دەبینین کە لەوە بێدەسەلاتترن بتوانن رووبەرووی حەقیقەتی ژیانی خۆ ببنەوە.. کە دەگەڵ خۆیدا تاك دەکەوتەوە هەوڵی دەدا هۆیەکی ماقوول بۆ ئەم جۆرە شتانە بدۆزێتەوە، ئەنجام دەگەییە ئەو قەناعەتەی کەم کەس هەن پەی بە نهێنییەکانی ژیان بەرن، دەیویست یەکێك بێ لەو کەمانە.. وای خەیاڵ دەکرد لەوە زیرەکتر و بە ئاوەزترە، مل بۆداب و نەریتانێك بدات کە پڕن لە درۆو خەڵەتاندن ..هەروەها دەگەیشتە ئەو قەناعەتەی  کە هەڵەی سەرەکی لە و بوونە مرۆڤانیەدایە کە لە رۆژی لەدایك بوونەوە دێتە دی.. وەختێ دەیڕوانییە کچان، سەراپای لە تەوقی سەریانەوە تا بنی پێیانی دەدایە بەر نیگا، چاوی لەسەر سکیان رادەگرت، بەدەم ئەو بیرانەوە کە بەسەریا دادەبارین، بڕیاری دەدا کە ئەو شوێنە، (سك) سەرچاوەی هەڵەو هەڵخەڵەتاندنە بۆ تێکڕای پیاوان،و بگرە بۆ هەموو مرۆڤایەتی .. ئەم جۆرە خەیاڵ و بیرو هزرینانە، بێزاریان دەکرد، کە خۆی لەگەڵ ئافرەتدا دەبینیەوە،و بە خەیاڵ ئەو حەیزەی دێنایە بە رچاوی خۆی هێندەی دی دڵی تێك هەڵدەهات و قێزی دەبووەوە.

کە هەستی بە ئاستەنگێکی دەروونی سەخت دەکرد وبیرەوەری خەمناك سەریان تێی دەوروکان، بۆ رۆژانی سەردەمی منالی خۆی دەگەڕایەوەو  وورد وورد لێی رادەما، دەشێت ماوەی نێوان ٨-١٠ ساڵەی تەمەنی، بە خۆشترین ماوەی ژیانی بێتە ژماردن. ڕووداوەکانی  ئەو ساڵانەی دێنایەوە بەرچاوی خۆی و بە قووڵی لێیان ڕادەما. رۆژانی باران لە ماڵ نەدەچووە دەرو یاری دەکرد.. هەندێجار بە تەنێ و هەندێجاریش لەگەڵ هاوەڵەکانیدا، یاری بە ڤیتاری کارەبایی دەکرد، ئەوسا جڵەوی بۆ خەیاڵی بێ سنوور شل دەکرد، بە خەیاڵ دەبوو بە ئەندازیار ، لە پڕ لە دەنگی ڤیتارەکە کە فارگۆنەکانی بە دووی خۆدا ڕادەکێشا وەئاگا دەهاتەوە....

بابی عادەتەن لە نووسینگەکەی دادەنیشت، بوونی دایکی لەگەڵیا متمانەو دڵنیاییەکی گەورەی پێ دەبەخشی. کە خۆی لەگەڵ هاوەڵەکانیا دەبینی، لێرەوە رادەکات، لەوێوە یاری تۆپێن دەکات، یان بە پیرە دار گوێزەکەی پشت مەیدانەکەدا هەڵدەگرا، هەستی بە شادیەکی کێوی دەکرد.. رۆژگارێ بوو تەنێ دەنگدانەوەی مابوو...

بێهوده هەوڵی دەدا بۆ درێژترین ماوە بە شێك لەو هەستی منداڵییە بپارێزێ ،كە وەخۆدەهاتەوە، دەیزانی ئەمە كارێكە مەحاڵە و دادی نادات،ئەوە سەردەمی منالییەو گوزەشت، مەحاڵە جارێكی تر ببێتەوە بە منداڵ، كەچی پڕ بەدڵ حەزی دەكرد منالێكی تەمەن ٨، ٩، ١٠ ساڵان بوایە..پڕشنگی ئەو ماوەیە ئەفسوونی دەكرد.. لە ناخی خۆیدا پێدەكەنی و دەیگوت چەند جوان و پرشگدار و درێژن ئەو رۆژگارانە.. بەیانی دوای بەیانی لە خەو هەڵدەستا، مێشكی ساف، هیچ شتێك گەردی نەدەخستە سەر شادی، خۆشیی لە هەموو شتێك دەبینی.. لە گەمە، پێكەنین، تەنانەت لەو ئازارانەش كە تووشی دەبوون.. ژیانی بەلاوە فێنك و خۆش بوو، هەرگیز ئەوەی بە بیرا نەدەهات كەسێك هەبێت هەستی، لەم هەستانەی ئەم جیاواز بێ.

هەرچەند ئەم بیرەوەرییانە هەستیان دەوروژاند و دەكولاندەوە، بەڵام بەلەزەیتش بوون، بەرەو جیهانێكیان دەبرد، كە تەژی خەونی بەلەزەتی رەنگاورەنگ بوو، بەمانە خۆی لە حەقیەتە تاڵەكانی ژیان و لە بیرۆكەی مردن دەپاراست.هەستی دەكرد كە كە ئەگەر خۆی نەیویستابا ئەو شادیانەی لە بن نەدەهاتن و نەدەبڕانەوە.. كە خۆی لە ناوجەرگەی ئەو جۆرە هەڤدژیانەدا دەبینی هێندەی دی شەقڵی خەمساردی و بێ موبالاتی لە لا دەچەسپی وئەمە وای لێدەكرد شانازی بەوەوە بكات،كە هیچ شتێك نییە ناچاری بكات خەم لە هیچ بخوات..

هیچ شتێك بایەخی نییە...ئەو كارەی دەیكەی، ئەو هەستانەی تێت ورِوكاون، ئەو ئاوات و ئارەزووانەی كار بۆ وەدیهێنانیان دەكەیت، هەر هەمووی بێبایەخن، چونكە لێكدی دەچن..تێكڕای شتەكان هیچ ناگەیەنن، ناكەنە هیچ، تەنانەت ئەو شتانەش كە وادێنە بەرچاو بایەخێكیان هەیە، لە راستیدا ناكەنە هیچ، بێبایەخن، تەنیا كۆمەڵێك رواڵەتی پرشنگداری خاپینۆكن، رێك لەو چەشەیە دەچن كە مرۆڤ فریو دەدات، وای لێ دەكات لە دەریای درۆدا بێهودە بكەوێتە مەلە بكات..

هەرچەند دان،ئەوزارو، پشوو درێژی فەیلەسووف نەبوو، بەڵام بە خەیاڵ خۆی بە نیمچە فەیلەسووف دەزانی، هەر ئەم خەیاڵ پلاوە وای لێدەكرد، رۆژ بە رۆژ زیاتر بوغرا ببێ، وای خەیاڵدەكرد بووە بە فەیلەسووفێكی گەورە.. دڵبەندی فەیلەسووفەكانی یۆنان بوو، لە هەمان كاتیشدا لە رووی ژیرییەوە بە منالی دادەنان.. لەو دەمەیدا ئەمریكییەكانی سەرەتا، لوتكەی ژیانی راستەقینەیان بە دۆزینەوەی كیشوەرێك یان هەوڵی بێ وچان لە رای سەركەوتن، دەزانی.. شتێك لەم خەیاڵ و خولیا ئەمریكاییە لەلای باوكی ئەمیش چێ بووبوو، بۆیە بەزەیی پێدا دەهاتەوە.. ئەم پیاوە پیرە لە كێڵگەدا لەدایك بووبوو، هەموو هەوڵێكی ئەوە بوو بچێتە زانكۆ،كەسێكی خۆساز بوو، لە هیچەوە دەستی پێكرد تا توانی ببێ بە ئەوقاتێكی سەركەوتوو، تاكو بینا قاقای لە دۆزێن یاساو یاسا ناسی،گەنگەشەو موناقەشە، گرێبەست و كاروبارێن مەدەنیدا نوقوم بووبوو.. دان بەوە راهاتبوو، چەند ساڵێكی دوور و درێژ باوكی وا ببینێ، كە شەوی دەدایە دەم رۆژەوە لە نێو خەرمانی كاغەزەكانیا، خۆ ئەگەر سەرقاڵی نووسینەوەی یاداشتەكانی بوایە ئەوا تەواو مژول و نیگەران دەبوو.. ئەم پیاوە پیرە هێندەی سامان هەبوو، كە شتە پێویستەكان بۆ خێزانەكەی دابین بكات.

دایكی دان بەبێ هیچ هۆیەك، لە گێژاوی كلۆڵی و داخ و كەسەرا و پەریشانی عاتیفیدا دەژیا، هەرچەند شتێكی وا نەبوو نیگەرانی بكات، بەڵام زۆربەی كات هەڵچوو، تورە بوو، دان نەیدەتوانی بە هاسانی پەی بە شتەكانی نێوان داك و بابی بەرێ.. هەستی نەدەكرد كە سۆزێكی بەهێز بەوانیەوە ببەستێ، بگرە گوێی بە ژیانی خۆیشی نەدەدا.. بە قسەی بابی كرد، كە بچێتە زانكۆی "هارفرد"تا كۆلێج تەواو بكات و ببێ بە مافناس و ئەوقات.. پیرە باب حەزی دەكرد كوڕەكەی ببێ بە خوێنەوارو رۆشنبیرێكی چاك، چونكە خۆی ئەمەی بۆ هەڵ نەكەوتبوو.

پێ وابوو ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە مرۆڤ خۆی خۆی  پێبگەیەنێ، ئایندەو سەرکەوتن تەنیا بۆ خوێنەوارانی خودان رۆشنبیریی بەرزە.

بۆیە بابی ،دان، دڵی بە کارەکەی خۆش بوو، رزگاری خۆی لە کاردا دەبینییەوە، کە خۆی لە هۆڵی دادگادا یان لە پشتی مێزەکەیەوە دەبینی یان کە بە دوورو درێژی باسی توانای یاسناسی خۆی بۆ یەکێك لە مشتەرییەکانی دەکرد، یات لەگەڵ هاورێ پارێزەرەکانیدا سەرگەرمی باسی یاسناسی دەبوو، یان کە سەری دەژەنیە پەرە کاغەزەکانیەوەو سەرنجەکانی تۆمار دەکرد ، هەستی بە دڵنیاییەکی تەواو دەکرد..کەسایەتی مرۆڤانی خۆی وەقفی کارەکانی کردبوو، هەست و نەستە تایبەتییەکانی لە خودی خۆیەوە هەڵدەقوڵان ، وەکو ئەوەی کانیەکی لە بن نەهاتووی شاراوە بێو تەنیا بە دەنگەکەیدا هەستی پێبکرێت.. لە هەندێ بۆنەی ناو بەناو و پێویستدا نەبا مەگەر بەدەگمەن وەکو باوکێك قسەی لەگەڵ کوڕەکەیدا بکردایە، یان بە ناسکی بیدوانیایە یان سۆزێکی ئینسانی بۆ دەربڕیایە.. توانیبووی هەستە تایبەتییەکانی جڵەو بکات و بیانخاتە خزمەتی کاروبارە یاساییەکانی خۆیەوە، کارو خەمی کاری پێویست و زەرووری کردبوو بە بیانووی ئەم سارد و سڕییەی و لە لای خەڵکی و خێزانەکەشی خۆی پێ دەپەڕاندەوە.

لە گەنجێتیدا ناڕەحەتی زۆری بینی بوو،بۆیە بە ئومێدی ئایندەیەکی ئاسوودە و ئارام ،هەموو هۆش و گۆش وهەست و نەست و هەوڵ و تەقەلایەکی بۆ کارەکەی تەرخان کردبوو .. ناچار بوو هەستە ئینسانیەکانی و خۆشی ولەزەتەکانی ژیان بکات بە قوربانی ئەو سەرکەوتنەی وەدەستی هێنابوو، بەڵێ بەزەبری هەوڵی بێ ووچان و ماندووبوون، توانی بووی جێگایەك لەم جیهانەدا بۆخۆی  پەیدا بکات، بەڵام زۆریش لە جێگەکەی دڵنیا نەبوو..دەترسا لەدەستی بدات یان لە کیسی بچێت..هەموو ژیانی لەلا بوو بوو بە پاراستنی ئەوەی بە دەستی هێنابوو، ئیدی  هەموو هەوڵێکی لە قەبەڵی پاراستنی ئەو سەرکەوتنە کردبوو، کەچی وێڕای ئەوەش لەناخی خۆیدا هەستی بە نیگەرانی دەکرد، ناو بە ناو عەزابی ویژدان بەرۆکی دەگرت و هەستی دەکرد، زۆر کەم تەرخەمە دەربارەی  هەست وسۆزە تایبەتییەکانی، بەڵام بەوە دڵی خۆی دەدایەوە، ئەگەر بیەوێ ئەوجێگایەی لەم جیهانەدا بە دەستی هێناوە بپارێزێ، دەبێت باجەکەی بدات، ژیانی تایبەتی خۆی باجەکە بوو.. هەموو ئەڵها وئاواتێکی ئەوە بوو ببێ بە قازی.. پەیوەندی لەگەڵ خەڵکیدا سەرپێیی بوو، پێوەندی قووڵ و پتەوی لەگەڵ هیچ ناسیاوێکیدا نەبوو.

دوو کەڕەت بۆ پۆستی قازییەتی پاڵێورا. بەڵامبە هۆی هەندێ بارو دۆخی تایبەتییەوە پۆستەکە بەر خەڵکانی دی کەوت، لێ ئومێدبڕ نەبوو، دڵنیا بوو درەنگ یان زوو هەر دەیگاتێ، لای وابوو ئەگەر بیگاتێ دەتوانێ پشوویەك بدات و لەم شەڕەشەقەی ئێستای رزگار بێ. ئیدی ئەو پۆست و پێگە بتەوە بۆی دەبێت بە پشتیوان و پێگەکەی لە دنیادا دەپارێزێت... هەرچەندە بەدەگمەن بیری لە مەرگ دەکردەوە بەڵام زۆری لێ دەترسا. وەختێ دەیبینی ئارەزووەکانی رووبە رووی خەمساردی و خۆدزینەوەی مشتەرییەکانی دەبنەوە خەمێکی تووند دایدەگرت.. کارەکەی خەیاڵاتی شەو و رۆژی بوو، کە بکەوتایەتە باسی ئیدی بە تانیا دەڕۆیی و هەموو  وورد و درشتێکی لە بنج و بناوان دەکرد، خۆ ئەگەر باسی بابەتێکی غەیرەز کارەکەی خۆی بهاتبا پێشێ پەکی دەکەوت.. زۆرجار لە دڵی خۆیدا دەیپرسی تۆ بڵێی خەڵکیش هەمان هەستی ئەمیان بەرانبەرمەرگ هەبێت.. گاڵتەی بە بوونی مرۆڤایەتی دەهات و بەها باڵاو نموونەییەکانی بە شتی بێکەڵك و بێهودە دەزانی.. پیاوەتی و دڵاوایی بە یۆتۆبیایەکی بێ مانا دەزانی، دەوڵەمەندی و هەژاری بە زادەی بەدبەختی و نەگبەتی دەزانی.... بەڵام چار نییە..ئەوە یاسای جیهانە ، ئیدی لاوازی و ناکامی و نەخۆشی سنووری یاسای ژیانیان

دیاریکردووە،وتەنیاخەباتی بێوچان مرۆڤ لەو شتانە دوور دەخاتەوە..بۆیە بەکارهێنانی دەقی یاسا بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆت دەکاتە جۆرە داکۆکییەك لە خۆت، هەروەها سەرکەوتنش، هەوڵدان بۆ گەیشتنە سەرکەوتن، لە راستیدا بەرگری کردنی ئادەمیزاوە لە خۆی.. باوکی دان واهی بوو.

کە دان چووە زانکۆ، باوکیپێی دەنایە ناو پیرییەوە، رەقەڵەیەکی لاوازی سەری ماش و برنجی، چاویلکە لەچاو بوو.. لە رێکردنا هەنگاوی بتەوی دەنا، سەری بەرز دەگرت، جلوبەرگیپاك و خاوێنی عادەتی لەبەردەکرد، جگە لە کاروبارە تایبەتیەکانی خۆی بوو ەقی هیچی دیکەی نەبوو، هەولی دەدا بە کاروباری خێزانەکەی ڕا بگات، بەڵام وەکو پێویست پێڕا نەدەگەیی..

دایکی دان ، کچە قەسابێك بوو،کە دوکانێکی تایبەتی خۆی هەبوو، باوکی دان لە زانکۆدا تەعاروفی لە گەڵ کربوو، بەڵام چونکە هاومجێز بوون زوو هۆگری یەکدی بوون، دوای ساڵێك لە نیشانەکردن و دەزگیرانداری زەماوەندیان کردبوو.

ژیانی لەگەڵ مستەر هۆل ویل دائارام و ئاسوودە بوو، هەستی بە مەسئولیەتی سەرشانی خۆی دەکرد، لەو کچانە نەبوو کە رۆژ بە چەنەبازی و خۆهەڵنان دەبەنە سەر.. گورج و گۆڵ و زیتەڵ و ناسك بوو، باوکی دان لە هەوەڵی ژیانی خێزانداریاندا، گەنجیاتی و شەرمنی وسەلاری ژنەکەی کردبوو بە قەڵاو پەناگەی خۆی، بە تێپەڕبوونی رۆژگار، کە متمانەی بە سرووشتی کرد،بۆی دەرکەوت کە یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە پیاو متمانەیان پێبکات، بیٚ خەم و خەیاڵ شان بداتە بەر کاران،و ناچار نەبێت وەختی خۆی لە گەڵیا بە فیڕۆ بدات و زیاد لە پێویست مدارای بکات وەکو زۆربەی ژنان ئەوەیان گەرەکە.. ئەم، بۆیە خواستبووی، چونکە هاوتەبیعەت ومجێز بوون. ئیدی ئەمە ئەو ژنە بوو کە بۆی دەگەڕا ،وەکو ژنێکی ئایدیالی و نموونەیی رەفتاری لەگەڵدا دەکرد ،دیارە بە هەڵەدا نەچووبوو، وەکو ژنێکی گوێرایەڵ و سەلار بە گوێرەی دڵی مێردەکەی دەجولایەوە، کارێکی وای نەدەکرد ببیٚ بە کۆسپ لە رێگای کارە سەرکەوتووەکانی مێردەکەیدا.

دوو ساڵ لە باوکی دان،بچووکتر بوو، کە دان گەییە زانکۆ، ئەویش بوو بوو بە ژنێکی لاوازی رەنگ و روو سیسەڵە و چرچەڵە، داوی سپی کەوتبوونە قژەکەیەوە، گاسنی رۆژگار رووەمەتەکانی کێلابوو.. بە دەنگێکی نزمی کز قسەی دکرد، چەندی کردبوو وکۆشابوو، دکتۆرێکی دەست نەکەوتبوو کە دەردەکەی بدۆزێتەوە و چاکی بکاتەوەو گوڕێکی وەبەر بخاتەوەو، لەو لاوازی و بیٚ تاقەتی و بیٚ ئیشتیاییە رزگاری بکات، بۆیە بەردەوام لە دکتۆری تازە دەگەڕاو بە رێی دکتۆرانەوە بوو، وجۆرەها حەب و دەرمانی دەخوارد.ناچار خۆی بە زۆر شتانەوە مژول دەکرد، جاریٚ یاری "برجی" دەکرد وجاریٚ خەریکی کاروباری کڵێسا دەبوو، یان گوێی بۆ موناقەشەی ئەو کتێبە هەڵبژاردانە دەگرت کە کۆمەڵەی ئەدەبیاتی ژنان لە ئاهەنگەکاندا دەیانگێڕا..

هەم شانازی بە کوڕەکەیەوە دەکرد، هەم لیٚی دەترسا.. نەیدەزانی وەکو مێردەکەی چ شتێك بە کوڕەکەی دەڵێت.. زۆر کەڕەت حەزی دەکرد کوڕەکەی لە مێردەکەی باشتر دەرچێت، کە دەیبینی کوڕەکەی لە مێردەکەی قۆزتر و کەڵەگەتترە، شادیەکی نهێنی لە ناخیاپرشنگی دەدا.. پیٚی وابوو کوڕێکی بەکەڵك و پیاوانە و پاکە.

سروشتی ساردوسڕی دایکی- یان کوژانەوەی سۆز لەلای دایکی- گومانی ئەوەی لای دان دروست کرد کە دایکی خۆشی ناوێت. لە تەمەنی خۆیدا،دە دوانزە ساڵیدا ئەو هەستەی لا پەیدا بوو کە زەماوەندی داك و بابی لەسەر بناغەی ڤیان و خۆشەویستی نەبووە، کە چووە زانکۆ، بە مەبەستی لێکدانەوەی پێوەندی نێوان داك و بابی، کەوتە خوێندنەوەی تیۆرییە گەوجانەکانی فرۆید. گەییە ئەو ئەنجامگیریەی کە گیرۆدەو گرفتاری کەبتن، هەروەها ئەو قەناعەتەشی لا دروست بوو کە سۆزیان بەرانبەر بەو ساختەو دەستکردە و ئەرکی سەرەکی خۆیان

دەرهەق بەو جێبەجێ نەکردووە.. ئەم دۆزینەوەیە –خۆی وای نێو دەبرد– وەکو خەڵاتێك بوو بۆ وی، ئیدی قەناعەتی تەواوی لا دروست بوو کە هەمیشە کوڕێکی زیرەك بووە.

دان ، هەستی دەکرد، ژیان بارێکی قورسە بەسەر شانیەوە، قورس وتاقەتبەرە، خەڵکیش کۆمەڵێ پەیکەری بۆش و بەتاڵن، لە بۆشاییەکی رەهادا کوێرانە هەنگاو دەنێن، بە پێخاوسی بە ناو گێژاوی درۆ و ریاکاریی و فریوکاری کەوتن، تا بینا قاقایان لە ڕیاو درۆدا نقوم بوون .. ئەگینا کەی ئەمە ڕاستە کەسێك پاشقولی کەسێکی دی بدات و ئەستۆی ورد بکات و لە نێوی بەرێت.. ئەمە تەواو لە دیوی دەرەوەی کۆشکێکی رازاوە دەچێ، کە لێی نزیك دەبیتەوە هیچ شتێك نابینی..بە قووڵی بە گشت ئەم بیرانەدا رۆدەچوو وکە دەیبینی بەرخورد دەگەڵ ئەم حەقیقەتانەدا دەکات و شتەکانی دی لە شێوەی سووکە پرسیاراندا پەراوێز دەخات هەستی بە شادی دەکرد، قەناعەتی وابوو کە پرسیاری هەوەڵ ئاخیر ئەوەیە کە ژیان شتێکی توڕەهاتە و هیچ واتایەك نابەخشێت، دیارە وەڵامەکەیشی روون و ئاشکرایە و هیچ چەند وچوونێك هەڵناگرێت..

چونکە وای دەڕوانیە ژیان کە قاپێکی بۆش و بەتاڵە، وای خەیاڵ دەکرد کە لە چاوی تەماشاڤانێکی هەمیشە وریا و زۆر هێمنەوە تەماشای شتەکان دەکات.. هەندێجار بەدەم خەیاڵەوە خۆی لێدەبوو بە دوو کەس.. یەکێکیان بە دەم پێکەنین و تەوس و باوێشکدانەوە چاودێری ئەوی تریان دەکات، ،لە کاتێکا ئەو نوقمی دەریای بیر کردنەوەیە..بگرە لەوەش هێوەتر دەڕۆیی و دیالۆگێکی خەیاڵی لە نێوانیانداچێدەکرد ئەوەیان کە دەچووە پێست و کلێشەی کەسایەتی تەماشاڤانەکەوە، گاڵتەو تەوس و توانجی بە کەسەکەی تر دەکرد، رووپامایی بۆ دەکرد، مەحکومی دەکرد، هەندێ جاریش کە زۆر دەخواتەوە، وا خەیاڵدەکات،کە دەگاتە ترۆپکی ڕامان و واوێنا دەکات کە چاودێری دان هول ویل دەکات، ئەو دان – ەی هەموو جیهان دەزانن کە وەکو بەرد ساردە، لە لاشەیەکی بێ گیان دەچێت.

چونکە بە ئارەزووی خۆی نەچوو بووە زانکۆی "هارفرد"بۆیە دڵنیا بوو مەیلی لە خوێندنی "یاسا" نییە، هەمیشە پەشیمان بوو لەوەی کە خۆی گرفتاری زانکۆ کردبوو،بەڵام باش بوو شەڕ هەڵگیرسا و ئەو نەخشەیەی هەڵوەشاندەوە کە ئەم بۆ ژیانی خۆی کێشابوو،ئیدی بە درێژایی ماوەی شەڕەکە بۆ خۆی خەریکی کاری ئیداری بوو، پاشان بە پلەی نەقیبی یاریدەدەر خانەنشین بوو..

کە سوپای جێهێشت و گەڕایەوە بۆ ماڵێ، بابی بوو بوو بە قازی، ئاقیبەت گەییە ئەو ئاسوودەییەی کە بە هیوای بوو، بەڵام پیری بە ئاشکرا بە سیمایەوە دیار بوو، سەری تەواو سپی بوو بوو،چرچ و لۆچ کەوتبوونە دەموچاوی، هەرچەندە زۆر کەم کاری دەکرد،بەڵام هەمیشە نیگەران بوو، بە بچووکترین شت توڕە دەبوو، دانی هاندا بگەڕێتەوە سەر خوێندنی یاسا، بەڵام دان ملی نەدایە خەت، دەمە قڕەیەکی توند و ناخۆشیان کەوتە نێوانیانەوە، دان بەبەگژ بابیا چووەوەو بە ئاشکرا پێی گوت نایەوێ هەموو ژیانی لە پێناوی سەرکەوتندا بە فیرۆ بدات، باوکی دان زۆری لەبەر گران بوو، قسەی ناشیرین لە کوڕەکەی ببیستێ، ناچار بێدەنگ بوو، ئەمجا پشتی تێکرد و ژوورەکەی جێهێشت، هەرکە ئەو لە ژوورەکە وەدەرکەوت، دان هەستی کرد بە هاسانی بەسەر بابی دا زاڵ بوو، ئەم سەرکەوتنە ئەو قەناعەت و هەستە بۆش و بەتاڵەی لا دروست کرد، کە هەرچی سەرکەونێك هەیە هەر هەمووی بۆش و بەتاڵ و بێ مانایە.

دوای ئەم رووداوە بە ماوەیەکی کەم، دان گەڕایەوە سەر رەشنووسی ئەو رۆمانەی کە ئەوسای لە زانکۆ بوو خەریکی بوو، بە کاوەخۆ کەوتە خوێندنەوەی،هەستی کرد بەرە بەرە دەچێتەوە سەری و خۆشی لێدێ ، فڕناخییەکە گرتییەوە ، لێبڕا سەر لە نوێ بینووسێتەوەوپاشان هەوڵی چاپکردنی بدات، هەڵبەتە ئەو کاتەی

دەمەقاڵەکەی دەگەڵ بابیدا بوو و، بەڕەقی پێی ڕاگەیاند کە نایەوێ هەموو ژیانی خۆی لە قەبەڵی سەرکەوتن بکات هەرگیز بیری لە نووسین نەدەکردەوە، بگرە نەشی دەزانی چۆن ژیان بەسەر بەرێ و چی بکات.. بەڵام ئێستا سەرکەوتن و نێوبانگ بە ئاشکرا سەرەتاتکێیان دەگەڵ دەکرد، خۆیان پیشان دەدا، بەهرەی نووسینی هەیە، لە گینیشە دەوڵەمەند ببێ و ببێت بە ڕۆماننووسێکی نێودار.. ئەی بۆ نا؟ ئەو نووسەرانەی مایەی ڕێزی ئەمن ژمارەیان زۆر کەمە، ئەمیش هیچی لەوان کەمتر نییە، ئەگەر لە رووی توانا و زیرەکییەوە زیاتر نەبێت.

دان، لەماوەی شەش مانگدا ڕۆمانەکەی پاکنووس کردەوە، دەشێت بە تۆمارێکی زندووی واقیعی ژیانی زانکوی دان و هاونەسلانی وی لە ماوەی شەڕدا دابنرێت.هەرچەندە سێبەرو باندۆری نووسینەکانی " ارنست همنگوای " بە قارەمان و مەنەلۆگەکانییەوە دیاربوو و لەوی وەرگرتبوون، بەڵام هەموو ڕووداوە توندەکان و سۆزە بە جۆشەکان زادەی خەیاڵی زرك وزندوو بوون.. ئاشکرایە کە دان ڕەنجێکی زۆری بە ڕۆمانەکەوە کێشابوو،زۆر شتی تێدا دیاری کردبوو، ژیان دوو شتی چەسپاویلە خۆ گرتووە: ڕێکەوتی رووت و ڕۆمانسیەت.. ئەوجا پاڵەوانی ڕۆمانەکەو هاوڕێکانی وەکو کەسانی زیندووی ناوازەو دیار، پێشکەش کردبوو، تەنانەت کیژانی زانکۆش لێهاتوو، خۆشەویست بوون، هەمو کارەساتی شەڕیان چەشتبوو، شوێنەوارێکی وای لە دەرونا جێهێشتبوون کە خۆش نەبێتەوە.. کۆتایی ڕۆمانەکە بە تەواوی ناکۆکی نێوان دەروون و بڕواکانی دانی بەرجەستە کردبوو.. کە دان لە ڕۆمانەکەی بووەوە، لە خۆشیان لە پێستی خۆی نەدەهێوری، هەستی فرناخی بە سەریا زاڵ بوو،ئیدی کەوتە شانازی بە بەهرە دەگمەنەکەیەوەو کە پێی وابوو فرۆختی کتێبە کەی یەجگار زۆر دەبێت.

لێرا ڕۆمانەکەی لەگەڵ خۆدا هەڵگرێ و بچێ بۆ نیویورك، هەوڵ بدات لەوێ کارێك بۆزێتەوەو پێی بژی، تا بلاوکەرەوەیەکی دەست دەکەوێ کە ڕۆمانەکەی بۆ بلاو دەکاتەوە، خۆی بوو بە بلاەکەرەوەکە، هێشتا بە تەواوی جێگیر نەبووبوو بە ڕێکەوت چاوی بە ئاگادارییەك کەوت،بانگەواز بوو بۆ بەشداری لە پێشبڕکێی ڕۆماندا،خەلاّتی براوە دە هەزار دۆلار بوو.. دان، یەکسەر ئەم هەلەی قۆزتەوە،بەشداری پێشبڕکێیەکەی کرد .

دان، خەلاّتەکەی بردەوە.. ڕۆمانەکەی لە یانەی نووسەرانیشدا پەسند کرا، رەخنەگران کەوتنە پێیا هەڵدانیا، وەکو بلیمەتێك کە بناخەیەکی نوێی بۆ ڕێبازی دروستی ئەدەبی ئەمریکی دانابێت بەو ئاوایە پێشوازییان لێکرد..کۆمپانیایەکی سینەما پارەیەکی مۆڵیی شەش ژمارەییان دایە، تا ڕۆمانەکەی بکەن بە فلیم.

بەڵێ.. دان هون ویل، دەوڵەمەندی، سەرکەوتن، ونێوبانگی وەدەست هێنا.

نێوبانگ و سامان، لە مانگەکانی هەوەڵی سەرکەوتنەکەیدابە سەریا رژا، زۆریان سەرقاڵ کرد، وەکو کەسێکی گەورە و گرینگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.. هەر کە کتێبێکی دەرکرد، لە شەوو ڕۆژێکدا بوو بە گەنجێکی سەلار و بەرێز ، هەموو سەرنجە رەوتەنی و قسە و نوکتە و کاڵتەبازیەکانی بوون بە شتی بەنرخ، بگرە خەڵکی لاساییان دەکردەوە، لە کۆڕ و موجلیساندا قسەکانی دەگوترانەوە..ئەگەر ئافرەتێکی دەگەڵ خۆدا بۆ یانەیەکی شەوانە بردبا، ئیدی ئەوە دەبوو بە رووداوی ڕۆژ و شایستەی بلاّوکردنەوە... ئەو سەروەت و سامانەی هایبووە دەستی لای خۆی نەیدەکردە هیچ ،دادی نەدا.

دان، تا لە نێو خەڵکیدا بوایە بەری سەرکەوتنەکەی دەڕنی و لەزەتی لە شۆرەت و ناوبانگی خۆی وەردەگرت، بەڵام هەرکە دەگەڵ خۆیدا تاك کەوتباوەو لە خەڵکی دابڕابا،خوای نەدەما و داخی خۆی بەسەر ئەو خەڵکانەدا دەڕشت کە مەراییان دەکرد، ئەوجا بەر دەبووە گیان خۆی و ریسوای دەکرد،سەیری کرد دەستەواژەی" نیمچەکەر"لە جاران زیاتر دێتە سەر زاری و لە زاری خۆشترەو،چەندین هێندەی جاران بێزارو بێتاقەتە.

هەرکە نۆ مانگێك بەسەر ژیانی رابواردن وکۆڕ ئاهەنگی میواندری و رێزلێناندا بوری هەستی کرد لەوپەڕی ماندووبوونی فیکریدایە، هەرچەندە ئاشقێنی دەکرد ،بەڵام هەستی بە هیچ سۆزێکی راستەقینەو قووڵ بەرانبەر بە ئافرەتان نەدەکرد، هەر بە قسە بە دەمەوەی دەگرتن و دەستی دەستی پێدەکردن، دڵی بە ئاستەمیش نەدەجولا..تەنانەت سەبارەت بە کتێبەکەشی بە هەمان بێ موبلاتی مامەڵەی دەگەڵ دەکرد کە دەگەڵ ئەو ئافرەتانەی دەکرد کە بەگەڵی دەکەوتن. ، هەرچەندە پێدەچوو لەوپەڕی شادیدا بێ، بەڵام ئەمە تەنیا پەردەیەك بوو کەسایەتی سارد و سڕو خودی تایبەتی خۆی لە ژێردادەشاردەوە، باوەری نەدەکرد ئەو ئافرەتانەی کە تێکەڵیان دەبوو زەڕەیەك لەو هەست و سۆزە بە جۆشەیان تیابێت کە دەیاننوان، وای هەست دەکرد کە ئەمانە فریوی دەدەن،رەنگە خۆشیان فریو بدەن... زۆری پێ نەچوو ئەو دەریای نێوبانگەی مەلەی تێدا دەکرد لە بەر چاوی کەوت ،وشکی کرد، بوو بە شتێکی بۆش و بەتاڵ، ئاویلکەیەکی چاو خەڵەتێنە بوو وهیچی تر، بە تێپەڕبوونی رۆژگار گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە خەڵکی بۆیە پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە درۆ و دەلەسەیە تا بیکەنە بیانوویەك وسەنگ و ئیحتوبارێکی گەورەتر لەوەی لە واقیعدا هەن ،بۆخۆیان دروست بکەن.. بە ناو جیهانی شۆرەت ونێوبانگ کەوت، تێکەڵی ئەوانە بوو کە هاوهەست و هاورەئی ئەو بوون چونکە پێی وابوو بوونی ئەو کەسانە بۆیە پێویستە، تا یارمەتی ئەوانە بدەن کە نوقمی ژیانی کۆمەڵایەتی و شادی و رابواردنن، جۆرە واتا و مانایەك بە ژیانی خۆ ببەخشن و جۆرە هەستێکی کەماڵخوازییان لەلا چێببێت... ئەو نێوبانگەی ئەو خۆی بۆ هیلاك کرد، ببێ بە دەرسێك بۆ ئەو بۆشاییە رەهاو تەماعکاری و چاوچنۆکییەی باڵیان بەسەر ئەو خەڵکانەدا کێشاوە...هەستی فرناخی سەراپای گرت،شانازی بەو زیرەکییەی خۆیەوە دەکرد کە کردیە کارێك روونی شتەکان بە روونی ببینێ و خۆی لەوە بپارێزێت بکەوێتە ئەم جۆرە هەڵدێرو چاڵەوە..

بۆیە سەرکەوتن و شۆرەت ،تەبیعەت و سروشتی بنەڕەتی دان هول ویلیان نەگۆڕی،هەروەها لەو نەخشەو پلانەشیان ژێوان نەکردەوە کە دابنابوو ببێت بە فەیلەسوفێك و لە بوون رامێنێ و لە نهێنییەکانی ژیان وجەوهەری ئادەمیزاد بگەڕێت..وێرای هەموو ئەوەش، هەستی دەکرد تەنیایی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی دەدات، ئەو سەرکەوتنەش کە وەدەستی هێنا بوو لە راستیدا، تەنیا تاقی کردنەوەیەك بوو، تا توانا و دەسەڵاتی خۆی بناسێت و بزانێت ئاخۆ بە رەنجێکی کەم سەرکەوتن وەدەست دەهێنێ.

هەرچەند کات بەلەز دەبوری،لێ ئەم وەکو پێویست ئیشی لە سەر کتێبی دووەمی نەدەکرد، هەستی بە کاریگەریی ئەمە دەکرد،و بەرەبەرە متمانەو باوەری لە کزی دەدا، گومانیش پەیتا پەیتا دەرگای مێشکی دەکوتاو هاواری لێدەکرد کە سەرکەوتنەکەی وەکو خۆی تەسەوری دەکرد، ئەو شتە گەورەیە نەبوو، نەك هەر ئەمە بگرە لە ئەگەر و ئیمکانیەتی سەرکەوتنیش کەوتە گومانەوە، ئەگەر ئەمجارەیان سەرنەکەوت، مانای وایە دەبێ لە تورەهاتاندا غەرق بێت و خۆی بخاتە بەر سێرەی تەوس وتوانجان و ئەوسا بکەوێتە هەڵدێری بیرچوونەوەوە..کە خۆی دەهاتەوە بەرچاو چۆن خەڵکی دەبوغزاندو گاڵتەی پێدەکردن، هێندەی دی نیگەران دەبوو، لەوە دەترسا ئەگەر ئەمجارەیان سەرنەکەوێ،هەمان کردەوەی خۆی بێتەوە ڕێ، خەڵکەکە وەکو چۆن ئەم ئێستا پێی رادەبواردن بەو ئاوایە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و پێی رابوێرنەوە.. تەنیا بە سەرکەوتنی بێ وچان دەتوانێ درێژە بەم یاریە لەگەڵ ئەو گەوج و گەلحۆیانە بدات، جیهان بە توانا و بەهرەکانی خۆی سەرسام بکات، دەیزانی تەنیا داوێکی باریکی بەدەستەوە ماوە هەر کە بچڕا،ئیدی دەمامکەکەی دەکەوێت و رووی راستەقینەی دەردەکەوێت..

بێهودە دەستی بە نووسینی ڕۆمانێکی تازە کرد، هەرچی کرد و کۆشا هیچی پێ نەبوو بینووسێت، هەستی کرد بە ڕاستی بووە بە نیمچە کەر لالغاوە بە کەف.. لە جاران زیاتر خووی دایە خواردنەوە، ئیدی ڕاوە ئافرەتی لێ بوو بەخوو و بۆی تەرك نەدەكرا، بەتایبەتی ژنی بەمێرد کە خۆش ڕاوتر بوون.، زۆری نەبرد بێ پارەیی بەرۆکی گرت ، هەستی دەکرد پێویستی بەو پارە زۆرەیە کە جاران قەدری نەدەزانی و بە خۆڕایی بە فیڕۆی دەدا، کەوتە جڵەوگرتنەوەی خۆی، پارەی بۆ هیچ کەسێك، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان ،خەرج نەدەکرد، چونکە هەر بەوەوە نەدەوەستان بیفەوتێنن و مەدح و سەنای خۆیانی پێبکەن، بەڵکو دەیانویست هەرچییەکی دەست کەوتووە لێی بکێشنەوەو بیخەنە سواڵیش.. توانیان کات و توانا و بەهرەو زیرەکییەکەی لێبدزن.. خەڵکانێکی فشەبازی بۆش و بەتاڵ بوون، توانیان بیکەن بە ڕەمزی فسق و فجوران.. خۆ ئەگەر ئیستا فریای خۆی نەکەوێت و جارێکی دی هەڵنەسێتەوە، ئەوا بەجارێ دەبێ بە گەپجاڕی هەموویان.. وای لێهات سەری دەکرد بە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا، تێکەڵاوی خەڵکی دەکرد، بە هەموو هێزو قووەتی خۆیەوە ڕاوە ژنانی دەکرد، بەڵام هەر نەیتوانی لەو نائومێدییە ڕزگار بێت کەپرزەی لێ بڕ ی بوو، وای هەست دەکرد ئەمیش خەریکە دەبێت بە دەهۆڵێکی بۆش و بەتاڵ، وای لێهات لە هەموو کاتێك زیاتر قینی لە خەڵکی دەبووەوەو دەی بوغزاندن..

دان ، بۆ سێهەم جار ڕەفزی کرد کە لە ستۆدیۆیەکی سینەمادا کار بکات، دوای گەنگەشەو موناقەشەیەکی دوور و درێژ، قەناعەتی بە دۆست و ناسیاوەکانی کرد کە ئەم ڕەفزکردنەو بەو شێوازەی ئەو، یەکەم ڕێگەیەك بوو بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی و دووەم وەفادارییی بوو بۆ هونەر ،ئەمە جگە لەوەی پێویستی بە پارە نەبوو، لەوەش دەترسا نەتوانێت وەکو سیناریستێکی سەرکەوتوو لە ستۆدیۆیەکدا کار بکات.. ترسی ناکامی سەراپای داگرتبوو، هەر ئەم ترسە وای لێکرد متمانەی بە خۆی کزبێت.. ئیدی کەوتە لاف و گەزافی ئەوەی کە لە ئیستا بەدواوە ڕۆمانێن تووڕەهات نانووسێت، و هەموو هەوڵی خۆی بۆ کاری جددی تەرخان دەکات و بەلای کەمەوە کتێبێکی نایاب پێشکەش دەکات.. کارێکی وای کرد دۆستەکانی بکەونە ستایشی ئەم بێ فیزییەی .پێشتر ڕۆمانێکی جوانی نووسی بوو، بۆیە زۆریان ستایش کرد بوو گوایە کۆمەڵێك بیریی ئەدەبی بەهاداری پێشکەش کردبوو.. دەیزانی بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەو هەڵوێستە، تا هانیان بدات پیا هەڵبدەن، کارو پرۆژەو بیرەکانی بخەنە بەر گەنگەشە و موناقەشان.. ستاشی بکەن، کەچی لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوەی ئەو کاریان دەکرد لێیان بە گومان بوو.. بە ڕاستی گەوج بوون، دوای کڵاوی با بردوو کەوتبوون...

دان، بەرە بەرە هەستی بەوە دەکرد کە ئەو بۆشاییەی دەوری ژیانی داوە ڕوو لە زیادییەو خەریکە دەبێت بە بۆشاییەکی ڕەها و موتڵەق،ئیدی ئەم هەست کردنە بەو بۆشاییە بوو بە خەیاڵاتی شەو ورۆژی. هەموو بەیانییەك لە پشتی مێزەکەی دادەنیشت، هەوڵی دەدا ئیش لەسەر ڕۆمانێکی نوێ بکات.. دوای چەند ڕۆژێك توانی چەند لاپەڕەیەك ڕەش بکاتەوە، متمانەی بەخۆی پەیدا کردەوە، وای خەیاڵ دەکرد ئەوەی کردوویەتی شتێکی باش بووە، بەڵام هەیهوو، ئەم متمانەیە زۆر بڕ نەکات، بە پەلە ئەو پەڕانەی کە نووسیبوونی دەخاتە لایەکەوە، و لە نوێ دەستی پێ دەکاتەوە،تا بەیانییەك خۆی لە حاڵێکدا بینییەوە کە دەستی قەڵەمی نەدەگرت، حەرفی بۆ نەدەخرایە سەر کاغەز.. نیگەرانییەکی لە تاقەت بەدەرسەرو دڵی گرت ، سۆزە لەبن نەهاتووەکەی، زەینە ڕوونەکەی گۆج و ئفلیج بوون..

شەش مانگی پڕ لە ناکامی تێپەڕی، ئەو پارەیەی پاشەکەوتی کردبوو وردە وردە دەهاتە کزی، دوو ساڵ و نیوە هیچ شتێکی بۆ بڵاو کردنەوە نە ناردووە، ئەدیبانی تازە جێگایان گرتەوە، ناوی لە گۆڤار و بڵاڤۆکاندا سڕایەوە، خەڵکیفەرامۆشیان کرد، کەس باسی کارەکەی، یان ئەو ڕۆمانەی وای دەنواند کە خەریکی نووسینێتی

نەدەکرد.. کە دەرکی بەوە کرد ، خووی دایە باسی ئەو شتانەی دەیتوانی قسەیان تیا بکات، زۆر باسی خۆی دەکرد، ئەوەی بۆ شەرح دەکردن کە بۆچی لە نووسینی رۆمانی دووەمیدا خاوە..بەلأم بێفایدەبوو، ئەستێرەی بەرە بەرە دەیدایە کزی و بەرەو ئاوابوون دەچوو، بە خۆیشی ئەمەی چاك دەزانیٚ.. لە رادە بەدەر خووی دایە خواردنەوە، بەیانیان بە دەم خەم و پەژارەیەکی دژوارەوە ڕادەبوو، دەستەکانی دەلەرزین، دوای ئەوەی قاوەیەکی بە چەند حەبێکی بنزدرینەوە دەخواردەوە، بێهوودە دەکەوتە هەوڵی نووسین. توانای نووسینی هیچ شتێکی نەمابوو.. بەیانییەك بەدەم تانەو تەوسەوە کەوتە سەرکۆنەی خۆی کە بە هیچ جۆریٚ توانای نووسینی نەماوە،بە تەواوەتی وشکی کردووە،، ئەوجالە شوقەکەی وەدەرکەوت و ، رووی کردە یەکێك لە باڕەکان، ئەو رۆژە دواڕۆژی بەر لە خۆکوشتنەکەی بوو..

وەختیٚ لاشەکەی دان، لە شوقە پڕ لە گازەکەیدا دۆزرایەوە، بەندێك کاغەزی سپی و پاکی تایپ، لەسەر مێزەکەی دانرابوو.. لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسرابوو:

چیرۆکێکی سەرکەوتوو..بە قەڵەمی: دان هول ویل.

لە لاپەڕەی دووەمدا نووسرابوو:پێشکەشە بە باوکم.

بەڵام لاپەڕەکانی دی هەمووی سپێتی مابوو...

سەرچاوە:

السجود للشمس/مجموعه اقاصیص/ ترجمه:عبدالله نیازی

منشورات وزاره الاعلام- الجمهوریه العراقیه/۱۹۷۷/سلسله الکتب المترجمه (۳۳)

*-جیمس تۆماس فاریل (۱۹۰٤-۱۹۷۹):

نووسەرێکی ئەمریکاییە ،لە ساڵی ۱۹۰٤دا لە خانەوادەیەکی مامناوەندی هاتووەتە دنیا، خوێندنی لە زانکۆی شیکاگۆ تەواو کردووە و پاشان زۆر کاری هەمەجۆری کردووە وەك کاتبی، مامۆری ترومپای بەنزین و رژنامە نووسی، ولە ساڵی ۱۹۷۹دا کۆچی دوایی کردووەو بەرهەمێکی زۆری لە پاش بەجێماوە لەوانە: ئەم ژن و پیاوە،کە خەونی گەنجێك دێتە دی،ژنی ترسناك، رۆژی پەسلان،رۆژانی تورەیی، باب و کوڕ، چەند سەرنجێك دەربارەی رەخنەی ئەدەبی و...

# مێڤان

ن : پول دارسی بولز*

لە پشت مێزەکەی قاتی خوارەوە دانیشتووم و دەنووسم، لەو شوێنەی کە هەندێ جار وەزیفەکانم ئەنجام دەدەم و هەندێ جاریش کات بەسەر دەبەم. کاتێ لە پشت ئەم مێزە دادەنیشتم، بریجی دەهات و لە پشتمەوە دەوەستا. من دوای چەند ساتێك هەستم پێدەکرد، ئەوسا بە ئەسپایی ئاوڕم دەدایەوە، چونکە نەمدەویست بیترسێنم. چاوەکانی درشت و شین، و قژی سوور وەکو رەنگی زەردەپەڕی رۆژئاوا بوو. چەناگەی نەبوو و کوڵمەکانی وەکو دوو بەردی نەرمی بچووك لەژێر پێستە سپییەکەیەوە دەرپۆقیبوون. کیژێکی جوان نەبوو، بەڵام هەر ئەوە بوو کە هەبوو.

کاتێ ئاوڕم دەدایەوە، ئەو لەوێندەر وەستابوو، وەکو چۆن چاوەنۆڕ بووم. دەمگوت:

– کارێکت هەیە بریجی؟

سەری بادەدا. تەنیا دەیویست لە حاڵم ئاگادار بێ و کە دڵنیا دەبوو، دەگەڕایەوەو دەڕۆیی. باب و داکم دەیانگوت کە هەمان کار لەگەڵ ئەوانیشدا دەکات. چەند ساتێك دەوەستێ و نیگایان دەکات و پاشان دەڕوات، خۆشحاڵە بەوەی کە ساغ و سەلامەتن و لەوێندەر ئامادەن.

ئەو تەنیا بۆ شەش هەفتە لەگەڵ ئێمەدا بوو. ئەمە یەکێك بوو لەو بەرنامانەی کە لە سەرانسەری ئەمریکادا ئەنجام دەدرا. گرێبەستیان دەگەڵ خێزانەکاندا دەبەست تا بۆ ماوەیەك میوانداری هەندێ منداڵانی ئیرلەندی بکەن. مەبەستی ئەم بەرنامەیە ئەمە بوو شوێنانی جیاوازی دنیا بەم منداڵانە نیشان بدەن. من زۆر لەگەڵ ئەم بەرنامەیەدا بووم. برایەکەم پزیشکە و ماوەی ساڵێکە لە رۆم کاردەکات و خوشکم نییە.

شەوی یەکەم کە باب و داکم بریجی-یان لە شارەوە بۆ ماڵ هێنایەوە، قسەی نەدەکرد. لەو کیژە چکۆلانە نەبوو کە کاتێ قسەی دەگەڵ دەکەن، لە وەڵامدا سەر بلەقێنێ یان بڕوانێتە دەرودیوار یان بە کەڵەموستی پێی یاری بکات یان لە پشت قەنەفەوە خۆی وەشێرێ، نە، لەو کیژانە نەبوو، تەنیا قسەی نەدەکرد، دەتگوت دەمیان درو بوو.
جانتایەکی سەوزی چکۆڵەی پێ بوو کە جلەکانی تێکردبوو. بوکەڵەیەکی کۆنی شپڕیۆی بە باخەڵەوە بوو. ئەمە هەر هەموو بارو بنەکەی بوو. ڕۆژی دوایی دایکم بۆ فرۆشگای برد و چەند دەستە جلێکی نوێی بۆ کڕی. هێشتاش زۆر قسەی نەدەکرد و تەنیا دەیگوت: "بەڵێ بێ زەحمەت" و "مەمنونم".
کاتێ کە دایکم جلە تازەکانی لە پاکەتەکانیان دەرهێنا تا هەڵیان واسێ، بریجی زۆر بە ئەدەبەوە دەستی بە جلەکاندا هێنا، دەتگوت هی نەفەرێکی دیکە بوون و ئەو بۆی نەبوو هیچ ئیرادێك بگرێ. تەمەنی نۆ ساڵان بوو.
لە هەوەڵەوە زۆر بە پارێزەوە هەڵس و کەوتمان دەکرد تاکو ئەو ناڕەحەت نەبێ. نەدەبوو چ شتێکی لەمەڕ وڵاتەکەی لێ بپرسین. لە بەلفاست هاتبووە دنیاوەو لەوێندەر گەورە بوو بوو. چوار خوشك و برای هەبوو. ئەو دووەمین مناڵی خێزانەکەیان بوو. دایکی ساڵ و نیوێك لەوەپێش مردبوو و بابی بەخێوی دەکردن. ئێمە ئەم زانیاریانەمان بەر لە دیتنی ئەو، لەو فۆرمانەوە بەدەست هێنابوو کە دابوویان پێمان. بەڕێوەبەرانی ئەم بەرنامەیە بەتەما بوون ئەو مناڵانە بێئەوەی چ ئازارێك بدینن، لەگەڵ ژینگەی تازەدا رابهێنن. بەڕای من بیرێکی زۆر چاك بوو، بەڵام عەیبی کارەکە تەنیا ئەمە بوو کە نەدەبوو زۆر بچینە بنج و بناوانییەوە.
هەرا و هەنگامەی دەنگی ترومبێلان و هاتووچۆی بنیادەمان بە باشی لە ژووری نان خواردندا دەبیسترا. هەراوهەنگامەکە زۆر نەبوو، تەنیا دەنگی ئەگزۆزی ترومبێلان ناڕەحەت بوو، کە شوفێرەکانیان وایان دەزانی سواری ترومبێلی پێشبڕکێ بوونەو دەیانەوێ پێشبڕکێ بکەن. کە ئەم دەنگانە لە کاتی نان خواردندا دەهاتە ژوورەوە، بریجی راست دادەنیشت و بێدەنگ دەبوو. ژێراوژێر دەیڕوانییە ئەم لاو ئەولا، دەتگوت بۆ شوێنێکی ئەمین و تاریك دەگەڕێ تا خۆی بشارێتەوە. ئیشتیای لەوەدا نەبوو. هەڵبەتە مەبەستم ئەمە نییە کە زۆری دەخوارد، بەڵکو خێرا خێرا نانی دەخوارد و هیچی لە قاپەکەدا نەدەهێشتەوە. بە هەرحاڵ دەستاوی دایکم زۆر خراو نییە، لێ ئەمە مەسەلەیەکی تر بوو.. دیقەتم دابوو کاتێ خواردنەکەی تەواو دەبوو، دووبارە قاپەکەی نەدەهێنایە پێشەوە تا پڕی بکاتەوە. بەڵام کە خوڵکیان دەکرد، تۆزێك پێی سەیر بوو، بەڵام هیچ شتێکی ڕەت نەدەکردەوە.
ڕۆژی سێیەم بوو کە تۆزێ شەرمی شکا و دەستی بە قسان کرد. ئێمە هەموو دانیشتبووین و دەربارەی هەواڵەکانی تەلەفزیۆن قسەمان دەکرد و رای خۆمان دەردەبڕی. تەلارێکیان لە دوبلین بۆردومان کردبوو. بێژەری هەواڵەکان بە دەنگێك کە هەواڵانی باش، هەواڵانی خراپ و هەواڵانێك کە نە باشن و نە خراپ دەخوێننەوە گوتبووی پێکادان لە بەلفاست دا بەر بەرە کۆتایی دێت. بریجی ڕێك دانیشتبوو و دەستەکانی نابوونە سەر ئەژنۆکانی، لە پڕ گوتی: "بابم جارێکیان لە دوبلین بوو".
هەموو بێدەنگ بووین و پاش ماوەیەك دایکم پرسی: "بۆ پشوو چووبوو"؟
بریجی سەری بادا، قژەکەی هۆنی بووەوەو وەکو دوو داوی ئاوریشمین توند بەسەر سەرییەوەی بەستبوو. گوتی:
– نە خانم، بە لۆری چوو بوو بۆ ئەوێندەر تا کۆمەکی دۆستەکەی بکات، ئاخر پێکەوە لە بارئەندازەکەی ئەوێندەر کاریان دەکرد، باریان دەگواستەوە. کاتێ بابم گەڕایەوە سەگێکی بۆ هێنابووین."

پرسیم:

– چ جۆرە سەگێك؟ چۆنی بوو؟

چاوەکانی بڕینە دووری دوور:

– من ئەو کاتە منداڵ بووم.. شتێکی ئەوتۆم لەیاد نەماوە. بەلەز نیگای بەسەر هەموو شتەکاندا گێڕاو ئەوجا گوتی:

– زۆر جوان بوو. کە کەیفی ساز بووایە، گوێچکە نەرمەکانی قوت دەکردەوە.

رووی لە ئاگرەکە وەرگێڕاو کەمێك شانەکانی بەرز کردەوە:

– دوای یەك هەفتە گوم بوو. دایکم خۆشی نەدەویست، چونکە بزێو بوو و شتی دەڕشت، بەڵام خۆ خەتاشی نەبوو، ئاخر زۆر بچووك بوو.

ئەو شەوە پاش ئەوەی دایکم بریجی لە ژوورەکەی تەنیشتی خۆیانەوە خەواند، لێم پرسی کە ئاخۆ دەکرێ بریجی بکەین بە منداڵی خۆمان. دایکم گوتی ئەم کارە مەحاڵە و پێشتر ئەم کارەی کردووە. ماڵی بریجی زۆریان پێویست پێی بوو. بیانووی خۆشیان هەبوو. پاش قسەکانی دایکم، دانیشتم و بیرم لەوە کردەوە. خۆزیم دەخواست کە سەرکۆمارێك یان کەسێکی پارەدار بووایەم تا بمتوانیایە هەندێ لە یاساکان بگۆڕم.

بۆ سبەی کە رۆژی سێ شەممە بوو، دایکم بریجی بۆ تەمەشای فیلم و گەڕان برد بۆ شار. فیلمەکە بۆ منالان بوو. فیلمێکی شاد و پێکەنیناوی. بەڵام دایکم گوتی بە درێژایی فیلمەکە بریجی نە جوڵەی کردووەو نە پێکەنیوە.

لە مۆزەخانەی (فیلد)ا حەزی لە فیل و ماڵباتی ئەسکیمۆکان کردبوو، بەڵام توتەڵە سەگانی ناو موغازەی حەیوانات فرۆشی لە هەموو شتێك پتر سەرنجیان راکێشابوو، دایکم بە زۆر دەستی راکێشابوو و لە موغازەکەی دوور خستبووەوە.

دایکم گوتی:

– ئێمە ناتوانین سەگێکی بۆ بکڕین، چونکە دوایی ناتوانێ لەگەڵ خۆیدا بۆ ئیرلەندەی بەرێتەوەو خەفەت دەخوات."

پاش ئەوە دایکم لەگەڵ خۆیدا بردبووی بۆ دوکانی گەمەفرۆشی. هەوەڵجار پێکەوە چووبوونە بەشی بووکەڵان. لێ بریجی زۆری بەدڵ نەبووبوو و وتبووی کە بووکەڵەی هەیە. پێکەوە چووبوون بۆ بەشی کاری دەستی. بریجی لەوێندەر شتێکی دۆزیبووەوە کە بەدڵی بوو بوو. پاکەتێکی دەست کرد بوو، چەند پارچە چەرمێکی رەنگاورەنگ و چەند چەقۆیەك و هەندێ شتی دیکە لە پاکەتەکەدا بوو. یەکێك بوو لەو کارە دەستییە تەواوانەی کە من تا ئەو کاتە شتی وام نەبینی بوو. لە بریجی–م پرسی ئەگەر قەبوڵ بکات دەتوانم یارمەتی بدەم، بەڵام گوتی:

– نە، خێرا کەتەلۆکەکەی دەخوێنمەوەو فێر دەبم. ئەزیەت مەکێشە.

بەڵام دەمویست کارێکی بۆ بکەم. دوای چەند شەوێك باسی چوونە دەریاچەی بەستەڵەك و سکیت بازیم لەگەڵ کرد. من بەو سکیتەی کە بۆم بە کرێ گرتبوو، بەدووی خۆمدا رامدەکێشا. دوای ماوەیەك بەفر دەستی بە بارین کرد. لە گەڕانەوەدا بریجی–م کردە کوڵم، ئەویش سکیتەکانی بۆم هێنا. وەکو ئەسپ لەناو بەفرەکەدا جووتەم دەدا. یەك جار گوێم لە پێکەنینی بوو.

کاتێ لە بەرهەیوانەکەی ماڵەوە بەفرەکانی سەرشان و ملیم دەتەکاند، گوتی:

– خۆزی نەدەهاتم، هەر نەبوایە پاکەتێکی چەرمیم دروست دەکرد.

گوتم: ئەوەش بۆ خۆی سەرگەرمییەکە وەکو ئەم کارەت، چۆنی لە کارەکەتدا؟
گوتی: خەریکە فێر دەبم. هەوەڵجار زۆر خاو بووم، بەڵام ئێستا باشتر بووم. و ئەوجا زۆر بە خێرایی گوتی:
– حەز ناکەم لە ژووری نووستنەکەمدا کار بکەم.
بەدەم کارکردنەوە لە ژوورەکەدا بینیبووم، زمانی دەرهێنابوو و رووی گرژ کردبوو. زۆر جددی دەهاتە بەرچاو. ئەوەندە سەرقاڵ بوو منی نەبینی. لە سەری رۆیی:
– مەسەلەکە شوێنی گەورەتر نییە. لێرە شوێن هەیە، بەڵام دەترسم فەرشە جوانەکەی ناوەندی ژوورەکە بپرم. وەرشەیەك لە دەرێی گەراجەکەتان هەیە، تەنیشت ئەو شوێنەی کە ئوتومبیلەکەتانی لێ رادەگری. تەنانەت سۆپاشی تێدایە. هەڵبەتە ئەگەر نەوتی تێبکرێ.
سبەی بەیانی بەر لەوەی بۆ قوتابخانە بڕۆم، وەرشەکەم گسك داو لوولەی سۆپاکەم کردەوە. ئەوێ شوێنێ بوو کە منداڵ بووم، زیاتر کاتی خۆم لەوێندەر دەبردە سەرو بۆخۆم فڕۆکەو بەلەمی بچووکم دروست دەکرد.
دوای نیوەڕۆ، کاتێ هاتمەوە ماڵ، زانیم کە زۆربەی رۆژەکەی لەوێندەر گوزەراندووە. لە دەرکەی پشتەوە هاتمە دەرێ و بەرەو وەرشەکە رۆیشتم. لە پشت پەنجەرەکەوە تەماشام کرد، بەڵام ئەو لەوێندەر نەبوو. پاشان لە کۆڵانەکەی پشت گەراجەکەوە هات، قژی تێکڕژا. دەتگوت پێشبڕکێی غاردانی کردووە. گوتی:
– دەبووایە کەمێك رێ بکەم. دوای ئەو هەموو کارکردنە لەسەر مێز، ماندوو بووبووم.
– بەرەو وەرشەکە رۆیشتم تا گڵۆپەکان بکوژێنمەوە. بەڵام ئەو زووتر غاری دا:
– من گڵۆپەکان دەکوژێنمەوە.
ئەوسا گڵۆپەکانی کوژاندەوە. زانیم کە نایەوێ من سەر لە کارەکەی دەربێنم. دەرگاکەی داخست. لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵێ، لە کاتێکا چاوی بڕیبووە عاردی گوتی:
– بەکەس نالێی! هەندێ جار حەزدەکەم لەم دەوروبەرە بگەڕێم. گوم نابم.
کە گەیشتینەوە ماڵەوە گوتی:
– چەند خۆشە کە بتوانی بە کەیفی خۆت بگەڕێی، پیاسە بکەیت و مەجبور نەبی لە چوارچێوەو ژینگەیەکی سنووردارا بسوڕێیتەوە.
گوتم:
– مەبەستت چییە؟
– ژینگەی سنووردار شوێنێکە کە تیایدا دەژین و نابێ لێی دەربچین، مەگەر شێت بووبین.
تا ئەو کاتە شتی وام بە بیردا نەهاتبوو، بەتایبەتی کە رێ نەدرێ لەو ژینگە سنوورداره هێوەتر بڕوی.
سبەی بەیانی پاش قاوەڵتی بۆ وەرشەکە ڕۆیی. دایکم گوتی بۆ فراڤین هات و دووبارە بۆ وەرشەکە گەڕایەوە. پاش شیوی ئێوارەش هەمان کاری کرد تا من چووم بە شوێنیدا و گازم کرد، چونکە وەختی نوستنی بوو. دایکم هەندێ نیگەران بوو، لێ بابم گوتی رەنگە زیاتر پێویستی بەتەنیایی بێ.
دایکم ئیدی هیچی نەگوت. منیش باسی ئەو شەوەم نەکرد کە بریجی بەتەنیا بۆ پیاسە چوو بوو. ئەوەندە بەس بوو کە بریجی دەیتوانی ئاگای لە خۆی بێ.
چەند رۆژێکی مابوو کە بڕواتەوە. ئێمە هیچمان نەدەگوت. عەسری رۆژێك داك و بابم چوون بۆ شار تا سەری هەندێ لە ئاشناکانیان بدەن. نزیکەی سەعات نۆ و نیو بوو کە داکم تەلەفۆنی کرد و گوتی کەمێ درەنگ دەگەڕێینەوە و سەعات دە بریجی بانگ بکەم تا لە وەرشەکە بێتەوەو بنوێ. پاش ئەوە تەلەفۆنەکە دووبارە

لێبدایەوە. یەکێك لە ئاشناکانم بوو. بە قسەوە خافڵام کە خواحافیزیمان لێکدی کرد و تەلەفۆنەکەم داخستەوە سەیرم کرد سەعات دە و نیوە. دەرپەڕیمە دەرێ و بریجی-م گاز کرد، بەڵام وەڵامی نەبوو. شەوێکی کپ و بێدەنگ بوو. شەوی رابردوو بەفر باریبوو، بەنێو بەفرەکە کەوتم و لە پشت پەنجەرەکەوە روانیم، بەڵام گڵۆپی وەرشەکە کوژابووەوە.

دوای تۆزێك جێ پێی بریجی-م لەسەر بەفرەکە بینی. بەرەو کۆڵانەکە رۆیی بوو. لە ناوەندی کۆڵانەکەدا جێ پێیەکانی تێکەڵاوی جێ تایەی ئوتومبیلان بوو بوو، زۆر زەحمەت بوو جێی پێی ئەو بدۆزرێتەوە. بەڵام جێی نیگەرانی نەبوو، چونکە خۆیم بینی. لە کۆتایی کۆڵانەکەدا، لەو شوێنەوە کە بلوارەکە دەستی پێدەکرد و ئەوەندە لە گڵۆپانی سەر شەقامەکەوە دوور نەبوو، بەدیار سەگێکی پیری رەشەوە چۆکی دادابوو. چوار پێنج سەگی دیکەش لەوێ بوون. ئەگەر سەگەکە بەپێوە بوەستایە باڵای بەقەد باڵای بریجی دەبوو. نزیکتر بوومەوە. ئاگای لەخۆی نەبوو. لەوەیە گوێی لە دەنگی پێم نەبووبێ. خەریك بوو قرێتەیەکی لە ملی سەگەکە دەکرد. زۆر بە کاوەخۆ ئەم کارەی دەکرد. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "لە ئێستا بەدواوە سەرت بەرز بگرە، بە غرورەوە رێ بکە، هەوڵ بدە گومی نەکەی. ئەمە شانسی تۆیە بۆ چوونە ناو ماڵێکی گەرمی باشەوە. خواردنت دەدەنێ و وا دەزانن کە خاوەنەکەت گومی کردوویت و قەناعەت دێنن کە تۆ سەگێکی بەهاداری..."

کە منی بینی جارێکی دیکە دەستی بە قرێتەکەدا هێنا و هەستایە سەرپێ. قریتەکە بە گوڵی جوان رازابووەوە. گوتی: "ئاقیبەت گرتمیت، ئەمە دوا پارچەی چەرمەکە بوو. بە چەرمەکان دوازدە قرێتەم بۆ دوازدە سەگ دروست کرد. جا دوازدە سەگ زەحمەتە لە یەك شوێندا دەست بکەون، بۆیە ناچار بووم بە دوویاندا بگەڕێم تا بیاندۆزمەوە. هیچیان قرێتەیان نەبوو، بەڵام ئێستا بوون بە خاوەنی قرێتەی خۆیان، لە ئێستا بەدواوە دەتوانن ماڵێکیان بۆ خۆیان هەبێ، وا نییە؟

قسەم نەکرد. دەستم بەسەریدا هێنا. پێکەوە گەڕاینەوە. گوتی:

- قرێتە وەکو کلیلی ماڵە بۆ ئەوان. مرۆڤ سەگی قرێتەداری لا پەسندترە وا نییە؟

ئەمجارەش چ قسەیەکم نەکرد. سەری هەڵبڕی و تەماشای کردم:

- پێت وانییە بەم کارەم چەرمەکانم خەسار کردبێ؟

گوتم:

- نە، بە هیچ جۆرێ بریجی

ئەوسا هەڵمبڕی "هیچ قورس نەبوو" و خستمە سەر شانم و بەڕێکەوتم. بەر لەوەی کە بڕوات و بنوێ گوتی:

- لە من رازیت؟ ئەگەر وڵاتەکەمان رێ بدات، حەز دەکەی جارێکی دی بۆ ئێرە بێمەوە؟

گوتم:

- بەڵێ، بەڵێ.

خێرا بزەیەکی کرد و بە خۆشحاڵییەوە گەڕایەوەو بە قالدرمەکانا سەرکەوت.

من ئەم شتانە لەسەر مێزێك دەنووسم کە هەندێ جار وەزیفەکانمی لەسەر ئەنجام دەدەم. هەمان ئەو مێزەی کە بریجی دەهات و لە پشت منەوە دەوەستا و بەبێ بێدەنگی تەمەشای دەکردم. هێشتاش هەر لەو شوێنەم و خەوم لێ نەکەوتووە. ئەمشەو هەواڵی خراپم لەمەڕ بلفاست ژنەوت. دیسانەوە چەند شوێنێك بۆردومان کراوە. پێش چەند ساتێك گوێم لە حەپەی سەگێك بوو، نازانم ئەو بەستەزمانە قرێتەی لە ملە یان نا، ئێستا بریجی لای من

نییه. گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی، بەڵام ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە، هەموو حەقیقەتەکە نییە. هەموو دنیا وڵاتی بریجی–یە.

*– پول دارسی بولز (١٩١٦ –١٩٨٤): لە ئەمریکا هاتووەتە دنیا. گەلێك چیرۆك و رۆمان و شانۆنامەی چاپ و بڵاو کردووەتەوە. چیرۆکی مێڤانی لە ساڵی ١٩٧٥دا نووسیوە.. ئەم چیرۆکە دەربارەی کچۆڵەیەکی ئیرلەندای باکورە.

سەرچاوە:

هزار توی داستان /ترجمەی نسرن مهاجرانی/چاپ اول:١٣٨٧تهران/ نشر چشمە

## فەرهەنگۆك

ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاکار

ئارایشتکار : ئارایشتگەر ، مکیاجکار

ئەوك : قوڕگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاّ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیکلام : کڕنۆش، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەکر

ئۆینباز : بەمەکرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، کێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاسانسۆر: مەسعەدی کارەبایی، بالاّ ڕۆ

ب:

باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی

باب: باوك

بالاّنما: بالاّنوێن، ئاوێنەی بالاّڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەكاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆكە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: ڕۆخ، كەنار، گوێ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێر

بەركۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگێرانی

بێزگەوان: بێزووكەر

بەڵانس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بەسوێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشكی ئاژەڵان

بویەر: ڕوودا‌و

باژێرۆك: شارۆچكە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلكە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

به خورتی :به تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنکردن: پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

بارئەنداز : شوێنە بارداگرتن

پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارک: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤرا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەلاٌمەت

پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێلاٌو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆلاً: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلاَن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆك:تووڕەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

<u>ج:</u>

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

**جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو**

**جما: جولاً، بزوا**

**جڤاکی: کۆمەلاًیەتی**

**چ:**

**چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆلّ، شۆخ و شەنگ**

**چینی: جۆریّ سوالّەتی هەرەباشە، وەکو کاشی**

**چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو**

**چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)**

**چێلّ: مانگا**

**چەنگ: ئامێریّکی موسیقایە، هارپ**

**چەکمە: جەزمە، پووت**

**چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار**

**چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی**

**چقلّ: دڕك، دڕو، دڕی**

**چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش**

**چوغورد: چوغور، چغر، چڕ**

**چمك: سووچ، گۆشە**

**چوارنکال: هەرچوارلا**

**چێبوو: دروست بوو**

**چەمووش: سلّ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر**

**چەرموو: سپی**

**ح:**

**حایرمان: سەرسام بوون**

**حەسار: حەوش**

**حەنەك: جەفەنگ،قسەی گالّتەو گەپ**

**حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئالّۆش**

**حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم**

**حەجامات: خوێن بەردان**

**خ:**

**خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان**

**خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ**

**خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان**

**خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج**

**خا: خات، خاتوون، خانم ، یا**

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بیٚ کەم و زیاد

خوبزە: نۆکەر، خزمەتچی، خوڵاٚم

خاکی: بیٚ هەوا، بیٚ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جیٚ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بیٚ فڕو فێڵ، بیٚ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر توڕە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

هاژۆتن: لێخوڕین

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵاٚت و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەرباریيان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بیٚ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك كوتان

دەڵەكدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووكی

دەڵەچە: مەرایی كەر، ماستاوچی

دۆنكی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆكنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەكرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: كاكە، براگەورە

ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : كووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشكۆك

رمووده: ئالووده، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

رەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچكۆڵەی لاواز، بێ نموود

رۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

راموسان: ماچ

رەهەنە: رەهەندە، عەودالْ ئاوارە، چۆڵگەڕ

رەبەن: سەڵت، زوگورت

ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆلاو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخاڵ: ڕەژوو، خەلووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، ڕەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و ڕەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، ترۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

ستێران: ئەستێران

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سوزی: سارەزی، سبەینێ زوو

ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت:ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

ف:

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

ڤەبوو: کرایەوە

فەڕەنگی: ئەورووپایی

ق:

قالیچە: مافووری بچووک

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلک، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، ڕەوەک

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێک یان دەوڵەتێک

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەلأیی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت ڕەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامک: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلک

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆک

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ

قومات:باـبۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کووڕ، پشت کۆم

ک:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسک

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توك

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کڵاوخود: کڵاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان، کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤڕ: بەرد

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

کەم دابێژ: کەم تا زۆر

کازیبەی بەیان: کازیوە، بەیانە درۆزنە، بەرەبەیان

گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گوربە: کتکە نێر، نێرە پشیلە

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەلۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : موخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕکن

گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگە

ل:

له كەیفان: له خۆشیان

له بیلادەوە: له ئیجادەوە، له بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵان

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

له نك: له کن، له جەم، له دەف، ەلا

م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاْن

ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵاْن

نسیبەت: بەڵاْ

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤساڵ : میانە ساڵ

و:

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

وێدەدەم: دەدەمیٚ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جاریٚ پتر کێلاٚن

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بلاٚوەخانە، دارالنشر

وەشانکار: بلاٚوکەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەکی، پیرزی

وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو

ه:

هانکە هانك: هەناسە برکیٚ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەڕاو: گەورە، بەرین

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفیر

هەیڤە شەو: مانگەشەو

هەڵاوێردن: جیاکرنەوە

<u>ی:</u>

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فلان

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جالکی فەرمی یەکچەشن

*- حەمە کەریم عارف

*- کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

* - لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

*- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

*- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

*- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گولانی عەرەبی، ئالای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

*- جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئالای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*- لە ساڵی ١٩٧٤ - ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

*- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠ ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

*- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاومالەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك

٢٢-دیدارو دەق و رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١

٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- له مه‌هابادی خوێناوییه‌وه بۆ که‌نارێن ئاراس، نه‌جه‌ف قولی پسییان، چاپی یه‌که‌م ٢٠٠٦
٣٠- کورد له سه‌ده‌ی نۆزده‌وبیسته‌مدا،کریس کۆچرا،چاپی شه‌شه‌م ٢٠١١
٣١ –کورد له ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یه‌که‌م ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )ده‌زگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئه‌شره‌فی ده‌هقانی
٣٤- خه‌باتی چه‌کداری هه‌م تاکتیکه هه‌م ستراتیژ، مه‌سعودی ئه‌حمه‌د زاده

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامه، باول ئایز له‌ر
٣٦- به دوعا شاعیره‌کان، شانۆنامه، جه‌لیل قه‌یسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جوله‌که‌که‌ی مالْتا، شانۆنامه،کریستۆفه‌ر مالرۆ.
٣٨- دادپه‌روه‌ران، شانۆنامه، ئه‌لبیر کامۆ
٣٩- به‌د حاڵی بوون، شانۆنامه، ئه‌لبیر کامۆ.
٤٠- چاو به چاو، شانۆنامه، گه‌وهه‌ر مراد (غولام حسه‌ینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیه‌م، شانۆنامه، شه‌کسپیر.چاپی یه‌که‌م ٢٠٠٩، بڵاوه‌خانه‌ی سایه، سلێمانی
٤٢- گه‌مه‌ی پاشا و وه‌زیر، شانۆنامه، عه‌بدوڵلائه‌لبوسێری..

---

٤٣- منداڵه دارینه، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییه؟ کۆمه‌ڵه چیرۆك بۆ منداڵان، یه‌لماز گونای
٤٥- شوانه بچکۆله‌که، چیرۆکێکی درێژی چینی یه بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامه بۆ مناڵان)
٤٧- چه‌ند چیرۆکێك له ئه‌فسانه‌ی یونانی کۆنه‌وه (٢٣ئه‌فسانه)

---

٤٨- له گه‌نجینه‌ی حیکایه‌تی تورکمانییه‌وه. (ئه‌فسانه‌ی ئه‌سپی ئاشق)چاپی یه‌که‌م٢٠٠٨
٤٩- ئه‌فسانه‌ێن گریکی و رۆمانی، چاپی یه‌که‌م (٢٠٠٤) کتێبخانه‌ی سۆران، هه‌ولێر
٥٠- ئیلیاده، هۆمیرۆس، چ١،ده‌زگای سه‌رده‌م ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤه‌ند و زنار (فه‌رهه‌نگی فارسی – کوردی) حه‌مه که‌ریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)ده‌زگای موکریانی
٥٢-چۆنیه‌تی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فه‌یله‌سوف و زانای گه‌وره‌ی میلله‌تی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و به‌رهه‌می.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و به‌رهه‌می.
٥٦- جاك له‌نده‌ن، ژیان و به‌رهه‌می
٥٧- گوگول، نووسه‌ری ریالیست
٥٨- یه‌ڵماز گونای، ژیان و به‌رهه‌می

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١
٧٥- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات في رحاب الپقافه الکوردیه، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین

**٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی**

**٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف**

**٩٢-باڵندەکەی من    ڕۆمان، فریبا وفی**

**٩٣- نامەکانی تولستۆی**

**٩٤- جەمیلە، ڕۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف**

**٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منداڵانی کورد**

**٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی**

**٩٧- کڵوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ منداڵان**

**٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ**

**٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ**

**١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی**

**١٠١- دۆزەخی پیرۆز، ڕۆمان ،برهان شاوی**

**١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / ڕۆمان / نودار دومبادزە**

**١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی**

**١٠٤-مێژووی ڕۆمانی تورکی**

*** لە ڕاپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..**

*** ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...**